# عەفرین

## دەروازەی دەریای نێوەڕاست


حوسێن عومەر
زەکەریا عەبدولهادی حوسەری
ئەحمەد م. مستەفا
بەهرۆز شوجاعی
حاجی عەفرینی
مامەند رۆژە
پرۆفیسۆر د.بیلال سامبوور
فاروق حاجی مستەفا
ئەردەشێر پەشەنگ
شوکری دەدۆ



ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Centre

# عەفرین

## دەروازەی دەریای نێوەڕاست

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
2021

# عەفرین

## دەروازەی دەریای نێوەڕاست

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
مرکز دراسات رووداو
Rudaw Research Center

■ چاپی یەکەم
2720 ـی کوردی - 2021 ـی زایینی
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم : شوباتی 2021

■ هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان ( 174 )ی 2021 بۆ تەرخانکراوە
چاپخانەی رۆژهەڵات - هەولێر

www.rudawrc.net

# نێوەڕۆک


عەفرین لەبەردەم ئاسۆیەکی نادیاردا
ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو — 6

عەفرین و ئاڵنگارییەکانی ناسنامەی دانیشتووان
حوسێن عومەر — 9

تەعریب و گۆڕینی دیمۆگرافی لە عەفرین
زەکەریا عەبدولهادی حوسەری — 38

عەفرین و پێگەی مێژوویی
حاجی عەفرینی — 78

کوردستانە بچووکەکەی باکووری حەلەب
بەهرۆز شوجاعی — 94

عەفرین کۆمەڵگە و جوگرافیا
ئەحمەد م. مستەفا (پیر رۆستەم) — 129

عەفرین و گەمەی دزێوی سنوورەکان!
فاروق حاجی مستەفا — 148

عەفرین؛ دەروازەی جیۆسیاسی
مامەند رۆژە — 165

عەفرین؛ لە شەڕی سووریاوە بۆ شەڕی رۆژئاڤا
پرۆفیسۆر د.بیلاڵ سامبوور — 206

تورکیا و پێشێلکردنی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی ...
ئەردەشێر پەشەنگ — 222

گۆڕینی دیمۆگرافی لە ناوچەی عەفرین لە تەعریبەوە تاوەکو تەتریک
شۆکری دەدۆ — 238

پێشەکی

# عەفرین لەبەردەم ئاسۆیەکی نادیاردا

عەفریـن ناوچەیەکـی سـتراتیژیی کوردسـتانە، لەبەرئـەوەی ڕێگەیەکـی کوردسـتانە بـۆ کرانـەوە بـەڕووی جیهاندا و گەیشـتنە دەریای نێوەڕاسـت. دوای دەسـەڵاتداربوونی هێـزە کوردسـتانییەکان لـە ناوچـەی عەفریـن و کشـانەوەی سـوپای سـووریا لـە عەفریـن، ئـەو لێکۆلینڤانـە ڕۆژئاوایـی و ئەوروپاییانـەی شـارەزای جوگرافیـای کوردسـتانن، ئەوەیـان بـە پێشـکەوتنێکی زۆر گـەورە دانـا بـۆ ڕۆژئـاوای کوردسـتان و تەنانـەت بـۆ باشـووری کوردسـتانیش کـە بەوشـێوەیە کـورد دەتوانـن ڕاسـتەوخۆ لـەو ڕێگەیـەوە دەروازەی فرۆشـتنی نەوتـی ڕۆژئـاوا و باشـووری کوردسـتان و بازرگانـی لەگـەڵ جیهـان بکەنـەوە. عەفریـن لـە دوای ئـاداری 2011 پێشـکەوتنێکی گـەورەی بەخۆیـەوە بینـی، لـەڕووی ئاوەدانـکاری کـە زیاتـر لـە 12 هـەزار ئاپارتمـان دروسـتکران، هونـەر و کولتـووری کـوردی بووژایـەوە، خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی دەسـتپێکرد، پیشەسـازییە پشتبەسـتووەکانی عەفریـن بـە کشـتوکاڵ دەرگای بـازاڕی فراوانتریـان بـۆ کرایـەوە بەتایبەتـی لەگـەڵ باشـووری کوردسـتان دا، ژنانـی

ئازادی عەفرین هەلی کاریان بۆ هاتەپێشەوە. دەتوانرێت بگوترێت ئەو ناوچەیە لەڕووی ژیانی کوردەوارییەوە گەڕایەوە بۆ سەردەمی بەر لە داگیرکارییە عەرەبی و عوسمانییەکان.

بەڵام لەڕووی ئازادی کاری سیاسی و میدیایی، عەفرین لە هەموو ناوچەکانی دیکە داخراوتربوو لەژێر دەسەڵاتدارێتی پارتی یەکێتی دیموکراتی دا. ڕێگەنەدان بە پارتەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا، ڕێگرتن لە ئازادی کاری میدیایی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دەرەوەی پارتی یەکێتی دیموکراتی و هاوپەیمانەکانی لە تایبەتمەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری دیموکراتی بوون لە کانتۆنی عەفرین، چونکە ڕێکارەکان زۆر توندتربوون لە ناوچەکانی دیکە.

ئۆپەراسیۆنی تورکیا و گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ رووسیا لە 20ی کانوونی دووەمی 2018 دەستیپێکرد و رۆژی 18ی ئاداری 2018 بە داگیرکردنی عەفرین و ڕێگەکردنەوە بۆ دەرچوونی کورد لە ناوچەی عەفرین و هێنانی عەرەبە ئاوارەکانی سووریا لە گوندەواری دیمەشق و حەلەب و تورکیاوە کۆتاییهات. عەفرین کە لە مێژووی رۆژئاوای کوردستان دا بۆ یەکەمجار ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی تێداکراوە، ساڵی 2018 نەورۆزەکەی هاوکاتبوو لەگەڵ تاڵانکردنی عەفرین و دەستدرێژیکردنە سەر شکۆی نەتەوەیی و کەسیی خەڵکی عەفرین و شکاندنی پەیکەری کاوەی ئاسنگەر لەنێوەڕاستی شاری عەفرین دا. لەوکاتەدا تائێستا بەتورککردن و بەعەرەبکردن بەشێوەیەکی سیستماتیک جێبەجێدەکرێت لە عەفرین. ئەو ئاوارە عەرەبانەش کە لەکاتی شەڕی سووریادا بەشێوەیەکی زۆر میهرەبانانە لەلایەن دەسەڵاتدارێتی و خەڵکی عەفرینەوە هاوکاری کران و نیشتەجیکران، بەشدارییەکی بەرفراوانیان هەیە

لـەو تـاڵان و گۆڕینـەدا. بەشـێوەیەکی گشـتی عەفرینییـەکان لـە عەفریـن و لـە حەلـەب دووچـاری دۆخێکـی زۆر خـراپ و ئاسـۆیەکی نادیـار بوونەتـەوە.
عەفریـن لەبـەردەم قۆناخێکـی تازەدایـە، چونکـە هیـچ ئاسـۆیەکی چارەسـەری بـۆ کێشـەی سـووریا دیـار نییـە، هەروەهـا هەمـوو ئاماژەکانیـش بـەرەو ئـەوە دەچـن کـە تورکیـا خـاوەن نەخشـەیەکی سـتراتیژییە بەرامبـەر عەفریـن، بەوشـێوەیەش جیـا لـە شـوێنەکانی دیکـە کـە تورکیـا راسـتەوخۆ و لـە رێگـەی هێـزە چەکدارەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنەوە تێیـدا باڵادەسـتە، بەهەمـوو شـێوەیەك هەوڵـی بەسـتنەوەی عەفریـن دەدات بـە تورکیـاوە. ئـەو عەفرینـەش کـە دەیەوێـت بـە تورکیـاوە ببەسـتێتەوە بەشـێوەیەکی سیسـتماتیك کار لەسـەر گۆڕینـی مێژووەکـەی و ئێسـتای دەکات و نایەوێـت هیـچ بوونێکـی کـوردی و کوردسـتانیی پێـوە بمێنێـت.
ئـەو لێکۆڵینەوانـەی لـە چوارچێـوەی ئـەو پەرتووکـەدان کـە لەلایـەن ناوەندەکەمانـەوە ئامادەکـراوە، بـۆ خوێنـەران و لێکۆڵینڤانـان پـڕ زانیـاری گرنـگ و پشتڕاسـتکراوەن، بەتایبەتیـش کـە لێکۆڵینـەوەی کـەم کـراون سـەبارەت عەفریـن بـە زمانـی کـوردی.

**ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو**

# عەفرین و ئاڵنگارییەکانی ناسنامەی دانیشتووان

حوسێن عومەر

## دەستپێک

وەک چۆن توێژەران گرنگییەکی زۆر بە جیۆپۆلیتیک دەدەن وەک زانستی پەیوەندییەکانی نێوان جوگرافیا و دەوڵەتان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها لێکۆڵینەوە لە باندۆری فاکتەرە جوگرافی، ئابووری و کولتوورییەکان لەسەر سیاسەتی دەوڵەتان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، دەکرێ قسە لە گرنگیی (دیمۆپۆلیتیک)یش بکەین وەک زانستی پەیوەندییەکانی نێوان دانیشتووان و دەوڵەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە ناسنامەی دانیشتووان و ئینتیما جیاوازەکانیان و پەیوەندییان بە جیهانی دەوروبەریانەوەیە، لە داڕشتنی سیاسەتی دەوڵەتان و سرووشتی پەیوەندییەکانیاندا رۆڵ دەبینێت. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، تێبینی

کاریگەریــی ناســنامەی دانیشــتووانی ناوچــەی عەفریــن دەکەیــن لەســەر سیاسـەتە نێوخۆییەکانـی دەوڵەتانـی ناوچەکـە لـە هەمبـەر ئـەم ناوچەیـە و هەروەهـا ململانـێ نێودەوڵەتـی و هەرێمییەکانیـش لەسـەری کـە دواییینیـان، پەلاماردانــی بــوو لەلایــەن تورکیــاوە. لــە ســەرلەبەیانی رۆژی 18ی ئــاداری 2018ــەوە، ئــەم ناوچــە کوردییــە چــووە وەرچەرخانێکــی مێژووییــەوە کــە زەحمەتـە بتوانیـن پێشـبینی ئـەوە بکەیـن چەنـدە دەخایێنـێ، هـەروەک چـۆن زەحمەتیشــە بزانیــن لــە کام وێســتگەی چارەنووســیدا لەنگــەر دەگرێــت.
لـەم رۆژەدا هێزەکانـی سـوپای تورکیـا و گرووپـە چەکدارەکانـی پاشـکۆی لەنێو ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا چوونـە نێـو شـاری عەفریـن کـە ناوەنـدی کارگێڕیـی ناوچەکەیـە، بـەوەش کۆتایـی بـەو بەڕێوەبەرایەتـی خۆسـەرییە هـات کـە پارتــی یەکێتــی دیموکراتــی (پەیــەدە) لــە مانگــی یەکەمــی ســاڵی 2014دا رایگەیانـد و ناوچەکـە چـووە قۆناخێکـی دیکـەوە.

## ناوچەی عەفرین

ئـەو بەشـەی چیـای کوردانـە کـە بـە سـووریاوە لکێـنراوە پـاش ئـەوەی تورکیـا و فەرەنسـا بەگوێـرەی رێککەوتنـی دیاریکردنـی سـنوور ناوچـەی چیـای کوردانیـان کـردە دوو بـەش. ناوچـەی عەفریـن لەگـەڵ هـەردوو ناوچـەی جزیـرێ و کۆبانـی بـە سـووریاوە لکێـنران کـە ئەوکاتـە هێشـتا لەژێـر ئینتیدابی فەرەنسـیدا بـوو، ئـەوەش بەپێـی پەیماننامـەی فەرەنسـی- تورکـی کـە لـە 9ی ئـاداری 1921 لـە لەنـدەن واژۆکـرا.
ئــەو رێککەوتننامەیــە دوو جــار هەموارکــرا: هەمــواری یەکــەم بەگوێــرەی پەیماننامــەی ئەنقــەرە بــوو لــە ئۆکتۆبــەری هەمــان ســاڵدا، ئــەوەی

دووەمیــش بەپێــی پەیماننامــەی جوفنالــی ســاڵی 1926 بــوو [1]. دواتــر لــە ساڵی 1939، فەرەنسا لیـوای ئەسـکەندەرۆنی زۆرینـە عەرەبـی لـە سـووریا جیاکـردەوە و دایـە تورکیـا، بەمـەش سـنووری نێـوان هـەردوو دەوڵـەت بەیەکجاری دیاریکرا. لکاندنی ئـەم سێ ناوچـە کوردییـە بـە سووریای تـازە دروسـتکراوەوە بـۆ بەدیهێنانـی بەرژەوەندییەکانـی فەرەنسا بـوو کـە ئـەو سـەردەمە لەگـەڵ بەریتانیـا لـە ناوچەکـەدا باڵادەسـتبوون، ئـەم لکاندنـەش بـە سـووریاوە نـە بـە ویسـتی کـورد بـوو نـە بـە حـەزی عـەرەب. تەنانـەت لەسـەردەمی نەشـونماکردنی بزاڤـە نەتەوەییـە عەرەبییـە بەرهەڵسـتکارەکانی دەسـەڵاتی عوسـمانیدا لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم، هیـچ کاتێـک ئـەم ناوچـە کوردییانـەی بـە سـووریاوە لکێـنران، بەشـێک نەبـوون لـە داخوازیـی ئـەو بزاڤانـە [2].

ناوچـەی چیـای کورمێنـج لەسـەردەمی عوسـمانی و سـەردەمی دەوڵەتـی سووریاشـدا چ لـە سـایەی ئینتیدابـی فەرەنسـی و چ دوای بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی ئـەم نـاوە مێژووییـەی خـۆی پاراسـت، بـەڵام لەگـەڵ دەستپێکردنی سیاسـەتی تەعریبـی ناوچـە کوردییەکانـی سووریا لە سـەردەمی نـاسری (سـەردەمی جەمـال عەبدولنـاسر) کـە یەکگرتنـی میـسر و سـووریای بەخۆوەدیـت و دواتـر لەسـەردەمی بەعسـییەکاندا بـە تـەواوی شـێوە و رووخسـاری دەرکـەوت، ئیـدی چیـای حەلـەب جێـی چیـای کـورد، یـان چیـای کورمێنجـی گرتـەوە، بـەڵام کـوردی عەفریـن لەوکاتەشـدا هـەر دەسـتیان بـە نـاوە مێژووییەکـەی ناوچـەی خۆیانـەوە گـرت.

ئـەم ناوچەیـە لـە سـەنتەری عەفریـن و شـەش ناحیـە پێکدێـت کـە بریتیـن لـە (جندرێـس، شـێێ، راجـۆ، بلبـل، شـەڕا و مۆباتـا) و 363 گونـد. رووبەرەکـەی 3850 کیلۆمەتـر چوارگۆشـەیە، بـەڵام هەنـدێ رووبـەری بەرفراوانـی کـە

زیاتـر لـە 40 گونـد لەخۆدەگـرن، لێـی جیاکرانـەوە و خرانـە سـەر ناوچەکانـی هاوسـنووری، ئەمـەش لـە ئەعـزازەوە لـەلای رۆژهەڵاتـی دەسـتپێدەکات، بـە دێـر جەمالـدا تێدەپـەڕێ تاوەکـو دەگاتـە نوبـل و دارەت ئەلعیـزەی سـەنتەری ناوچـەی سـەمعان لـە باشـوور. بەمجـۆرە کـۆی رووبـەری ناوچەکـە دەگاتـە نزیکـەی 2045 کیلۆمەتـر چوارگۆشـە. عەفریـن بـەراورد بە ناوچـە کوردییەکانی دیکـەی سـووریا بەرزتریـن چڕیـی دانیشـتووانی هەیـە و کۆنتریـن ناوچەشـە کـە مـرۆڤ بـۆ یەکەمجـار تێیـدا نیشـتەجێبووە.

## دانیشتووانی عەفرین

ئـەو سـەرژمێریانەی کـە رێکخراوەکانـی سـەر بـە نەتەوەیەکگرتـووەکان کردوویانـە، وا دەردەخـەن کـە ژمـارەی دانیشـتووانی ناوچـەی عەفریـن نزیکـەی 400 هـەزار کەسـە. ئـەم سـەرژمێریانە شـاری عەفریـن و ناوچەکانـی سـەر بـەو قەزایـە دەگرێتـەوە، بـەڵام سـەرچاوە خۆجێییـەکان بـاس لـە 600 هـەزار کـەس دەکـەن کـە رێـژەی کـورد تێیـدا دەگاتـە 95%.
لەمـاوەی سـاڵانی سـەرهەڵدانی قەیرانـی سـووریادا نزیکـەی 200 هـەزار کـوردی حەلـەب ئـاوارەی ئـەم قەزایـە بـوون و لـە عەفریـن نیشـتەجێبوون، بـەڵام ژمـارەی ئەوانـەی لـە عەفرینـەوە بـەرەو تورکیـا و وڵاتانـی ئەوروپـا، یـان باشـووری کوردسـتان کۆچیـان کـردووە نزیکـی ئـەم ژمارەیـە دەبێتـەوە. لەلایەکـی دیکەشـەوە نزیکـەی 200 هـەزار عەرەبـی ناوچـە جیاوازەکانـی سـووریا ئـاوارەی ئـەم قەزایـە بـوون، بەشـی زۆری ئەمانـە تەنانـەت دوای داگیرکردنیشـی لەلایـەن تورکیـا و هێزەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی پاشـکۆی، هـەر لـەوێ مـاون.

## ململانێی تورکیا- فەرەنسا لەسەر عەفرین

پـاش کۆتایـی جەنگـی جیهانـی یەکـەم، سـوپای بەریتانیـا لـە کانوونـی یەکەمی 1918 چوونـە نێـو شـاری کلیـس کـە ئەوکاتـە ناوچـەی چیـای کورمێنـج لەڕووی کارگێڕییـەوە سـەر بـەوێ بـوو، ئـەم هێـزە وردە وردە دەسـتی بەسـەر تـەواوی ناوچەکـەدا گـرت، دواتـر لـە تشرینـی دووەمـی 1919دا، سـوپای ئینگلیـز تـەواوی ولایەتـی حەلەبـی رادەسـتی هێزەکانـی فەرەنسـا کـرد و بەوجـۆرەش سـوپای فەرەنسـا چـووە ناوچـەی چیـای کورمێنـج [3].

دەوڵەتـی عوسـمانی لەوکاتـەدا بزووتنەوەیەکـی بەرەنگاریـی میللـی لـە ناوچەکـە دژی فەرەنسـییەکان دروسـتکرد، ئەمـە هێـزە هاوپەیمانەکانـی ناچارکـرد لـە تشرینـی یەکەمـی 1920 دا لەسـەر دیاریکردنـی سـنوور لەگەڵـی رێکبکـەون. بەوجـۆرە کلیـس درایـەوە عوسـمانییەکان، بـەڵام بـەری لای باشـووری ناوچـەی چیـای کورمێنـج (ناوچـەی عەفرینـی ئێسـتا) هـەر لەژێـر دەسـتی فەرەنسـییەکاندا مایـەوە. ئەمـە تورکەکانـی رازی نەکـرد کـە هەمیشـە چاویـان لەوەبـوو جارێکـی دیکـە بگەڕێنەوە سـووریا بەگشـتی و ناوچەی چیای کورمێنـج بەتایبەتـی، سـەرلەنوێ کەوتنـەوە پشـتیوانیکردن لەوانـەی نەیـاری فەرەنسـییەکان بـوون و هاوکاریـش بـوون لـە دروسـتکردنی بزووتنەوەیەکـی بەرهەڵسـتکاری لـە دژی فەرەنسـییەکان. ئـەم هـەوڵ و تەقەلایانـەی تورکەکان درێـژەی کێشـا و لەسـەردەمی چالاکیـی سـەربازی بزووتنـەوەی (موریدیـن) دا بەسـەرکردایەتی شـێخ ئیبراهیـم خەلیـل لـە دژی هەبوونـی فەرەنسـی و هەنـدێ لـەو بنەماڵـە دەرەبەگانـەی لایەنگـری فەرەنسا بـوون، بەهێزتـر بـوو. چالاکـی سـەربازیی ئـەم بزووتنەوەیـە لەنێـوان سـاڵانی 1938- 1939 گەیشـتە ترۆپکـی پێـش ئـەوەی فەرەنسـییەکان بەزەبـری هێـز خامۆشـی بکـەن، لـە

ئەنجامی ئەوەشدا خەڵکێکی زۆر کە گوندەکانیان کەوتنە بەر بۆردومانی فڕۆکە، ئاوارەی نێو خاکی تورکیا بوون. ئەم ململانێیەی فەرەنسا و تورکیا لەسەر ناوچەکە کۆتایی نەهات تاوەکو ئەوکاتەی هێزەکانی فەرەنسا لەساڵی 1946 دا بە یەکجاری لە سووریا کشانەوە.

تورکیا، تەنانەت پاش کشانەوەی فەرەنسییەکان و سەربەخۆیی سووریاش بەردەوامبوو لە چالاکییە هەواڵگرییەکانی لە ناوچەکە. ڕەشید حەمۆ، کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری ناسراوی ناوچەی چیای کورمێنج لە پێشەکیی کتێبەکەیدا (ثورة جبل الأکراد - حرکة المریدین) دەڵێت: یەکێک لە ئامانجەکانی دامەزراندنی (کۆمەڵەی کولتووریی کوردی) لە ساڵی 1951 لەلایەن کۆمەڵێک ڕۆشنبیرەوە کە خۆیشی یەکێکبووە لەوان، بەرەنگاربوونەوەی چالاکی سیخوڕیی تورکیا بوو لە ناوچەکەدا [4].

## سیاسەتی حکومەتەکانی سووریا لە هەمبەر عەفرین

سیاسەتی جیاکاری دژ بە کورد لە سووریا، بە کردەوە و ڕاستەوخۆ پاش سەربەخۆبوونی سووریا دەستیپێکرد، ئەوەش بە دوورخستنەوەی کەسایەتییەکانی کورد لە بازنەی حوکمڕانی و کودەتای سەربازی لەسەریان. ئەم سیاسەتە هێواش هێواش لە سەردەمی ناسری بەدواوە تین و تاوی سەند کاتێک دەستیاندایە تەعریبی ناوی شار و شارۆچکە و گوندەکان و دەستگیرکردنی سەرکردەکانی (پارتی) کە نەیانویست مل بۆ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حیزبە سیاسییەکان بدەن. لە سەردەمی جیابوونەوەی میسر و سووریاشدا فەرمانێکی کۆماری بە ژمارە (93) لە 23ی ئابی 1962 لە سەردەمی سەرۆکایەتی نازم ئەلقودسی دەرچوو کە بڕیارێکی سیاسی

لەخۆگرتبـوو دەربـارەی سـەرژمێریی دانیشـتووانی کـورد لـە ناوچـەی جزیـرێ. ئـەو سـەرژمێرییە کـە لـە 5ی تشرینـی یەکەمـی 1962 کـرا، بـووە هـۆی بێبەشـکردنی دەیـان هـەزار کـورد لـە وڵاتینامـەی سـووری، لـە ئەنجامـی ئەمەشـدا بێبەشـکران لـە هـەر مافێکـی موڵکـداری و سـەفەر و کارکـردن لـە کەرتـی حکومـی و بەشـداری لـە ژیانـی سیاسـی و تەنانـەت لـە خوێندنـی بـاڵا.. پاشـان دەگەینـە سـەردەمی بەعسـییەکان کـە پـڕۆژەی (پشـتێنەی عەرەبـی) گەورەتریـن پـڕۆژەی تەعریبیـان بـوو لـە ناوچـەی جزیـرێ. ئـەم پڕۆژەیـە لـە کۆتایـی تەممـووزی 1974 دەسـت بـە جێبەجێکردنـی کـرا و لـەم چوارچێوەیـەدا عـەرەب لـە دەرەوەی ناوچەکـە هێـنران و دابەشـکرانە سـەر 40 کۆمەڵگـەی نیشـتەجێبوون کـە بـە تایبەتـی بـۆ ئـەوان لـە ناوچە سـنوورییەکان لەگـەڵ عێـراق و تورکیـا دروسـتکرابوون. ژمـارەی عەرەبـە هێـنراوەکان گەیشـتە نزیکـەی 20%ی کـۆی ژمـارەی دانیشـتووانی پارێـزگای حەسـەکە و سـێ ملیۆن دۆنـم زەوی ئـەو پارێزگایەیـان بەسـەردا دابەشـکرا [5].

هەمـوو سیاسـەتە جیاکارییـە ڕەگەزپەرسـتییەکان و پڕۆژەکانـی تەعریـب لـە ناوچـە کوردییەکانـی سـووریا یـەک ئامانجیـان هەبـووە کـە ئەویـش کاڵکردنـەوەی ناسـنامەی نەتەوەیـی کـوردە لـە ناوچەکانـی خۆیانـدا، ئـەوەی کـە گـۆڕاوە تەنیـا ئامـرازەکان و میتـۆدەکان و شـێوازی جێبەجێکردنیـان بـووە. لەوکاتـەی حکومەتـە یـەک لـەدوای یەکـەکان وەکـو یـەک پـڕۆژەی تەعریبـی نـاوی شـار و گونـدە کوردییەکانیـان جێبەجێکـردووە، بـۆ ناوچـەی جزیـرێ بـۆ نموونـە، دوو پـڕۆژەی سـەرژمێری و پشـتێنەی عەرەبییـان هێنـاوە، چونکـە باوەڕیـان وابـووە کـە کاڵکردنـەوەی ناسـنامەی نەتەوەیـی دانیشـتووانەکەی مەحاڵـە، بۆیـە لەلایـەک بەشـێکی زۆری خەڵکەکەیـان لـە وڵاتینامـەی سـووری داماڵـی و لەلایەکـی دیکەشـەوە ئـەو ژمـارە زۆرەی عەرەبیـان ڕژانـدە

ناوچەکــەوە بــۆ ئــەوەی ناســنامەی عەرەبــی بەســەر کــورددا زاڵ بکــەن، بــەڵام دەبینیــن لــە شــوێنێکی وەکــو عەفریــن، پلانــی تواندنــەوەی ناســنامەی نەتەوەیــی دانیشــتووانەکەی لــە دەوروبــەرە عەرەبییەکەیــدا، گــرەوی لەســەر توانــای قووتدانــی ناوچــە کوردییەکــە بــووە لەلایــەن حەلــەب کــە دووەم گەورەتریــن شــاری سووریایە. بــۆ بەدیهێنانــی ئەم ئامانجــەش، دەســەڵاتدارانی ســووریا لەســەر ســێ ئاراســتەی هاوتەریــب کاریــان کــردووە:

**ئاراســتەی یەکــەم:** کردنــەوەی بــوار لەبــەردەم گەنجانــی عەفریــن بۆئــەوەی خۆبەخشــانە بچنــە نێــو ســوپا و دەزگا ئەمنییــەکان، هەروەهــا دەرگاکردنــەوە بۆیــان تاوەکــو لــە فەرمانگــە حکومییەکانــی حەلــەب دامەزرێــن و ئەمــەش ژمارەیەکــی زۆری گەنجانــی ناوچەکــە هەڵدەمژێــت.

**ئاراســتەی دووەم:** دروســتکردنی گوشــار لەســەر ئابووریــی کشــتوکاڵیی ناوچەکــە و دەســتگرتنەوە لــە پێشکەشــکردنی هــەر ئاســانکاری و هــاوکاری و قەرەبوویەکــی جووتیــاران لەکاتــی زیانپێگەیشــتنیان تاوەکــو بەمجــۆرە بێهیــوا بــن لــە پشتبەســتن بــە کشــتوکاڵ و بــۆ ژیانێکــی باشــتر بــەرەو شــارە گــەورەکان کــۆچ بکــەن.

**ئاراســتەی ســێیەم:** هاندانــی عــەرەب بــۆ کڕینــی زەویــوزار و کێڵگــەی جووتیارانــی ناوچــەی عەفریــن یــان وەرگرتنیــان بــە بارمتــە لەبەرامبــەر بــڕە پــارەی ئەوتــۆ کــە جووتیــاران لەســایەی خراپبوونــی بــاری ئابوورییانــدا نەتوانــن وەریگرنــەوەو بــەوەش خــاوەن پــارەکان دەســتبگرن بەســەر کێڵگــە و زەوییەکانیانــدا. لەڕێــی ئــەم پرۆســەیەوە دەســت بەســەر رووبەرێکــی

بەرفراوانــی زەوی جووتیارانــدا گیــرا، بەتایبەتیــش لــە ناحیــەی جندرێــس و دەشــتی جوممــە کــە زەوییەکانیــان لــە ناوچــەی چیــای کورمێنــج زۆر بەپیــتن. دەســەڵاتداران هەروەهــا فەرمانــی ژمــارە 41ی ســاڵی 2004ی هەموارکــراو بــە فەرمانــی ژمــارە 43ی ســاڵی 2011 یــان قۆســتەوە کــە تایبەتــە بــە زەویــوزاری ناوچــە ســنوورییەکان. ڕێنماییەکانــی ئــەو فەرمانــە، پرۆســەی تەواوکردنــی کڕیــن و فرۆشــتنی زەوی و گواســتنەوەی خاوەندارێتــی بەســتووە بــە وەرگرتنــی ڕەزامەنــدی لایەنــی ئەمنــی و وەزارەتــی بەرگرییــەوە (ســەرەتا ئەمنــی سیاســی و دواتــر ئەمنــی ســەربازی). دامــەزراوە ســەربازی و ئەمنییــەکان بــە ئاســانی ڕەزامەنــدی دەدەن ئەگــەر مامەڵــەی گواســتنەوەی موڵکــداری لــە کوردێکــەوە بێــت بــۆ عەرەبێــک، بــەڵام کۆســپ و تەگــەرەی دەخەنــە بــەردەم ئەگــەر بەپێچەوانــەوە بــوو. جگــە لــە هەمــوو ئەمانــە، دەوڵــەت خــۆی هــەزاران هێکتــار زەوی ناوچــە دارســتانەکانی زەیتوونــی کــردە موڵکــی خــۆی کــە تەمەنــی دارەکانیــان زیاتــر لــە پەنجــا ســاڵە. هەمــوو ئەمانــە کرانــە موڵکــی دەوڵــەت لەکاتێکــدا هەندێکیــان، خاوەنەکانیــان ســەنەدی تاپــۆی ســەردەمی عوســمانییان هەیــە.

بەقســەی پارێزەرێکــی کــوردی ناوچــەی عەفریــن کــە کاری زۆری لەســەر دۆســیە و ســکاڵاکانی تایبــەت بــە زەویــوزاری تۆمارکــراو بەنــاوی دەوڵەتــەوە کــردووە "ژووری تایبەتــی تێهەڵچــوون لــەو ســکاڵایانە لــە دادگای حەلــەب، هــەر ســکاڵایەک ڕەتدەکاتــەوە ئەگــەر لەلایــەن کوردێکــی عەفریــن بەرزکرابێتــەوە و داوای هەڵوەشــاندنەوەی خاوەندارێتــی دەوڵــەت بــکات لەســەر زەوییەکــەی و داوا بــکات دووبــارە بخرێتــەوە ســەر نــاوی خــۆی.. ئەمــە ڕاســتییەکی ئەوەنــدە ئاشــنا و زانــراوە کــە هاونیشــتمانیان و پارێزەرانیــش دەســتیان هەڵگــرت لــە بەرزکردنــەوەی ســکاڵا، چونکــە ســکاڵاکان دەســتبەجێ

ڕەتدەکرانـەوە هەرچەنـد بەڵگـەی یاسـاییان هەبووایـە لەسـەر خاوەنداریێتـی ئـەو زەوییانـە"[6].

هەمـوو ئـەم سیاسـەت و ڕێـکارە بـە پـلان و بەرنامانـە، لـە کۆتاییـدا و بـە تێپەڕینـی سـاڵ بوونـە هـۆکاری شـەپۆلێکی گـەورەی کۆچـی دانیشـتووانی چیـای کورمێنـج کـە بەشـێکیان لـە شـاری حەلـەب گیرسـانەوە و بەشـێکیان گەیشـتنە دیمەشـقی پایتەخـت و لـە شـارێکی وەکـو حەلـەب پشـتێنەیەکی هەژارییـان بـە دەوری هەنـدێ گەڕەکـی شـارەکەدا کێشـا.

## هەڵگەڕانەوەی جادوو لە جادووگەر

ئـەو کوردانـەی ناوچەکانـی خۆیـان بەجێهێشـت، سـەرەتا لـە گەڕەکـی میللیـی شـێخ مەقسـوود لـە باکـووری حەلـەب گیرسـانەوە، پاشـان لەگـەڵ زیادبوونـی ژمـارەی ئەوانـەی لـە چیـای کورمێنجـەوە دەهاتـن، بەتایبەتـی لـە هـەردوو دەیـەی هەشـتاکان و نەوەتەکانی سـەدەی بیسـتەم، بـە گەڕەکەکانی دیکەشـدا بڵاوبوونـەوە، لەوانـەش لای ڕۆژهەڵاتـەوە گەڕەکەکانـی بوسـتان پاشـا، هەلـک، شـێخ فـارس و حەیدەرییـە، لای ڕۆژئـاواوە گەڕەکەکانـی ئەشرەفیـە، گەڕەکـی سریانـی کـۆن، بەتایبەتـی بەشـی لای چیاکـەی و تاوەکـو گەڕەکـی خالیدیـە، ئەوانەشـی کـە گوزەرانیـان بـاش بـوو، لـە گەڕەکەکانـی سریانـی نـوێ، سـەیف ئەلدەولـە، جەمیلیـە، سـلێمانیە و مەیـدان نیشـتەجێبوون. زۆر خێزانـی عەفرینیـش بـە گەڕەکـە میللییەکانـی دیکـەدا بڵاوبوونـەوە، لەوانـە گەڕەکـی سـەڵاحەدین، مەشـهەد، عامریـە و تـەل ئەلزەرازیـر لای باشـوور و ڕۆژئـاوای حەلـەب، مەیسـەلوون، سـاخوور و ڕێگـەی بـاب لـە ڕۆژهەڵاتـی شـارەکە. لەکاتێکـدا عەفرینییـەکان لـە حەلـەب دەسـتیاندایە پیشـەی جۆراوجـۆر،

منداڵەکانیـان بـە چـڕی روویـان لـە قوتابخانـە و زانکـۆکان کـرد، لـە مـاوەی دوو دەیـەی رابـردوودا هـەزاران کـەس لەمانـە کۆلیـژە جیاوازەکانـی زانکـۆی حەلەبیـان تەواوکـرد و ئێسـتا بـە سـەدان پزیشـک و دەرمانسـاز و ئەندازیـار و پارێـزەر و مامۆسـتا و کاربەدەسـتیان تێـدا هەڵکەوتـووە. چەندیـن پیشـەگەر و بـازرگان و خاوەنکاریـان هەیـە و سـەرباری ئەوانـەش، عەفرینییـەکان دەسـتبەرداری ناسـنامە نەتەوەییەکەیـان نەبـوون. لەجیاتـی ئـەوەی کـە حەلـەب کـوردی عەفریـن هەڵمـژێ و لەبۆتـەی خۆیـدا بیانتوێنێتـەوە، کـورد سـوودێکی زۆریـان لـە ئاسـۆ فراوانەکانـی ئـەم گـەورە شـارە وەرگـرت، حەلـەب زیندووێتـی و کارایـی بـە کـوردی عەفریـن بەخشـی و ئەوانیـش رەنگـی کوردییـان بـە ناسـنامە هەمەڕەنگەکـەی ئـەم شـارە بەخشـی. چیـدی کـورد لـە کەوانـەی لای باکـووری رۆژئـاوای شـارەکەدا بەشـێک نیـن لـە پشـتێنەی هەژاریـی دەوروبـەری شـارە دێرینەکـە، بەڵکـو بـە گەڕەکـە نـوێ و خۆشـگوزەرانەکانیدا بڵاوبوونەتـەوە و بەشـێکی زینـدوون لـە بزاڤـە بازرگانـی و پیشـەییەکەی. تەنانـەت گەڕەکـی ئەشرەفیـە کـە کـورد تێیـدا چڕبوونەتـەوە، ئەمـڕۆ بووەتـە یەکێـک لـە گرنگتریـن سـەنتەرەکانی بازاڕکـردن لـەو شـارەدا. لـە سـەرەتای دەیـەی کۆتایـی سـەدەی بیسـتەمدا، عەفرینییەکانـی حەلـەب کـە لـەڕووی داراییـەوە گوزەرانیـان باشـبوو، رۆڵێکـی بەرچاویـان بینـی لـە بەجووڵەخسـتنی بزاڤـی بیناسـازی لـە چیـای کورمێـنج. زۆربەیـان خانـووی نوێ و هاوچەرخیـان لـە گونـد و شـارۆچکەکانی خۆیـان بنیاتنـا و لـە سـەنتەری عەفرینیـش شـوقەی نیشـتەجێبوونی نوێیـان کـڕی، هەمـوو ئەمانـەش جووڵەیـان خسـتە بـواری بیناسـازی و بـازاڕی کڕیـن و فرۆشـتنی موڵـک و خانووبـەرە. سـەرمایەی عەفرینییـەکان رۆڵـی هەبـوو لـە بەپیشەسـازیکردنی کشـتوکاڵ و هێنانـی ئامێـری نوێـی بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵی و جوڵاندنـی

کەرتـی بیناسـازی و گەشـتوگوزار، تەنانـەت لـە بـواری خوێندنـی تایبـەت کـە هەمـوو ئەمانـە بوونـە هـۆکاری چالاککردنـی بـازاڕی نێوخـۆ و خاوکردنـەوەی شـەپۆلی کۆچکـردن لـە ناوچەکـە. بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن خەڵکـی ناوچـەی عەفریـن سـوودێکی زۆریـان بینـی لـەو شـەپۆلی کۆچـە بـۆ حەلـەب. ئاسـۆی بەرفراوانکـردن و لـەڕووی زانسـتی و مەعریفـی و هۆشـیاریی کۆمەڵایەتـی و کولتـووری و سیاسـییەوە ئاسـتی بەرزتـر کردنـەوە، بەمـەش شکسـتیان بـە سیاسـەتی تواندنـەوە و کاڵکردنـەوەی ناسـنامەی نەتەوەیـی هێنـا.

### عەفرین لە رۆژگاری قەیرانی سووریادا

لـە مـاوەی ئـەم قەیرانـەی سـووریادا کـە لـە ئـاداری 2011 دەسـتیپێکرد، ناوچـەی عەفریـن سـێ پرۆسـەی گـەورەی گۆڕانـی دیمۆگرافـی بەخۆوەبینیـوە. یەکەمیـان لـە ئەنجامـی ئاوارەبوونـی هـەزاران خێزانـی عەفرینیـی نیشـتەجێی حەلـەب بـوو کـە جارێکـی دیکـە گەڕانـەوە عەفریـن. ئـەم کۆچـە لە سـەرەتای تەممـووزی 2012 دەسـتیپێکرد پـاش ئـەوەی گرووپەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا دەسـتیان بەسـەر هەنـدێ گەڕەکـی رۆژهەڵاتـی حەلەبـدا گـرت، پاشـان لـە مانگەکانـی ئـادار و نیسـانی 2013 دا لـە ئاوارەبوونـی تاکـە تاکـەی خێزانەکانـەوە گـۆڕا بـۆ شـەپۆلێکی گـەورە، دوای ئـەوەی شـەڕ و پێکدادانـی نێـوان ئۆپۆزیسـیۆن و هێزەکانـی حکومەتـی سـووریا کەوتـە گەڕەکـی شـێخ مەقسـوودی زۆرینـە کـورد. لـەم شـەپۆلەدا، زیاتـر لـە 200 هـەزار کـورد تەنیـا لـە مـاوەی چـوار رۆژدا حەلەبیـان بەجێهێشـت. گەیشـتنی ئـەم ژمـارە زۆرە لـە ئـاوارەی کـورد بـۆ عەفریـن و هەندێ لـە گوندەکانی، گوشـارێکی زۆری خسـتە سـەر شـارەکە لـەڕووی شـوێنی نیشـتەجێبوون و بـاری ئابوورییـەوە. لەگـەڵ

خراپبوونـی بـاری گوزەرانـی ئاوارەکانیـش، لـە هاوینـی 2013 بەدواوە پرۆسـەی گۆڕانـی دیمۆگرافیـی دووەم بـە کۆچـی بەکۆمـەڵ بـەرەو تورکیـا دەسـتیپێکرد. سـاڵی 2014، بەهـۆی بارودۆخـی سیاسـی روو لـە قەیرانـی نێوخـۆی عەفرین و کۆمەڵـە بڕیارێکـی بەڕێوەبەرایەتـی خۆسـەر تایبـەت بـە خزمەتـی سـەربازیی زۆرەملـێ و ئاسـانکاریی تورکیـا لـە پەڕینـەوەی ئاوارەکانـی عەفریـن بـۆ نێـو خاکەکـەی، شـەپۆلێکی گـەورەی کـۆچ بـەرەو تورکیـا و لەوێـوە بـۆ ئەوروپـا دەسـتیپێکرد و تاوەکـو بەهـاری 2015 بـەردەوام بـوو. لـەم شـەپۆلەدا نزیکـەی چارێکـە ملیۆنێـک کـوردی عەفریـن ناوچەکەیـان بەجێهێشـت و نیـوە زیاتـری ئـەم ژمارەیـە روویـان لـە ئەوروپـا کـرد. ئـەوە جگـە لـە هـەزاران خێزانـی دیکـە کـە چوونـە باشـووری کوردسـتان.

بـەڵام پرۆسـەی سـێیەمی گۆڕانـی دیمۆگرافیـای عەفریـن لەگـەڵ ئاوارەبوونـی عەرەبەکانـی باکـووری حەلـەب دەسـتیپێکرد. پـاش گەرمبوونی شـەڕ و کوشـتار لـە گونـدەواری باکـوور و رۆژئـاوای حەلـەب لـە هاوینـی 2012 بـەدواوە، هـەزاران خێزانـی عـەرەب روویـان لـە عەفریـن کـرد، بەتایبەتـی لەمـاوەی سـاڵانی 2013- 2015. دواتـر بەشـێکی ئـەم خێزانـە عەرەبانـە دەربـازی دیـوی سـنووری تورکیـا بـوون، بـەڵام لـە مانگـی شـوباتی 2015 بـەدواوە کـە شـەڕوپێکدادان لەنێـوان هێزەکانـی حکومەتـی سـووریا و چەکدارانـی ئۆپۆزیسـیۆن لـە باکـووری حەلـەب گـەرم بـوو، شـەپۆلێکی نوێـی ئـاوارە گەیشـتنە عەفریـن. لـە حوزەیرانـی هەمانسـاڵدا شـەپۆلێکی دیکـەی ئـاوارە لـە گونـدەواری بـاب لـە باکووری رۆژهەڵاتـی حەلەبـەوە گەیشـتنە عەفریـن. بـەڵام شـەپۆلی ئاوارەبوونـی خەڵکـی ناوچـەی عەفریـن بـۆ تورکیـا و ئەوروپـا لـە هەموویـان مەترسـیدارتر بـوو لەسـەر بنیاتـی دیمۆگرافیـی ناوچەکـە و ناسـنامە نەتەوەییەکـەی، چونکـە ئەگـەر مومکیـن بێـت هەنـدێ لەوانـەی

چوونەتـە تورکیـا بگەڕێنـەوە شـوێنی خۆیـان، ئـەوا ئـەو هـەزاران خێزانـەی بـەرەو ئەوروپـا و ئەمریـکا کۆچیانکـردووە، مەحاڵـە جارێکی دیکـە بگەڕێنەوە. لـەوەش کارەسـاتبارتر ئەوەیـە کـە لەنێـو ئـەم کۆچبەرانـەدا ڕێژەیەکـی بـەرزی خـودان توانسـتی زانسـتی هەبـوون. بەقسـەی ئەندازیارێکـی ناوچـەی عەفریـن، ژمـارەی ئەندازیـارەکان لـەو ناوچەیـە پێـش ئـەو شـەپۆلی کۆچـە نزیکـەی 500 ئەندازیـار بـوون، ئێسـتا ژمارەیـان بـۆ کەمـتر لـە 100 ئەندازیـار دابەزیـوە، واتـە ئـەو شـەپۆلی کۆچـە نزیکـەی 80%ی ئەندازیارەکانـی بـرد [7]، جـا دەتوانیـن ئـەم ڕێژەیـە بـە نزیکەیـی لەسـەر هەمـوو توێژەکانـی دیکـەش بکەینـە پێـوەر.

بـەڵام وێـڕای هەمـوو شـتێک، شـارۆچکەی عەفریـن لەمـاوەی سـاڵانی قەیرانی سـووریادا گەشـەکردنێکی بیناسـازیی گـەورەی بەخـۆوە بینـی، ژمارەیەکـی زۆر باڵەخانـەی تێـدا بەرزکرانـەوە کـە هەندێکیـان شـەش نهۆمـی بـوون، شـتێک کـە پێشـتر ئـەو شـارە بەخـۆوەی نەبینیبـوو. لـەو ماوەیـەدا نزیکـەی 12 هـەزار یەکـەی نیشـتەجێبوونی مۆدێـرن لـەو شـارەدا دروسـتکراون کـە هەمـوو پێکـەوە ڕووخسـارێکی هاوچەرخانەیـان بـە شـارەکە بەخشـی.

ئـەم ناوچەیـە لـە کەرتـی پیشەسازیشـدا گەشـەی بەرچـاوی بەخۆوەبینـی پـاش ئـەوەی سـەرمایەدارانی کـورد هەنـدێ وردە پیشەسـازیی وەک ڕسـتن و چنیـن و ئـاوی خواردنـەوە و پاتریـی ئۆتۆمبێـل و ماددەکانـی پاککـەرەوە و کلینیکـس و شـتی دیکەیـان هێنایـە ناوچەکـە.

عەفریـن لەمـاوەی سـاڵانی قەیرانـی سـووریادا زۆرجـار بەدەسـت گەمـارۆوە ناڵاندوویەتـی. هاتوچـۆی نێـوان عەفریـن و حەلـەب کـە لەکاتـی ئاسـایی 45 خولەکـە بـە ئۆتۆمبێـل، هەندێجـار 17 کاژێـری دەخایانـد و لـەو ماوەیەشـدا تووشـی نارەحەتـی و مەترسـیی دەسـتگیرکردن دەهاتـن، تەنانـەت مەترسـیی

کوشــتن و هەندێجــار ئەگــەری بۆردوومــان و کەوتنــە نێــو پێکدادانــی چەکدارانـە، هـەر لەبەرئـەوە ناچاربـوون بیـر لـە خۆبژێـوی بکەنـەوە لـەڕووی پێداویســتییەکانی ژیانــی ڕۆژانەیــان.

## عەفرین پاش داگیرکاری تورکیا

پــاش زنجیرەیــەک لــە لێدوانــی توونــد و هەڕەشــەی پەلاماردانــی عەفریــن لەلایــەن بەرپرســانی بــاڵای تورکیــا، ڕۆژی 2018/1/20 تۆپخانــەی تورکیــا کەوتـە بۆردوومانـی پێگـە و بارەگاکانـی یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل (یەپەگـە) لەناوچــەی عەفریــن، پاشــان بــە فڕۆکــەی جەنگــی دەســتیان بــە بۆردوومــان کــرد و هــەر هەمــان ڕۆژیــش ســوپای رووســیا ســەربازەکانی خــۆی لــە ناوچـەی عەفریـن بـەرەو تەلڕەفعـەت کشـاندەوە. ئـەم هەنـگاوە، چاودێـران و شرۆڤەکارانـی ڕەوشـەکەی گەیانـدە ئـەو بـاوەڕەی کـە ڕێککەوتنی پێشـوەخت لەنێـوان تورکیـا و رووسـیا لەسـەر چارەنووسـی عەفریـن کـراوە.
لەگـەڵ بۆردوومانـی تورکیـا بـۆ سـەر پێگـە سـنوورییەکانی نێـو خاکـی عەفرین و پاشـان هێرشـی زەوینـی و پێکدادانـی هێـزەکان لەسـەر زەوی، خەڵکـی ئـەو ناوچانـە بـەرەو شـوێنی ئارامـتر لەنێـو قووڵایـی خاکـی عەفریـن دەسـتیان بـە کـۆڕەو کـرد. سـوپای تورکیـا و هێـزە پاشـکۆکانی لەناو ئۆپۆزیسـیۆنی سووریادا (کــە نزیکــەی 80 گرووپــن بەپێــی ســەرچاوە خۆجێییــەکان)، دەســتیان بــە پێشـڕەوی کـرد و لەگەڵیـدا ژمارەیەکـی زۆرتـری خەڵـک بـەرەو سـەنتەری عەفریـن و بازنـەی دەوروبـەری ئـاوارە دەبوون. لەگەڵ دەسـتپێکردنی شـەپۆلی ئاوارەبـوون، بەڕێوەبەرایەتـی خۆسـەر لـە عەفریـن بـە بڕیارێـک دەرچوونـی دانیشـتووانی لـە ناوچەکـە قەدەخـە کـرد. بەوجـۆرەش سـەنتەری شـارەکە و

گوندەکانـی دەوروبـەری پڕبـوون لـە ئـاوارە و هیـچ شـوێنێک بـۆ داڵدەدانـی خەڵکـی لێقەومـاو نەمـا. دەسـەڵاتدارانی بەڕێوەبەرایەتی خۆسـەر نەیانهێشـت کـەس لـە سـەنتەری شـارەکە دەربچـێ و ڕێگـەی باشـووریان بـەرەو ناوچـەی شـێراوە داخسـت کـە هاوسـنوورە لەگـەڵ ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی ڕژێمـی سـووریا، بـەوەش نێـو شـاری عەفریـن تاوەکـو دەهـات قەرەباڵغـتر دەبـوو بـەو ئاوارانـەی لـە گوندەکانـەوە دەهاتـن و ئـەم ڕەوشـە تاوەکـو 10ی مانگـی ئـادار بـەردەوام بـوو. ڕۆژی 11ی ئـادار شـەڕوپێکدادان گەیشـتە گونـدی قیبـار لـە ڕۆژهەڵاتـی عەفریـن کـە تەنیـا سـێ کیلۆمەتـر لـە شـارەکەوە دوورە، ئینجـا کـۆڕەو لەنێـو شـاری عەفرینـەوە هـاوکات لەگـەڵ خاوبوونـەوەی کۆنترۆڵـی هێزەکانـی بەڕێوەبەرایەتی خۆسـەر لەسـەر بازگەکان، دەسـتیپێکرد. ڕۆژی 15ی ئـادار، کاتێـک چەکدارانـی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا گەیشـتنە گونـدی ماراتیـە لـە ڕۆژئـاوای عەفریـن کـە پێنـج کیلۆمەترێـک لـە شـارەکەوە دوورە، ئیـدی کـۆڕەوە گەورەکـەی خەڵکـی عەفریـن لـە هەمـان ڕۆژدا دەسـتیپێکرد. بەپێـی گێڕانـەوەی چالاکڤانێکـی عەفرینـی کـە لەوکاتـەدا لەوێبـووە، شـەوی 17/16ی ئـادار بەڕیوەبەرایەتـی خۆسـەر بـە بڵندگـۆ خەڵکەکەیـان ئـاگادار کـردەوە کـە شـارەکە چۆڵبکـەن، چونکـە ڕۆژی 17ی مانـگ شـەڕی گـەورە دەکەوێتـە نێـو شـار، هـەر ئـەو شـەوە تاڵانـی و هەڵکوتانـە سـەر کۆگاکانـی سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتـی خۆسـەر لەلایـەن عەرەبەکانـی عەفرینـەوە دەسـتیپێکرد کـە زۆرینەیـان عەرەبـی هـەردوو عەشـیرەتی عمێـرات و ئەلبوبەنـا بـوون. ژمـارەی ئەوانـەی لـە ڕۆژی 11 تاوەکـو 17ی ئـادار لـە ناوچـەی عەفریـن ئاوارەبـوون بـە نزیکـەی 250 هـەزار کـەس مەزەنـدە دەکرێـن [8].

سـوپای تورکیـا و گرووپەکانـی پاشـکۆی لـە سـەرلەبەیانی 18ی ئـاداردا بەبـێ شـەڕ چوونـە نێـو شـاری عەفریـن. شـارەکە شـەوی پێشـتر لەلایـەن

بەڕێوەبەرایەتـی خۆسـەر چۆڵکرابـوو. سـوپای تورکیـا و گرووپـە چەکدارەکانـی پاشـکۆی ڕێگـەی دەرچـوون لـە شـارەکەیان بـە کراوەیـی هێشـتەوە و ڕێگەیان لەبـەردەم کـۆڕەوی خەڵـک دانەخسـت. عەفریـن بـە شـار و گوندەکانییـەوە کەوتـە بـەر تاڵانییەکـی بێوێنـەی گرووپەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا. هەنـدێ لـە باڵەخانـەکان تەقێندرانـەوە، هەندێـک هێزەکانـی بەڕێوەبەرایەتـی خۆسـەریان تۆمەتبارکـرد بـەوەی بۆمبڕێـژی کـردوون پێـش ئـەوەی لـە شـارەکە بکشـێتەوە، بـەڵام هەندێکـی دیکـە دەڵێـن گرووپـە چەکـدارەکان بـە ئەنقەسـت باڵەخانەکانیـان تەقاندووەتـەوە.

دوای ئـەوەی گرووپەکانـی ئۆپۆزیسـیۆن ڕێگـەی عەفریـن- شـێراوەیان کۆنترۆڵکـرد و بازگەیـان لـە نزیـک گونـدی کیـمار دانـا، زۆر لـە ئـاوارەکان ویسـتیان بگەڕێنـەوە ماڵەکانـی خۆیـان، بـەڵام بازگەکانـی سـوپای ڕژێمـی سـووریا لەلایـەک و هێزەکانـی سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتـی خۆسـەر لەلایەکـی دیکـە ڕێگەیـان نـەدان. لەگەڵ ئەوەشـدا سـەدان ئـاوارە توانییان بەربەسـتەکان ببـڕن و بـەرەو عەفریـن بگەڕێنـەوە. ڕۆژی 28ی ئـادار بازگـە سـەرەکییەکەی لای گونـدی بـورج ئەلقاسـیان هەڵگـرت و بـەوەش کاروانـی ئۆتۆمبێلـی ئـاوارەکان بـەرەو بازگەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی پاشـکۆی تورکیـا کەوتنـەڕێ، بـەڵام لـەوێ تەنیـا ڕێگەیـان بـە تێپەڕینـی هەندێـک دا و پاشـان ڕێگەکەیـان بەڕووی ئاوارەکانـدا داخسـت و لەژێـر هەڕەشـەی چەکـدا داوایـان دەکـرد بـەرەو ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی ڕژێمـی سـووریا بگەڕێنـەوە. ڕۆژی 14ی ئـادار بەربەسـتەکە لەبـەردەم پاشـماوەی ئاوارەکانـدا هەڵگیـرا، بـەڵام هێزەکانـی حکومەتـی سـووریا و ئەوانـەی لەسـەر بەڕێوەبەرایەتـی خۆسـەر حیسـابن، تائێسـتاش ڕێ بـە گەڕانـەوەی ئاوارەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـان بـۆ عەفریـن نـادەن.

لـە هەفتەکانـی سـەرەتای پـاش کۆڕەوەکـەدا، ژمارەیەکـی کـەم لـە ئـاوارەکان (نزیکـەی 2500 کـەس) توانییـان لەڕێـی تـۆڕی قاچاخچییـەوە کـە بـۆ هـەر کەسـێک نزیکـەی 1000 دۆلاریـان وەردەگـرت، بگەنـە حەلـەب، بـەڵام ئـەوەش بـە زەحمەتییەکـی زۆر و دەبـوو لـە سـندووقی پاسـەکاندا خۆیـان بشـارنەوە و بەدرێژایـی ڕێگەیەکـی پێنـج کاژێـری، کـە ئەگـەری ئـەوە هەبـووە بخنکێـن. چونکـە هـەر لـە سـەرەتای هێرشـی تورکیـاوە بـۆ سـەر عەفریـن، دەسـەڵاتدارانی سـووریا ڕێگەکانیـان بەسـەر خەڵکـی عەفرینـدا داخسـت و نەیاندەهێشـت بـەرەو حەلـەب بـڕۆن.

## هەندێ ڕاستی سەبارەت کۆچبەربوون لە عەفرین

1- عەرەبەکانـی نیشـتەجێی عەفریـن، ئەوانـەی لـە کۆنـەوە لەوێـن و ئەوانەی پێـش پەلامـاری سـوپای تورکیـاش کۆچبـەر بـوون و لـەوێ گیرسـابوونەوە، لەکاتـی ئۆپەراسـیۆنەکەی سـوپای تورکیـا و گرووپەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووری شـارەکەیان چـۆڵ نەکـرد. ئـاوارەکان تەنیـا کـورد بـوون.

2- لـە هەنـدێ لـە گوندەکانـی دەوروبـەری عەفریـن (جوقیـە و ماراتیـە بـە نموونـە) ژمارەیەکـی کەمیـان نەبـێ ئەوانیدیکـە چۆڵیـان نەکـرد، هەروەهـا گوندەکانـی هەنـدێ ناوچـەی دیاریکـراو (گوندەکانـی مەیدانـا) سـەر بـە ناحیـەی ڕاجـۆ و هەنـدێ گونـدی دەوروبـەری ناحیـەی مۆباتـا.

3- زۆربـەی دانیشـتووانی ناحیـەی شـەڕا و گوندەکانـی بـەرەو لای باشـوور، بـۆ ناوچـەی شـێراوە ئاوارەبـوون و بـە سـەنتەری عەفرینـدا ڕەتنەبـوون.

4 - هەنـدێ لـە دانیشـتووانی شـارەکە و گوندەکانـی بڕیاریانـدا بەهـەر نرخێک بـووە لە شـوێنی خۆیـان نەجوڵێـن، هەندێکیان بەهـۆی پەیوەسـتییان بە خاکی

خۆیانــەوە، بــەڵام هەندێکــی دیکــە بەهــۆی ناکۆکییــان لەگــەڵ دەســەڵاتی بەڕێوەبەرایەتــی خۆســەر کــە هەســتیان بــە هەمــان ئاســتی مەترســی لــە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن نەدەکرد، بگرە هەندێک لەوانە گرەویان لەسەر ئەوەبــوو لایەنگــری ئەنجوومەنــی نیشــتمانی کــوردی (ئەنەکەســە)ن کــە بەشـێکە لـە ئیئتیلافـی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا.

5 - دواییــن راســتی کــە مەترســییەکی گەورەمــان پیشــاندەدات، کۆچکردنــی نــەوەی نوێیــە لــە عەفریــن. ســێ هــۆکاری تایبەتــی، جگــە لــە هــۆکارە گشــتییەکان کــە هەمــوو دانیشــتووان دەگرنــەوە، لــە کــۆچ و ســەرهەڵگرتنی نــەوەی نوێــدا ڕۆڵیــان هەیــە. هــۆکاری یەکــەم: نەبوونــی هەلــی فێربــوون لەبــەردەم گەنجانــدا لــە قۆناخــی ئاوارەبــوون لــە حەلەبــەوە بــۆ عەفریــن. هــەزاران خوێنــدکار لەنــاکاو خۆیــان لــە دەرەوەی زانکــۆکان دیتــەوە بەبــێ ئــەوەی جێگرەوەیەکیــان هەبــێ، هەربۆیــە زۆربــەی ئــەم گەنجانــە بــەرەو تورکیـا کۆچیانکـرد و بەشـی زۆری ئەمانـەش لـە تورکیـا نەگیرسـانەوە بەڵکـو روویـان لـە ئەوروپـا کـرد. بڕیـاری خزمەتـی سـەربازیی زۆرەملـێ لـە ناوچـەی عەفریـن لەلایـەن بەڕێوەبەرایەتـی خۆسـەر کـە لـە مانگـی نیسـانی 2016 دا دەسـت بـە جێبەجێکردنـی کـرا، هـۆکاری دووەمـی کۆچـی بەلێشـاوی گەنجـان بــوو، بەتایبەتیــش دابەشــبوونە سیاســییەکەی نێــو کۆمەڵگــەی کــوردی، وای لـە بەشـێکی زۆری خەڵـک کـرد بەجۆرێـک لـە دەسـەڵاتی بەڕێوەبەرایەتـی خۆسـەر و دامەزراوەکانـی بڕوانـێ کـە دەسـەڵات و دامـەزراوەی حیزبیـن نەک نیشــتیمانی. هــۆکاری ســێیەمیش داگیرکردنــی عەفریــن بــوو لەلایــەن ســوپای تورکیــا و گرووپەکانــی ئۆپۆزیســیۆنی پاشــکۆی. تاوەکــو ئــەم داگیرکارییــە بــەردەوام بێــت، بەشــی هــەرەزۆری گەنجەکانــی عەفریــن ناتوانــن بگەڕێنــەوە، چونکـە هـەزاران لـەم گەنجانـە لـە ریزەکانـی یەپەگـە و دەزگا ئەمنییەکانـی

(پەیـەدە)دا کاریانکـردووە و گەڕانەوەیـان ڕەنگـە ژیانیـان بخاتـە مەترسـییەوە. لـە ئەنجامـدا، ناوچـەی عەفریـن تاوەکـو سـاڵانێکی درێـژی داهاتـوو بەدەسـت ئـەم لێشـاوی کۆچـەی گەنجەکانییـەوە دەناڵێنـێ جـا چ لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵایەتـی بێـت، یـان زانسـتی و ئابـووری.

## گۆڕینی دیمۆگرافی لە عەفرین پاش داگیرکاری

هێشـتا زیاتـر لـە نیـوەی ئاوارەکانـی ناوچـەی عەفریـن کـە زیاتـر لـە 100 هـەزار کەسـن، لـە دەرەوەی واری خۆیانـن و بەسـەر ناوچەکانـی نوبـل، زەهـرا، تەلڕەفعـەت و هەنـدێ گونـدی ناوچـەی شـێراوە دابەشـبوون. ئـەم ناوچانـەش لەژێـر دەسـەڵاتی هاوبەشـی هێزەکانـی حکومەتـی سـووریا و یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل (یەپەگـە)دان. هەندێکیشـیان لـە خێوەتگەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی سـووریادان.
هەوڵەکانـی سـوپای سـووریا و ئەندامانـی یەپەگـە بـۆ ڕێگـری لـە گەڕانـەوەی ئـاوارەکان بـۆ ئـەو ناوچانـەی لەژێـر کۆنترۆڵـی ئۆپۆزیسـیۆنی لایەنگـری تورکیـادان، هەروەهـا ڕێگـری گرووپەکانـی ئۆپۆزیسـیۆن لـە دەربازبوونـی ئەوانـەی بـە هـەر ڕێگەیـەک بـووە دەتوانـن خۆیـان لـە بازگەکانـی سـوپای سـووریا و یەپەگـە دەربازبکـەن و بگەڕێنـەوە، زیاتـر لـە 100 هـەزار کـوردی عەفرینـی لـە گەڕانـەوە بـۆ زێـدی خۆیـان بێبـەش کـردووە، ئـەوە لەکاتێکـدا نیشـتەجێکردنی عەرەبـی ناوچەکانـی غۆتـەی ڕۆژهـەڵات لەسـەر موڵـک و ماڵـی کـورد بەپێـی ڕێککەوتنـی نێـوان حکومـەت و ئۆپۆزیسـیۆنی سـووری و هەروەهـا لـە ناوچەکانـی دیکەشـەوە، هێشـتا درێـژەی هەیـە.
ئـەم دوو هـۆکارە پێکـەوە: ڕێگـری لـە گەڕانـەوەی ئـاوارەی عەفریـن بـۆ زێـدی

خـۆی و نیشـتەجێکردنی عەرەبـی ناوچەکانـی سـووریا لـە شـوێنی ئـەوان، بـووە بـە هەڕەشـەیەکی گـەورە لەسـەر سرووشـتی دیمۆگرافیـی ناوچـەی عەفریـن. لەکاتێکـدا نیـوە زیاتـری دانیشـتووانە ڕەسـەنەکە لـە شـوێنی خۆیـان نەمـاون، ئێسـتا لەنێـو عەفرینـدا عـەرەب بوونەتـە زۆرینـە، تەنانـەت لـە گونـد و شـارۆچکەکانی ناوچەکـەش بەهەمـان شـێوەیە، ئێمـە ئەگـەر هـەردوو شـارۆچکەی ڕاجـۆ و شـەڕا بەنموونـە وەرگریـن، ژمـارەی دانیشـتووانی ناحیـەی ڕاجـۆ پێـش داگیرکاریـی تورکیـا حـەوت هـەزار کـەس بـوو، تەنیـا نزیکـەی 500 کـەس گەڕاونەتـەوە شـارۆچکەکە، بـەڵام لـە بەرامبـەردا 60 خێزانـی عـەرەب لـەوێ نیشـتەجێکراون. لـە شـارۆچکەی شـەڕا کـە 250 خێزانـی تێدابـوو، 102 خێـزان گەڕاونەتـەوە، لـە بەرامبـەردا 45 خێزانی عـەرەب لەوێ نیشـتەجێکراون کـە زۆرینەیـان خەڵکـی حمسـی نێوەڕاسـتی سـووریان.

ئامانجەکانـی سیاسـەتی بەتورککـردن هیـچ جیاوازییەکـی لەگـەڵ ئامانجەکانـی سیاسـەتی تەعریـب نییـە، لـە هـەردوو بارەکـەدا ئامانجەکـە بریتییـە لـە زاڵکردنـی ناسـنامەیەکی دیکـە بەسـەر ناسـنامەی کوردیـدا. بـۆ بەدیهێنانـی هـەردوو ئامانجەکـەش هەمـان ئامرازەکانـی زۆرداری و ڕاگواسـتنی زۆرەملێـی دانیشـتووانی ڕەسـەن و جێگرتنەوەیـان بـە خەڵکـی دیکـە و سـەپاندنی زمانێکـی دیکـە پەیـڕەو دەکرێـت.

## ترس لە گۆڕینی دیمۆگرافی دەبێتە ڕاستی

بەبیرهێنانـەوەی سیاسـەتی بەتورککـردن کـە دەوڵەتـی عوسـمانی و پاشـان کۆمـاری تورکیـا بەدرێژایـی زیاتـر لـە دوو سـەدە پەیڕەویان کردووە و ئەوەشـی کـە ئێسـتا لـە ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی سـوپای تورکیـا لـە باکـووری سـووریا

دەگوزەرێـت، وای دەردەخـات کـە تـرس و دڵەڕاوکێـی کـورد لـە ئەگەرەکانـی گۆڕینـی دیمۆگرافیـی ناوچـەی عەفریـن لەلایـەن تورکیـاوە، ترسـێکی لەجێـی خـۆی بێـت، ئێسـتا ئـەم ترسـە بووەتـە راسـتییەکی حاشـاهەڵنەگر.

ئەرشـیفی عوسـمانی پـڕە لـە بەڵگەنامەکانـی پرۆسـەی راگواسـتنی زۆرەملێـی هۆزەکانـی کـوردی باکـووری سـووریا و باشـووری رۆژهەڵاتـی تورکیـا بـەرەو ئـەو مەنفایانـەی کـە بابـی عالـی دەستنیشـانی دەکـردن. یەکەمیـن بەڵگەنامـەی لەمجـۆرە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی 1763 کـە بـاس لـە راگواسـتنی زۆرەملێـی هەنـدێ هـۆزی کـورد دەکات لـە زێـدی خۆیانـەوە بـۆ ولایەتـی رەقـە "لەبـەر کار و کـردەوە خراپەکانیـان"، ئـەم بەڵگەنامەیـە فەرمانێکـی بابـی عالییـە بـۆ والیـی ناوچەکـە تاوەکـو جێبەجێیبـکات [9].

بەبـێ چوونـە نێـو وردەکاریی پرۆسـەکانی راگواسـتن، ئەوەندە بەسـە کـە بڵێین دەسـەڵاتدارانی تورکیـا (پـاش راگەیاندنـی کۆمـار)، لەمـاوەی نێـوان نێوەڕاسـتی بیسـتەکان تاوەکـو کۆتایـی سـییەکانی سـەدەی رابـردوو، دەیـان هـەزار کـوردی لـە زێـدی مێژوویـی خۆیـان هەڵکەنـدووە. لەوانـە، ئـەو ناوچانـەی کـە چیـای کورمێنـج بەشـێکە لێیـان، یـان درێژکراوەیانـە، وەکـو ناوچەکانـی روهـا (ئۆرفا)، کلیـس، دیلـۆک (عەنتـاب)، ئیسـڵاحییە و تاوەکـو دەگاتـە کرکخـان و بەیـاز و ئەسـکەندەرۆنە. ئـەم کـوردە راگوازراوانـە دابەشـکراونەتە سـەر ناوچەکانـی ئەدەنـە لـە نێوەڕاسـتی تورکیـا، مانیسـا لـە رۆژئـاوای تورکیـا، ئایـدن لەسـەر دەریـای ئاگـە، ئەسکیشـەهیر لـە باکـووری رۆژئـاوای ئەنـادۆڵ، ئامانـج لـەم دابەشکردنەشـیان بەسـەر ناوچـە جیاوازەکانـی تورکیـادا، پەرتەوازەکردنیـان و رێگـری بـوو لـە چڕبوونەوەیـان لـە ناوچەیەکـدا. شـوێنی ئەمانـەش بـە تـورک و عەرەبـی هـاوردە پڕکرانـەوە، بـەڵام عەفریـن بـە زۆرینـەی رەهـای کوردەوە دەبێتـە شـوێن و دۆخێکـی نەگونجـاو لەگـەڵ ئـەو دەوروبـەرەی دەکەونـە

دیـوی سـنووری تورکیـاوە و تاوەکـو رادەیەکـی زۆر بەتورککـراون. ئەمـە لـەڕووی مێژووییـەوە، بـەڵام ئێسـتا و لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی قەیرانـی سووریاوە لـە 2011، تورکیـا لـە سـاڵانی سـەرەتای قەیرانەکـەدا سنوورەکانی بـەڕووی پەناخوازانـی سـووریدا خسـتە سـەر پشـت، تاوەکـو ژمارەیـان لـە هەندێـک مـاوەدا گەیشـتە سـەرووی سێ ملیـۆن پەناخـواز، بێگومـان دەیـان هـەزار لەمانـە کـوردی عەفریـن بـوون. تورکیـا قوتابخانـە و زانکۆکانـی بەڕووی گەنجانـی پەناخـوازی سـووریدا کـردەوە کـە دەبـوو زمانـی تورکـی بخوێنـن، تەنانـەت وڵاتینامـەی تورکـی دایـە هـەزاران ئـاوارەی سـووری لەوانـەی خودان توانـای زانسـتی بـوون.

پـاش ئۆپەراسـیۆنی "قەڵغانـی فـورات" لـە 24ی ئابـی 2016 و بەشـداریی گرووپـە چەکدارەکانـی سـەر بـە ئۆپۆزیسـیۆنی سـووری لـە ناوچەکانـی باکـووری رۆژهەڵاتـی پارێـزگای حەلـەب و دەسـتگرتن بەسـەر هـەردوو ناوچـەی بـاب و جەرابلـوس، ئـەم ناوچانـە وەکـو بەشـێک لـە خاکـی تورکیایـان لێهـات. فێربوونـی زمانـی تورکـی سـەپێنرایە سـەر قوتابخانەکانی و ئـاڵای تورکیا لەپـاڵ ئـاڵای ئۆپۆزیسـیۆن لەسـەر فەرمانگەکانـی بەرزکرانـەوە و ئاڵوگـۆڕی دراویـش گـۆڕا بـۆ لیـرەی تورکـی. کاروبـاری بازرگانـی و ئاڵوگـۆڕی شـتومەک لەنێـوان ئـەم ناوچانـەی سـووریا و تورکیـا بـەو دەروازە سـنوورییانەدا دەکرێـن کـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە کراونەتـەوە.

لـە نێوەڕاسـتی ئـاداری 2018 و پـاش گەیشـتنی سـوپای تورکیـا و چەکدارانـی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووری بـە دەوروبەری شـاری عەفریـن کە بەهـۆی ئاوارەبوونی خەڵکـی گوندەکانییـەوە پـڕ ببـوو لـە خەڵـک، کۆڕەوێـک لـەم شـارەوە بـەرەو ناوچـەی شـەهبا لـە باکـووری حەلـەب دەسـتیپێکرد. سـەرلەبەیانی رۆژی 18ی ئـادار کاتێـک ئـەم هێزانـە چوونـە نێـو شـاری عەفریـن، زیاتـر

لــە 250 هــەزار دانیشــتووی ڕەســەنی ناوچەکــە بــێ ماڵوحــاڵ مابوونــەوە. لــە مانگەکانــی دواتــردا بەشــێکی ئەمانــە گەڕانــەوە. لــە ســێیەمین ســاڵیادی هێرشــی ســەر عەفرینــدا و لــە 20ی کانوونــی دووەمــی ئەمســاڵ (2021)، پارتــی یەکێتــی دیموکراتــی کــوردی لــە ســووریا (یەکێتــی)، ڕاپۆرتێکــی پــڕ لــە وردەکاری لەبــارەی ڕەوشــی عەفریــن لەژێــر ناونیشــانی (عەفریــن لەســایەی داگیــرکاری دا) بڵاوکــردەوە. ڕاپۆرتەکــە ئامــاژە بــۆ ئــەوە دەکات کــە لەکاتــی هێرشــەکەدا "بــە کاری دووژمنکارانــە و دڕندانــە، زیاتــر لــە 250 هــەزار کــەس لــە دانیشــتووانی عەفریــن بــە زۆرەملــێ ڕاگوێــزراون. ڕێگــە بــە نزیکــەی 200 هــەزار لەوانــە نــەدراوە بگەڕێنــەوە زێــدی خۆیــان، ئــەوەش بەهــۆی داخســتنی دەروازەکانــی عەفریــن لەلایــەن دەســەڵاتی داگیرکــەر، بەوجــۆرە لــە ناوچەکانــی نوبــل، زەهــرا، گونــد و شــارۆچکەکانی شــەهبا لــە باکــووری حەلــەب بــێ ماڵوحــاڵ مانــەوە، هەندێکیــان دەربــازی حەلــەب و کۆبانــی و ناوچــەی جزیــرێ بــوون، لەکاتێکــدا ڕژێمــی ســووریا لای خۆیــەوە و تائێســتاش هەمــوو ڕێڕەوەکانــی هاتوچــۆی بــەڕوودا داخســتوون. هــاوکات نزیکــەی 500 هــەزار کــەس لــە خێزانــی چەکدارانــی بەکرێگیــراوی تورکیــا و ئاوارەکانــی غۆتــەی ڕۆژهــەڵات و گونــدەواری حمــس و حەمــا و ئیدلــب و حەلــەب و ناوچەکانــی دیکــە هێنراونەتــە عەفریــن و لەســەر موڵــک و ماڵــی دانیشــتووانی ڕەســەن نیشــتەجێکراون، ئەمــەش پرۆســەیەکی گــەورەی گۆڕینــی پێکهاتــەی دانیشــتووانی ناوچەکەیــە کــە بەهۆیــەوە ڕێــژەی کــورد تێیــدا بــۆ کەمــتر لــە 25% دابەزیــوە لەکاتێکــدا پێــش داگیرکردنــی، ڕێــژەی کــورد لــە ناوچــەی عەفریــن لــە ســەرووی 95% بــوو..." [10].

لــە هەمــان ڕاپۆرتــدا هاتــووە: "ســوپای تورکیــا و میلیشــیاکانی ئیئتیلافــی ئیخوانیــی ســووری دەســتیان بەســەر هەنــدێ گونــددا گرتــووە و ڕێگــە نــادەن

خەڵکەکـەی بـۆی بگەڕێنــەوە، لەوانــە قەســتەڵ جنــدۆ، بافلــۆن، ســینکا و بەعرافـا لـە شـەڕا، جلبـەر، کوبلـە، دێـر مشـمش، زرێـکات، باسـلیە و خالتـا لـە رووباریـا، چیـا و دەروێـش لـە راجـۆ، شـێخورز و قوتـا لـە بلبـل و تەللـف لـە جندرێـس. ئـەم گوندانـە کراونەتـە سـەربازگە و بـارەگای میلیشـیاکان" [11].

لــە ســێی کانوونــی دووەمــی 2021، رێکخــراوی مافــی مــرۆڤ- عەفریــن- ســووریا کـە بارەگاکـەی لەنێـو خێوەتگـەی ئاوارەکانـی عەفرینـە لـە شـەهبا و پێشـێلکارییەکانی ناوچـەی عەفریـن تۆمـار دەکات، راپۆرتێکـی دەربـارەی رەوشـی عەفریـن بڵاوکـردەوە کـە تێیـدا بـاس لـە دۆکیومێنتکردنـی 82 تاوانـی کوشـتن دەکات لـە ژێـر ئەشـکەنجە، سـەرباری کوژرانـی 72 ژن کـە پێنجیـان خۆکوشــتن بــوون و 368 رووداوی دەســتدرێژی بــۆ ســەر ژنــان و بڕیــن و هەڵکەندنـی 314400 داری زەیتـوون و سـووتاندنی 11 هـەزار هێکتـار زەوی. راپۆرتەکـە بـە پشتبەسـتن بـە بەڕێوەبەرایەتـی شـوێنەواری عەفریـن بـاس لـە 28 ناوچـەی شـوێنەواری دەکات لەکـۆی 75 ناوچـە کـە بـەرەورووی خراپـکاری و تـاڵان بوونەتـەوە، ئـەوە جگـە لـە زیانگەیانـدن بـە 15 مـەزاری ئایینـی. ئـەم رێکخـراوە سـاڵی رابـردووش ئامارێکـی بڵاوکـردەوە کـە کوژرانـی 58 کەسـی تێـدا تۆمارکرابـوو، سـەرباری گرتـن و رفاندنـی 987 کـەس کـە 92یـان ژن بوون، لەوانـە 26 کەسـیان ئازادکرابـوون کـە 10یـان ژن بـوون. هـەر لـەو سـاڵەدا بەپێـی راپۆرتەکـە، دەسـت بەسـەر 250 خانـووی هاونیشـتمانیاندا گیرابـوو. هاوشـانی ئـەم تاوانانـە، بەتورککـردن و بەعەرەبکردنـی نـاوی ناوچەکانیـش دەکرێـت. لـە رێنماییەکانـی سـەر رێگەکانـدا ئـەوە تێبینـی کـراوە کـە نـاوی هەنـدێ گونـد کراونەتـە تورکـی، بۆنموونـە نـاوی گونـدی قەسـتەلا میقـداد گـۆڕاوە بـۆ سـەلجوق ئۆباسـی، گونـدی کۆتانـا کـراوە بـە زافـر ئۆباسـی و گورزیلیـە کراوەتـە جەعفـەر ئۆباسـی. لەنێـو عەفرینیشـدا نـاوی گۆڕەپانـی

ئـازادی گـۆڕاوه بـۆ گۆڕەپانـی ئەتاتـورک، فولکـەی کاوه گـۆڕاوه بـۆ فولکـەی چڵـە زەیتـوون (هەمـان نـاوی ئۆپەراسـیۆنی داگیرکردنـی عەفریـن).
لـە 20ی کانوونـی دووەمـی 2021، چالاکڤـان مسـتەفا شـێخۆ کـە خەڵکـی ناوچـەی عەفرینـە و ئێسـتا نیشـتەجێی لوبنانـە و بەدواداچـوون بـۆ پێشـێلکارییەکانی ناوچەکـەی دەکات، لـەزاری هەندێ سـەرچاوەی نیشـتەجێی ناحیـەی بلبـل، ئامارێکـی لەبـارەی پێشـێلکارییەکان لـەو ناحیـە بـە ئێمـەدا کـە تێیـدا هاتـووه: "لـە کـۆی هـەزار ماڵـی ناحیـەی بلبـل، عـەرەب و تورکمانـی هـاورده و خێزانـی چەکدارانـی ئۆپۆزیسـیۆن دەسـتیان بەسـەر 960 خانـوودا گرتـووه، تەنیـا 40 خێزانـی کـورد لـە ماڵەکانـی خۆیانـدا مـاون، ئێسـتا 80 خێزانـی ناحیـەی بلبـل بـە ناچـاری لـە سـەنتەری شـاری عەفریـن لـە خانـووی کرێـدا نیشـتەجێن، چونکـە میلیشـیاکانی ئۆپۆزیسـیۆن رێیـان پێنـادەن بگەڕێنـەوه سـەر ماڵوحاڵـی خۆیـان. دانیشـتووانی سـێ گونـدی ناحیەکـە بـە تـەواوی راگوێـزراون. ئەمانـە گوندەکانـی: شـێخوەرزی خـواروو، شـێخوەرزی ناوەنـد و شـێخ وەرزی سـەروون. گونـدی شـێخوەرزی ناوەنـد بـە تـەواوی کراوەتـە سـەربازگە. لـە گونـدی قورنـە، لـە کـۆی 300 خێـزان کـە پێـش داگیرکردنـی عەفریـن لـە شـوێنی خۆیـان بـوون، تەنیـا 13 خێـزان مـاون. لـە گونـدی قەسـتەڵ میقـداد، لـە کـۆی 250 خێـزان تەنیـا 20 خێـزان مـاون" [12].

## کوردانی ئێزدی لەبەر هەڕەشەی لەنێوچووندا

کوردانـی ئێـزدی جگـە لـە سـەنتەری عەفریـن بەسـەر 22 گونـدی ناوچـە جیاوازەکانـی عەفرینـدا دابەشـدەبن. هەنـدێ لـەو گوندانـە بـە تـەواوی ئێزدیـن. کـۆی ژمارەیـان نزیکـەی 25 هـەزار کەسـە. عەلـی عیسـۆ، بەڕێوەبەری

دەزگای (ئێزدینـا) کـە دەزگایەکـی ئێزدیـی سـەربەخۆیە و بەتایبەتـی گرنگـی بـە ئێزدییەکانـی سـووریا دەدات، دەڵێـت: 90%ی کوردانـی ئێـزدی لەپـاش داگیـرکاری عەفرینیـان بەجێهێشـتووە.

**ئەو سێ گوندی ئێزدی بەنموونە دەهێنێتەوە:**

- گونـدی فەقیـرۆ: ژمـارەی دانیشـتووانی 1200 کـەس بـوو، لەکاتـی ئۆپەراسـیۆنی سـوپای تورکیـادا سـەرلەبەریان کۆچبـەر بـوون و دواتـر نزیکـەی 100 کەسـیان گەڕانـەوە کـە زۆرتـر منـداڵ و خەڵکـی بەتەمەنـن.

- گونـدی باسـوفان: کـۆی دانیشـتووانەکەی کـە 600 کەسـن، کـوردی ئێزدیـن. ئێسـتا تەنیـا 200 کەسـیان لـەوێ مـاون، لەکاتێکـدا ژمـارەی خێزانە هاتـووەکان کـە لـەوێ نیشـتەجێکراون 107 خێزانـە و زۆربەیـان خەڵکـی ناوچـەی غۆتـەن.

- گونـدی بافلـۆن: کـۆی دانیشـتووانەکەی کـە 350 کەسـن، کـوردی ئێزدیـن. هیـچ کـەس لـە دانیشـتووانی خـۆی لـەوێ نەمـاون، زۆربەیـان چوونەتـە دەرەوەی سـووریا و هەندێکیشـیان لـە خێوەتگـەی ئاوارەکانـن لـە شـەهبا، ژمارەیەکیشـیان گەڕاونەتـەوە سـەنتەری عەفریـن.

## راپۆرتی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە

رۆژی 14ی ئابـی 2020، لیژنـەی سـەربەخۆی نێودەوڵەتـی بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە رەوشـی سـووریا، لەسـەر بنەمـای لێکۆڵینـەوە و بەدواداچوونەکانـی لەمـاوەی نێـوان 11ی کانوونـی دووەم تاوەکـو یەکـی تەممـووزی 2020، راپۆرتێکـی بڵاوکـردەوە کـە تێیـدا گرووپەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی پاشـکۆی تورکیـا بـە ئەنجامدانـی تاوانـی جەنـگ لـە سـێ ناوچـەی بندەسـتی خـۆی تۆمەتبـار دەکات، یەکێـک لـەو ناوچانـەش عەفرینـە. راپۆرتەکـە سـەرجەم تاوانەکانـی

بـە مێـژووی روودانیـان و ناوەکانـەوە بڵاوکردووەتـەوە و بـاس لـە پرۆسـەی تاڵانـی بـە بەرنامـە و دەسـتگرتن بەسـەر موڵـک و خانـوو وماڵـی خەڵـک و دەسـتگیرکردنی نایاسـایی دەکات، لەوانـەش شـایەتیدانی منداڵێکـی کـوردی عەفرینـی کـە وردەکاریـی دەسـتگیرکردنی خـۆی و ئەشـکەنجەدانی لەلایـەن چەکدارانـی ئۆپۆزیسـیۆنەوە بـۆ لیژنەکـە گێڕاوەتـەوە.

## کۆتایی

لەڕێـی هەڵگرتنـی شـوێنپێی قۆنـاخ و وێسـتگەکانی ململانـێ لـە ناوچـەی عەفریـن و هەوڵەکانـی گۆڕینـی دیمۆگرافیـای ناوچەکـە، دەگەینـە ئـەو ئەنجامـە کـە ئـەو راگواسـتن و ئاوارەکردنـەی هاوشـانی ئۆپەراسـیۆنی سـوپای تورکیـا و هێزەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا پاشـکۆی تورکیـا بینیـمان گەورەتریـن هەڕەشـە و مەترسییە لەسـەر ناسـنامەی کوردیـی ناوچەکـە. زیاتـر لـە دوو لەسـەر سـێی کـوردی عەفریـن کـە دانیشـتووی رەسـەنی ناوچەکـەن، لـە شـوێنی خۆیـان هەڵکەنـدران. لـە بەرامبـەردا نیشـتەجێکردنی عـەرەب و تورکـمان لـە شـوێنی ئـەوان زۆر بـە چـڕی بەڕێوەدەچێـت. کـورد هەرچەنـد پێـش داگیـرکاری تورکیـاش بـە ژمـارەی زۆر عەفرینیـان بەجێدەهێشـت، بـەڵام دەسـەڵات لەدەسـتی خۆیـان بـوو. لەپـاش داگیرکردنـی لەلایـەن تورکیـاوە، ژمارەیەکـی زۆر زیاتـری کـورد عەفرینیـان بەجێهێشـت و ئەمجـارە دەسەڵاتیشـیان لـەم ناوچـە گرنـگ و سـتراتیژییەدا لەدەسـتدا کـە بێگومـان لەدەسـتدانی، کاریگەریـی مـەزن لەسـەر کـۆی رەوشـی کـورد لـە سـووریا دادەنێـت.

**سەرچاوەکان:**

(1)- درية عوني، عرب وأكراد، خصام أم وئام؟، دار الهلال، مصر، تاريخ النشر مغفَل، ص 158.

(2)- درية عوني، نفس المصدر.

(3)- د. محمد عبدو علي، الوجود الكردي في شمال سوريا : منطقة جبل الأكراد (عفرين)، موقع مدارات كرد، 04-12-2016.

(4)- رشيد حمو، ثورة جبل الأكراد (حركة المريدين)، دار النشر غير معروفة، 2001، من مقدّمة الكتاب.

(5)- د. آزاد أحمد علي، الحزام (العربي) في الجزيرة السورية، أكبر تغيير ديمغرافي في الشرق الأوسط، مركز روداو للدراسات، 24 يونيو 2015.

(6)- شهادة محامٍ من منطقة عفرين، عمل على قضايا ودعاوي تتعلّق بالأراضي المسجلة باسم الدولة.

(7)- شهادة مهندس من منطقة عفرين، عمل في قطّاع البناء السكني في المنطقة.

(8)- شهادة ناشط سياسيّ واكب عملية النزوح من المنطقة.

(9)- الكرد والعشائر الكردية في الأرشيف العثماني، محمد علي أحمد، مدارات كرد، 30-12-2017.

(10)- تقرير المكتب الإعلامي- عفرين- حزب الوحدة الديمقراطي الكردي في سوريا (يكيتي)، 2021/01/20.

(11)- نفس المصدر السابق.

(12) – الناشط مصطفى شيخو، نقلاً عن سكّان محلّيين من ناحية بلبل.

# تەعریب و گۆڕینی دیمۆگرافی لە عەفرین

**زەکەریا عەبدولهادی حوسەری**

## عەفرین و جوگرافیای دانیشتووان

عەفریـن- چیـای کورمێنـج- کـورداخ- چیـای کـوردان، کۆمەڵـە ناوێکـن بـۆ ناوچـەی عەفریـن کـە لـەڕووی کارگێڕییـەوە سـەر بـە پارێـزگای حەلـەب، دووەم گەورەتریـن پارێـزگای سـووریایە لـە دوای دیمەشـق و بـە پایتەختـی ئابووریـی ئـەو وڵاتـە دادەنرێـت. عەفریـن دەکەوێتـە لای باکـووری ڕۆژهەڵاتـی ڕۆخـی دەریـای نێوەڕاسـت و لـە گۆشـەی باکـووری ڕۆژئـاوای دەوڵەتـی سـووریادا هەڵکەوتـووە. هەروەهـا دەکەوێتـە لای باکـووری ڕۆژئـاوای شـاری حەلـەب بـە دووریـی 65 کیلۆمەتـر.

عەفریـن جگـە لـەڕووە ئابوورییەکـەی، لـەڕووی ستراتیژیشـەوە گرنگـە، خاڵـی پێکەوەبەسـتنی پارێزگاکانـی ئیدلـب و حەلەبـە بـە هاتـای و تورکیـاوە. هەمەڕەنگیـی خاکەکـەی و چیـا و بەرزاییـە زۆرەکانـی و دەوڵەمەندییەکـەی

بـە سـامانی ژێـرزەوی و سرووشـتی جـوان و ئاووهەواکـەی و زەوی بەپیتـی و ئـاوی زۆری، گرنگییەکـی سـتراتیژییان بـەم ناوچەیـە داوە و هـەر ئـەوەش وای لێکـردووە کـە بـە درێژایـی مێـژوو جێـی چاوتێبڕینـی هێـزە گـەورەکان بێـت.

ناوچـەی چیـای کورمێنـج درێژکـراوەی زنجیـرە چیـای تۆرۆسـە و کلکـەی کۆتایـی باشـووری رۆژئـاوای ئـەو زنجیرەیەیـە، گرنگتریـن بەشـەکانی ئـەم کلکەیـە بریتییـە لـە چیـای کـوردان، چیـای هـاوار، دەشـتی جوومـە، چیـای لەیلـوون و رووبـاری عەفریـن کـە هەموویـان پێکـەوە یەکەیەکـی جوگرافـی و شارسـتانی لەگـەڵ بەشـە دابڕاوەکـەی نێـو سـنووری تورکیـا پێکدێنـن. ئـەم ناوچەیـە لەپـاش دیاریکردنـی سـنووری تورکیـا- سـووریا لـە سـەردەمی ئینتیدابـی فەرەنسـی لەسـەر سـووریا، لەنێـوان هـەردوو وڵاتـدا دابەشـکرا. بەشـە سـوورییەکەی تەنیـا 30 کیلۆمەتـر لـە کەنـاری دەریـای نێوەڕاسـتەوە دوورە.

شـارۆچکەی عەفریـن سـەنتەری کارگێڕیـی ناوچەکەیـە، لـەلای رۆژئاوایـەوە هاوسـنوورە لەگـەڵ دەشـتی (عومـق) و لیـوای ئەسـکەندەرۆنە (هاتـای) لـە تورکیـا، لـەلای باکـوورەوە هێڵـی شـەمەندەفەر هەیـە کـە بـە گونـدی مەیـدان ئەکبـەس- دا تێدەپەڕێـت تاوەکـو دەگاتـە شـاری کلیـس. ئـەم هێڵـی شـەمەندەفەرە تورکیـا و سـووریا لێـک جیادەکاتـەوە. لـەلای رۆژهەڵاتیشـەوە دەشـتی ئەعـزاز و مینـگ و دێـر جەمـال هەیـە تاوەکـو دەگاتـە شـارۆچکەی نوبـل. لـەلای باشووریشـەوە ناوچـەی دارەت ئەلعیـزە هەیـە کـە قـەڵای سـەمعان دەبێتـە دواسـنووری تـا دەگاتـە گونـدەواری پارێـزگای ئیدلـب لـەلای باشـووری رۆژئـاوا.

جوگرافیـای عەفریـن هەمەڕەنگـە، چیـای تێدایـە کـە بەرزتریـن لووتکـەی

دەگاتـە (1260) مەتـر لـە ئاسـتی رووی دەریـاوە، ئەمـەش لـە چیـای مەزنـە لـە ناحیـەی بلبـل و بەشـێکە لـە زنجیـرە چیـای تـۆرۆس. پانایـی ناوچەکـە بەگوێـرەی سـنووری کارگێڕیـی ئێسـتای و پـاش دابڕینـی چەندیـن رووبـەری بەرفـراوان لێـی لــە رۆژهــەڵات و رۆژئاوایــەوە، نزیکــەی 55 کیلۆمەتــرە. درێژییەکەشـی لـە باشـوورەوە بـۆ باکـوور 75 کیلۆمەتـرە. کـۆی رووبـەری ناوچەکـە (4125) کیلۆمەتـری دووجایـە کـە دەکاتـە ٪2.2ی خاکـی سـووریا. لێکۆڵینـەوە جوگرافییـە جیۆلۆجییـەکان ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە خاکـی ناوچـەی عەفریـن لـە چاخـی دووەمـی جیۆلۆجیـدا پێکهاتـووە و مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ 200 ملیـۆن سـاڵ، ئەمـەش دەیکاتـە پێشـەنگی ئـەو ناوچـە شارسـتانیانەی بـە شـوێنەواری دێریـن دەوڵەمەنـدن. کۆنتریـن لێکۆڵینـەوەی جیۆلۆجـی ئەکادیمیـی باوەڕپێکـراو کـە لەسـەر ناوچـەی عەفریـن کرابێـت لەلایـەن شـارەزایانی ئەڵـمان لـە دەیـەی کۆتایـی سـەدەی نـۆزدەدا کـراوە لەکاتـی داڕشـتنی پلانـی هێڵـی شـەمەندەفەری بەغـدا کـە بـەم ناوچەیـەدا تێدەپەڕێـت.

## دانیشتووانی عەفرین

عەفریـن لـەڕووی کارگێڕییـەوە سـەر بـە پارێـزگای حەلەبـە و 65 کیلۆمەتـر لـە سـەنتەری ئـەو پارێزگایـەوە دوورە. ژمـارەی دانیشـتووانی شـارۆچکەکە بەگوێـرەی ئامـارە فەرمییـەکان کـە هەرگیـز بـەدوور نەبـووە لـە ئەجێنـدای سیاسـی، نزیکـەی 66 هـەزار کەسـە. ئـەم قەزایـە بـۆ حـەوت ناحیـە دابـەش دەبێـت کـە بریتیـن لـە: (ناحیـەی سـەنتەری عەفریـن، ئەمیـش بـەم دواییـە بـۆ دوو ناحیـە دابەشـکرا: سـەنتەری عەفریـن و ناحیـەی شـێراوا. هەروەهـا

ناحیەکانی جندرێس، شەڕران، شیێ (شێخ حەدید)، راجۆ، بلبل و مۆباتا – مەعبەتلی-). هەروەها 370 گوندیش لەخۆدەگرێت. کۆی ژمارەی دانیشتووانی ناوچەی عەفرین 800 هەزار کەس دەبێت، 95%ی ئەم ژمارەیە تاوەکو پێش ئاداری 2011 کورد بوون، لەڕووی مێژووییشەوە 99%ی عەفرین کورد بوون.

لیرخ، مێژووناسی ئیتنۆگرافی لەبارەی کورد دەڵێ: "کورد نەوەی خالیدییەکانن"، هیرۆدۆتسی باوکی مێژووش لە کتێبەکەیدا (مێژووی هیرۆدۆتس) کە بە زمانی گریکی لەنێوان سالآنی 450-420ی پێش زایین نووسیویەتی، دەڵێت: "بە هەرێمی سێزدەیەمی وڵاتی ئەخمینییەکان دەگوترێ وڵاتی کاردۆس". زێنۆفۆن، مێژوونووسی گریکیش (430 - 354 پ.ز) لە باسی گەشتی 10 هەزار سوارەی گریکدا بۆ رۆژهەڵات، باسی بەرەوڕووبوونەوەیان دەکات لەگەڵ کورد لە چیای کورمێنج [1]. ئەوە سەرباری دەیان مێژوونووسی دیکە کە لە باسی کورددا ئاماژە بۆ ناوی (ئەفرین) یان (عەفرین) دەکەن، لەوانە (هنری فیلد، لێهمان هۆبت، مینۆرسکی و باسیل نیکیتین).

ناوچەی عەفرین ناوچەیەکی تەواو کوردییە، دانیشتووانی لەڕووی باوەڕی ئایینییەوە دابەش دەبن بۆ موسڵمان کە زۆرینەن و هەروەها ئێزدی، کەمینەیەکی زۆر کەمیش عەلەوی هەن، بەڵام زۆرینەیان موسڵمانی سوننەی شافیعین. رێژەیەک لە کریستیانیش لەم ناوچەیە دەژین کە زۆرینەیان ئەرمەنن، بەڵام ژمارەی ئەمانە بەهۆی کۆچەوە رووی لە کەمبوونەوەیە، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایی کە بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووری شەپۆلی ئەم کۆچە بەرەو زیادبوون چوو.

## گۆڕانی دیمۆگرافی لە عەفرین

### ماوەی خەلافەتی ئیسلامی

عەرەبـە موسـڵمانەکان لـە سـەردەمی خەلافەتـی عومـەر کـوڕی خەتـاب بـە سـەرکردایەتی ئەبوعوبەیـدەی جـەڕاح گەیشـتنە چیـای کورمێنـج. سـەرکردە عەیـاز کـوڕی غەنـەم پـاش شـەڕێکی سـەخت توانـی لـە سـاڵی 636ی زایینـی ئەنتاکیـە فەتـح بـکات، پاشـان سـوپای موسـڵمانان بـەرەو باکـوور هەڵکشـان و گەیشـتنە ناوچـەی عەفریـن (سـیروس- نەبـی هـووری) [2].

بـەلازەری لەوبـارەوە دەڵێـت: "سـوارەکانی ئەبوعوبەیـدەی جـەڕاح لـە سـاڵی 637ی زایینـی گەیشـتنە گوندەکانـی جوومـە و ئەنتاکیـە، ئینجـا بـەرەو سیروس و نەبـی هـووری کشـان و ئاشـتیانە، بەگوێـرەی رێککەوتنێـک لەگـەڵ راهیبەکـەی کـە لـە گونـدی شـەرقیا (یەکێـک لـە گوندەکانـی عەفریـن) کـرا، هاتنـە ناوچەکـە. پـاش باڵادەسـتبوونی عەرەبـە موسـڵمانەکان لـە ناوچەکـە و لەسـەر قـەڵای نەبـی هـووری و تـەواوی ناوچـەی عەفریـن و ئەنتاکیـە و خامۆشـکردنی بزووتنـەوەی بەرەنـگاری لـە بەرامبـەر ئـەو شـەپۆلەی لـە نیمچـە دوورگـەی عەرەبییـەوە هاتبـوو، خەڵکـی ناوچەکـە لـە ترسـان مـاڵ و موڵکـی خۆیـان بـەرەو قووڵایـی ئیمپراتۆریـی بێزەنتـی بەجێهێشـت. دواتـر بەپێـی رێککەوتنـی سـاڵی 685ی نێـوان خەلیفـە عەبدوڵەلیـک کـوڕی مـەروان و ئیمپراتـۆر قوسـتەنتینی چـوارەم، ئـەو عەرەبـە هەڵگەڕاوانـەی کـە خیانەتیـان لـە سـوپای بێزەنتـی کـرد و لەپشـتەوە خەنجەریان لێـدان، لەجێی دانیشـتووانە رەسـەنەکە لـە ناوچـەی قـەڵای نەبـی هـووری- سـیروس و عەفرینـی ئێسـتا و ئەنتاکیـا و قەیسـەری نیشـتەجێکردن [3].

بەپێـی ئـەم رێککەوتنـە، عـەرەب لـە سـزای خیانەتەکەیـان لـە سـنووری

ئیمپراتۆریـی بێزەنتـی دوورخرانـەوە و لـە شـوێنی ئـەو کوردانـەی لـە ترسـی سـوپای عـەرەب لـە چیـای کورمێنـج هەڵاتبـوون، نیشـتەجێکران. بەمجـۆرە، ئـەم رێککەوتنـە دەبێتـە یەکـەم بەڵگەنامـەی مێژوویـی لەسـەر جێگیرکردنـی عـەرەب لـە ناوچـەی کـوردان.

جگـە لـەوان، هۆزەکانـی سلاڤیش کـە چوونە پـاڵ سـوپاکەی مەعاویـەی کوڕی ئەبوسـوفیان، لـە ناوچەکانـی دەوروبـەری قـەڵای نەبـی هـووری و چیـای کورمێنـج نیشـتەجێکران، بۆیـە ئەگـەری بەهێـز ئەوەیـە دانیشـتووانی ناوچـەی ئەعـزاز و دارەت ئەلعیـزە پاشـماوەی ئـەم هۆزانـە بـن کـە لەوماوەیـەدا لـەوێ نیشـتەجێکراون.

رێککەوتنامـەی سـاڵی 685ی زایینـی لەنێـوان خەلیفـە عەبدولمەلیـک کـوڕی مـەروان و ئیمپراتـۆر قوسـتەنتینی چـوارەم بـە کونتریـن بەڵگەنامـە دادەنـرێ سـەبارەت مێـژووی گۆڕینـی دیمۆگرافـی لـە عەفریـن و سـەرچاوەیەکی جێـی متمانـە و فەرمییـە. بـەلازەری لـە کتێبەکەیـدا (فتـوح البلـدان- لاپـەڕە 163-165) دەڵێـت: "خەلیفـە وەلیـد کـوڕی عەبدولمەلیـک لـە سـاڵی 707ی زایینـی شـاری جەرجومـە (مـەراش)ی بەتـەواوی وێرانکـرد و گاورەکان (نەسـارا)ی لـە چیـا هێنایـە خـوارەوە بـۆ دەشـتایی و ناچاریکـردن جلوبەرگـی موسـڵمانان بپۆشـن، پاشـان لـە چیـای هـاوار و چیـای لەیلـوون (سـەمعان) و ناوچـەی عومـق نیشـتەجێیکردن [4].

**فتوحات- سەرەتای تەعریب**

هێـرش و پەلامارەکانـی سـوپای ئیسـلام نـەک هـەر بانـدۆری لەسـەر نەخشـەی سیاسـی و بەهـا و نەریتـە کۆمەڵایەتییـەکان دانـا، بەڵکـو کاریگەرییەکـی

زۆریشی لەسەر ئایین و باوەڕە باڵادەستەکانی وڵاتی کوردان و ناوچەکەش بەگشتی هەبوو، یەکێک لە بەڵگەکان لەسەر ئەوەی نەک هەر لە عەفرین بەڵکو لە تەواوی جوگرافیای کوردستاندا روویدا، ئەوەیە کە لە دەقێکی ئایینیی (بەهمەن یەشت) و سەرنجی لەسەر ئەوەی لە کتێبی (ئاڤێستا)دا هاتووە سەبارەت لێکدانەوەی خوداوەند (ئاهورا مەزدا) بۆ خەونێکی زەردەشت کە دەڵێت: "ئاپۆڕای لەژمارەنەهاتوو لە شەیتانی سەروپرچ بژ کە لە رەگەزی تووڕەیین، لەلای رۆژهەڵاتەوە بەرەو ئێران دەکشێن و بەهۆی ئەوەشەوە ئایین و خەڵکەکەی تالاو دەچێژن". زەردەشت لە خوداوەند دەپرسێ: "ئەی دەتوانن ئایینی مەزدیی راستەقینە زیندوو بکەنەوە و ئەو شەیتانانە لەنێوببەن؟ ئاهورا مەزدا لە وەڵامدا دەڵێت: پاش جەور و جەفایەکی زۆر کە سێ سەدە درێژەی دەبێت، پادشایەکی جەنگاوەر پەیدا دەبێ و دووژمنەکانی ئێران لەنێودەبات و پاکی و بێگەردی بۆ ئافەریداکراوان دەگەڕێنێتەوە".
مەبەست لە ئێران لێرەدا ئەو ناوچەیەیە کە پێڕەوی ئایینی زەردەشتی بوون لە کۆندا. ئەم پێشبینییانە لە دەقەکانی (دین کورد)دا چەندبارە دەبنەوە [5].

لەو سەرچاوانەدا کە باس لە ئایینی زەردەشتی دەکەن، ئەم وەسفی کاولکارییە کە بەسەر وڵاتەکەیان و پەرستگەکانیان هاتووە، چەندبارە دەبنەوە، هەروەها ئەوەی کە عەرەب ماڵی خەڵکیان تالان کردووە و سووتاندووە و دەستیان بەسەرداگرتوون و چوونەتە سەر چیای موردی و ژمارەیەکی زۆر لە راهیبەکانیان کوشتوون. تیۆفانس لەوبارەوە باسی بەشداریی هۆزێکی ئێرانی دەکات بەناوی (موردە) کە لە بەرەی بێزەنتییەکان لە دژی عەرەب لە سووریا و بەتایبەتی لە چیای کورمێنج

شـەڕیان کـردووە و لـەلای (جبـل الاسود)ـەوە چوونەتـە نـاو عەفریـن و تاوەکـو (شـاری پیـرۆز) ڕۆیشـتوون و دەسـتیان بەسـەر هەمـوو سـووریادا گرتـووە. مەبەسـت لـە (جبـل الاسـود- چیـای ڕەش) لێـرەدا چیـای هـاوارە کـە بەسـەر عەفرینـدا دەڕوانێـت. مەبەسـت لـە شـاری پیرۆزیـش قـودس یـان بەیـت لەحـم نییـە، بەڵکـو مەبەسـت لێـی نەبـی هـووری- سیروسـە کـە بـە هاجیاپۆلیـس یـان ئایاپۆلیـس دەنـاسرا و ئێسـتاش بـە قـەڵای نەبـی هـووری دەناسرێـت [6].

ئەلفرێـد لویـس دی بریـمار لـە کتێبـی (دامەزراندنـی ئیسـلام)دا باسـی چیرۆکێـک دەکات کـە (زەمەخشـەری) مێژوونووسـی ئێرانییـش ئامـاژەی بـۆ کـردووە و سـەبارەت بەتاڵانبردنـی سـێ کچـی یەزدەجـەرد شـایە و باسـی ئـەوە دەکات کـە چـۆن بـە دیلـی لـە مەدائینـەوە بـراون بـۆ حیجـاز و لـەوێ عەلـی کـوڕی ئەبوتاڵـب دابەشـی کـردوون و یەکێکیانـی داوەتـە محەممـەدی کـوڕی ئەبوبەکـری سـدیق و یەکێـک بـۆ عەبدوڵـڵای کـوڕی عومـەری کـوڕی خەتـاب و یەکێکیشـی داوەتـە حوسـەینی کـوڕی خـۆی کـە دایکـی عەلـی کـوڕی حوسـەینە [7].

دیـارە فارسـەکان ڕەواجێکـی زۆریـان بـەم بەسـەرهاتە داوە و کروویانەتـە پاسـاوێک بـۆ ئـەوەی پادشـاکانی خۆیـان و ئەهلـی بەیـت لـە یـەک خانـە ببینـن [8].

ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە و شـایانی لێکۆڵینەوەیـە، ئەوەیـە کـە ئـەوەی بـە (فتوحاتـی ئیسـلامی) نـاسراوە، هیـچ نەبـووە جگـە لـە پەردەیـەک بـۆ پرۆسـەیەکی درێژخایەنـی تەعریـب کـە لـە ڕێیـەوە هەوڵیانـداوە نەتـەوەی کـورد لـە بۆتەقـەی عەرەبـی جاهیلیـدا بتوێننـەوە و زمانەکـەی لەنێوببـەن و زمانـی عەرەبـی بەبیانـووی ئـەوەی کـە زمانـی قورئـان و زمانـی ئەهلـی

بەهەشــتە، بەســەردا بســەپێنن و دانیشــتووانی ڕەســەنی کــورد رابگــوازن و هــۆزە عەرەبــەکان لەشــوێنیان نیشــتەجێ بکــەن و ئاییــن و بەهاکانــی بەنــاوی تەوحیــد لەبیرببەنــەوە. دیارتریــن نموونــەی ئەمــەش قســەیەکی (بــەلازەری) یــە کــە دەڵێــت "لــە ســەردەمی خەلیفــە عومــەر کــوڕی خەتــاب و لەســەر دەســتی عەیــاز کــوڕی غەنــەم، لــە ناوچــەی جەزیــرە بســتە خاکێــک نەمــا فەتــح نەکرابێــت" [9].

***

ئــەوەی یارمەتــی بەعەرەبکردنــی ناوچەکانــی کــوردی دا، پــڕۆژەی بەشــارکردنی ناوچەکانیــان بــوو، یــان ئــەوەی عــەرەب پێیدەڵێــن (تمصیــر البــلاد)، ئەمــەش زاراوەیەکــە بــە مانــای پلاندانــان دێــت بــۆ هێنــان و نیشــتەجێکردنی خێڵــە عەرەبــەکان لــەو ناوچانــەی فەتــح دەکــران لەڕێــی پڕۆژەکانــی دروســتکردنی مزگــەوت و بارەگاکانــی حوکمڕانــی و کارگێــڕی. بــەلازەڕی لەوبــارەوە دەڵێــت: "عەبــاس کــوڕی هیشــام ئەلکەلبــی لــە زاری بابــی و ئەویــش لــەزاری باپیریــەوە بــۆی گێڕامــەوە کــە ئــەوەی یەکەمجــار پێــی نایــە نــاو شــاری مووســڵ و عەرەبــی تێــدا نیشــتەجێکرد هەرســەمەی کــوڕی عەرفەجــەی بارقــی بــوو". دوای ئــەوە عــەرەب لــە شــارەکەدا روویــان لــە زیادبــوون کــرد و دەســتیان بەســەر کاروباریدا گــرت و زمانــی عەرەبــی داســەپا و داوونەریتــی عەرەبــی شــوێنی نەریتــی کۆنــی دانیشــتووانی گرتــەوە [10].

لــەوەش زیاتــر، عەرەبــەکان هەرچــی سیســتەمی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی هەیــە هەڵیانوەشــاندەوە و بەهــای نوێیــان بەســەردا ســەپاندن کــە هیــچ پەیوەندییەکیــان بــە کۆمەڵگــەی کوردییــەوە نەبــوو. د.تریفــە ئەحمــەد عوســمان بەرزنجــی لــە کتێبــی (إســهامات العلــماء الاکــراد في بنــاء الحضــارة الإســلامیة خلال القرنــین (7-8) - دار الکتــب العلمیــة – بــیروت 2010) لــە لاپــەڕە 46 دا دەڵێــت:

"بڵاوبوونــەوەی ئاینــی ئیســلامی لــە ناوچەکانــی کــورد تەنیــا بڵاوبوونــەوەی باوەڕێکــی ئاینــی نەبــوو، تەنیــاش ململانێیــەک نەبــوو لەنێــوان ئیســلام و ئاینەکانــی دیکــەی ناوچەکــە، بەڵکــو بڵاوبوونــەوەی کولتوورێکــی نــوێ بوو پێش هەمــوو شــتێک. بڵاوبوونــەوەی زمــان و کولتــووری عەرەبــی و رێکخســتنەوەی لــەڕووی سیاســییەوەو فێربوونــی، بــووە بنەمــای هاووڵاتیبــوون لــە دەوڵەتــی ئیســلامیدا"[11].

بەمجــۆرە لــە دەوڵەتــی نوێــدا هەرکەســێک ویســتبای لــە بــواری ئابــووری یــان کولتــووری، یــان کارگێــڕی و حوکمڕانیــدا کار بــکات، دەبــوو ســەرەتا زمانــی عەرەبــی بەباشــی فێربــێ و هەمــوو بەهــا عەرەبییــەکان کــە بوونــە پێــوەری هاووڵاتیبــوون بــە بەهــای خــۆی بزانــێ، بەبــێ ئەمــە نەیدەتوانــی لــەم دەوڵەتــە نوێیــەدا بگاتــە پلــەی هاووڵاتــی.

ســەرنجڕاکێش ئەوەیــە ئــەم سیســتەمە ئابوورییــە کــە مێژوونووســانی عــەرەب بــە شــانازییەوە باســی دەکــەن بەســەر ناوچەکانــی کورددا ســەپێندرا، سیســتەمی بیابــان بــووە، کــە هەموومــان دەزانیــن لــە بیابانی ئــەو ســەردەمەدا نە کشــتوکاڵ هەبــووە نــە پیشەســازی و تەنیــا شــوانکارەیی هەبــووە. لێــرەدا پرســیار لەبــارەی تیۆرییــە ئابوورییەکان و سیســتەمی باج و شــێوازەکانی بەرهەمهێنانی کشــتوکاڵی دەکەیــن کــە لەگــەڵ خۆیــان هێناویانــە.

لــەڕووی کۆمەڵایەتیشــەوە، مێژوونووســانی عەرەبــی ئیســلامی بــاس لــە پەرەســەندنی کۆمەڵایەتــی و ژیانــی خێزانــی و شارنشــینی و پێکهاتنــی چینــە کۆمەڵایەتییــەکان دەکــەن لــەو ناوچانــەی فەتحیــان کــردوون. لێــرەدا ناچاریــن جەخــت لــەوە بکەینــەوە کــە ئــەو سیســتەمە کۆمەڵایەتییــەی لــە حیجــاز و نیمچــە دوورگــەی عەرەبــی هەبــووە، سیســتەمێکی خێڵەکــی بــووە کــە پایەکانــی لەســەر باڵادەســتبوونی بەهێزترینــی نــاو خێــڵ دامــەزراوە. عــەرەب شــێوەژیانی

شارنشـینیان نەناسـیوە بەڵکـو زۆرتـر ئاشـنای ژیانـی خێـڵ و کۆچـەری بـوون و بـەدوای پەیداکردنـی لـەوەڕ و ئـاوەوە بـوون بـۆ ماڵاتەکانیـان، کەواتـە ئـەوە کام سیسـتەمی شارنشـینییە کـە لەگـەڵ خۆیان بـۆ ناوچـە کوردییەکانیان هێنـاوە [12].

## پەلامار- تاڵان و کوشتار.. ئامرازەکانی تەعریب

نووسـەر ئـادەم میتـز لـە کتێبـی ( الحضـارة الإسـلامية في القـرن الرابـع الهجـري –القاهـرة – مكتبـة وهبـة 1957م ) باسـی ئـەوە دەکات کـە حوکمـی ئیسـلامی مافـی سیاسـی بـە خەڵکـی ناوچـە فەتحکـراوەکان داوە، جگـە لـە مافـی خەلافـەت و ئیمامەتـی و ئەمیرایەتـی جیهـاد، لەگـەڵ ئەوەشـدا، (ئەهلی زیممە) واتـە ئەوانـەی سـەر بـە ئایینـی دیکـە ماونەتـەوە و نەبوونەتـە موسـڵمان، ئازادی ئایینییـان هەبـووە!

لێـرەدا دەپرسـین: کەواتـە چـۆن زیاتـر لـە حەفتـا فەرمانـی رەشـەکوژی لـە دژی شـوێنکەوتووانی ئایینـی ئێـزدی لـە سـەردەمە جیاوازەکانـی حوکمـی ئیسـلامیدا لـە کوردسـتان بەڕێوەچـوون؟ [13].

رەنگـە ئەزموونـی هەنـدێ میرنشـینیی کـوردی، وەک میرنشـینیی بەنـی شـەداد یـان مەروانییـەکان و هەندێکـی دیکـەش لـە قبوڵکردنـی ناچاریانـەی کەتوار(واقـع)ەوە سـەرچاوەی گرتبـێ، واتـە هیـچ بژارەیەکـی دیکە لەبەردەسـتی حاکمـە عەرەبـەکان نەبـووە و رەنگـە دەوڵەتـی ئیسـلامی پێویسـتی بـە هێـزی ئەوانیـش بووبـێ بـۆ بەرگـری لـە سـنوورەکانی دەوڵـەت لـە بەرامبەر چاوپۆشـی و رازیبوونـی ناچارانـە بـە هەنـدێ دەسـەڵات و ئیمتیـاز، ئەویـش بـۆ مـاوەی کـورت بـووە.

ئـەو حاکمانـەی دادەسـەپێنرانە سـەر ناوچـە کوردییـەکان هەوڵیانـدەدا

لـە وەتەرێـک بـدەن کـە هەمیشـە کاریگەرییەکـی زۆری هەبـووە لەسـەر کێشـکردنی پیاوانـی خێڵـە کۆچەرییـە عەرەبـەکان بـۆ نێـو سـوپا، ئەویـش ئەوەبـوو کـە ڕێگەیـان بـە بەشـداران دەدا بەشـێک لـە دەستکەوتەکانی شـەڕ بـۆ خۆیـان ببـەن، هەروەهـا پارچـە زەوی وەربگـرن، بـەڵام ئەمـە هیـچ کاتێـک وای لـە پیاوانـی کـورد نەکـردووە بەشـداری لـە شـەڕ و پەلامـاردا بکـەن لەبـەر هۆیەکـی سـادە، ئەویـش ئەوەبـوو کـە ئـەو زەوییانـەی بەڵێنـی دابەشـکردنیان دەدرا، لـە بنەڕەتـدا موڵکـی باوباپیرانـی خۆیـان بـوون، یـان موڵکـی خەڵکـی ناوچەکانـی خۆیـان، دەسـتکەوت و سـەبایاش هـەر کچـی هاوزمانەکانـی خۆیـان بـوون.

بـەڵام مەسـەلەی دڵسـۆزیی موسـڵمانانی کـورد بـۆ دیـن و دەوڵـەت لـە سرووشـتی ئـەم میللەتـەوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە بـە سرووشـتی خـۆی دڵسـافە، کـورد بەوپـەڕی دڵسـۆزی و بێدەنـگ بەشـدارییەکی کارای لـە بنیاتنانـی دەوڵەتـی عەرەبیـی ئیسـلامیدا کـردووە. شـەرەفخانی بەتلیسـی لـە کتێبـی شـەرەفنامە- بەشـی یەکەمـدا دەڵێـت: "زۆرینـەی کـورد سـوننی و لەسـەر مەزهەبـی شـافیعین، بـە گەرموگوڕییـەوە کار بـە شـەریعەتی ئیسـلامی دەکـەن و لەسـەر ڕێـڕەوی پەیامهێنـی ئیسـلام و خەلیفەکانـی ڕاشـیدینن" [14].

## تواندنەوەی کولتووری لەناو عروبەدا

عـەرەب لەژێـر بەیداخـی ئیسـلامدا کاریـان بـۆ ئـەوە کـردووە کـورد و نەتەوەکانـی دیکـە لـە بۆتـەی عروبـەدا بتوێننـەوە و بـۆ ئەمـەش سـوودیان لـە قورئـان وەرگرتـووە کـە بـە زمانـی عەرەبـی دابەزیـوە. ئەمـە کـراوە بـە پەردەیـەک و بیانوویـەک و ئامرازێـک بـۆ تەعریبـی هەمـوو شـتێک و

تۆمەتبارکردنــی هــەر کەســێک دژی ئەمــە وەســتابێ بــە کوفــر و دژایەتــی ئیســلام و پەیامــی ئاســمانی و دینــی خــودا.

بــەلازەری دەڵێــت: "موســڵمانان کەوتنــە هەوڵــدان بــۆ بڵاوکردنــەوەی دینــی ئیســلامی لــەو ناوچانــەی فەتحکرابــوون، ئەمــەش پێویســتی بــە هــەوڵ و رێکخســتنێکی زۆر هەبــوو کــە چــۆن بتوانــن ئــەم بیروبــاوەڕە نوێیــە لــە دەروونــی خەڵکەکەیــدا جێگیــر بکــەن و بــاوەڕە کۆنــەکان لــە دەروونیــان دەربهێنــن و تەنیــا بــەوە نەوەســتن کــە موســڵمانبوونی خۆیــان رابگەیێنــن. بــۆ بەدیهێنانــی ئــەو ئامانجــە، دەوڵــەت رووی کــردە سیاســەتی نیشــتەجێکردنی عەرەبــی موســڵمان لــە ناوچــە فەتحکــراوەکان، ئــەوەش هاوشــانی کۆچــی هەمەجــۆری عــەرەب لــە دوورگــەی عەرەبییــەوە بــۆ ئــەم ناوچــە نوێیانــە" [15].

ئەمــە دەریدەخــات کــە پرۆســەی تەعریبــی کــورد و لەنێوبردنــی بیروباوەڕیــان و زمانیــان و نیشــتەجێکردنی عــەرەب لــە ناوچەکانیــان هــەروا لــە خــۆڕا و بەڕێکــەوت نەبــووە یــان بەشــێوەیەکی سرووشــتی وەک ئــەوەی هەندێــک بانگەشــە دەکــەن، بەڵکــو بــە فەرمــان و بــە پــلان بــووە لــە لووتکــەی خەلافەتــەوە کــە ســەری رژێمــە سیاســییەکەی دەوڵــەت بــووە. [16]

محەممــەد کــورد عەلــی لــە کتێبــی (الإســلام والحضــارة العربيــة - مطبعــة التأليــف والترجمــة والنــشر - القاهــرة الطبعــة الثالثــة - الجــزء الاول – 1968) دەچێتــەوە ســەر ئــەوەی یاقوتــی حەمــەوی باســی کــردووە کــە چــۆن ئەڵقــەی فێــرکاری دەکرانــەوە بــۆ ئــەوەی دانیشــتووانی ناوچــە فەتحکــراوەکان فێــری زمانــی عەرەبــی بکرێــن. ئەوکاتــە ئیــدی ئــەم زمانــە ببــووە زمانــی حوکمڕانــی و کارگێــڕی و کەســێک ئەگــەر ئــەم زمانــەی بەباشــی نەزانیبــا نەیدەتوانــی کاروبــاری رۆژانــەی بەڕێوەببــات [17 - 18]. ئیــبن خەلدوونیــش لــە کتێبــی (موقەدیمــە- بەشــی یەکــەم- لاپەڕەکانــی پــاش 400) دەڵێــت: "نەتــەوەکان

لـە هەمـوو ناوچـە مەملەکەتـەکان زمانـی خۆیـان فەرامـۆش دەکـرد و ئیـدی زمانـی عەرەبـی دەبـووە زمانیـان" (19).

پڕۆژەکانـی تەعریـب و گۆڕینـی بەردەوامـی دیمۆگرافـی لـە کوردسـتان کاریگەرییەکـی زۆر خراپـی دانایـە سـەر ئینتیـمای تاکـی کـورد بـۆ نەتەوەکـەی، فۆکەسـی ئەمڕۆشـمان کـە لەسـەر ناوچـەی چیـای کورمێنـج-عەفرینـە، لـەوەوە سـەرچاوە دەگـرێ کـە ئـەم ناوچەیـە دیسـان جارێکـی دیکـە لەسـایەی داگیرکاریـی تورکـی بـەرەوڕووی هەمـان پرۆسـەی گۆڕینـی دیمۆگرافیـا دەبێتـەوە و ئەمـەش تەواوکـەری هەمـان پلانەکانـی پێشـووە کـە لەژێـر نـاوی پشـتێنەی ئەمنـی و چاکسـازیی کشـتوکاڵی بەڕێوەچـوون و لـە بنەڕەتـدا بوونـی مێژووییانـە و رەسـەنی کوردیـان لـەم ناوچەیـە کـردە ئامانـج.

## پڕۆژەکانی تەعریب و گۆڕینی دیمۆگرافی لە چاخی نوێدا

لـە سـەرەتادا، خەڵکـی عـەرەب بەشـێوەیەکی سرووشـتی و بـێ پـلان گەیشـتنە ناوچـەی عەفریـن. بەشـێوەی تاکەکەسـی یـان بـە خێزانـەوە لـە ناوچەکانـی دەوروبـەری عەفرینـەوە بـە مـەڕ و ماڵاتەکانیانـەوە بـۆ لەوەڕگـە و ئـاو و ژیانێکـی باشـتر دەهاتـن. ئـەم کۆچـە بەهـۆی گۆڕانـی کەشـوهەوا و لەنێوچوونـی لەوەڕگـە بـوو لـە ناوچەکانـی خۆیـان. ئـەوان بەهـۆی کەشـوهەوای مامناوەنـد و رووبـەری بەرفراوانـی سـەوزایی کـە لەگـەڵ ژیانـی ئاژەڵـداری دەگونجـا، روویـان دەکـردە چیـای کورمێنـج. هەندێکیـش بەهـۆی ناکۆکـی و دووژمنداریـی خێڵەکـی و لـە ترسـی تۆڵـە پەنایـان بـۆ ئـەو ناوچەیـە دەهێنـا، زۆرینـەی ئەمانـە لـە هۆزەکانـی نعێمـی و عمێـرات بـوون و لـە رۆژهەڵاتـی حەلـەب، یـان بـاب و منبـج و جەرابلوسـەوە دەهاتـن.

هەنـدێ خێزانـی عەرەبیـش کـە هاتنـە عەفریـن و تێیـدا گیرسـانەوە، ئەوانـە بـوون کـە لـە لیـوای ئەسـکەندەرۆنەوە هاتبـوون پـاش ئـەوەی لـە سـاڵی 1939دا بـە فەرمـی بـووە بەشـێک لـە خاکـی تورکیـا. ئـەم خێزانانـە لەوانـە بـوون کـە نەیانویسـت لەسـایەی دەسـەڵاتی نوێـی تورکیـادا درێـژە بـە ژیـان بـدەن و عەفرینیـان هەڵبـژارد بەهـۆی نزیکـی و لێکچوونـی لەگـەڵ لیـوای ئەسـکەندەرۆنە. زۆرینـەی ئەمانـە لـە هۆزەکانـی عەجـان و حەرکـوک بـوون، دواتریـش بوونـە ئامـرازی دەسـتی رژێمـی بەعـس بـۆ جێبەجێکردنـی پـلان و پرۆژەکانـی تەعریـب و گۆڕینـی پێکهاتـەی دانیشـتووانی ناوچەکـە. لـەو چوارچێوەیەشـدا و بەگوێـرەی یاسـای چاکسـازیی کشـتوکاڵی، زەویـوزاری کشـتوکاڵییان بەسـەردا دابەشـکرا. بەشـی زۆری هاتووەکانی ئەم شـەپۆلە وەک پێشـتر گوتـم، لـە چوارچێـوەی بزاوتێکـی سرووشـتیی جێگۆڕکێـدا بـوو کـە لـە هـەر ناوچەیـەک بـە هۆکارگەلـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی روودەدات. کـورد بـە گەرمـی باوەشـی بـۆ ئەمانـە کـردەوە و بەشـێکیان فێـری زمـان و نەریـت و بەهـا کوردییـەکان بـوون، هەندێکیشـیان بوونـە ئامـرازی جێبەجێکردنـی پـڕۆژە رەگەزپەرسـتییەکان.

## تەعریب لە سەردەمی رژێمی بەعس

پڕۆژەکانـی نیشـتەجێکردن بـە ئامانجـی جێبەجێکردنـی پشـتێنەی عەرەبـی لـە ناوچـەی چیـای کورمێنـج پـاش گەیشـتنە دەسـەڵاتی حیزبـی بەعـس لـە سـاڵی 1963، چـووە قۆناخێکـی نـوێ. ئەمـە ئیـدی خەتەرناکتریـن قۆناخـی بـوو چونکـە بڕیـاری سیاسـی لەپشـتەوە بـوو، بـە سەرپەرشـتی و پشـتیوانی و پاراسـتنی لایەنێکـی دەسـەڵاتدار بەڕێوەدەچـوو کـە بڕیـاری دابـوو ناوچەکـە

تەعریب بکات و رەگوڕیشەی مێژوویی کورد لەو ناوچەیە هەڵکێشێت و لەنێوببات. عەرەبە هاوردەکان، تەنیا کاتێک ناوچەکانی خۆیان و ماڵەکانیان بەجێدەهێشت کە دڵنیا دەبوون لەوەی ژیانێکی باشتریان بۆ مسۆگەر دەکرێ و دەپارێزرێن، بەڵێنی زۆریان پێدەدرا کە پارچە زەویی بەپیت وەردەگرن و خۆیان و ماڵاتەکانیان تێیدا سەقامگیر دەبن، ئەمە بۆ ئەوان وەکو خەونێک بوو، بەڵام بۆ ئەوەی کورد نەورووژێ، لەژێر پەردەی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵیدا بەڕێوەدەچوو، دواتر هەنگاویان بۆ قۆناخی دووەم نا کە بریتیبوو لە جێگیرکردنی موڵکایەتی ئەوان لەسەر زەوییەکان.

لە سەرەتادا، رژێمی بەعس دەستی بەسەر رووبەرێکی بەرفراوانی زەویی ناوچەکەدا گرت کە موڵکی کۆمەڵێک موڵکداری کورد بوون و موڵکایەتییان بۆ (زەویی دەوڵەت) گۆڕدرا، ئەوەش سەرباری رووبەرێکی بەرفراوان لە دەشتایی و زەویی چاکنەکراو و چیا و دۆڵ و حەرەمی ناوچە شوێنەوارییەکان و ئەو ناوچانەی مۆرکی سەربازییان هەبوو، هەروەها زەوییەکانی ئەوقاف و قشڵە و کارخانە و کانەکانی بەرد و سامانی سرووشتی، ئەمانەش شوێنی گونجاوبوون بۆ عەرەبە هاتووە نوێیەکان کە لەسەر لەوەڕاندنی ئاژەڵ دەژیان و پێویستیان بە لەوەڕگەی بەرفراوان هەبوو. ئەم رووبەرانە کە زیاتر لە 30%ی خاکی ناوچەکە بوون، لە قۆناخی یەکەمدا بوونە موڵکی دەوڵەت، پاشان بە گرێبەستی کرێی ساڵانە و بە پارەیەکی کەم بەسەر عەرەبی هاوردەدا دابەشکران. لە قۆناخی دووەمدا یاسای تایبەتیان بۆ دەرکرا و موڵکایەتی زەوییەکان لەسەر کرێگرتەکان جێگیرکرا و تاپۆیان بەناوی ئەوان کرا و هەموو ئاسانکارییەکیشیان بۆ کرا بۆئەوەی بتوانن لەو شوێنانە بمێننەوە، ئەوەش لەڕێی بەخشینی قەرز و دروستکردنی

ڕێگەوبـان و گەیاندنـی خزمەتگـوزاری. پاشـان ئـەم نشـینگە نوێیانـە بوونـە سـەنتەرەکانی بڵاوکردنـەوەی فکـری عروبـی و بەعسـی و هەندێکیـان بوونـە هێـزی پشـتیوانی ڕژێـم و دەزگا ئەمنییەکانـی، ئەمانـە چەکدارکـران و وەک هێـزی پشـتیوانی میللـی بەکاردەهێـنران لەکاتـی پێویسـتدا.

لەهەمانکاتــدا سیاســەتی تەنگپێهەڵچنیــن لــە دژی دانیشــتووانی ڕەســەنی کــورد پیادەکــرا، جــا بــە بێبەشــکردنیان بووبــێ لــە زەویــی چاکســازیی کشـتوکاڵی و سـنووردارکردنی بـۆ عەرەبـی هـاوردە، یـان بێبەشـکردنیان لـە ئاسـانکارییەکانی وەک خزمەتگـوزاری و قـەرز کـە بـۆ عەرەبـەکان لـەو ڕووەوە دەسـت و دڵفـراوان بـوون، ئـەوە جگـە لـە گوشارخستنەسـەر ژیانـی ڕۆژانەیـان لەڕێـی تەگـەرە خسـتنە بـەردەم کاروبـارە فەرمییەکانیـان لـە فەرمانگەکانـی دەوڵـەت و ڕێگـری لـە زمـان و کولتـووری ڕەسـەنی خۆیـان تاوەکـو ناچاربـن ناوچەکانیـان چۆڵبکـەن و لانیکـەم ملکەچـی ئـەم واقیعـە نوێیـە بـن. زۆرینـەی ئـەو عەرەبانـەی بـە بڕیـاری و سیاسـی و بـە ئامانجـی تەعریـب لـەم قۆناخـەدا هێـنران، خەڵکـی ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی حەلـەب (منبـج، بـاب، سـەفیرە، ئەبـو زهـوور و ئەعـزاز) بـوون، هەروەهـا خەڵکـی ڕەقـە، بەتایبەتـی لـە هـۆزی (ئەلبوبنـی) کـە بـە سەرپەرشـتی لیژنـەی دابەشـکردنی زەویـوزار شـوێنی نیشـتەجێبوونیان بـۆ دابینکـرا. زۆربـەی ئەمانـە لـە ڕۆخـی ڕووبـاری عەفریـن و دەشـتی بەپیتـی جوممـە و جندرێـس و گوندەکانـی نیشـتەجێکران.

گرووپێکـی دیکـە لەوانـەی هێنرانـە عەفریـن فەرمانبـەری دەوڵـەت بـوون و تێکەڵـی ئـەو عەرەبـە هاوردانـە بـوون کـە بـە بڕیـاری ئەمنـی و لەسـایەی سەرپەرشـتیی دەوڵەتـدا هێنرابـوون. ئەمانـە کـە بـە (تـات) نـاسراون، زۆرینەیان خەڵکــی دارەت ئەلعیــزە و ئەعــزازی دراوســێی عەفرینــن، هەندێکیشــیان لــە ناوچەکانــی نوبــل و زەهــرا و حەییــان و تەلرەفعەتــەوە هاتــوون، لــە

بەرامبەریشدا فەرمانبەرانی کورد لە دەرەوەی ناوچەی خۆیان دادەمەزران. حیزبی بەعس زۆر پشتی بەو سیاسەتە دەبەست کە فەرمانبەر لە پارێزگاکانی دیکەوە بهێنێ، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی کەنار دەریا، ئەمانە لە فەرمانگەکانی دەوڵەت یان وەکو مامۆستا دادەمەزران، جگە لەوانەی وەک پۆلیس، یان کارمەندی ئاسایش و وەک سەرباز رەوانەی ئەوێ دەکران. هەموو ئەمانە رۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی تەعریب و راگواستنی کورد، هەربۆیە تاوەکو ئەوپەڕی پشتگیری دەکران لەلایەن رژێمەوە و دەستیان بەتەواوی ئاوەڵا کرابوو، هەر ئەوەش وای لێکردن لەماوەیەکی کەمدا ببنە خاوەن موڵک و بازرگان و خاوەن دامەزراوە.

***

ئەم هەنگاوانەی لە پێشەوە باسمانکردن، بوونە هۆی پەیدابوونی تاقم و گرووپی هەمەجۆر لەسەر جوگرافیای عەفرین، ئینجا بەدوایدا قۆناخی ئیدارەدان و رێکخستنی ئەم گرووپانە و دروستکردنی کۆمەڵگە هات بۆ ئەو عەرەبانەی لە گوندەواری حەلەب، رەقە، ئیدلب و ناوچەکانی دیکەوە هێنرابوون و ژمارەیان لە ماوەیەکی کەمدا گەیشتە زیاتر لە 25 کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون، ئامانج لەمەش تەنیا گۆڕینی باری دیمۆگرافی و تێکدانی هاوسەنگی و گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردی بوو لە زۆرینەیەکی رەسەنەوە کە لەسەر خاکی خۆیان بوون، بۆ کەمینەیەک کە لە ناوچەکانی خۆیاندا هەست بە نامۆبوون بکەن. ئامانجە ستراتیژییەکەی رژێمی بەعس لەم پرۆسەیە ئەوەبوو کە رێ لەبەردەم هەر پرۆژەیەکی سیاسی کوردی لە ئایندەدا دابخات.

دیارترین کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون کە لە سایەی یاسای چاکسازیی

کشـتوکاڵدا لـە عەفریـن هەڵتۆقیـن، بریتیبـوون لـە کۆمەڵگەکانـی (قارسـان)، (کانـی دینکـێ) لـە نزیـک گونـدی شـادیرە و (مەنسـوورە) لـە نزیـک گونـدی فرێریـە.. هەروەهـا کۆمەڵگەکانـی تەرتەویـل، تـەل سـلوور، تـەل حەمـۆ، محەممەدیـە، مەرسـاوە، نەسریـە، فرێریـە، دێربەڵـوت، حەجیلـەر، ئەبوکەعـب، وێرغـان، کەفرمـوز، بابلێـت، کەوکەبـە، ئەنابـە، مەریەمیـن، شـوارغە و زەیدییە. دیارتریــن ئــەو هــۆزە عەرەبانــەش کــە رژێمــی بەعــس بــۆ بەدیهێنانــی ئامانجەکانـی لـە عەفریـن بەکاریهێنـان و وەک خێـزان یـان کۆمەڵـی گـەورە رەوانـەی ناوچـەی کوردانـی کـردن، بریتیبـوون لـە هۆزەکانـی: عمێـرات، لهێبی، حەسـانی، عجێلـی، بـکاری، بوخەمیـس، ئەلبوبنـی، حەدیـدی، نعێمـی، عەجانی و حەرکـوک. ئەمانـە و کۆمەڵێـک خێزانـی دیکـە کـە سـەر بـە پێکهاتـەی دیکـە بـوون، سـەرەتا ٣٪ی دانیشـتووانیان پێکدێنـا، بـەڵام بەخێرایـی و بەشـێوەیەکی ناسرووشـتی ژمارەیـان رووی لـە هەڵکشـان کـرد، دیـارە بەهـۆی پشـتیوانی راسـتەخۆی دەوڵـەت کـە هەمـوو ئاسـانکارییەکی پێشـکێش دەکـردن بـۆ ئـەوەی بمێننـەوە و بیـر لـە گەڕانـەوە بـۆ شـوێنی خۆیـان نەکەنـەوە [20].

## چاکسازیی کشتوکاڵ وەک ئامرازێکی تەعریب

نووسـەر پیـر رۆسـتەم لـە لێکۆڵینەوەیەکیـدا سـەبارەت پشـتێنەی عەرەبـی لـە ناوچـەی عەفریـن، دەڵێـت: "پـڕۆژەی پشـتێنەی عەرەبـی، یـان بەناوەکـەی دیکـەی (چاکسـازیی کشـتوکاڵی) لـە سـاڵانی حەفتاکانـی سـەدەی رابـردووەوە بـەرەو ناوچـەی عەفریـن کشـا و هەمـوو ئـەو زەوییـە بەپیتانـەی قووتـدا کـە موڵکـی دەرەبـەگ و جووتیـاری کـورد بـوون و درانـە ئـەو خێزانـە عەرەبانـەی لـە ناوچەکانـی دیکـەوە هێـنران، ئەمە ئیـدی کاری خـۆی کـرد و کاریگەرییەکی

وەهـای لەسـەر پێکهاتـەی دیمۆگرافیـی ناوچەکـە دانـا کـە بەداخـەوە تەنانەت بـەلای هەنـدێ سـیمبووڵی بزووتنـەوەی سیاسـی کوردیشـەوە عەفریـن وەک "ناوچـەی هەمەڕەنگـی دانیشـتووان" یـان "ناوچـەی زۆرینـە کـورد" بناسرێـت. لەکاتێکـدا تاوەکـو شەسـتەکانی سـەدەی رابـردووش لـەو ناوچەیـەدا بـە دەگمـەن چـاوت بـە خێزانێکـی عـەرەب دەکـەوت، ئـەو خێزانانـەش ئەوانـە بـوون کـە لـە لیـوای ئەسـکەندەرۆنەوە لـە ترسـی جـەور و سـتەمی تورکـی تۆرانـی هەڵاتبـوون و کـورد بـە سـنگی فراوانـەوە پێشـوازیی لێکـردن" [21].

هـەر لەوبـارەوە د. محەممـەد عەبـدۆ لـە کتێبـی ( أصـل التسـميات في منطقـة جبـل الكـرد ومعانيهـا) دەڵێـت: "لەمـاوەی یەکگرتنـی سـووریا و میـسردا لـە 1958 بـۆ 1960، دەوڵـەت بڕیاریـدا هەمـوو نـاوە ئەعجەمییەکانـی ناوچەکـە بکاتـە عەرەبـی، نووسـەرەوەی سـنوور کـە ئەوکاتـە ئیبراهیـم قـادر بـوو، لەگەڵ ئیبراهیـم نەعسـۆ، موفتیـی عەفریـن دەسـتیان بـە وەرگێڕانـی نـاوی گونـدەکان کـرد بـۆ عەرەبـی، لـەم رووەوە کارێکـی زۆریـان کـرد، بـەڵام جیابوونـەوەی میـسر و سـووریای بەسـەرداهات و نەیانتوانـی پـڕۆژەی تەعریبەکـە تـەواو بکـەن".

سـاڵی 1976 لیژنەیەکـی نـوێ بـۆ جێبەجێکردنـی بڕیـارە کۆنەکـە پێکهـات. لیژنەکـە بریتیبـوون لـە ئیبراهیـم قـادر کـە هێشـتا هـەر نووسـەرەوەی سـنووربوو لـە عەفریـن و جگـە لـە کـوردی، عەرەبـی و تورکیشـی بەباشـی دەزانـی، هەروەهـا جـۆرج عەبـود کـە شـارەزای زمانـی سریانـی بـوو، لەگـەڵ نوێنـەری بەڕێوەبەرایەتـی شـوێنەوار لـە حەلـەب، ئـەم سـێ کەسـە دەسـتیان بـە گۆڕینـی نـاوە ناعەرەبییـەکان کـرد بـۆ عەرەبـی و بـۆ ئەمـەش پشـتیان بـە سـێ بنەمـا بەسـت:

1- هێشـتنەوەی نـاوە بـە رەچەڵـەک عەرەبـی و سریانـی و رۆمانـی-

یۆنانییـەکان و نـاوی ناوچـە شـوێنەوارییەکان وەک خۆیـان.

2 - تەعریبکردنی هەموو ناوە کوردی و تورکییەکان.

3 - ئەگـەر وەرگێڕانـی ناوێـک سـەخت بـوو، ناوێکـی عەرەبیـی ئاسـانی بـۆ پێشـنیاز دەکرێت.

ئـەو ئەنجامـەی کـە لیژنەکـە پێیگەیشـت بـووە هـۆی دەرچوونـی بڕیـاری ژمـارە 580ی سـاڵی 1977 لەلایـەن وەزارەتـی ناوخـۆی سـووریاوە کـە بەعەرەبیکردنـی نـاوی 190 ناوچـەی عەفرینـی لەخۆگرتبـوو. دواتـر ئـەم نـاوە عەرەبییـە نوێیانـە کەوتنـە نـاو تۆمـارە فەرمییـەکان و ناسـنامەی بـاری شارسـتانی و تابلـۆ و ڕێنماکانـی سـەر ڕێگەوبانـەکان [22].

بەیاننامەیەکـی هـەردوو حیزبـی ئـازادی و یەکێتـی لە 2005/6/24 کـە تایبەت بـوو بـە سـاڵڕۆژی پـڕۆژەی پشـتێنەی عەرەبـی لـە عەفریـن، دەڵێـت: "بـەڵام لە ناوچـەی عەفریـن نزیکـەی 18 کۆمەڵگـەی نیشـتەجێبوون لـە دەشـتی بەپیتـی جندرێـس ئاواکـراون، ئاشـکرایە لایەنـی بڕیـاردەر لـەم سیاسـەتە شـۆڤینییە دژ بـە گەلـی کـورد لـە سـووریا، دەیـەوێ مۆرکـی کـوردی لەڕێـی زیادکردنـی کۆمەڵگـە عەرەبییـەکان لـە ناوچەکـە بسـڕێتەوە" [23].

## دیارترین یاسا و بڕیارە فەرمییەکان بۆ تەعریبی عەفرین

دەسـەڵاتدارانی سـووریا چەندیـن بڕیاریـان دەرکـردووە بـە ئامانجـی تەعریبکردنـی ناوچـە کوردییـەکان کـە زۆرینەیـان سـیفەتی "نهێنی"یـان هەیـە. دیارتریـن ئـەو بڕیارانـەی کـە لایەنـە ئەمنـی و کارگێڕییـەکان بـۆ جێبەجێکردنـی پـڕۆژەی تەعریـب و گۆڕینـی بـاری دیمۆگرافـی لـە ناوچـە

کوردییــەکان دەریانکــردوون و عەفریــن دەگرنــەوە، ئەمانــەی لای خــوارەوەن:

1 - بڕیــاری وەزیــری ئیــدارەی خۆجێیــی، ژمــارە 580 لــە 1998/5/18 تایبــەت بــە تەعریبکردنــی نــاوی 325 گونــدی کــوردی لــە ناوچــەی عەفریــن و بــاب و کۆبانــێ.

2 - گشــتاندنی بڕیاری وەزیـری ناوخـۆ، ژمـارە 122 لـە تشرینـی یەکەمـی 1992 کـە ناونانـی منداڵـی تـازە لەدایکبـوو بەنـاوی کـوردی قەدەخـە دەکات.

3 - بڕیـاری سـەرکردایەتی سیاسـی ژمـارە 1865/ س/ 25 لـە 1989/11/1 کە قسـەکردن بـە زمانـی کـوردی بەتایبەتـی لەنێو فەرمانبەرانـی دەوڵـەت قەدەخــە دەکات. بڕیارەکــە جەخــت لــە جێبەجێکردنــی بڕیارێکــی پێشــتر دەکاتــەوە کــە بــە ژمــارە 2013/ س/ 25 لــە 1986/11/11 دەرچــووە.

4 - جەختکردنــەوە لــە جێبەجێکردنــی نــووسراوی وەزیــری ئیــدارەی خۆجێیـی ژمـارە 1/61/13/د کـە ڕۆژی 1987/4/26 دەرچـووە و تایبەتـە بـە تەعریبکردنــی نــاوی گونــد و شــارۆچکە کوردییــەکان.

5 - بڕیـاری پارێـزگاری حەلـەب، ژمـارە 786 لـە ڕۆژی 2000/4/20 لەبـارەی داوایەکـی ئەمنـی سیاسـی ژمـارە 1999ی ڕۆژی 2000/4/10 لەبـارەی داخســتنی تۆمارگەکانــی فرۆشــتنی کاســێت و ڤیدیــۆی کــوردی لــە گەڕەکەکانــی ئەشرەفیــە و شــێخ مەقســوودی حەلــەب.

6 - گشــتاندنی وەزیــری ناوخــۆ، ژمــارە 1028/س لــە ڕۆژی 2000/12/31 لەبــارەی پێویســتیی وردبوونــەوە و لێکۆڵینــەوە لەکاتــی ونبوونــی ناســنامە و دەرهێنانــی ناســنامەی نــوێ. لــە بڕگــەی چوارەمــی بڕیارەکـەدا هاتـووە: (.. ناسـنامەی نـوێ نادرێتـە کەسـێک کـە کـورد

بێــت تەنیــا لەکاتێکــدا نەبــێ کــە ڕەزامەنــدی شــوعبەی موخابەراتــی گشــتی و ئەمنــی سیاســی و ئەمنــی ســەربازی بــۆ وەردەگیــرێ...).

7 - بڕیــاری ژمــارە 580 لــە ڕۆژی 1977/3/23 و بڕیــاری نووســینگەی جێبەجێــکاری پارێــزگای حەلــەب، ژمــارە 116/300 شــاری عەفریــن و دەوروبــەری [24].

**مەرسوومی (49) و تەعریب**

یەکێــک لــە ئەڵقەکانــی پــلان و پــڕۆژەی پشــتێنەی عەرەبــی و تەعریبــی ناوچــە کوردییــەکان لــە ســووریا بەگشــتی وعەفریــن بەتایبەتــی کــە بەپێچەوانــەی سیاســەتە نهێنییەکانــی پێشــوو ئەمجــارە بەشــێوەیەکی ئاشــکرا و بــە پاســاوی رووکەشــی "ناوچــە ســنوورییەکان" دەرچــوو، لەکاتێکدا وەک ئاشــکرایە ســەرجەم ناوچــە کوردییــەکان لــە ســووریا ناوچــەی ســنوورین، مەرســوومی ژمــارە (49)ی ســاڵی 2008ــە کــە تایبەتــە بــە ناوچــە ســنوورییەکان، بەتایبەتــی مــاددەی (1) و مــاددەی (10 ئەلــف) کــورد دەکاتــە ئامانــج، پاشــماوەی ئــەو کوردانــەی لــە شــوێنی خۆیــان مــاون بخرێنــە ژێــر گوشــار لەڕێــی بێبەشــکردنیان لــە زەویــوزار و دروســتکردنی ئاســتەنگی یاســایی و ئیــداری بۆئــەوەی ناچاربــن مــاڵ و موڵــک و زەوییەکانیــان بفرۆشــنە عــەرەب و کــۆچ بکــەن، یــان هیــچ نەبــێ لەســەر زەوییەکانیــان کــە بــە زەبــری یاســای ڕەگەزپەرســتانە و شــۆڤینیانە دراونەتــە عەرەبــی هــاوردە، ببنــە کرێــکار. ئەمــە ســەرباری گورزەیــەک لــە رێــکار و سیاســەتی ڕەگەزپەرســتانە لــە دژی کــورد هــەر لــە سیاســەتی بێبەشــکردن لــە وڵاتینامــە تاوەکــو دەســتگیرکردن و دادگایــی ســەربازی و پشــتێنەی عەرەبــی و قەدەخەکردنــی زمانــی کــوردی و تەعریبــی نــاوی گونــد و شــارۆچکەکانیان.

## داگیرکردنی عەفرین و گۆڕینی دووسەرەی دیمۆگرافیا

بـە داگیرکردنـی عەفریـن لەلایـەن تورکیـا و کرێگرتەکانـی، ئەمجـارە بەتورککردنیـش هاتـە پـاڵ تەعریـب و بـووە کێبڕکـێ لەسـەر خاکـی عەفریـن. هـەردوو پلانـی تەعریـب و بەتورککـردن شانبەشـانی یەکـدی لەگـەڵ ئۆپەراسـیۆنی سـوپای تورکیـا (چڵـە زەیتـوون) و بـە بەشـداریی ئۆپۆزیسـیۆنی تووندئـاژۆی لایەنگـری تورکیـا دەچنـە پێـش. هـەردوو پلانەکـە تەواوکـەری یەکدیـن. ئـەو ئۆپەراسـیۆنە کـە لـە 2018/1/20 بەبیانـووی شـەڕ لـە دژی پەکەکـە دەسـتپێکرد، بـە پشتبەسـتن بە ئەنجامـی کارەسـاتباری و ڕووداوەکانی سـەر زەوی، ئـەم قۆناخـەی ئێسـتا عەفرینـی پێـدا تێدەپەڕێـت ترسـناکترین قۆناخـی گۆڕینـی دیمۆگرافیـە لەڕێـی راونانـی زۆرەملـێ و ڕاگواسـتنی بەزەبری چەکـی دانیشـتووانی کـورد، ئەمـەش هاوکاتـە لەگـەڵ گەورەتریـن پرۆسـەی نیشـتەجێکردنی عـەرەب و تورکـمان لەشـوێنی دانیشـتووانی ڕەسـەنی عەفرین کـە تورکیـا ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتی دەکات و ڕژێمـی سـووریاش لێـی بێدەنگە. سـەیر ئەوەیـە ئـەم پرۆسـەیە بـە ڕۆژی ڕوونـاک و بەبەرچـاوی جیهانـەوە بەڕێوەدەچێـت. سـەرکردەکانی تورکیـا و لەسـەرووی هەموویانـەوە ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان، زیاتـر لـە جارێـک ئەوەیـان ڕاگەیانـدووە کـە بەنیـازن زیاتـر لـە سـێ ملیـۆن ئـاوارەی سـووری نیشـتەجێی تورکیـا لـە ناوچەکانـی سـووریا و لـە عەفریـن نیشـتەجێ بکەنـەوە.

دەبـێ ئـەوەش بەبیـر بهێنینـەوە کـە ئـەو ماوەیـەی دەکەوێتـە پێـش داگیرکاریـی تورکیـا، واتـە لـە 2011 تاوەکـو 2018 کـە مـاوەی دەسـەڵاتداریی پارتـی یەکێتـی دێموکراتـی (پەیـەدە) و دامەزراندنـی کانتۆنـی عەفرینـە، لەسـایەی دەسـەڵاتی ئیـدارەی خۆسـەریدا ناوچـەی عەفریـن لەژێـر

دروشـمی "برایەتـی گـەلان"دا پرۆسـەیەکی گـەورەی نیشـتەجێکردنی عەرەبـی بەخۆوەبینـی، ئـەم پرۆسـەیەش هاوشـانی راونانـی ژمارەیەکـی زۆری کـورد و بەتایبەتـی گەنجەکانـی عەفریـن بـوو کـە لەدەسـت جـەور و زۆرداریـی دەزگا ئەمنییەکانـی سـەر بـە ئیـدارەی خۆسـەر هەڵدەهاتـن، یـان بەهـۆی خزمەتـی سـەربازیی زۆرەملـێ کـە ئیـدارەی خۆسـەری سـەپاندبوویە سـەر گەنجانـی عەفریـن، هەروەهـا نەمانـی ئاسـایش و هەلـی کار و خوێنـدن و دیـاردەی بەسـەربازگەکردنی کۆمەڵگـە.

بەڕێوەبەرایەتـی خۆسـەر زیاتـر لـە جارێـک و لـە چەندیـن بۆنـەدا و لـەزاری چەندیـن بەرپرسـییەوە ئەوەیـان چەندبـارە کردووەتـەوە کـە ئـەوان پێشـوازییان لـە 300 هـەزار ئـاوارەی عـەرەب کـردووە. تەنانـەت لـەوەش زیاتـر، نـەواف خەلیـل بەڕێوەبـەری سـەنتەری کـوردی بـۆ لێکۆڵینـەوە کـە سـەنتەرێکی نزیکـە لـە (پەیـەدە)، لـە وتارێکیـدا کـە هـەر لـە سـایتی سـەنتەرەکە The Kurdish لـە 2020/1/22 بڵاوکراوەتـەوە، دەڵێـت عەفریـن پێـش داگیرکاریـی تورکیـا نزیکـەی 500 هـەزار ئـاوارەی ناوچـە جیاوازەکانـی سووریای جێکردبـووەوە [25]، ئـەوە لەکاتێکـدا دەیـان هـەزار لـە دانیشـتووانی رەسـەنی عەفریـن شـارۆچکە و گوندەکانـی خۆیـان بەجێدەهێشـت و بـەرەو تورکیـا و ئەوروپـا و هەرێمـی کوردسـتان و لوبنـان کۆچیـان دەکـرد.

ئەکـرەم ئەلبوننـی، نووسـەر و رۆژنامەڤانـی سـووری لـە وتارێکیـدا لـە رۆژنامـەی (الـشرق الاوسـط)، ژمـارەی رۆژی 12ی کانوونـی دووەمـی 2020، لەبـارەی پرۆسـەی گۆڕینـی دیمۆگرافـی کـە جەوهـەری پڕۆژەکـەی تورکیایـە لە عەفریـن، دەڵێـت: "تورکیـا کار بۆ پڕۆژەیەکی مەترسـیداری گۆڕینـی دیمۆگرافی دەکات بـە ئامانجـی دروسـتکردنی کەتوارێکـی نـوێ لەسـەر سـنوورەکانی لای باشـووری، ئـەوەش لەڕێـی دەسـتکاریکردن و سـەرلەنوێ داڕشـتنەوەی

ناوچەکـە لـەڕووی کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەوە، دەیـەوێ هەبوونـی چڕوپـڕی کـورد لەناوچەکـە لەڕێـی پرۆسـەی راگواسـتنەوە لێکهەڵوەشـێنێ، وەبەرهێنـان لەسـەر ئەنجامـە سـەربازییەکانی هـەردوو ئۆپەراسـیۆنی (قەڵغانـی فـورات) و (چڵـە زەیتـوون) دەکات بـۆ چۆڵکردنـی ناوچەکانـی رۆژئـاوای رووبـاری فـورات و باکـووری حەلـەب لـە دانیشـتووانە رەسـەنەکەی، بەتایبەتیـش ناوچەکانـی جەرابلـوس و عەفریـن تاوەکـو دەگاتـە بـاب و منبـج و لەجێـی ئـەوان ئـاوارە سـوورییەکان نیشـتەجێ دەکات، لـە هەمـووی ترسـناکتر دواییـن بڕیـاری تورکیایـە لەبـارەی نیشـتەجێکردنی ملیۆنێـک ئـاوارەی سـووری لـە ناوچەکانـی گرێسـپی و سـەرێکانی پـاش ئـەوەی لـە ئەنجامـی ئۆپەراسـیۆنی (کانـی ئاشـتی)دا نزیکـەی 500 هـەزار کـەس لـە دانیشـتووانی ئـەو ناوچانـە ئـاوارە بـوون، ئەمـەش شـتێکە نـەک هـەر هەڕەشـە لـە تێکدانـی سرووشـتی ناوچەکـە دەکات، بەڵکـو پـلان و نیـازی حکومەتـی ئەنقەرەمـان پیشـاندەدات بـۆ داگیرکردنـی بەشـێک لـە خاکـی سـووریا، ئەمـەش بەگوێـرەی پەیماننامـەی جنێڤـی سـاڵی 1949 تاوانـی دژی مرۆڤایەتییـە" [26].

## ئامرازەکانی تورکیا بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای عەفرین

### راگواستنی دانیشتووانی رەسەن و رێگرتن لە گەڕانەوەیان

لەگـەڵ دەسـتپێکردنی ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی لـە 2018/1/20، تورکیـا لەڕێـی بۆردوومانـی چـڕی فڕۆکـە و تۆپخانەکانـی کـە هاوشـانی هێرشـێکی زەوینـی بـوو بـە سـوپاکەی و بـە بەشـداریی زیاتـر لـە 25 هـەزار چەکـداری ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریی پاشـکۆی خـۆی، بـە کوشـتار و وێرانکردنـی ژێرخانـی عەفریـن و بڵاوکردنـەوەی تـرس و تۆقیـن و راگواسـتنی دانیشـتووانی رەسـەنی

ناوچەکـە پلانێکـی هەمەلایەنـی جێبەجـێ دەکـرد. زیاتـر لـە 400 هــەزار دانیشـتووی ڕەسـەنی عەفریـن ئـاوارە و سـەرگەردان کـران بۆئـەوەی دۆخێکـی دیمۆگرافیـی نـوێ بسـەپێنرێ کـە خزمەتـی ئەجێنداکەیـان بـکات. بـۆ ئـەوەش دەبـوو کـورد لـە جوگرافیـای سـووریادا لێکهەڵوەشـێن و پەرتـەوازە بکرێـن و ڕێگـە بـە گەڕانـەوەی ئـاوارەکان نـەدرێ کـە لـە خێوەتگەکانـی شـەهبا و نوبـل و زەهـرا بـێ مـاڵ و حـاڵ ماونەتـەوە و ژمارەیـان ئێسـتا لـە سـەرووی 200 هــەزار کەسـە.

## هێنان و نیشتەجێکردنی لایەنگرانی تورکیا لەجێگەی دانیشتووانی ڕەسەن

تەنانـەت پێـش پەلامارەکـە، تورکیـا نیـازی خـۆی ڕاگەیاندبـوو کـە دەیـەوێ عەرەبـە ئاوارەکانـی سـووریا لـە عەفریـن نیشـتەجێ بکاتـەوە. گوتـاری فەرمـی لـە تورکیـا پێداگیـری لەسـەر ئەوەبـوو کـە دەبـێ ڕێـژەی کـورد لـە عەفریـن لـە 95%ەوە بـۆ 45% کەمبکرێتـەوە، بـۆ ئەمـەش بـە هاوئاهەنگـی لەگـەڵ ڕژێمـی سـووریا و لـە دوو بـەرەوە دەسـتیان بـە داڕشـتنی پلانێـک کـرد:

بـەرەی یەکـەم: گواسـتنەوەی گرووپـە چەکدارەکانـی ئۆپۆزیسـیۆن لـە غۆتـەی ڕۆژهـەڵات بـە خێزانەکانیـان و لایەنگرانیانـەوە بـۆ ناوچەکانـی سـنووری نێـوان تورکیـا و سـووریا، لەوانـەش: سـوپای ئیسـلام بـە 10 هـەزار چەکـدار و لایەنگـرەوە لـە دۆمـا و مـەرەج ئەلسـوڵتان.. فەیلەقـی ڕەحـمان بـە نـۆ هـەزار چەکـدار و لایەنگـرەوە لـە ناوچەکانـی عەربیـن، حەموریـە و جوبـر- ئـەم دوو گرووپـە سـەر بـە ڕێکخـراوی جیهانیـی ئیخـوان موسـلیمینن.

هەروەهـا بزووتنـەوەی ئەحـراری شـام لـە حەرسـتا و سـوپای فسـتات کـە ئەحـراری شـام و فەتحـی شـام (بـەرەی نـوسرەی جـاران) لەخۆدەگرێـت.

بـەرەی دووەم: گواسـتنەوەی چەکدارانـی گرووپـە سـەربازییەکانی لایەنگـری تورکیـا لـە ناوچەکانـی دیکـەی سـووریا وەک حمـس، گونـدەواری حەمـا، ئیدلـب، رەقـە و دێـرەزوور بـە خێـزان و لایەنگرانیانـەوە و جێگیرکردنیـان لـە عەفریـن پـاش راگواسـتنی خەڵکـە رەسـەنەکەی.

یـاسر عەبدولڕەحیـم کـە سـەرکردەی گەورەتریـن گرووپـی چەکـداری لایەنگـری تورکیایـە، جارێـک رایگەیانـد کـە 25 هـەزار چەکـداری سـووری شانبەشـانی سـوپای تورکیـا لـە عەفریـن و بەنـاوی گرووپەکانـی خۆیانـەوە بەشـداریی ئۆپەراسـیۆنەکەیان کـردووە، ئـەوە لەکاتێکـدا تورکیـا بانگەشـەی دامەزراندنـی (سـوپای ئـازادی سـووریا) دەکات کـە سـەر بـە حکومەتـی کاتـی و هێزەکانـی نێـو ئیئتیلافـی سـووریای پاشـکۆی تورکیایـە.

لەژێـر ئـەم نـاوەدا (سـوپای ئـازادی سـووریا) چەندیـن گرووپـی چەکـداری ئۆپۆزیسـیۆن بەشـدارییان لە ئۆپەراسـیۆنی (چڵـە زەیتوون)دا کرد و بەشـێکبوون لـە تاوانـی راگواسـتنی دانیشـتووانی رەسـەنی عەفریـن و نیشـتەجێکردنی لایەنگرانـی خۆیـان و تەعریبکردنـی ناوچەکـە. ئـەم سـوپایە بەرهەمـی یەکخسـتنی (بـەرەی نیشـتمانی بـۆ رزگاری) و (سـوپای نیشـتیمانی) بـوو لەژێـر چارشـێوی وەزارەتـی بەرگریـی حکومەتـی کاتـی کـە لـە حـەوت فەیلـەق پێکدێ و بەمجـۆرە دابـەش دەبێـت:

- فەیلەقەکانـی (1-2-3) بـە فەرماندەیـی عەمیـد عەدنـان ئەلئەحمـەد. ئـەو گرووپانـە لەخۆدەگـرێ کـە پێشـتر (سـوپای نیشـتمانی)یان پێکدەهێنـا و بریتیـن لـە (فیرقـەی سـوڵتان مـوراد، فیرقـەی حەمـزە، لیـوای موعتەسـەم، لیـوای ئەحـرار ئەلشـەرقیە، سـوپای شـەرقیە لـە ناوچەکانـی رەقـە و دێـر،

بـەرەی شـامی لـە حەلەب، جەیشـی ئیسـلام لـە غۆتـەی ڕۆژهـەڵات، فیرقەی سـوڵتان مـوراد لـە حەلـەب، فەیلەقـی ڕەحـمان لـە غۆتـەی ڕۆژهـەڵات، فیرقـەی موعتەسـەم، فیرقـەی 20ی ئـاوارەکان، فیرقـەی 34، فیرقـەی چـوارەم).
- فەیلەقەکانـی (4-5-6-7) بـە فەرماندەیـی عەمیـد فەزلوڵـڵا حەجـی، پێشـتر (بـەرەی نیشـتیمانی بـۆ ڕزگاری)یـان پێکدەهێنـا و 11 گرووپـی لەخۆدەگـرت (فەیلەقـی شـام، سـوپای ئـازادی ئیدلـب، فیرقـەی یەکەمـی کەنـار دەریـا، سـوپای دووەم، فیرقـەی دووەمـی کەنـار دەریـا، سـوپای دەسـتەبژێر، فیرقـەی یەکەمـی پیـادە، سـوپای نـەسر، شـەهیدانی ئیسـلام، گرووپەکانـی داریـا، لیوای حوریـە و فیرقـەی 23).

## پێکهاتەی گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆن لە عەفرین

1 - فیرقـەی سـوڵتان مـوراد: ئـەم هێـزە لەلایـەن تورکیـاوە پشـتیوانی دەکرێـت و نوێنەرایەتـی گرووپـە تورکمانییـە چەکـدارەکان دەکات. فیرقەکە لە یەکگرتنی ئـەم هێزانـە پێکهاتـووە: (لیـوای محەممـەد ئەلفاتیح، لیـوای بێچووە شـێرانی زەکـی تورکمانـی، هێزەکانـی سـوڵتان مـوراد، لیـوای شـەهیدانی تورکـمان، لیـوای یەکەمـی پیـادە، لیـوای دووەمـی پیـادە، لیـوای ئەرکـە تایبەتـەکان، لیـوای یەرمـوک). پاشـان لەگـەڵ فەیلەقـی دووەمـی سـوپای نیشـتمانیی سـووریا یەکیانگـرت کـە بەرپرسـە لـە گرتـن و ئەشـکەنجەدانی زیاتـر لـە (300) کەسـی سـیڤیلی عەفریـن و ئەندامەکانـی دەسـتیان هەبـووە لـە ڕفاندنـی خەڵکـی سـیڤیل بـۆ دەستخسـتنی پـارە.
2 - فیرقـەی حەمـزە: سـاڵی 2016 لەلایـەن تورکیـاوە دامـەزراوە و لـەم گرووپانـە پێکـدێ (حەمـزە، زیقـار، ڕەعـد ئەلشـیمال، مـارع الصمـود، یەکـەی ئەرکـە

تایبەتـەکان، لیـوای سـەمەرقەند کـە جەنگاوەرانـی تورکمانـی ئۆزبەکسـتانی لەخۆدەگرێـت). سـەیف ئەبوبەکـر سـەرکردایەتی ئـەم فیرقەیـە دەکات کـە بەشـێکە لـە فەیلەقـی دووەمـی سـەر بـە سـوپای نیشـتیمانی.

3 - فەیلەقــی شــام: بــە فەیلەقــی حومســیش دەناسرێــت. ســاڵی 2014 لــە ئەنجامـی یەکگرتنـی 19 گرووپـی ئیسـلامیی سـەر بـە ئیخـوان موسـلیمین لە حەلـەب و حەمـا و حومـس و ئیدلـب پێکهات و ئـەم گرووپانـە لەخۆدەگرێ: (لیــوای ئەبوعوبەیــدەی جــەڕاح، لیــوای تەمکیــن، لیــوای هەنانــۆ، لیــوای حەتتیــن، لیـوای عیبـاد ئەلڕەحـمان، لیـوای فیرقـان، سـقوری ئیسـلام، لیـوای موجاهیدیـن، کەتایبـی ئەمجـاد، لیـوای نـصرة الاسـلام، لیـوای اشـبال العقیـدة ، لیــوای شــێرەکانی ئیســلام، لیــوای فاتحیــن، لیــوای مغاویــری چیــا، لیــوای ئیـمان، لیـوای ئەنسـاری ئدلیـب).

4 - ژووری فەتحــی حەلــەب: ســاڵی 2015 دامــەزراوە و ئەمانــە لەخۆدەگــرێ: (فەیلەقـی شـام، بـەرەی شـامی، ئەحـراری شـام، شۆڕشـگێڕانی شـام، سـوپای ئیسـلام، کەتیبەکانـی فجـر الخلافـە) لەگـەڵ زیاتـر لـە 26 گرووپـی بچووکـی دیکـە بـە سـەرکردایەتی یـاسر عەبدولڕەحیـم.

5 - بزووتنــەوەی نوورەدیــن زەنگــی: بزووتنەوەیەکــی ســەر بــە تورکیایــە و سـاڵی 2011 لـە گونـدەواری حەلـەب لەلایـەن شـێخ تۆفیـق شـەهابەدین دامـەزرا. سـاڵی 2018 لەگـەڵ ئەحـراری شـام لـە بـەرەی رزگاریـی سووریادا یەکیانگـرت.

6 - بزووتنـەوەی ئیسـلامیی ئەحـرار ئەلشـام: دامەزرێنەرەکـەی ئەبوعەبدوڵـڵای حەمـەوی (حەسـان عەبود)ـە، ئەمانـە گرووپێکـی سـەلەفین و لـە یەکگرتنی (کەتیبەکانــی ئەحــرار ئەلشــام، بزووتنــەوەی فەجــری ئیســلامی، گرووپــی (الطلیعــة الاســلامیة) و کەتایبــی ئیــمان) پێکهــات، لەلایــەن دەوڵەتانــی

کەنـداو پشـتیوانی دەکرێـت. سـاڵی 2019 و پـاش شکسـتە گەورەکـەی لـە بەرامبـەر هەیئـەی تەحریـری شـام هەڵوەشـایەوە و پێکهێنەرەکانـی چوونـە نـاو هێزەکانـی دیکـەی ئۆپۆزیسـیۆن.

7 - لیـوای هەڵۆکانـی چیـا (صقـور الجبـل): ئەمانـە بەشـێکبوون لـە لیـوای ئەحفـاد ئەلڕەسـول، پاشـان بـەرەی شۆڕشـگێڕانی سـووریا چوونـە پاڵـی.

8 - بـەرەی ئیسـلامی: لـە ئەنجامـی یەکگرتنـی ئـەم گرووپانـە پێکهـات: (کەتیبەکانـی نوورەدیـن زەنگـی، پاشـماوەکانی لیـوای تەوحیـد، سـوپای موجاهیدیـن، بـەرەی ئیسـلامی، بـەرەی ئەسـاڵەت و تەنمیـە، پاشـماوەی بزووتنـەوەی حـەزم و چەنـد گرووپێکـی دیکـەی بچـووک).

9 - گرووپەکانـی: لیـوای موعتەسـەم، هەیئـەی تەحریـر ئەلشـام، کەتایبـی مونتەسـیر بیلـلا، سـوپای نوخبـە، سـوپای نـەسر، فیرقـەی 51 و هەندێکـی دیکـە. دەبـێ ئـەوەش بەبیـر بهێنینـەوە کـە ئـەم گرووپانـە لـە یەکگرتـن و جیابوونـەوە و هەڵوەشـانەوەی بەردەوامـدان بەگوێـرەی بارودۆخـی ڕۆژ و گۆڕانـی پەیوەنـدی و بەرژەوەنـدی [27].

## هاندانی عەرەبی هاوردە بە پارە

دەیـان هـەزار کـەس لـە دانیشـتووانی غۆتـەی ڕۆژهـەڵات و حمـس و شـوێنەکانی دیکـە بەگوێـرەی ڕێککەوتـن و لێکگەیشـتنی نێـوان ڕژێمـی سـووریا و ئۆپۆزیسـیۆن و بـە نێوەندگیریـی رووسـیا و ئێـران گواسـترانەوە و لـە عەفریـن، لـە شـوێنی دانیشـتووانە ڕەسـەنەکەی نیشـتەجێکران. گرووپـە چەکـدارەکان بـە خۆیـان و خێزانەکانیانـەوە بەگوێـرەی ئـەو لێکگەیشـتنە هێنرانـە عەفریـن. زیاتـر لـە کەسـێک لەوانـەی لـە غۆتـەی ڕۆژهەڵاتـەوە ڕاگـوازران، ئەوەیـان

دووپـات کردووەتـەوە کـە ئـەوان لەسـەر ئـەو بنەمایـە هاتوونەتـە عەفریـن چونکـە پێیانگوتـراوە عەفریـن چۆڵبـووە لـە دانیشـتووانی و چەندیـن بەڵێنیـان پێـدراوە کـە بـۆ هـەر خێزانێـک خانوویەکـی بەتـاڵ ئامادەیـە و پارچـە زەوی و کێڵگەیـان پێدەدریـت لـە موڵکـی ئـەو عەفرینیانـەی راگـوازراون. بەمانایەکـی روونـتر، رێککەوتنەکـە لەسـەر ئـەوە کـراوە کـە عەفرینییـەکان لـە ماڵەکانیـان دەردەکرێـن و عـەرەب دەهێنرێتـە سـەر مـاڵ و موڵـک و زەوییەکانیـان، ئەمـەش بـە هاوبەشـیی رژێمـی سـووریا و تورکیا و رووسـیا و ئێران و لەسـایەی بێدەنگیی ولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکادا کـراوە.

## کوشتار و وێرانکاری و تۆقاندن

عەفریـن لـە 2018/3/18ـەوە کـە رۆژی دەستبەسـەرداگرتنیەتی لەلایەن سـوپای تورکیـا بـە هاوکاریـی گرووپـە ئیسـلامییەکانی پاشـکۆی، رۆژانـە کوشـتن و رفانـدن و تۆقانـدن بەخـۆوە دەبینێـت، هـەر لەبـەر ئەمـەش ژمارەیەکـی زۆر لـە دانیشـتووانەکەی ناچاربـوون ناوچەکـە جێبهێڵـن. 12 رێکخـراوی بەرگریـکار لـە مافـی مـرۆڤ لـە 2019/7/15 یاداشـتنامەیەکیان داوەتـە رێکخـراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان. یاداشـتەکە لیسـتێکی درێژ لـەو تاوانانەی تێـدا تۆمارکراوە کـە دەرهـەق بـە هاونیشـتمانیانی عەفریـن لـەو ماوەیـەدا کـراون [28].

بەیاننامەیەکـی سـەرکردایەتی گشـتی هێزەکانـی سـووریای دیموکراتیـش کـە رۆژی 2020/1/19 بڵاوکرایـەوە، دەڵێـت: "543 کەسـی سـیڤیل بەهـۆی بۆردوومانـی سـوپای داگیرکـەری تورکیـا و هێزە سـووریە پاشـکۆکانی کـوژراون و 489ی دیکـەش برینداربوونـە. 54 کـەس لەژێـر ئەشـکەنجەدا کـوژراون". لەنێـو قوربانییەکانـدا ژن و منـداڵ هـەن، چەندیـن رووداوی خۆکوشـتن لـەو ماوەیـەدا

تۆمارکـراون بەهـۆی گوشـاری دەروونـی و هەسـتکردن بـە زۆرداری. ناوچـە شـوێنەوارییەکان کـە لـە یۆنسـکۆش تۆمارکـراون، بەر تاڵانـی کەوتـوون، چەندین قوتابخانـە و مـەزاری ئایینـی یـان بـە تـەواوی وێرانکراون یـان بەشـێکیان خاپوور بـووە، تەنانـەت دارەکانـی زەیتوونیـش لـەم وێرانکارییـە پارێـزراو نەبـوون و دەیـان هـەزار دار زەیتـوون لەنێوبـراون.

## رفاندن و دەستگیرکردن

گرووپـە چەکدارەکانـی ئۆپۆزیسـیۆنی پاشـکۆی تورکیـا بـۆ تۆقاندنـی خەڵـک و ناچارکردنیـان بـەوەی کـۆچ بکـەن، سیاسـەتی رفانـدن و دەسـتگیرکردن پێـڕەو دەکـەن، زۆرجـار لـە بەرامبـەر ئازادکردنـی گیراوەکانـدا داوای پـارە دەکـەن. بەپێـی بەدواداچوونـی هێزەکانـی سـووریای دیموکـرات، تائێسـتا شـەش هـەزار کەسـی سـیڤیل بەمجـۆرە دەسـتگیرکراون و هێشـتا چارەنووسـی 3300 کـەس دیـار نییـە.[29]

رەنگـە دیارتریـن نموونـە رووداوەکـەی رۆژی 2020/5/28 بێـت کـە دەیـان ژنـی رفێـنراو لـە بارەگایەکـی گرووپـی (حەمـزات)دا لەنێـو شـاری عەفریـن دۆزرانـەوە پـاش ئـەوەی هێزێکـی سـەر بـە (جیـش الاسـلام) هەڵیانکوتایـە سـەر بارەگاکـە، ئـەوەش دوای ئـەوەی هـەردوو گرووپەکـە بەهـۆی کێشـەیەکی نێوانیـان پێکداهەڵپـژان. [30] حەمـزات گرووپێکـی زۆرینـە تورکمانـە و جەیشـی ئیسـلامیش گرووپێکـی سـەر بـە ئیخوانـە و چەکدارەکانـی خەڵکـی غۆتـەی رۆژهەڵاتـن.

## داگیرکردنی زەوی و زەوتکردنی موڵک وماڵی خەڵک

ئـەم سیاسـەتەش لەپـاڵ زیادکردنـی بـاج بـووە بـە یەکێـک لـە ئامرازەکانـی گوشارخسـتنە سـەر خەڵـک. گرووپـە چەکـدارەکان بـە زەبـری چـەک دەسـت بەسـەر زەویـی کشـتوکاڵی و مـاڵ و موڵکـی خەڵکیـدا دەگـرن بـۆ خێزانەکانـی خۆیـان، یـان بـە کـرێ دەیدەنەوە بـەو عەرەبانـەی لەپـاش داگیـرکاری هاتوونەتە عەفریـن.

## تەقینەوەی ناوبەناو و ململانێی نێوان گرووپە چەکدارەکان

تەقینـەوەی ناوبەنـاو، پێکداهەڵپژانـی چەکـداری لەنێـوان تاقمـە جیـاوازەکان لـە ئەنجامـی هەوڵـی لەنیوبردنـی یەکـدی و ململانـێ لەسـەر کۆنترۆڵـی ڕێگـەکان و دەروازەکان و بازرگانـی و موڵـک و ماڵـی دانیشـتووانی ڕەسـەن، بووەتـە ئامرازێکـی دیکـەی تۆقاندنـی خەڵکـی سـیڤیل کـە بەهۆیـەوە ناچـار دەبـن بیـر لـە بەجێهێشـتنی ماڵەکانیـان و گوندەکانیـان بکەنـەوە، هـاوکات پاسـاوێکی باشیشـە بـۆ مانـەوەی خۆیـان و داواکردنـی دەسـەڵاتی زیاتـر بـە بیانـووی هەڕەشـەی تیـرۆر و هەروەهـا پەردەپۆشـکردنی تـاوان و دەسـتدرێژیی چەکدارەکانیـان و کوشـتن و ڕفانـدن و دەسـتگرتن بەسـەر زەوی و موڵکـی دانیشـتوواندا کـە سـەرئەنجام ئامانجـی گۆڕینـی بـاری دیمۆگرافـی دەهێنێتەدی.

## سیاسەتی لێکدابڕین و گەمارۆدان

تورکیـا لەسـەرەتای داگیرکردنـی عەفرینـەوە سیاسـەتی گەمـارۆدان و

لێکدابڕینــی ناوچەکانــی عەفرینــی پیادەکــردووە. جگــە لــەو دیــوارە کۆنکریتییــەی بەدرێژایــی ســنووری لەگــەڵ عەفریــن بــەرزی کردووەتــەوە، لەنێــو خاکــی عەفرینیشــدا درێــژەی بــە هەمــان کار داوە. هــەر بەهــۆی ئەمــەش، لــە نزیــک گونــدی (قرمتلــق) هــەزاران داری زەیتوونــی هەڵکەنــدووە و زەوییــە کشــتوکاڵییەکانی وێرانکــردووە بــۆ ئــەوەی دیــواری کۆنکریتــی لــە دەوروی هەنــدێ لــە گونــدەکان بــەرز بکاتــەوە، بەتایبەتیــش لەناوچــەی شــێراوا کــە دیــواری لــە دەوری گونــدی (کیــمار)ی شــوێنەواری هەڵچنیــوە، یــان لــە گونــدی (جلبــل) کــە بەهۆیــەوە چەندیــن مــاڵ بــە شــۆفەڵ تێکــدران بەبیانــووی ئــەوەی دەکەونــە ســەر ئاراســتەی دیوارەکــە، هەروەهــا دیــواری دەوری گونــدی (مریەمیــن)، کــە هەمــوو ئەمانــە تــرس و دڵەڕاوکێــی زۆریــان لــە دڵــی خەڵکــدا چانــدووە لــەوەی تورکیــا دەیــەوێ عەفریــن لــە دەوروبەرەکــەی دابڕێــت، بەتایبەتیــش پــاش ئــەوەی ناوچــەی عەفرینــی لــەڕووی کارگێڕییــەوە بــۆ حــەوت ناوچــە لەســەر بنەمــای ناحیــەکان دابەشــکردووە. تورکیــا رازی نەبــوو عەفریــن یــەک یەکــەی کارگێــڕی بێــت، بەڵکــو پێداگریــی کــرد لەســەر ئــەوەی ئەنجوومەنــی ناوخۆیــی لەســەر بنەمــای ناحیــەکان دروســتبکرێ و ببەســترێنەوە بــە ئیــدارەی خۆجێیــی پارێــزگای ئــازادی حەلەبــەوە وەکــو یەکــەی کارگێڕیــی ســەربەخۆ. ســەیر ئەوەیــە ئــەم ئەنجوومەنــە ناوخۆییانــەش بەجۆرێــک پێکهێــنراون کــە ژمــارەی ئەندامانیــان لەگــەڵ پێکهاتــەی ناوچەکــە ناگونجــێ، بۆنموونــە رێژەیــەک بــۆ عــەرەب دانــراوە کــە گونجــاو نییــە لەگــەڵ ژمــارەی راســتەقینەیان. تورکمانیــش وەک پێکهاتەیەکــی رەســەن ســەپێنراونەتە ســەر هەمــوو ئەنجوومەنــەکان، لەکاتێکــدا ئــەوە پێچەوانــەی راســتییە.

## سیاسەتی تاڵانی و هەژارکردنی دانیشتووان

تورکیا پاش ئەوەی کۆنترۆڵی سەربازیی خۆی لەسەر عەفرین توووند کرد، ئینجا پەلی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئابووری و جومگە ئابوورییەکان و بژێوی دانیشتووان کوتا. لەم رووەوە سیاسەتی تاڵانکردن و هەژارکردنی وەک ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی بەکارهێناوە. تورکیا بە هاوکاریی گرووپە چەکدارەکان 80%ی سامان و دەروازە و کارە بازرگانییەکانی لەدەستە و دەسەڵاتی بەسەر 20%ی دیکەشی هەیە. عەفرینی کردووەتە بازاڕێک بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانی و بەتاڵانبردنی بەروبوومەکانی عەفرین، ئەوە جگە لە کۆنترۆڵکردنی تۆڕی پەیوەندیی تەلەفۆنی و ئینتەرنێتی و وزەی کارەبا و ئاو. لەکاتێکدا گرووپە چەکدارەکان زەوی کشتوکاڵی و ملیۆنان داری زەیتوون و میوەیان تاڵان کردووە و باجی زۆریان خستووەتە سەر ئەو مولکانەی هێشتا لەدەستی خەڵکدا ماون، یاری بە نرخی بەروبوومی جووتیارانیش دەکەن و بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمە هاوردەکراوەکانی خۆیان لە تورکیاوە نرخی بەرهەمی خۆماڵی بە رادەیەک دادەبەزێنن کە جووتیاران سوودێک لە رەنج و ماندووبوونی خۆیان نابینن، ئەمەش لەڕووی بژێوییەوە کارەساتی بۆ دانیشتووان دروستکردووە کە بەشی زۆریان لەسەر کشتوکاڵ دەژین.

## ئامرازی بەڕووکەش یاسایی

وەک گوتمان، تورکیا لە پێکهێنانی ئەنجوومەنە ناوخۆییەکاندا سیاسەتی

بریکارێتـی (وەکالـە)ی گرتەبـەر و شـەرعیەتی دایـە رێـژەی ناڕاسـتەقینەی پێکهاتـەی عەرەبـی، هەروەهـا پێکهاتـەی تورکمانـی وەک پێکهاتەیەکـی رەسـەن سـەپاندە سـەر ناوچـەی عەفریـن لەڕێـی نیشـتەجێکردنیان لـە هەنـگاوی یەکەمـدا و لـە هەنـگاوی دووەمیشـدا سـەپاندنی نوێنەرایەتییـان لـە ئەنجوومەنـە ناوخۆییـەکان، ئەمـەش لەپـاڵ باڵادەسـتیی سـەربازی و ئەمنیـی خـۆی و کۆنترۆڵکردنـی جومگەکانـی ژیانـی خەڵـک و لـە بەرامبەریشـدا لاوازکردنـی نوێنەرایەتـی کـورد، بەمجـۆرە دەسـتی بەسـەر ئەنجوومەنـە ناوخۆییـەکان و هەمـوو ئەنجوومـەن و دامـەزراوە دادوەرییەکانـدا گـرت کـە لەڕێیـەوە دەتوانـێ کۆنترۆڵـی بڕیـاری ئەنجوومەنـەکان و دەسـتە و دامـەزراوەکان دیکـە بـکات. لـەم رێگەیـەوە بڕیـار بـە دەسـتە و ئەنجوومەنـە ناوخۆییـەکان دەردەکات بـۆ ئـەوەی سـیفەتێکی شـەرعی پێبـدات و بەرگـی یاسـایی بەبـەردا بـکات، لەوانـەش بڕیارەکانـی تایبـەت بـە دەستبەسـەرداگرتنی موڵکـی دانیشـتووانی رەسـەن لەژێـر نـاوی بەڕێوەبردنیـان بـۆ بەرژەوەندیـی گشـتی تاوەکـو ئەوکاتـەی خاوەنەکانیـان دەگەڕێنـەوە [31].

## لەجیاتی کۆتایی

لەڕێـی ئـەوەی تائێسـتا باسـمانکرد، دەگەینـە ئـەو ئەنجامگیرییـە کـە ئامانجـی کۆتایـی ئۆپەراسـیۆنەکەی تورکیـا و داگیرکردنـی عەفریـن بـۆ دژایەتیکردنـی یەکەکـە نەبـوو، بەڵکـو بـۆ چۆڵکردنـی عەفریـن بـوو لـە کـورد و گۆڕینـی سرووشـتەکەی لـە وڵاتـی مێژوویـی کوردانـەوە بـۆ ناوچەیـەک کـە کـورد تێیـدا کەمینەیەکـی سـەرکوتکراون لەنێـو زۆرینـەی عـەرەب و تورکمانـدا. ئامانـج لەمە

ڕێگرتـن بـوو لـە هـەر پڕۆژەیەکـی سیاسـی کـوردی لـە ئاینـدەدا. لـە کۆتاییـدا دەسـتەواژەکانی نیشـتمانی و برایەتـی و پێکەوەژیـان لە نیشـتمانێکی هاوبەشـدا و بنیاتنانـی سـووریای نـوێ بـۆ هەمـوو ڕۆڵەکانـی و زۆر دەسـتەواژەی دیکـەی لەمجـۆرە کـە دەسـتەبژێری سـووریا پێـوەی سـەرقاڵن، تەنیـا کاتێـک راسـت دەردەچـێ کـە پێـش هـەر شـتێک دان بـە زوڵملێکراویـی گەلـی کـورد دابنێـن، لـە هەنـگاوی دووەمیشـدا ئـەو زوڵمـە هەڵگـرن و قەرەبـووی زیانلێکەوتـووان بکەنـەوە، ئینجـا مـاف بـۆ خاوەنەکانیـان بگەڕێننـەوە و دان بـە مافـی گەلـی کـورد دابنێـن لـە هەڵبژاردنـی ئـەو سیسـتەم و شـێوازەی خـۆی بـە گونجـاوی دەزانـێ بـۆ بەڕێوەبردنـی خـۆی. جگـە لەمانـە، هەرچـی بکـەن هیـچ نابـێ جگـە لـە خۆدزینـەوە و دووبـارە بەرهەمهێنانـەوەی هەمـان میتـۆد و سیاسـەتی ڕژێمـی دیمەشـق، بـەڵام بەنـاوی نوێـی وەک هاونیشـتیمانێتی و دیموکراسـی و وڵاتـی هەمـووان و ئـازادی و هاوبەشـی و لەمجـۆرە دەسـتەواژانە کـە ناتوانـن جارێکـی دیکـە متمانـەی کـورد بەدەسـتبێننەوە.

**سەرچاوەكان:**

1 - جـمال رشـيد – تاريـخ الكـرد القديـم – رسـالة دكتـوراة بالتاريـخ القديـم – جامعـة بلغاريـا 1973م - ص 101.

2 - حسـام عيتـاني - الفتوحـات العربيـة في روايـات المغلوبـين – الطبعـة الثانيـة سـنة 2014م – منشـورات دار السـاقي بـيروت.

3 - أبـو الحسـن أحمـد بـن جابـر البـلاذري – فتـوح البلـدان – المجلـد الاول - تحقيـق عبـد اللـه أنيـس الطبـاع – نـشر مكتبـة المعـارف بـيروت - دار الكتـب العلميـة – طبعـة 1978م.

4 - زكريـا عبدالهـادي حـصري – عفريـن نامـه – الطبعـة الاولى – مطبعـة رانمـي – رقـم الايـداع ( 19\2304\- د \ مديريـة المكتبـات العامـة - دهـوك - كردسـتان - 2019م .

5 - حسـام عيتـاني - الفتوحـات العربيـة في روايـات المغلوبـين – الطبعـة الثانيـة سـنة 2014م – منشـورات دار السـاقي بـيروت.

6 - ابـن العـبري – تاريـخ مختـصر الـدول – منشـورات دار الكتـب العلميـة للنـشر والتوزيـع سـنة 1997م .

7 - الفريـد لويـس دي بريمـار – تاسـيس الأسـلام بـين الكتابـة والتاريـخ – منشـورات دار السـاقي سـنة 2009م .

8 - البطريرك فوتيوس - ثيوفانس البيزنطي – تاريخ الامبراطورية الشرقية .

9 - زكريـا عبدالهـادي حـصري – عفريـن نامـه – الطبعـة الاولى – مطبعـة رانمـي – رقـم الايـداع ( 19\2304\- د \ مديريـة المكتبـات العامـة - دهـوك - كردسـتان - 2019م .

10 - أبـو الحسـن أحمـد بـن جابـر البـلاذري – فتـوح البلـدان – المجلـد الاول - تحقيـق عبـد اللـه أنيـس الطبـاع – نـشر مكتبـة المعـارف بـيروت - دار الكتـب العلميـة – طبعـة 1978م.

11 - طريفــة احمــد عثــمان البرزنجــي – اسـهامات العلــماء الاكــراد في بنــاء الحضــارة الاســلامية خــلال القرنــين 7و8 – دار الكتــب العلميــة – بــيروت 2010م ط 1 ص 46.

12 - زكريـا عبدالهـادي حـصري – عفريـن نامـه – الطبعـة الاولى – مطبعـة رانمـي – رقـم الايـداع ( 19\2304\- د \ مديريـة المكتبـات العامـة - دهـوك - كردسـتان - 2019م .

13 - أدم متـز - الحضـارة الاسـلامية في القـرن الرابـع الهجـري –القاهـرة – مكتبـة وهبـة 1957م .

14 - شرف خــان شــمس اابدليــسي - شرف نامــه - ترجمــة جميــل روز بيــاني - الجــزء الأول – -1597 1599م.

15 - أبـو الحسـن أحمـد بـن جابـر البـلاذري – فتـوح البلـدان – المجلـد الاول - تحقيـق عبـد اللـه أنيـس الطبـاع – نـشر مكتبـة المعـارف بـيروت - دار الكتـب العلميـة – طبعـة 1978م.

16 - زكريـا عبدالهـادي حـصري – عفريـن نامـه – الطبعـة الاولى – مطبعـة رانمـي – رقـم

الايـداع ( 19\2304\- د \ مديريـة المكتبـات العامـة - دهـوك - كردسـتان - 2019م .
17 - محمـد كـرد عـلي في كتابـه الاسـلام والحضـارة العربيـة – مطبعـة التأليـف والترجمـة والنـشر – القاهـرة الطبعـة الثالثـة – الجـزء الاول – 1968م.
18 - شـهاب الديـن أبـو عبداللـه ياقـوت الحمـوي – معجـم البلـدان – الجـزء الاول - دار صـادر بـيروت.
19 - أبـن خلـدون - كتـاب المقدمـة – الجـزء الاول – تحقيـق مصطفـى الشيخ مصطفـى – النـاشر مؤسسـة الرسـالة – 1377م . ص 400 ومـا يليـه.
20 - زكريـا عبدالهـادي حـصري – عفريـن نامـه – الطبعـة الاولى – مطبعـة رانمـي – رقـم الايـداع ( 19\2304\- د \ مديريـة المكتبـات العامـة - دهـوك - كردسـتان - 2019م .
21 - بيـير رسـتم ( أحمـد مصطفـى ) – الكانتونـات العربيـة .. في المناطـق الكورديـة - الحـوار المتمـدن – 2016م .
22 - محمد علي عبدو – أصل التسميات في منطقة جبل الكرد ومعانيها .
23 - بيان حزب أزادي ويكيتي بذكرى الحزام العربي في \24د06\2005م أعلام الحزبي .
24 - مشـعل تمـو – القضيـة الكرديـة في سـوريا بـين المسـكوت عنـه وسـكونية أنظمـة التسـويغ – ملفـات كورديـة – وثائـق التيـار المسـتقبل سـنة 2012م .
25 - السـيد نـواف خليـل - مديـر المركـز الكـردي للدراسـات مقـال منشـور في موقـع المركـز( THE KURDISH) بتاريـخ 22\1\2020م ( وهـي مؤسسـة بحثـي مسـتقلة وقريبـة مـن حـزب الاتحـاد الديمقراطـي).
26 - الكاتـب والصحفـي السـوري اكـرم البنـي في مقـال منشـوربصحيفة "الـشرق الاوسـط 12 ينايـر 2020 م
27 - مواقع الاعلامية للفصائل والمعارضة والشخصيات الرسمية .
28 - مذكـرة موقعـة مـن أثنـى عـشرة منظمـة حقوقيـة سـورية للامـم المتحـدة في 15\7\2019م.
29 - بيان القيادة العامة لقوات سوريا الديمقراطية نشر في 19\1\2020م.
30 - بيان صادر عن أهالي دمشق ورفها في الشمال المحرر في 28\5د2020م.
31 - التغيير الديمغرافي - فريق تحرير نون بوست – 15-3\2019م ).

# عەفرین و پێگەی مێژوویی

**حاجی عەفرینی**

ناوچـەی عەفریـن لەسـەر هـەردوو کەنـاری رووبـاری عەفرینـە لەوپـەڕی باکـووری رۆژئـاوای سـووریا و لـە رۆژهەڵاتـەوە هاوسـنووری شـاری ئەعـزازە و لـە باشـوورەوە هاوسـنووری شـاری حەلەبـە. عەفریـن لـەڕووی کارگێڕییـەوە سـەر بـە حەلەبـە و لـە باشـووری رۆژئـاواش پارێـزگای ئیدلـب هاوسـنووریەتی و لـە رۆژئـاوا و باکووریـش لەسـەر سـنووری تورکیایـە. عەفریـن ناوچەیەکـی شـاخاوییە و رووبـەری دەگاتـە نزیکـەی 3850 کیلۆمەتـری چوارگۆشـە، واتـە نزیکـەی 2%ی رووبـەری سـووریایە. لـەڕووی جوگرافییـەوە لـە ناوچەکانـی دیکـەی ژێـر دەسـەڵاتی کـورد بەدرێژایـی سـنوور لەگـەڵ تورکیـا دابـڕاوە. ژمـارەی دانیشـتووانی ناوچـەی عەفریـن بەپێـی ئامارەکانـی حکومەتـی سـووریا لـە سـاڵی 2012، دەگاتـە 523258 کـەس.

بـەڵام ئـەو ژمارەیـە بەهـۆی کۆچـی ناوخۆیـی لـە پارێـزگای حەلـەب و شـار و ناحییەکانـی دەوروبـەری زیادبـووە و بەپێـی دەسـەڵاتی خۆسـەریی کـورد،

کـە دوای دەرچوونـی ناوچەکـە لەژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی سـووریا لـەوێ دامـەزرا، ژمارەکـەی گەیشـتە زیاتـر لـە ملیـۆن و 500 هـەزار کـەس. عەفریـن لـە نزیکـەی 350 گونـد و ناحیـەی گـەورە و بچـووک پێکهاتـووە و گرنگترینیـان شـاری عەفریـن، جندرێـس، بلبـل، شـیێ، راجـۆ، شـەڕا و ماباتلییـە.

چەنـد سـاڵێکە بەنـداوی 17ی نیسـان لەسـەر رووبـاری عەفریـن و لـە ناوچـەی مەیدانکـێ دروسـتکراوە و دەریاچەیـەک لـە پشـت بەنداوەکـە دروسـتبووە. بەوهۆیـەوە ناوچـەی دەوروبـەری دەریاچەکە بووەتـە ناوچەیەکی گەشـتیاری. عەفریـن بـە بەرهەمهێنانـی زەیتـوون و سـابوون لـە زەیتـوون و، هەروەهـا بـە بەرهەمـی پرتەقـاڵ و تـرێ و هەنـار بەنیوبانگـە. لەپـاڵ بوونـی چەندیـن ناوچـەی شـوێنەواری وەک قـەڵای سـەمعان، قـەڵای نەبـی هوری، گـردی عەین دارا، پـردە رۆمانییـەکان لەسـەر رووبـاری عەفریـن و پـردی هـەرە - دەرە کـە ئەڵمانیـا پێـش جەنگـی یەکەمـی جیهانـی دروسـتیکردووە. هەروەهـا هێڵێکـی شـەمەندەفەڕ کـە لـە تورکیـاوە دێ بـە ناوچـەی عەفرینـدا تێدەپـەڕێ و دەگاتە شـاری حەلـەب و، تورکیـا پێـش جەنگـی یەکەمـی جیهانـی دروسـتیکردووە.

ناوچـەی عەفریـن، ناوچەکانـی دەسـەڵاتی گرووپەکانـی "قەڵغانـی فـرات" کـە تورکیـا لـە جەرابلـوس، بـاب و ئەعـزاز تاوەکـو رۆژهەڵاتـی عەفریـن و پارێزگای ئیدلــب لــە رۆژئــاوا پاڵپشــتییان دەکات، لــە یەکــتر جیادەکاتــەوە. بۆیــە کۆنترۆڵکردنـی عەفریـن لەلایـەن تورکیـاوە هەمـوو ناوچـە سـنوورییەکانی نێـوان شـاری جەرابلـوس لـە رۆژئـاوای فـرات و دەریـای نێوەڕاسـت لـەڕووی جوگرافییــەوە بەیەکــەوە دەبەســتێتەوە، ئەمــەش بەواتــای لەنێوبردنــی هەمـوو ئەگەرێکـە بـۆ بەسـتنەوەی ناوچەکانـی رۆژاوای کوردسـتان لـەڕووی جوگرافییــەوە و رێگرتنــە لــە هەوڵــی کــورد بــۆ بەســتنەوەی ناوچەکانیــان بەیەکــەوە.

عەفریــن لەلایــەن ئیــداری خۆســەری دیموکراتــەوە کرابــووە یەکێــک لــە ســێ کانتۆنــە کوردییەکــە. بەپێــی لێدوانــی ســەرکردەکانی لــە ســووریا، دەیانویســت عەفریــن بــە ناوچــە کوردییەکانــی دیکــەوە ببەســتنەوە. تێکدانــی ئــەم ســتراتیژییە مەبەســتی ســەرەکی پــڕۆژە تورکییەکــە بــوو لــە داگیرکردنــی عەفریــن.

## مێژووی بوونی کورد لە ناوچەی عەفرین

مێــژووی بوونــی کــورد لــە ناوچــەی عەفریــن (چیــای کــوردان- چیــای کورمێنــج) (دەشــتی جومــە و چیــای لێلــوون) دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەدەکانی نێوەڕاســت، واتــە مــاوەی نێــوان ســاڵانی 476 – 1453ی زاییــن و ســەردەمی ئەیوبــی و خاچپەرســتان. بەپێــی توێژینەوەکانــی زۆربــەی لێکۆڵینڤانــە هاوچەرخــەکان ئەمــە پشتڕاســتکراوەتەوە. تەنانــەت بەشــێک لــە لێکۆڵینڤانانــی هاوچــەرخ دەڵێــن مێــژووی بوونــی کــورد لــەم ناوچەیــە زۆر دێرینــترە. بەشــێک لــە لێکۆڵینڤانانــی هاوچــەرخ دەڵێــن مێــژووی بوونــی کــورد لــە ناوچــەی عەفریــن دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەردەمی پێــش زاییــن، بــۆ ســەردەمی نیشــتەجێبوونی ئــەو گەلانــەی کــە بــە شــاخاوی ناودەبــران لــە بەشــی باکــوور و رۆژهەڵاتــی نزیــک (زنجیــرە چیــای زاگــرۆس و تــۆرۆس) تاوەکــو دەگاتــە باکــوور بــە ئاراســتەی چیاکانــی قەفقــاز و ئاســیای بچــووک. توێژینــەوە مێژووییــەکان جەخــت لــەوە دەکەنــەوە کــە نیــوەی ناوچەکانــی نێــوان رووبارەکانــی دیجلــە و فــرات لــە باکــوور، واتــە ناوچەکانــی ناوەنــدی وڵاتــی کــوردان شــوێنی ســەرهەڵدانی یەکــەم شارســتانی مرۆڤــن لــە چاخــی بەردینــی نــوێ کــە زانایانــی مێــژوو نــاوی شارســتانیی (تــەل حەلەفیــان) لێنــاوە.

هـەر زوو ئـەو شارسـتانییە هاوشـێوەی کـەوان فراوانبـوو کـە لـە رووبـاری زێـی گـەورە لـە باشـووری کوردسـتان لـە رۆژهـەڵات دەسـتیپێدەکرد تاوەکـو فـرات لـە رۆژئـاوا. ئـەم شارسـتانییە زۆر کاریگـەری هەبـوو لەسـەر ناوچەکانـی حەلـەب و عومقیـش، بۆیـە یەکبوونێکـی رۆشـنبیری و شارسـتانی و چینایەتـی روون لـەو ناوچـە فراوانـە دروسـتبوو کـە لـە زێـی گـەورەوە لـە چیاکانـی زاگـرۆس لـە رۆژهەڵاتـەوە دەسـتیپێدەکرد تاوەکـو چیاکانـی ئەمانـۆس لـە کەنـاری دەریـای نێوەڕاسـت لـە رۆژئـاوا.

زانایـان جەخـت لـەوە دەکەنـەوە کـە ناوچەکانی ئەمانـۆس و سـیرووس (چیای کـوردان) لـەو سـەردەمە خەڵکێکـی ناوچـەی شـاخاوی و خـاوەن رەفتـاری باکـووری لێـی نیشـتەجێبوون و لـە چیاکانـی کوردسـتانەوە هاتـوون و ناوچـەی سـیرووس و دەشـتی عومـق لـەڕووی نەتەوەیـی و شارسـتانی و ناوچەییـەوە بەشـێکبوو لـە بەرزاییەکانـی زنجیـرە چیـای تـۆرۆس و زاگـرۆس لـە قۆناخەکانی سـەرەتای مێـژوو، تەنانـەت ناسـنامەی نەتەوەیـی دانیشـتووانی جیـاواز بـوو، لـەڕووی کراوەیـی و سـەقامگیری لـە سـەردەمی شارسـتانیی حەلـەف، واتـە لـە هـەزارەی شەشـەمی پێـش زاییـن تاوەکـو سـەرەتای سـەردەمە مێژووییەکانـی سـەرەتای هـەزارەی سـێیەمی پێـش زاییـن.

بەشـێک لـە لێکۆڵینڤانانـی سـەردەم و بەشـێک لـە سـەرچاوە نیمچـە فەرمییـەکان لەبـارەی پرسـی کـورد و بوونـی کـوردان لـە ناوچـەی عەفریـن بـە سـنووری ئێسـتایەوە، گەلێـک بابەتـی گرنگیـان نووسـیوە. لـە بەشـی سـێیەمی زنجیـرە کتێبـی (مێـژووی تێکۆشـانی جووتیـاران)دا هاتـووە: کـورد لـە سـەدەی شـازدەیەم بەهـۆی یاخیبوونـی هۆزەکانیانـەوە گەیشـتە باکـووری سـووریا. لـە ناوچـەی عەفریـن هۆزەکانیـان ئاژەڵـدار و گـەڕۆک بـوون لەنێـوان بەرزاییەکانـی تـۆرۆس و دەشـتی عەفریـن. دواتـر دەسـەڵاتی عوسـمانی لـە

سـەدەی نۆزدەیـەم ناچـاری کـردن لـە چیایـەک جێگیـر بـن کـە بەناویانـەوە ناونـراوە.

نووسـەر ئامـاژە بـۆ مێژوویەکـی دوورتـر سـەبارەت بـە بوونـی کـورد لـە ناوچەکـە دەکات و دەڵـێ نەتـەوە و پێکهاتـەی جیـا- جیا لە ناوچەی سـنووریی نێـوان شـام و ئەنـادۆڵ نیشـتەجێبوون کـە بەشـێکیان نیشـتەجێبوونەکەیان دەگەڕێتـەوە سـەرەتای سـەردەمی عەباسـییەکان. ئـەوکات ناوچەکـە کەلێنـی زۆر بـوو، نەتەوەکانـی لاوازی دەسـەڵاتی عوسـمانییەکانیان دەقۆسـتەوە بـۆ هەڵگیرسـاندنی شـۆڕش. وەک بەڵگـە دەتوانیـن ئامـاژە بـە سـەرهەڵدانی کەسـانی شۆڕشـگێڕ لـە بنەماڵـەی جـان پـۆلات بکەیـن لـە سـەرەتای سـەدەی حەڤدەیـەم کـە بـە رەچەڵـەک کـوردن و لـە ناوچـەی حەلەبـن. پرۆفیسـۆر عیسـمەت شـەریف وانلـی لـە پاشـکۆی ژمـارە (2)ی کتێبەکەیـدا (چەنـد چەپکێـک لـە راپۆرتێکـی تایبـەت بـە ناوچـەی عەفریـن)، کـە لـە (ئیسـڵاحی زیراعـی - لقـی حەلـەب) دەرچـووە، دەڵـێ نزیکـەی چـوار سـەدەیە دانیشـتووانی کـورد لـەو ناوچەیـە دەژیـن. بـەڵام مونـزر مووسـڵی لـە کتێبەکەیـدا (عـەرەب و کـورد) دەڵـێ: کـوردی عەفریـن لـە مێـژە لـەوێ نیشـتەجێن، بەشـێوەیەک لـە دەوروبـەری خۆیـان دابـڕاون، "بەبـێ دیاریکردنی مێـژوو"، ئـەوان لـە ناوچەیەکـی جوگرافیـدا دەژیـن کـە تاوەکـو رادەیەکـی زۆر هاوشـێوەی وڵاتـی رەسـەنی خۆیانـە. پەیوەندیشـیان لەگـەڵ کـوردی ویلایەتـی عەنتـاب لـە باکـوور بەهێزبـوو.

سـەبارەت بـە هەمـان پـرس، لـە کتێبـی (رێبـەری گەشـتیاریی حەلـەب) دا هاتـووە: گرنگتریـن کۆچـەکان بـۆ حەلـەب، کۆچـی کـوردە لـە ئەنادۆڵـەوە لـە سـەدەی شـازدەیەم کـە لـە چیایـەک نیشـتەجێبوون لـە پەنـای حەلـەب و بەناویانـەوە ناونـراوە. بـەڵام دکتـۆر شـەوقی شـەعس، لـە کتێبەکەیـدا بەنـاوی

(قـەڵای سـەمعان) دەڵـێ: "لـە سـەدەکانی شـازدەیەم و حەڤدەیەمـدا دەسـتڕۆ و ئاغایانـی کـورد لـە قەڵاکـە ژیـاون...". ئەمـەش بەبـێ هیـچ گومانێـک ئاماژەیـە بـۆ بوونـی کوردانـی باڵادەسـت لـە ناوچەکـە لـەو سـەردەمەدا. ئەمـە ڕێکەوتێکـە گونجـاوە لەگـەڵ ئـەوەی لـە کتێبـی (ڕێبـەری حەلـەب)دا هاتـووە سـەبارەت بـە کۆچـی کـوردان بـۆ دەوروبـەری حەلـەب.

باوکـە پۆڵـس یەتیـم لـە کتێبەکەیـدا (مەقـالات) دەڵـێ: کـورد لـە سـەدەکانی نێوەڕاسـتی زاییـن 476-1453 هاتـوون بـۆ کەنـاری رووبـاری عەفریـن، پێـش ئەوانیـش سریانـەکان لـە ناوچەکـە بـوون. بـەڵام جەمیـل کنـە، لـە لاپـەڕەی دەیەمـی کتێبەکەیـدا بەنـاوی (ئەلمەزاڵـم ئەلفەرەنسییە) سـەبارەت بـە بوونـی کـورد لـە چیـای کـوردان نووسـیویەتی و دەڵـێ: "کـورد لـە چەنـد هۆزێـک پێکهاتـوون، مێژوویـان لـە سـووریا و لـەو چیایـەی کـە ئەمـڕۆ بەناویانـەوە نـاسراوە، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی خاچپەرسـتان".

هەروەهـا نووسـەری فەرەنسـی بیـر رونـدو لـە سـاڵی 1939 باسـی کـوردی عەفریـن دەکات و دەڵـێ: گەیشـتنی کـورد بەشـێوەیەکی چـڕ بـۆ سـووریا دەگەڕێتـەوە بـۆ پێـش سـەدەی شـازدەیەم، ئـەوەش وەک دەرئەنجامـی هێرشـەکانی سـوڵتانە عوسـمانییەکان. ئـەوان لـە سـەدەی شـازدەیەمەوە لـە ناوچـەی "چیـای کـوردان و لیجـە" جێگیربـوون، ئەوانـەی سـەرەتا هاتـن لـە هۆزەکانـی "ئامکـی" بـوون کـە لـە کۆنیـاوە هاتنـە ناوچەکـە. هەروەهـا لـە سـەرەتای سـەدەی هەژدەیەمـەوە هۆزەکانـی شـکاک، شـێخان، ئۆقجـە و ئێزدیـن (ببیـا) کـە ڕەچەڵەکیـان ناڕوونـە، هاتوونەتـە ناوچەکـە. بـەڵام هـنری لامانـس پێیوایـە یەکـەم گرووپـی ئێزدییانـی "کـورد" لـە دەوروبـەری سـەدەی سـێزدەیەمی زایینـی گەیشـتنە چیـای سـەمعان.

لـە کتێبـی (ئەخەوەیـن راسـل)دا کـە لـە نێوەڕاسـتی سـەدەی هەژدەیەمـدا

لـە شـاری حەلـەب ژیـاون، هاتـووە: ژمارەیەکـی زۆری کـورد لـە دەوروبـەری حەلـەب دەژیـن، یەکێـک لـە ناوچەکانـی دەوروبەریـش یـان گەڕەکـەکان ناوی (گەڕەکـی کوردانـی) لێـنراوە. ئـەوان بەشـێوەیەکی سـەرەکی بـە کشـتوکاڵەوە سـەرقاڵن یـان بـە سەرپەرشـتیکردنی کاروانەکانـی حوشـتر، لەپـاڵ ئەوانیـش، کـورد لـە ناوچەکانـی کلـس و زۆربـەی چیـای بیـلان "ئەمانـۆس" و چیاکانـی دەوروبـەری نیشـتەجێن و خاوەنیـن و هێـرش دەکەنـە سـەر گونـدەکان لـە دەشـتاییەکان و هەندێـک جـار بـە ژمارەیەکـی زۆر دەردەکـەون. ئـەوان بـاش نـاسراون بەهـۆی ئیفرەنجـەوە و دەسـەڵاتی تەواویـان بەسـەر ناوچەکانـی بیلانـدا هەیـە و پاراسـتنی ئـەو ڕێگایانـەی بـە چیاکانـی ئـەو ناوچەیـەدا ڕەتدەبـن بـەوان سـپێردراوە.

گومانـی تێدانییـە هەمـوو ئـەم توێژینـەوە و زانیارییانـە دەیسـەلمێنن کـە کـورد لـە مێـژە لـە چیـای کـوردان و سـەمعانن. لـە راسـتیدا بوونـی کـورد ڕەنگـە بگەڕێتـەوە بـۆ ماوەیەکـی دێرینـتر لـەوەی کـە باسـکراوە. بـە بەڵگـەی ئـەوەی کـە ئـەوەی لـە کتێبـی (سـوبح ئەلئەعشـا)ی قلقشـەندی 1350-1418ی زاییـن هاتـووە و لـە موقـر شـەهابی کـوڕی فەزلوڵـلا لـە مەمالیـک ئەلئەبسـارەوە گێڕدراوەتـەوە: چەنـد نەتـەوە و تایەفەیەکـی عـەرەب، کـورد و تورکـمان لـە حەلـەب بـوون. ئـەو هاوڕایـە لەگـەڵ ئـەوەی کـە لـە کتێبـی شـەرەفنامەدا هاتـووە سـەبارەت بـەوەی کـە بوونـی کـورد لـە دەشـتی جومـە و کلـس دەگەڕێتـەوە بـۆ پێـش سـەردەمی ئەیوبـی. لـە شـەرەفنامەدا هاتـووە (شـەرەفنامە ج1): "لـە سـاڵی 1106ی زاییـن، نزیکـەی 400 خێزانـی کـورد لـە چیـای سـماقەوە لـە باکـووری ڕۆژئـاوای حەلـەب بـۆ لوڕسـتان ڕۆیشـتوون، بەهـۆی ململانێیـەک لەنێـوان ئـەوان و سـەرۆکەکەیان".

وەرگێـڕی شـەرەفنامە محەممـەد عەلـی عەونـی، لـە پەراوێـزی هەمـان

لاپـەڕەدا، لـە فەرمانگـەی مەعاریفـی ئیسـلامییەوە دەیگێڕێتـەوە کـە: "ئـەم هـۆزە کـوردە بـە سـەرۆکایەتی فەزڵـەوی سـووریایان جێهێشـت، تاوەکـو گەیشـتنە لوڕسـتان". ئەمـەش بەڵگەیەکـی حاشـاهەڵنەگرە کـە کـورد بەلانیکەم لـە پێـش نـۆ سـەدە لـە ناوچەکانـی چیـای کـوردان و سێگۆشـەی سـیرووس نیشـتەجێبوون. ئاشـکرایە ناوچەکانـی کـوردان، لـە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتویەکی زاییـن دووچـاری هێرشـی رووخێنـەر بـوون لەلایـەن هۆزەکانـی تورکانـی سـەلجوقییەوە و کوردسـتان بـووە گۆڕەپانێکـی زۆر جەنـگ لەنێـوان ئـەوان و بیزەنتییـەکان. دواتریـش لەنێـوان خـودی سـەلجوقییەکان. هەروەهـا لەنێـوان ئـەوان و کـوردی دانیشـتووی رەسـەن کـە لـە هەمـوو هەلێکـدا بەرگرییـان لـە وڵاتەکەیـان دەکـرد دژی ئـەو داگیرکەرانـە و هـۆزە تورکەکانـی دوای ئەوانیـش وەک مـەڕی سـپی و مـەڕی رەش. هەروەها دژی خاچپەرسـتان، مەغـۆل، تەتـار و عوسـمانییەکان و داگیرکەرانـی دیکـە وەسـتانەوە کـە چەنـد جارێـک ناوچەکانـی کوردیـان کاولکـرد. دوای داگیرکردنـی رۆژهەڵاتـی خـوارووو لەلایـەن عوسـمانییەکانەوە، هێڵـی سـنووری نێـوان ئـەوان و سـەفەوییەکان لـە ئێـران ناوچـەی کوردانـی بەسـەر دوو کەرتـی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوادا دابەشـکرد و ململانـێ و جەنـگ لەسـەر خاکـی کوردسـتان لەنێـوان ئـەو دوو وڵاتـە بەردەوامبـوو.

ئـەم داگیرکردنـە یـەک لـە دوای یەکانـەی کوردسـتان و رووداوە گـەورەکان کـە لەسـەر ئـەم خاکـە روویانـدا، کارەسـاتی زۆر گەورەیـان لێکەوتەوە کە لـە مێژوودا هاوشـێوەیان نییـە. لەئەنجامیانـدا دانیشـتووانی کـورد لـە ناوچەکانـی تەنگژەوە بـۆ لووتکـەی چیـاکان و قووڵایـی دۆڵـەکان کۆچیـان دەکـرد بـۆ خۆدەربازکـردن لـە مـردن و کاولـکاری. بـۆ نموونـە کـە تەنیـا نموونـە نییـە، کاتێـک جەلالەدیـن خـوارەزم شـا هێرشـی کـردە سـەر ناوچـەی کـوردان لـە سـەرەتای سـاڵی 1229ی

زاییـن، تاوانـی زۆر گـەورەی ئەنجامـدا، بۆیـە خەڵکێکـی زۆر پێیـان باشـتر بـوو ناوچەکەیـان جێبهێڵـن و بـڕۆن بـۆ دەوروبـەری حەلـەب ( ئەمیـن زەکـی بـەگ، تاریخـی کوردسـتان، 1937، چ1). لـە سـاڵی 1257ی زاییـن کـە هۆلاکـۆ هێرشـی کـردە سـەر ناوچـەی کـوردان، کـورد بەرگرییەکـی سـەختیان کـرد و بەهۆیـەوە گرووپێکـی زۆریـان ناچـار بـوون ناوچەکانیـان جێبهێڵـن و بـەرەو شـام و میـسر کـۆچ بکـەن. دوای سـەرکەوتنی مەمالیکیـش بەسـەر مەغـۆل لـە سـاڵی 1281ی زاییـن، شـا زاهیـر بیبـەرس بەشـێکی کـوردی گواسـتەوە بـۆ کیلیکییـە (ئەدەنـە) و لـەوێ نیشـتەجێی کـردن.

عوسـمانییەکانیش لــە ســەدەی هەژدەیەمــەوە سیاســەتێکی بەربەرییــان بەرامبــەر کــورد پەیڕەوکــرد، بەئامانجــی ناچارکردنیــان بەهــەر شــێوەیەک بێــت بــۆ ئــەوەی نیشــتمانیان جێبهێڵــن و لــە ناوەڕاســتی ئەنــادۆڵ نیشــتەجێبن، بۆئـەوەی لـە ئاینـدەی دوور بـە تورکیـان بکـەن و کۆتایـی بـە یاخیبوونــی بەردەوامیــان لەپێنــاو ســەربەخۆبوون بهێنــن. ئــەم سیاســەتی کۆچپێکردنــەی عوســمانییەکان گرووپــی نوێــی کوردانــی لــە ناوەڕاســتی کوردســتانەوە هێنایــە ناوچەکانــی کلــس کــە دانیشــتووانی کــورد بــوون. بۆیـە ئێسـتا یادەوەرییەکـی نـوێ لای بەشـێک لـە کوردانـی چیـای کـوردان مـاوە سـەبارەت بـەو ناوچانـەی کـە کۆچیـان لێـوە کـردوون.

لەژێـر رۆشـنایی هەمـوو ئـەوەی کـە لـە سـەرەوە باسـکرا، راسـتییەکی نەگـۆڕە کـە هاتنـی کـورد لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتەوە بەشـێوەی گـرووپ بــۆ ناوچــەی کلــس ، بەهــۆی رەوشــی سیاســی، ســەربازی و ئابووریــی ســەخت لــە ناوچەکانــی خۆیــان بــەردەوام بــووە. بۆیــە ناچــار دەبــوون لــە کاتــی شکســتە جەنگییــەکان و کارەســاتەکان وڵات جێبهێڵــن و پەنــا ببەنــە ناوچــە دوورەکان کــە کــورد پێشــتر لێــی نیشــتەجێبوون، چونکــە

پارێـزەری سروشـتییان لەبەرامبـەر مەترسـی بـۆ دابیـن دەبـوو لەپـاڵ ئـەوەی گوزەرانیشـیان گونجاوتـر دەبـوو.

لەراسـتیدا بۆچوونێکـی گرنـگ هەیـە دەڵـێ: ناوچـەی سـیرووس لـە سـەردەمە سـەرەتاییەکانی ئیسـلام دووچـاری رەوشـی دەگمـەن بـووەوە، بەشـێکیان پەیوەندییـان بـە رەوشـی سـەربازیی داکەوتـووی دەوڵەتـی بیزەنتیـەوە هەبـوو لەگـەڵ ناچاربوونـی دانیشـتووانی ئـەو دەوروبـەرە بـۆ جێهێشـتنی گونـد و شـارە ئاوەدانەکانیـان لـە ماوەیەکـی کورتـدا. بۆیـە دووچـاری وێرانـی بـوون و دانیشـتووانی گریـک و پێکهاتـە ئیتنییـە لۆکاڵیـە دێرینەکانـی دیکـەش وەک سریـان جێیانهێشـت. لەبـەر ئەمـە ناوچەکـە لـە سـەدەی یازدەیەمـەوە تـەواو لـە دانیشـتووانی چـۆڵ بـوو. کوردیـش ئـەو بۆشـاییەی قۆسـتەوە و دوای ئـەو مێـژووە بـە قۆنـاغ تێیـدا نیشـتەجێبوون. راسـتە ئـەو کاولـکاری و کۆچکردنـەی دانیشـتووان لـە سـەردەمە سـەرەتاییەکانی ئیسـلام، پرسـێکی راسـتە و گومانـی لێناکرێـت، بـەڵام پرسـەکە ئەوەیـە ئاخـۆ بەڕاسـت ناوچەکـە ئـەوکات دوای کۆچکردنـی گریـک و سریـان لـە دانیشـتووان چـۆڵ بـووە؟

پێمانوایـە کـورد و باوانیـان کـە زیاتـر لێـک نزیکـن بەتایبـەت میدییـەکان، لـە ناوچـەی سـیرووس هەبـوون و بـەردەوام بـووە لـەو قۆناغـە مێژووییانـەی کـە باسـکرا. چونکـە ئامـاژەی روون و بەهێـز هـەن سـەبارەت بـەوەی نیشـتەجێبوونی کـورد لـە ناوچـەی سـیرووس لـە سـەردەمی پێـش زاییـنـەوە نەبـڕاوە و ئـەو بەڵگانـەی کـە دەکـرێ بژمێردرێـن و بەدەسـتبهێنرێن بریتیـن لەمانـەی خـوارەوە:

یەکـەم: تەنیـا کوردانـی دانیشـتووی ئێسـتای دەشـتی جومـە باوەڕیـان بـە دینێکـی سـەردەمی سـەدەی پێنجەمـی پێـش زاییـن مـاوە، لای ئـەوان

خواردنــی گۆشــتی ئــەو ماســییانەی لــە جۆگەلەکانــی حــەوزی عەفریــن لــە دەشــتی جومــە دەژیــن حەرامــە، (کەزینفــون بخوێنــەوە - کتێبــی گەشــتی دە هــەزاری). ئەمــەش بەڵگــەی دێرینــی بوونــی کــوردە لــە ناوچەکــە و بەردەوامییــان لەســەر تایبەتمەنــدی ئایینــی و چینایەتــی لــەوێ.

دووەم: زیاتــر لــە 90%ی نــاوە جوگرافییــەکان و نــاوی گونــدەکان لــە چیــای کــوردان نــاوی کوردیــن یــان کــورد نــاوی لێنــاون. ئــەوەی سەرنجراکێشــە کــوردی "شــێروان" لــە چیــای "لیلــۆن" نــاوی "نەبــوو" یــان لێــنراوە و نەبــوو وەک ئاشـکرایە نـاوی خوداوەندێکـی رافدییـە و تاوەکـو سـەدە سـەرەتاییەکانی زاییـن لـەم چیایـە دەپەرسـترا و تاوەکـو سـەدەی چـواری زاییـن لـە گونـدی "کەفرنەبو" باڵەخانەیەکـی بـۆ تەرخانکرابـوو. ئەمـەش بەڵگەیـە بـۆ ئـەوەی کـوردی ئێسـتا لـەو کاتـەوە لـە چیـای لیلۆنـن و خوداوەنـد "نەبـوو" دەپەرسـتن کـە نزیکـە لـە بـاوەڕی زەردەشـتی - ئێـزدی و ناویـان بـەرز راگرتـووە.

سـێیەم: کەسـانێک پێیانوایـە، کـورد دوای چۆڵبوونـی ناوچەکـە لـە گریـک یـان سریانـی، لـە کۆتایـی سـەدەی دەیەمـی زاییـن هاتـوون! بـەڵام مانـەوەی نـاوە ئارامـی و یۆنانییەکانـی بەشـێک لـە گوندەکانـی ناوچەکـە ئـەوە بەدرۆدەخەنـەوە، چونکـە کـورد هێشـتا نـاوە ئارامییـەکان بـۆ چیاکـە یـان گردەکـە بەکاردەهێنـن، وەک نـاوی گونـدی "تـر تەویـل" بەواتـای "تـەل تەویـل" و شـەش تـرا بەواتـای شـەش بەرزایـی یـان گـرد. بـە وردبوونـەوە لـەم پرسـە، دەکـرێ بگەینـە ئـەو بـاوەڕەی کـە ئـەو کوردانـە یـان لەمێـژەوە لـە چیاکـە لەگـەڵ کەسـانی ئارامـی یـان گریـک نیشـتەجێبوون و هیچـکات جێیاننەهێشـتووە، یـان ئەوانـە کـورد نیـن و بوونەتـە کـورد و زەردەشـتی، وەک بەڕێـز هـنری لامانـس تێبینـی کـردووە. یـان ئـەوان لـە ناوەڕاسـتی سـەردەمە ئیسـلامییە عەرەبییـەکان و هێرشـی خاچپەرسـتان لـە ناوچەکـەوە بەهۆکارێـک

کۆچیان کردووە. بەڵام کورد لە ناوچەکە لەسەر لووتکەی چیاکان و ناو دۆڵەکان مانەوە و ئەو ناوە گریکی و ئارامییانەی چەند گوندێکیان و بوونی خۆیان وەک کورد پاراستووە.

چوارەم: ئەوەی سەرنجڕاکێشە، زۆربەی نووسەرەکان کە لە پاش سەردەمە ئیسلامییەکان لەسەر دۆخی بێباوەڕیی ناوچەی سیرووسیان نووسیوە، هاوڕان لەسەر ئەوەی لە دەیە سەرەتاییەکانی دەوڵەتی عەباسی جگە لە کورد لە ناوچەی چیای کوردان کەسی دیکەی لێ نەبووە. ئەگەریش بۆ نموونە عەرەب لەوێ بوونایە، ئەوا سەرچاوە و لایەنە عەرەبییە فەرمییەکان درێغییان لە باسکردنیان نەدەکرد وەک ئەو کتێبەی کە لە یەکێتی جووتیاران لە سووریا دەرچووە و سەرچاوە نافەرمییەکانی دیکەش وەک نووسەر مونزر مووسڵی، ئەو لایەنانەش تەواو پابەند بە هزری نەتەوەیی عەرەبین. هاوکات هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی یان بەڵگەی شوێنەواری نییە ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە عەرەبێک یان تورکێک یان کەسانێکی دیکە لە ناوچەی چیای کوردان نیشتەجێ بووبن و دواتر بەرەو ناوچەیەکی دیکە کۆچیان کردبێت چ ئارەزوومەندانە بێت یان بەزۆر.

پێنجەم: لە ناوچەی چیای کوردان شوێنەواری سەردەمی یەکەمی ئیسلامی نییە، رەنگە باس لە نیشتەجێبوونی کوردی موسڵمان لەو سەردەمە لەم ناوچەیە بکەیت، لەبنەڕەتدا شوێنەواری ئیسلامی لە ناوچەکە نییە، جا چ کورد دروستیانکردبێت یان کەسانی دیکە. یەکەم مزگەوتیش لە ناوچەی کلس کوردی جونبلات- جانپۆلات لە ساڵی 1554ی زایینی دروستیانکردووە. بەڵگەی دیکەش هەن بەشێکیان پەیوەندیدارن بە سەردانیی (Qere Curnê ) واتە قەرەجوون کە لە ناحیەی شەڕانە، ئەوە ئاماژە بەوە دەکات کە لە گوندی (عەین دارا)ی دێرین لە سەدەی دوازدەیەمی زایین

دانیشـتووانی کـورد هەبـوون و باوەڕیـان بـە ئایینـی زەردەشـتی هەبـووە، واتـە ئایینـی میدییەکانـی کۆنـی باوانـی کـوردان. هەرچەنـدە فارسـیش باوەڕیـان بـە زەردەشـتی هەبـووە، بـەڵام ئاشـکرایە ئـەوان لـە خاکـی ئێـران دەرنەچـوون، بەڵکـو یـان سـەرباز بـوون یاخـود داروودەسـتەی دەسـەڵاتداران بـوون یانیـش دەسـەڵاتدار بـوون بەبـێ ئـەوەی لـە ناوچەکانـی ڕۆژئـاوای هیلالـی خەسـیب جێگیربـن.

ئـەم ناوچانـە شـوێنی نـاسراوی نیشـتەجێبوونی باوانـی کـوردن لـە سـەردەمی هورییەکانـەوە. ئەگـەر لـە سـەدەی دوازدەیەمـی زایینیـش زەردەشـتی لـە عەیـن دارا هەبـن، ئـەوا بێگومـان کـورد بـوون. ئەگەرنـا چـۆن کـوردی ئێزدیـی کۆچبـەر ئەگـەر لەگـەڵ کـوردی ڕەسـەنی عەفریـن لـە ئاییـن و نەتـەوە هاوشـێوەی یەکـتر نەبـن، لـە سـەدەی سـێزدەیەمی زاییـن لـە ناوچـە دوورەکانـی وڵاتـی ڕافیدەینـەوە هاتـوون بـۆ ناوچـەی چیـای کـوردان و لەگـەڵ دانیشـتووانی نیشـتەجێبوون؟ بێگومـان باپیرانـی شـەهیدی زیـارەی قـەرە جەڕنـێ واتـە هۆگـر کـە بـە واتـەی (دۆسـت) دێـت، لـە گونـدی تـەل عەیـن دارای دێریـن "کـوردی زەردەشـتی" بـوون.

بـەڵام لـەڕووی بیناسـازییەوە بەڵگـە هـەن لەسـەر جێگیربوونـی کـورد لـە خانووەکانـی ناوچـەی عەفریـن لـە پێـش نزیکـەی چـوار سـەدەوە. چونکـە خانوویـەک دۆزرایـەوە کـە لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی 1032 دروسـتکراوە. ئـەوەش لەسـەر بـەردی پێشـی نـووسراوە. باوەڕمـان وایـە ئـەو مێـژووە بەپێـی ڕۆژژمێـری زایینـی ڕۆژهـەڵات تۆمارکـراوە کـە پشـت بـە مانگـە خۆرییـەکان دەبەسـتێ نـەک مانگییـەکان. ئـەو خانـووە هێشـتا لـە گونـدی مەحمـوود Topelî Mehmûd ئەوبەسـی سـەر بـە ناحیـەی بلبلـە کـە هاوشـێوەی خانـووی کوردانـە و گومـەزدارە و لـە ناوچەکـە نـاسراوە. ئـەم

خانـووە پێـش 400 سـاڵ دروسـتکراوە.هەروەها لەسـەر گـۆڕەکان لـە گونـدی سـێویا یـان ئۆکسـوزلی، رێکـەوت نـووسراوە کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ نزیکـەی هەمـان سـەردەم. لـە گوڕسـتانی "بیـر" لـە گونـدی "شـوربە"، کێلـی گـۆڕی خوالێخۆشـبوو بیلال شـوربە شـایەتی زیاتـر لـە 250 سـاڵە، بـەڵام گـۆڕی نـاسر ئاغـای کـوڕی ئەحمـەد بـەگ لـە گونـدی جویـق مێـژووی سـاڵی 1213ی کۆچـی/1798ی زایینـی لەسـەر نـووسراوە.

**پووختە**

نـاوی عەفریـن بـە زمانـی کـوردی، واتـە زەوی دەوڵەمەنـد بـە ئـاوی سـوور کـە رۆڵـی هەیـە لـە داهێنـان و لـە وشـەی ئـەف (ئـاڤ) واتـە ئـاو. ئـەم نـاوەش هاوشـێوەی نـاوی (ئەفری)یـە کـە مێژوونـووس سترابۆن لـە سـەدەی پێنجەمی پێـش زاییـن باسـیکردووە. مرۆڤـی کۆنیـش وەک (ئارکتـووس و نیاندرتـال) لـە ناوچـەی (چیـای کورمانـج) واتـە عەفریـن دەرکـەوت و شـوێنەواری لـە ئەشـکەوتەکانی وەک ئەشـکەوتی (دوودەری) جێهێشـتووە. دواتـر عەفریـن لـە چەنـد شارسـتانییەکی دێرینـی یـەک بـەدوای یـەک ژیـاوە وەک هـوری، جـودی، میتانـی، ئاشـووری، میـدی، فارسـی، بیزەنتـی، عەرەبـی - ئیسـلامی و عوسـمانی و دواتـر لـە سـووریای ئێسـتا.

عەفریـن هەروەهـا شـوێنەواری زۆری هەیە و زیاتر جێدەستی ئیمپراتۆرییەتی هـوری تێـدا دیـارە کـە سـاڵی 2007 ی پێـش زاییـن شانشـینی ئالالاخـی ، لـە دەشـتی (هامـک) واتـە عومـق لەسـەر رووبـاری عاسـی دروسـتکرد. هەروەهـا شـوێنەواری عەیـن دارا و قـەڵای نەبـی هـوری تێدایـە کـە گـۆڕی فەرمانـدە هوریانـی کـوڕی حەنـان، فەرمانـدەی پێغەمبـەر داودی تێدایـە

و یۆنانییەکان لەسەر گۆڕەکەی لە ساڵی 300ی پێش زایین قەڵایەکیان دروستکرد بەناوی قەڵای کۆرش. لە سەرەتای دروستبوونی سووریای نوێ لە سەردەمی داگیرکاریی عوسمانی، عەفرین لەنێوان سووریا و تورکیا لە ساڵی 1922 دابەشکرا و دواتر جووڵەیەکی بنیاتنانی نوێی بەخۆیەوە بینی. عەفرین بەدرێژایی مێژووی نوێ ڕۆڵێکی نیشتمانیی گەورەی گێڕاوە، هەر لەوکاتەی محۆ ئیبۆ جاجۆ یەکەم فیشەکی دژی داگیرکاری فەرەنسی لە ساڵی 1939 تەقاند و دواتر فەرماندەیی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی کرد، تاوەکو چلەکانی سەدەی رابردوو بەردەوام بووە. هەروەها ئیبراهیم هەنانۆی خەڵکی شاری عەفرین و فەرماندەی شۆڕشی باکووری هێناوەتە دنیا کە سووریا شانازی پێوە دەکات.

عەفرین هەروەها منەتی بەسەر میسرەوە هەیە، چونکە سولەیمانی حەلەبی کە لە ساڵی 1880 کلیبەری کوشت، خەڵکی عەفرین بوو. لە قەیرانی سووریاش لە ساڵی 2011، عەفرین کەسایەتی سەربەخۆی خۆی پاراست و بەردەوامبوو لە بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە و بەرهەمهێنان و بەرگریکردن لە خۆی بەرامبەر هێزە توندڕەوەکان و زیاتر لە 300 هەزار ئاوارەی سووریای لەئامێزگرت و ئەوانی لە کوشتن رزگار کرد. ئێستاش پشت بە ڕۆڵەکانی خۆی دەبەستێ و درەنگ یان زوو هاووڵاتیانی لەڕووی داگیرکارییەکی نوێدا دەوەستنەوە کە دەوڵەتی تورکیایە و بە فڕۆکە و تانکەکانییەوە داگیری کردووە.

لێرەدا پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا تورکیا لەم پرۆسەی داگیرکارییەدا سەردەکەوێ یاخود عەفرین جارێکی دیکە ناسنامەی سەربەخۆی خۆی دەسەپێنێتەوە؟

**سەرچاوەكان:**

- د. محمد عبدو علي، الوجود الكردي في شمال سوريا: منطقة جبل الأكراد (عفرين)
- الأمير شرف خان البدليسي، شرفنامه، مطبعة نجاح، بغداد 1953.
- الأب بولس يتيم، مقالات في الآثار السورية، مطبعة الإحسان، حلب 1977
- الأب يوسف قوشاقجي والأب بولس يتيم، أبطال الله (العموديون في جوار حلب)، مطبعة الاحسان، حلب 1983.
- د. شوقي شعث، حلب.. تاريخها ومعالمها التاريخية، منشورات جامعة حلب، 1991.
- محمد أمين زكي، الجزء الأوّل، تاريخ الدول والإمارات الكردية في العهد الإسلامي، الجزء الثاني، خلاصة تاريخ الكرد وكردستان 1937. ترجمها من الكردية محمد علي عوني في عام 1945.
- جميل كنه: نبذة عن المظالم الفرنسية، الجزء الأول. مطبعة الوطن العربي، حلب 1967.
- د. شوقي شعث، قلعة سمعان، دار القلم العربي للنشر، 1991.
- فؤاد هلال ونديم نقش، دليل حلب السياحي، الطبعة الرابعة، 1997.

# کوردستانە بچووکەکەی باکووری حەلەب؛

## لە میرنشینی کوردی کلیس تاوەکو لیوای ئەکرادی عوسمانی

**بەهرۆز شوجاعی**

### پووختە

ناوچـەی عەفریـن پـاش هێرشـی تورکیـا، کەوتـە رۆژەڤـی میدیـای جیهانییـەوە و پێگەیەکـی مێژووییشـی لـە بیـری نەتەوەیـی کـورددا دروسـتکرد. عەفریـن وەک کانتۆنێـك لـە بەڕێوەبەرایەتـی خۆسـەری رۆژئاڤـادا هەرچەنـدە دیاردەیەکـی نوێـی سیاسـییە، بـەڵام ئـەو ناوچەیـە بەدرێژایـی مێـژوو تاوەکـو سـەقامگیربوونی سـەروەریی دەوڵەتـی عوسـمانیش بەشـێک بـوو لـە میرنشـینە کوردییەکانـی ناوچەکـە. میرنشـینی کـوردی کلیـس کـە عەفرینیـش بەشـێکی بـوو، لـە سـەرەتای سـەت ساڵی دوازدەهەمـدا لەلایـەن میرەکانـی کـورد سـەر بـە ئەیووبـی دامـەزراوە. ئـەم توێژینەوەیـە دەستنیشـانی دەکات

کـە پێــش دامەزراندنــی میرنشــینی کلیســیش لــەم جوگرافیایــەدا کــورد هەبــووە و نیشــتەجێبوونەکەی دەگەڕێتــەوە بــۆ ئەوکاتــەی کــە خاچپەرســتان شکســتیانخوارد و ناوچەکەیــان بەجێهێشــت.

لـەم توێژینەوەیـەدا دیـار دەبێـت کـە سـەرەڕای نەمانـی میرنشـینی کوردیـی کلیـس، حەلـەب و ناوچەکانـی باکـووری هـەر لەلایـەن هـۆزە کوردییەکانـەوە کۆنترۆڵکــراون و ئــەم لیــوا کوردییــە بەشــێکبووە لــە خاســی هومایونیــی سـوڵتانی عوسـمانی. بەشـێکی دیکـە لـەم توێژینەوەیـە تەرخانکـراوە بـۆ کوردە ئێزدییــەکان لەناوچەکانــی باکــووری حەلــەب، بەتایبــەت لــە دەوروبــەری عەفریــن و بنارەکانــی شــاخی لێلــوون، یــان ئــەو شــاخە مێژووییــە کــە بــە شـاخی سـەمعان نـاسراوە و شـوێنێکی پیـرۆزی کریسـتیانەکان بـووە. لەکۆتاییدا هەندێــک گێڕانــەوەی جوگرافینــاس و میســیۆنەری فەرەنســی ســەبارەت بــە عەفریــن؛ جوگرافیــا و دیمۆگرافییەکــەی دەخەینــەڕوو.

**وشــە کلیلییــەکان:** لیــوای ئەکــراد، میرنشــین، کلیــس، عەفریــن، ئێــزدی، حەلــەب، کوردســتان، ســەمعان.

## سەرەتا

دەستنیشــانکردنی مێژوویەکــی دیاریکــراو بــۆ نیشــتەجێبوونی کــورد لــە باکــوور و رۆژئــاوای ســووریا ئەســتەمە. بەپێــی ســەرچاوە ئیســلامییەکان کــورد لــە ســەرەتای ســەدەی دوازدەیەمــدا دەســتی بــە بڵاوبوونــەوە بــۆ ئەوبــەری رووبــاری دیجلــە کــرد، واتــە ســنووری کوردســتان بــەرەو رووهــا (ئۆرفـا) و مەڵەتـی لـەم کاتـەدا بـەرەو رۆژئـاوا فـراوان کـرا. لـەم سـەدەیەدا،

پاش سەرکەوتن بەسەر خاچپەرستاندا، سوڵتانە ئەیووبییەکان سیستەمی دەرەبەگایەتییان لە سووریا دامەزراند و بەوشێوەیە ڕێگەیان دا بە نیشتەجێبوونی چەندین هۆزی کورد، عەرەب و تورک لە ناوچە پەراوێزییەکانی سووریا. دروست لەم کاتەدایە کە سەرچاوە مێژووییەکان باس لە نشینگە کوردییەکانی بەرزاییەکانی سووریا دەکەن، بۆ نموونە حصن الاکراد (قەڵای کوردان) لەچل کیلۆمەتری ڕۆژئاوای حومس. لەوبارەیەوە گێست لە(وینتر)دا دەڵێ "ئەم ناوە پاش ساڵی 1031ی زایینی درایە قەڵاکە؛ کاتێک مرداسید ئەمیری حەلەب لەو ناوچەیە بە مەبەستی پاراستنی ڕێگەی بازرگانی، کۆلۆنییەکی سەربازی دادەمەزرێنێت، لە هەمانکاتدا قەڵای قوسەیر لە هەمان دەشت لەباشووری ئەنتاکیا پاش دەرکردنی خاچپەرستان وەک ئیقتاع دەدرێتە میرێکی کوردی هەکاری؛ بەڵام زۆرینەی دانیشتووانی، هەر کوردی ئێزدی بوون." [1] (Winter، 2005 : 245) گێست ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە " لەسەردەمی کۆنەوە ڕەوەندەکانی کورد بەرەو چیاکانی تۆرۆس کۆچیانکردووەو لەوێوەش بەرەو باشوور بڵاوەیان کردووەو لەوێ لەگەڵ گەلانی دێرینی یەکجێنشینی گوندەوارەکان تێکەڵبوونە. چەندین میری عەککار و شووف وەک (فخرالدین ابن معن) کورد بوون، چونکە تاوەکو سەدەی 17یش لەگەڵ شێخە کوردەکانیان لەدیاربەکر پەیوەندییان هەبووە".

زۆر لە شوێنەوارەکان لە قوسەیر، چیای سەهیون و شاخەکانی ناوچەی عەلەوی شایەتی نیشتەجێبوونی کورد لەم بەشەی سووریان. لەسەر نیشتەجێبوونی کورد لە سووریا"[2] (Winter، 2005: 245) کاهێنیش دەڵێ کە بەهۆی هاوپەیمانیی بەردەوامی سیاسی لە باکووری سووریا و جزیرە، بێجگە لە عەرەب، تەنیا مەملووکە کوردەکان نەبوون کە

لـەو وڵاتــە نیشــتەجێکران، بەڵکــو کۆلۆنــی ســەربازیی کوردیــش لــەوێ جێگیرکـران کـە بەنێوبانگترینیـان بنچینـەی حصـن الاکـراد (قـەڵای کـوردان) ی دانـاوە. ئـەم قەڵایـە لەلایـەن خاچپەرسـتانەوە داگیرکـرا و پاشـان وەک قــەڵای ســوارانی ســەلیبی[3] لەلایــەن فەڕەنگییەکانــەوە (ئەورووپییــەکان) ناونـراوە. بەشـێکی دیکـەی کوردیـش لـە شـاخەکانی تـۆرۆس و تەنانـەت لـە حەدیسـە نیشـتەجێبوون. بەگشـتی بەشـێکی گرنـگ لـە هێـزە سـەربازییەکانی مەملــووک کــورد بــوون."[4] (Cahen، 1940:186)

پـاش نەمانـی ئەیووبییـەکان، هەبوونـی کـورد لـە رۆژئـاوای سـووریا، لوبنـان و تەنانـەت فەڵەسـتین بەهـۆی دەوڵەتـە مەملووکییـەکان فراوانتریـش کـراوە. واتــە لــە ســەرەتای هــەزارەی رابــردوودا کــورد لــە وڵاتــی شــام هەبــووە و بەشـێکی زۆری ئـەو وڵاتـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی کوردانـی ئەیووبـی بـووە و لەسـەردەمی مەملووکەکانـدا ئـەو دەسـەڵاتە بـەردەوام بـووە، بـەڵام ئـەوەی کـە زیاتـر لـە ناوەنـدی باسـەکەی ئـەم توێژینەوەیەدایـە باکـوور- رۆژئـاوای ســووریا یــان ناوچــەی چیــای کورمێنجــە کــە لــە کۆنــدا بەشــێکبووە لــە قەڵەمڕەوی حاکمەکانـی کلیـس کـە بـە رەچەڵـەک کـورد بـوون. شـەرەفخانی بەدلیســی بەشــێکی تایبەتــی شــەرەفنامەی تەرخانکــردووە بــۆ حاکمەکانــی کلیـس کـە ئەوکاتـە رووبـەری جوگرافییەکـەی لـە کلیسـەوە بـەرەو حەلـەب فـراوان بـووە. سـەبارەت رەچەڵەکـی دەسـەڵاتدارانی کلیس، شـەرەفخان دەڵێ "شـمس الدیـن، بهاءالدیـن و منتشـا سـێ بـرا بـوون، حاکمانـی حـەکاری لـە نەوەکانـی شـمس الدیـن، حاکمانـی میرنشـینی بادینـان نەوەکانـی بهاءالدیـن و حاکمانـی کلیـس نەوەکانـی مەنتەشـا بـوون، بـەڵام پێیاندەگوتـرێ مەنـد."[5] (شــەرەفخان، 1860:221)

شــەرەفخان هەروەهــا ئامــاژە بــۆ ئــەوە دەکات کــە "مەنــد لــە ســەرەتادا

گرووپێـک لـە هـۆزە کوردییـەکان کۆدەکاتـەوە و بـەرەو شـام بەڕێدەکەوێـت. دەچێتـە مولازیمەتـی سـوڵتانی ئالـی ئەیـووب. سـوڵتانی ئەیووبـی ناحیـەی قوسـەیر کـە لـە نزیـک ویلایەتـی ئەنتاکیایـە، وەک سـنجەق بـۆ مەنـد دەستنیشـان دەکات کـە ئەویـش لەگـەڵ تابیعەکانـی لـەوێ گەرمیـان دەکـەن. بڕێـک لـە کوردانـی ئێـزدی و هەنـدێ کـوردی دیکـە کـە پێشـتر لـەوێ دەژیـان، لـە دەوری مەنـد کۆدەبنـەوە و بەیعەتـی پێـدەدەن و سـوڵتانی ئەیووبـی سـەروەری میرنشـینی کوردیـی شـام و حەلـەب دەداتـە مەنـد.. شـێخە ئێزدییەکانـی ناوچـەی حەمـا و مەرعـەش سـەرەتا شـەڕیان لەگـەڵ مەنـد کـرد، بـەڵام بـە توانایـی و شـیاویی مەنـد، لەکۆتاییـدا کوردانـی ئـەو خاکـە بوونـە موتیعـی مەنـد."(6) (شـەرەفخان، 1860:221)

چەرکەسـەکان کـە بەشـێک لـە سـوپای مەملووکـی بـوون، لـە شـامیش هەبـوون و لـە سـەدەی پازدەیەمـدا توانییـان حکومەتـی شـام بگرنەدەسـت و حەبیـب بەگـی میـری کـوردی کلیـس لـە حەلـەب دەسـتگیربکەن و بیکـوژن. هەرچەنـدە قاسـم بەگـی بـرای حەبیـب بـەگ هەوڵـدەدات میرنشـینەکە زیندووبکاتـەوە، بـەڵام سـەرناکەوێت. شـێخێکی ئێـزدی بەناوی شـێخ عیزەدین بـە پاڵپشـتی چەرکەسـەکان دەکرێتـە حاکمـی کـوردان لـەو ناوچەیـە. شـەڕ لەنێـوان قەراجـە پاشـای چەرکـەس و شـێخ عیزەدیـن لەلایـەک و قاسـم بـەگ لەلایەکـی دیکـە روودەدات. لـەم نـاوەدا سـوڵتان سـەلیمی عوسـمانی، میسر و شـام بەسـەردەکاتەوە. هـەم عیزەدیـن و هـەم قاسـم بـەگ هەوڵـدەدەن سـوڵتانی عوسـمانی قانیـع بکـەن بـە شـەرعییەتی حاکمیەتـی خۆیـان. سـوڵتان سـەلیم لـە کۆتاییـدا فەرمانـی کوشـتنی سـلێمان بـەگ دەدات و حکومەتـی ناوچەکـە دەداتـە شـێخ عیزەدیـن. بـەڵام شـێخ عیزەدیـن منداڵـی نەبـوو، بۆیـە سـوڵتان سـەلیم حکومەتەکـە دەداتـە دەسـت کەسێکی داخڵـی

خاسی هومانیونی خۆی، ئەویش کوردێک لە میرزادەکانی حەسکێف بەناوی مەلیک محەممەد بەگ بووە. لەم ناوەدا جان پۆڵادبەگ، کوڕەکەی قاسم بەگ لە دەرباری عوسمانی گەورە دەبێت و تەنانەت لەگەڵی دەچێتە غەزوەکانی بەلگراد لە سربستان و روودوس لە یۆنان. جان پۆڵاد لە سوڵتان سولەیمان داوای حکومەتی وڵاتی باپیرەی، واتە ئەیالەتی کلیس دەکات. لە کۆتاییدا سوڵتان سولەیمان رازی دەبێت و جانپۆلادەکان دەبنە نەوەی پاش حوکمڕانی عوسمانییەکان بەسەر کلیس و ناوچەکانی دەوروبەر کە تاوەکو نزیکەی حەلەب لەخۆدەگرێت. دوایین حاکمی کوردی کلیس حوسێن پاشا بوو کە لەلایەن سوڵتانی عوسمانی لادەدرێت. حوسێن پاشا پاش چەندین ساڵ زیندانیکردن لە قەڵاتی حەلەب[7]، ئازادکرا و بەپێی شەرەفخان (1860:231) لە ساڵی 1005ی هیجری (1597ی زایینی) لەکاتی نووسینی شەرەفنامەدا هێشتا زیندوو بووە.

## کورد لە رۆژئاوای سووریا لە سەردەمی عوسمانیدا

پاش داگیرکردنی سووریا لەلایەن عوسمانییەکان لە ساڵی 1516دا، هەرچەندە حاکمییەتی کورد لەسەر ناوچەکانی باکوور و رۆژئاوای سووریا کەمدەکرێتەوە، بەڵام داگیرکردنی سووریا لەلایەن عوسمانییەوە، جوڵەی هۆزە کورد و تورکەکان لە ئەناتۆلیاوە بەرەو سووریا ئاسانتر دەکات، جا چ رەوەند بن، چ نیوەڕەوند، چیش یەکجێنشین بن. ئەم گرووپانە رۆڵێکی گرنگی ئابوورییان لە کۆمەڵگەی عوسمانیدا هەبووە، بۆیە "شارە گەورەکانی وەک حەلەب هەموویان گەڕەکی کوردییان هەبووە کە ببوونە


پـردی پەیوەنـدی لەنێـوان کۆمەڵگـەی گونـدەوار و شارنشـین."[8] (Masters in Winter، 2005:245)

کــورد تەنیــا لــە دەوروبــەری حەلــەب نەژیــاون، ناوچەکانــی باکــووری حەلەبیـش بەپێـی سـەرچاوە دیرۆکییـەکان کوردنشـین بـوون. تەنانـەت تاوەکو سـەرەتای سـەدەی نـۆزدەش زۆر لـە ناوچە شـاخاوییەکانی سـووریا کوردنشـین بـوون؛ لەمبارەیـەوە جوگرافینووسـی سـویدی بەرگرێـن دەڵێـت کـە "ژمـارەی کـوردە رەوەندەکانـی سـووریا دەگاتـە 20 هـەزار رەشـماڵ. لـە هەمـوو ناوچـە شــاخاوییەکانی (ســووریا) و پاشــایەتی دیمەشــق لــە جوڵــەدان و تەنانــەت کۆچەکانیــان دەگاتــە لەوەڕگاکانــی فەڵەســتین."[9] (Berggren، 1826:291) پێـش بەرگرێـن، ئەکادیمیـی فەرەنسـی ڤۆڵنـی نووسـیویەتی کـە کـورد "لەژێـر نـاوی بەگداشـلی وڵاتـی حەلـەب و ئەنتاکیـا، شـاخەکانی رۆژهەڵاتـی بەیـلام تاوەکـو کلیسـیان داگیرکـردووە. لـەم پاشـایەتییەدا تاوەکـو پاشـایەتی دیمەشـق ژمــارەی رەشــماڵ و خانەوادەکانیــان دەگاتــە 20 هــەزار. ئەمــە جگــە لــەو ژمارەیــەی کــە بوونەتــە یەکجێنشـین."[10] (Volney : 1789 :342) بۆیــە ئــەم ناوچانــە هەندێجــار لــە ســەرچاوە عوســمانییەکاندا وەک ناوچــە کوردییــەکان ناویــان دێــت.

بەپێـی سـەرچاوە عوسـمانییەکان، نـاوی (کوردسـتان) بـۆ ئەیالەتـی دیاربەکـر و ناوچــە دراوســێیەکانی کــە لەژێــر دەســەڵاتی میرنشــینە کوردەکانــدا بــوون، بەکارهێــنراوە. کاتێــک نــاوی (کوردســتان) بەکارهێــنراوە ئامــاژە بــۆ ســێ جـۆری بەڕێوەبەرایەتـی کـردووە کـە سـێ ئاسـتی ئۆتۆنۆمیـی گەلـی ناوچەکـە لەسـەر شـێوازی بەڕێوەبەرایەتـی پێناسـە دەکرێـت. یەکـەم ناوچـەی فراوانـی ئۆتۆنۆمــی حوکمڕانــی (حکومەتــی کوردییــە[11])، کــە دانــی بــە حوکمڕانیــی سـوڵتانی عوسـمانی دانـاوە، بـەڵام نـە خزمەتـی سـەربازی و نـە هیـچ خزمەتـی

دیکـەی بـۆ سـەرای عوسـمانی پێشـکەش نەدەکـرد. دووەم، نزیکـەی 20 کانتۆنـی سـەربازی (لیـوا یـان سـەنجەق)، کـە بەڕێوەبەرەکـە لەلایـەن دەرباری عوسـمانییەوە دەستنیشـاندەکرا و سـێیەم ژمارەیەکـی میرنشـینی وارسـی[12] کـە فەرمانبـەر و کاربەدەسـتانی لەنێـو خانەدانـە بچووکـە لۆکاڵییـەکان بـۆ دامەزرانـدن دەستنیشـان دەکـران. (von Bruinessen، 1992: 157-161) لەسـەر ئـەم نیـگارە، عوسـمانییەکان هەمـان ڕێبازیـان لـە ئەیالەتـی حەلـەب، ناوچـەی کلیـس و عـەزاز بەکاردەهێنـا کـە زۆربـەی دانیشـتووانی کـورد بـوون. بـۆ نموونـە لـە بەڵگـە عوسـمانییەکاندا کلیـس وەک لیـوای کـوردان[13] (Sarınay، 2010:7) پێناسـە دەکـرا، بۆیـە وەک مورفـی (لـە وینـتردا) ئامـاژە دەکات، لیـوای ئەکـرادی باکـووری حەلـەب وەک "گرنگتریـن و پارێزراوتریـن دەسـەڵاتە کوردییەکانـی جوگرافیـای سیاسـی ئیمپراتۆریـای عوسـمانی ئامـاژەی بـۆ کـراوە."[14] (Winter، 2005:945-953) بەڵگەکانـی عوسـمانی جگـە لـە ئاماژەکانـی سـەرەوە جێگەیەکـی زۆری داوەتـە پێکهاتـەی نەتەوەیـی باکووری حەلـەب و بـە سـەدان جـار باسـی هـۆز، بنەماڵـە و میرلیـوا کوردییەکانـی ناوچەکـەی کـردووە، لەوانـە گرنگترینیـان عیزەددیـن بـەگ، میرلیـوای ئەکـراد لـە عـەزاز (Sarınay، 2010:184) و دەوروبـەری.

مێژوونووسـی ئەڵمانـی بویشـینگ لـە سـاڵی 1780دا سـەبارەت حکومەتـی حەلـەب دەنووسـێت "دانیشـتووانی حەلەب تـورک، عەرەب، جوو، کریسـتیانی یۆنانـی، ئەرمەنـی، سریانـی، مارۆنـی و فەڕەنگیـن؛ بـەڵام کـورد، تورکـمان، ڕەشـوان و دۆمیشـی لێیـە."[15] (Büsching، 1780 : 355). لێـرەدا بویشـینگ هـۆزی کـوردی ڕەشـوان لـە کـورد جیـا دەکاتـەوە کـە ئەمـە ئاماژەیەکـە بـۆ دیارنەبوونـی سـنوورە نەتەوەییەکانـی ناوچەکـە کـە پاشـان زیاتـر لەسـەری رادەوەسـتین. لەسـەر شـوێنی نیشـتەجێبوونی کـورد، بویشـینگ دەنووسـێ "لە



قريه نفس منبج، خاص عذالدين بط ميرلوايى اكراد

ناوچەکانی باشووری شارەکە لە شاخەکانی تۆرۆس دەژین، زمانی خۆیان هەیە، هەندێکیان وەک تورکەکان سوننین و ئەوانەی دیکە ئێزدین."[16]
(Büsching، 1780 : 355)

وا دیارە باکوور - رۆژئاوای سووریا، تاوەکو ئەوکاتە سوڵتانی عوسمانی یان دەستێکی دیکەی دەرەکی زۆر دەستی تێوەرنەدابێ، ئاشتی و تەبایی لەنێو خەڵکی ناوچەکەدا هەبووە، بۆ نموونە ڤۆلنی دەنووسێ " لە چیاکانی باکووری پاشایەتی حەلەبدا، هەردوو شاری کلیس و عەنتاب هەن کە دانیشتووانی پێکهاتوون لە: کریستیانی ئەرمەنی، کورد و موسڵمانەکان کە سەرەڕای جیاوازیی ئایینی، پێکەوە لە ئاشتی و دۆستایەتیدا دەژین و بەم یەکگرتنە دەتوانن لە بەرامبەر سوڵتانی عوسمانیدا خۆڕاگربن، لە دژی راوەستن و بەئاسوودەیی لە بەرهەمی مەڕوماڵات، هەنگوین، کشتوکاڵی گەنم و توتنی خۆیان خۆشی ببینن."[17] (Volney: 1788: 163)

تۆبۆگرافیـای ناوچەکـە ڕێگـەی داوە بـە نیشـتەجێبوونی گرووپـی نەتەوەیـی جیـاواز بەپێـی تایبەتمەنـدی وەبەرهێنانـی ئابـووری و شـێوازی ژیانیـان. لەسـەر ئـەم مـژارە ڤۆلنـی ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە "دانیشـتووانی سـووریا بریتیـن لـە تورکـمان، کـورد و بـەدەوی کـە شـوێنی ژیانـی جێگیریـان نییـە، لەگـەڵ مەڕومـاڵات و خێوەتەکانیـان لـە چەنـد ناوچـەی دیاریکـراودا کـۆچ دەکـەن کـە بـە موڵکـی خۆیانـی دەزانـن. تورکمانـەکان زیاتـر بـەرەو دەشـتی ئەنتاکیـا و کـوردەکان زیاتـر لـە شـاخەکانی نێـوان ئەسـکەندەرۆن و فراتـدا سـەرقاڵی ژیانـی ڕەوەندیـن."[(18)] (Volney: 1789: 336)

لەسـەر کارەکتـەری گەلەکانـی ئـەم هەرێمـە ڤۆلنـی هەندێـک زانیـاری دەدات و دەڵێـت: "کـورد وەک تورکمانـەکان کۆچـەرن، بـەڵام هەندێـک جیـاوازی لـە ڕەفتاریانـدا هەیـە. تورکـمان بـۆ کچەکانیـان جەهیـز ئامـادە دەکـەن، بـەڵام کـورد بـۆ کچەکانیـان شـیربابییەک (نەخـت) وەردەگـرن. تورکمانـەکان ئەسـڵ و نەسـەب و نەجابـەت بۆیـان گرنـگ نییـە، بـەڵام بـۆ کـورد نەجابـەت لەسـەرووی هەمـوو شـتێکەوەیە. تورکـمان ئەهلـی تـاڵان نیـن، بـەڵام حەلـەب و ئەنتاکیـا ترسـیان لـە تاڵانکـەرە کوردەکانـە. کـورد بەنـاو موسـڵمانن، بـەڵام ڕێوڕەسـم و دۆگمـە ئایینییـەکان گرنـگ نیـن بـۆ ئـەوان. بەشـێک لـە کـوردان وەک ئێـزدی نـاسراون کـە ڕێـز لـە شـەیتان دەگـرن؛ ئـەم ئایدیایـە زیاتـر لـە دەوروبـەری دیاربەکـر و سـنوورەکانی عەجەمسـتان بەربـڵاوە و گوزارشـت لـە سیسـتەمێکی دێریـن لەسـەر بنەمـای چاکـە و خراپـە دەکات کـە لەنێـو فـارس، جـوو، کریسـتیان و موسـڵمانان لـەم وڵاتانـەدا نەمـاوە."[(19)] (Volney : 1789 :342)

بەرزاییەکانـی شـارەکانی حومـس و حەمـا بگـرە تاوەکـو جەبـەل ئەکـراد لـە باکـووری لازقیـە و چیـای کورمێنـج لـە باکـووری عەفریـن، کۆنتریـن شـوێنی



قەڵای کوردان

نیشتەجێبوونی کورد لە سووریا بوون. پێشتر باس لە (حصن الاكراد) کراوە کە لە ساڵی 1031ی زایینیدا بنیاتنرا و لەسەر رێگەی ستراتیژیی حومس بۆ بەندرەکانی تەرتۆس و تەرابلوسە. وینتر بەپێی توێژینەوەکانی، دەگاتە ئەو ئەنجامە کە "دانیشتووانی ئەم ناوچانە لە سەرەتای سەردەمی عوسمانیدا هێشتا هۆزە کوردییەکانی رەوەند بوون. بۆیە تۆمارەکانی (تاپو تحریری) 1500 و 1600ی عوسمانی گوزارشت لە بوونی کۆنفیدرالی (جەماعەت) هۆزە کوردییەکانی حەسکیە وەک یەکەیەکی ئیداری جیاواز لە ناحیەی (حصن الاكراد) دەکات کە ئەو باجەی وەردەگیرا تایبەت بوو بۆ سەرای عوسمانی (خاص همایونی)."[20] (Winter، 2009:128)

لە هەمان سەردەمدا بەپێی توێژینەوەی بالانش "میرنشینی کلیسی جانپۆلادەکان، رووبەرێکی فراوان لە حەلەب بگرە تاوەکو ئەناتۆلیایان کردبووە بەشێک لە قەڵەمڕەوی حوکمڕانییان. کۆشکە بەشکۆیەکەی

جانبپــۆلادەکان لــە حەلــەب شــاهیدێکە لــەم حوکمڕانییــە. لــە ســەدەی نـۆزدەدا ئیبراهیـم پاشـای ملـی، میـری میرانـی ئـالای حەمیدیـە لـە خزمەتـی سـوڵتان عەبدولحەمیـددا لـە خەونـی ئـەوەدا بـووە حەلـەب بکاتـە بەشـێک لـە قەڵەمـڕەوی حوکمڕانییەکـەی."[21](Balanche، 2014:48) پێـش ئیبراهیـم پاشـاش لـە سـەدەی هـەژدەدا تەیمـوور پاشـای ملـی و نەوەکـەی مەحمـوود، ناوچەیەکــی فــراوان لــە جزیــرە تاوەکــو حەلــەب و ڕەققەیــان کردبــووە قەڵەمــڕەوی خۆیــان.

## تواندنەوەی کورد لەنێو گەلانی دیکەی ناوچەکەدا

پێشــتر ئامــاژە بــۆ ئــەوە کــرا کــە بویشــینگ لــە ســاڵی 1780دا ڕەشــوان وەک هۆزێکــی جیــاواز لــە کــورد پێناســە دەکات. لــە بەڵگــە عوسمانییەکانیشــدا چەندیــن هــۆزی کــورد وەک تورکــمان یــان تەنانــەت تــورک پێناســەکراون، هەرچەنــدە ئــەو هۆزانــە کــوردن. ســەرای عوســمانی لــە ســەدەی حەڤــدەدا هەوڵــدەدات خەڵکــی ناوچەکانــی دەرەوەی شــارەکان یەکجێنشــین بــکات. مەبەسـت لـەم سیاسـەتە دابینکردنـی زەوی تـازەی کشـتوکاڵ و پاراسـتنی ڕێگە گشــتییەکان بــووە بــۆ بووژاندنــەوەی بازرگانــی. بــۆ ئــەم ئامانجــە هەندێــک کۆنفیدراسـیۆنی هـۆزەکان هەڵدەوەشـێن و هەندێکـی دیکـە دادەمەزرێـن. لـە کۆنفیدراسـیۆنە تازەکانـدا، ئەندامـەکان مـەرج نەبـوو لـە هەمـان گرووپـی ئیتنیکـی بـن، بـۆ نموونـە "هەندێـک لـەو کۆنفیدراسـیۆنانە لـە کـورد و تـورک (کوردانـی بـۆزۆ و تورکـە ئەفشـارەکان) پێکهاتبـوون و هەندێکـی دیکـە لـە کـورد و عـەرەب (هـۆزی ملی/میـلان). ئۆرهـان دۆغـان ڕاگـری ئەنترۆپۆلۆژیـای مۆدێرنــی تــورک، تایبەتمەندییــە زمانــی و ئیتنییەکانــی گەلانــی ئەنەتۆلیــا

کەمدەکاتـەوە و دەستنیشـانی دەکات کـە لـە کـۆی 12 هـەزار هـۆزی ناوبـراو لــە تۆمــارە عوســمانییەکاندا تەنیــا 100یــان وەک کــورد پێناســەکراون."[22] (Winter، 2005:245)

رۆدس مورفـی، لـە لێکۆڵینەوەیەکـدا لەسـەر فەرمانـە شـاهییەکانی[23]حەلەب دیاریـدەکات کـە عوسـمانییەکان لـە سـەدەی هـەژدەدا چـۆن هەوڵیانـدەدا ناکۆکــی لەنێــوان رەوەنــدە تورکمانــەکان و خەڵکــی یەکجێنشــین ئیــدارە بــدەن. (953-Murphey in Winter، 1988: 945) هەمــان بەڵگــە دەکرێــت بـۆ شـیکردنەوەی رۆڵـی سـەربازی، پۆلیسـی و باجگیرییەکانـی لیـوای کـوردی لـە حەلـەب بەکاربهێنرێـت. لـەم بارەیـەوە وینـتر دەڵێـت "لیـوا یـان سـەنجەق یەکـەی کلاسـیکی کارگێڕیـی ویلایەتـەکان بـووە؛ سـەنجەق- بەگی هـەم دەوری والـی هـەم دەوری فەرمانـدەی سـەربازی هەبـووە.. بـۆ حکومەتـی ناوەندیـی عوسـمانی، کلیـس کـۆگای هێـزی عەشـایەری بـووە. هیـچ هەڵمەتێکـی شـاهانە بـۆ شـەڕ، بەبـێ بەشـداری سـوارە بەنێوبانگەکانـی کـوردی عوسـمانی نەدەکـرا. لـە بەهـاری 1691دا نزیکـەی 360 لـەم سـوارە کوردانـە بـۆ شـەڕی سـلانکامەن ئامادەکــراون کــە مووچەکەیــان لەلایــەن ســەنجەقی حەلەبــەوە دەدرا."[24] (Winter، 2005: 265)

سـەرچاوەکان دیاریدەکـەن کـە دەوڵەتـی عوسـمانی لـە سـەدەی حەڤـدەدا لـە ناوچـەی حەلـەب، بەتایبەتـی لـە باکـووری ئـەم شـارە، دەسـتی بـە ئەندازیاریی نەتەوەیــی لەپێنــاو بەرژەوەندییــە ئابوورییەکانــی کــردووە. کوردســتانە بچووکەکـەی حەلـەب نموونەیەکـە لـە سـەرکەوتنی تواندنـەوەی کۆمەڵگـەی گونـدەوار لەنێـو دەوڵەتـی پێـش - مۆدێرنـی عوسـمانیدا. ئەرشـیڤی عوسـمانی لەسـەر حەلـەب و هـۆزە کوردییەکانـی کلیـس زۆر دەوڵەمەنـدە، چونکـە وەک وینـتر دەستنیشـانی دەکات "بەپێچەوانـەی کۆنفیدراسـیۆنە ئۆتۆنۆمە گەورەکانی

ئەناتۆلیـا و بیابانـی عـەرەب، خەڵکـی حەلـەب و کلیـس کـە ناوچـەی چیـای کورمانجیـش بەشـێکیەتی، خۆیـان داوایـان لـە ئۆتۆریتـەی عوسـمانی دەکـرد ڕێگـە لـە گەندەڵـی لەنێـو کاروبـاری باجدانـدا بگـرن، هەرچەنـدە خۆشـیان باجیـان دەدا. داوایـان دەکـرد ناکۆکییـە نێوخۆییـەکان چارەسـەربکەن و هەوڵبـدەن "ڕێگـرەکان" سـزابدرێن. ئـەو بەرپرسـیاری کۆمەڵایەتـی- ئابـووری، بەتایبـەت بەرپرسـیاری سـەرووهەرێمی کـە درابـووە کوردێکـی حەلـەب وەک والـی ڕەققـە، گرنگیـی لیـوای ئەکـراد لـە ڕوانگـەی کارگێڕیـی عوسـمانیدا دەسـەلمێنێ."[25] (Winter، 2005: 251) وینـتر هەروەهـا دەنووسـێ کـە "ئەگـەر لیـوای ئەکـراد ئامـاژە بـە ئامێتەکردنـی کـورد لەنێـو کۆمەڵگـەی گونـدەواری عوسـمانی لـە سـاڵانی 1700دا بێـت، چیرۆکـی قوسـەیر ئاغـاش گوزارشـت لـە تواندنەوەیـان دەکات. دەسـەڵاتدارانی عوسـمانی لـە کلیـس کۆنترۆڵـی گشـتییان دابـووە گرووپـی نەتەوەیـی گـەورە و هـۆزە دەستڕۆیشـتووەکان،بەڵام بەرپرسـەکانی کۆکردنـەوەی دەرامـەت (ڤۆیڤـۆدا) بـۆ خـاس هومایونیـان (تایبـەت بـە سـەرای عوسـمانی) لەنێـو خەڵکـە خۆجێیەکانـدا هەڵدەبـژارد."[26] (Winter، 2005: 257)

واتـە بـە گوندنشـینکردنی خەڵکـی ناوچەکـە لەنێـو شـارۆچکە و گونـدەواری کشـتوکاڵیدا، پشـتگیری و دەرمارگیریـی هۆزەکـی لەنێودەبـرا و تەنیا بەشـێکیان لـە دەرەوە وەک ڕەوەنـد دەمانـەوە بـۆ خزمەتـی سـەربازی لـە هەڵمەتـە جەنگییەکانـی عوسـمانیدا. هەلومەرجـی ئابـووری و فراوانبوونـی ڕووبـەری زەوی کشـتوکاڵی، پەرەسـەندنی شارنشـینی، ئەندامانـی هۆزەکانـی بـۆ لای خـۆی ڕادەکێشـا و بـە تێکەڵبوونیـان لەگـەڵ خەڵکانـی دیکـە، ناسـنامەی زمانـی و ئیتنیکییـان لەدەسـتدەدا. ئەمـە بـۆ کـورد و بـۆ هـۆزە تورکمانەکانیـش ڕاسـتە، کـە لـە مـاوەی 100 سـاڵدا زۆربەیـان بوونـە دانیشـتووانی گوندنشـین

و ئیـتر پێوەندیـداری هۆزەکییـان لەدەسـتدا و بەهـۆی ژیانـی رۆژانـە لەگـەڵ گەلانـی دیکـەی ناوچەکـە، ناچاربـوون بـە زمانـی رایجـی[27] ئـەو سـەردەمە، واتــە عەرەبــی قســە بکــەن و لــە ناســنامەی زمانــی و کولتــووری خۆیــان دووربکەونــەوە.

## ئێزدییەکانی رۆژئاوای کوردستان

لـە جوگرافیـای رۆژئـاوای کوردسـتان و سـووریا دوو گرووپـی ئێـزدی هـەن؛ ئێزدییەکانــی جەزیــرە یــان رۆژهەڵاتــی رۆژئــاوای کوردســتان و ئێزدییەکانــی چیـای کورمێنـج لـە دەوروبـەری عەفریـن کـە مێژوویەکـی دێرینیـان هەیـە. ئێزدییەکانــی جەزیــرە خاوەنــی مێژوویەکــی نزیکــن، بــەڵام جێگیربوونــی کوردانــی ئێــزدی لــە چیــای کورمێنــج یــا کــورداخ، بەپێــی بەڵگــەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ پێـش سـەردەمی سـوڵتانەکانی ئەیووبـی. واتـە پێـش ئـەوەی میرنشـینی کـوردی لـە کلیـس دابمـەزرێ، لـەو ناوچەیـە کـوردی ئێـزدی هەبووە کــە ئاماژەکــەی شــەرەفخانی بەدلیســیش گوزارشــت لــەو مێــژووە دەکات. کاتێـک مەنـد دەبێتـە میـری ناحیـەی قوسـەیر، جەماعەتێـک لـە "کوردانـی ئێــزدی کــە لــەو وڵاتــە دەژیــان، لەســەر بیــروڕای مەنــد کۆبوونــەوە، رۆژ بـەڕۆژ کاریگـەری توانایـی و نیشـانەکانی بوێـری و ئازایەتـی (مەنـد) دیارتـر دەبـوو.. لـە سـەرەتادا هەنـدێ شـێخی ئێـزدی کـە لەنێـوان حەمـا و مەرعـەش دەژیـان، لەسـەر حکومەتـی کـوردان لەگـەڵ مەنـد کەوتنـە ململانـێ و ناکۆکـی و تەنانـەت شـەڕیان لەگـەڵ کـرد."[28] (شرفنامـە، 1860:221). لەبـارەی کـوردی ئێــزدی لــە حەمــا و مەرعــەش لــە باکــووری ناوچــەی چیــای کورمێنــج، جگــە لــە شــەرەفنامە ئامــاژەی دیکــە نییــە، بــەڵام کیلیــەن دەربــارەی ئێزدییــەکان

لـە عێـراق، کوردسـتان و سـووریا دەڵێـت: "لـە دەوروبـەری بەغـدا هـەن، لـە شـاخەکانی ساسـۆن تاوەکـو حەلـەب و لازقیـە ئێـزدی هـەن. هەندێکیـان لـە ویلایەتەکانـی دیکـەی سـووریا، ئەوانـەی دیکـە لـە کوردسـتان، لـە جەزیـرە، دیاربەکـر و پارێـزگای یەریڤـان و تەنانـەت هەنـدێ گرووپیـان گەیشـتوونەتە میـسر." [29] (Kilian، 1833:624)

لـە تۆمـارە سـەلیبیەکاندا ئامـاژە بـۆ دورزی، ئیسـماعیلی و نوسـەیری هەیـە، بـەڵام باسـی ئێزدییـان نەکـراوە، هەرچەنـدە هەنـدێ ناوچـە کـە ئێـزدی لـێ دەژیـان ماوەیـەک لەدەسـت فەڕەنگییەکانـدا بـوون. جگـە لـە بەڵگەنامـە مێژووییـەکان ئەفسـانەیەکی ناوخۆیـی ئێزدیـش لەسـەر جێگیربوونیـان لـەو ناوچەیـە، بەتایبـەت لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی سـەمعان[30] هەیـە. چیـای سـەمعان یـان بـە کـوردی چیایـێ لێلـوون، لـە ڕۆژهەڵاتـی ڕووبـاری عەفریـن، پێشـتر شـوێنی دانیشـتنی گەلێکـی کریسـتیان بـووە کـە تەنانـەت شـوێنەواری کڵێسـەی کۆنیشـی لێـماوە. گریگۆریـۆس ئەبولفـەرەج مەلاتـی یـان (ئیـبن عیـبری) لـە سـەدەی سـێزدەیەمدا ئامـاژە بـە ئێزدییـەکان دەکات کـە بـە بۆچوونـی ئـەو، فیرقەیەکـی مانیکەیـی بـوون و لـە ئێرانـەوە نەفیکـراون و ئێسـتا لـە دێـرە کریسـتیانییەکانی سـووریادا نیشـتەجێن. تەنانـەت باسـی جلوبەرگـی ژنانیـش دەکات کـە لێکچوونـی لەگـەڵ جلوبەرگـی ئێزدییەکانـی ناوچەکـەدا هەبـووە.[31] (Hebraeus،1871:220)

دەرکردنـی مانییـەکان لـە ئێـران بـۆ میزۆپۆتامیـا و سـووریا و ڕۆم دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی قەیسـەری ڕۆم ژوسـتینیان. ڕەنگبـێ گریگۆریـوس سـەردەمی ژوسـتینیان و خاچپەرسـتەکانی تێکـەڵ کردبـێ، چونکـە ژوسـتینیانی ڕۆمان پێش ئیسـلام لـەو ناوچەیـە حوکمڕانیـی کـردووە، بۆیـە هاتنـی کوردانـی ئێـزدی بـۆ شـاخی سـەمعان دەبێـت لـە کۆتایـی سـەدەی سێزدەیەم ڕوویدابێـت کـە پاش

شکستی کریستیانەکان، بەجێیانهێشتبوو. لامێنس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ئێزدییەکانی شاخی سەمعان لە بنەڕەتدا لە شنگال و میزۆپۆتامیاوە هاتوون. ئەم ناوچانە دەڤەری ناکۆکیی فەرەنگەکان و موسڵمانان بوون و لە کۆتاییدا ناوچەکە لە دانیشتووان خاڵیکراوە"، بۆیە وەک لامێنس دەڵێت: "ئەم شیکردنەوەیە (خاڵیکردنەوە لە دانیشتووان) لەگەڵ هایپۆتێزی هاتنی ئێزدی لەوکاتەدا بۆ شاخی سەمعان، یەکدەگرێتەوە."[32] (Lammens، 1907:373) فەقیرێکی ئێزدی ناوچەی عەفرین، نوسخەی میتۆلۆژی هاتنی ئێزدییەکانی بۆ رۆژێ لێسکۆ[33] بەم شێوەیە گێڕاوەتەوە: "شێخ ئادی سوڵتانی ئێزدییەکان بووە و شێخ شەرفەدینیش وەزیرەکەی. ئەوکاتە ئێزدییەکان هەموویان لە شێخان دەژیان. گرووپێک لەدژی شێخ شەرفەدین دەست بە ئاژاوە دەکەن. شێخ ئادی نامەیەک دەنێرێت بۆ ئیستەنبووڵ کە سوپایەکی بۆ رەوانە بکەن، بەو سوپایە کۆتایی بە ئاژاوە دێنێ و ناچاریان دەکات هەڵبێن بۆ حەمام و ناوچەی عەفرین و عەزاز. شێخ ئادی پاشان لە راپەڕیوەکان خۆشدەبێ، ئەوانیش دەگەڕێنەوە بۆ شێخان. هەندێکیان کە موڵک وماڵیان هەبووە، گەڕانەوە بۆ شێخان و هەندێکی دیکەش مانەوە."[34] (Lescot، 1975:205)

گریمانەی ناکۆکیی نێوان فیرقەکانی ئێزدی رەنگە هۆکارێک بووبێ بۆ ئەوەی بەشێکیان لە کوردستانەوە بچنە سووریا، بەڵام ئەو سەردەمە، واتە سەدەی دوازدە و سێزدە نە ئیستەنبووڵ لە دەستی عوسمانییەکاندا بووە و نە گریمانەی هاوکاریی عوسمانیش بۆ بەشێک لە ئێزدییەکان لە دژی گرووپێکی دیکە لە راستییەوە نزیکە. شێخ ئادی بن موسافیر، لەدایکبووی 1070ی بەعەلبەکی لوبنان، دامەزرێنەری فیرقەی عەداوییە، زۆربەی ژیانی لە بەغدا بەسەربردووە و لە شاخەکانی جۆلەمێرگ

(هـەکاری) نیشـتەجێبووە و لـە 1162ی زایینیـدا پێـش پەیدابوونـی دەوڵەتـی عوسـمانی وەفاتـی کـردووە.
ئـەوەی دیـارە تاوەکـو کۆتایـی سـەدەی دوازدە، ئـەو ناوچەیـە لەدەسـت بیزەنتیەکانـدا بـووە؛ شـاپۆ دەڵـێ: "لـە دەوروبـەری قـەڵای سـەمعان چەندیـن گونـد لەسـەر شـوێنەوار و کاولەکانـی بیزەنتـی دروسـتکراون کـە نـە بیـنراون نـە باسـیان لێکـراوە. کمـار[35] یەکێـک لـەو دێهاتانەیـە کـە مـن لـە هیـچ جێگەیـەک نەمبینیـوە و لـە نەخشـەکاندا باسـی لێوەنەکـراوە. (کمـار) گوندێکـی بچووکـی کوردانـی ئێزدییـە کـە ئایینێکـی خورافییـە و توێژینـەوەی لەسـەر نەکـراوە، بۆیـە زۆربەیـان هێشـتا وەک شەیتانپەرسـت نـاو دەبردرێـن. خەڵکـی ئـەم فیرقەیـە لـە دەشـتەکانی باکـووری حەلـەب لـە تـل عەرفـەت و نوبـل نیشـتەجێدەبن و خانـووی قـوڕ بـە شـکڵی گڵـی شـەکر دروسـتدەکەن. بـەڵام کمـار لـە شـاخەکانە و ڕێگەیەکـی بەردینـی هەیـە کـە هێڵـی حەلـەب بـۆ ئەسـکەندروونی لێـوە دیـارە. لـە نزیکـی کمار لەسـەر رووبـاری عەفریـن پردێکـی داریـن هەیـە، ئـەم پـردە پـاش رووخانـی پـردە بەردینەکـە دروسـتکراوە. کوردەکانیـش لەنـاو خـودی کاولەکانـدا دەژیـن."[36] (Chapot، 1902:184) پیردریزێتیـش شـاخی سـەمعان بـە یەکـەم شـوێنی نیشـتەجێبوونی ئێزدییـەکان لـە حەلـەب پێناسـە دەکات و دەڵـێ "لـەوە دەچـێ یەکەمجـار (ئێزدییـەکان) لـە جوومـە، کـە دەکەوێتـە پێنـج لیگیـی باکـووری حەلـەب لەسـەر رووبـاری عەفریـن، نزیـک سـتوونی سـیمن سـتیلیتی[37] پیـرۆز نیشـتەجێبووبن. بـە چـاوی خـۆم پاشـماوەی دوو شـارم بینـی کـە بەشـێوەی فەرەنگـی بنیاتنرابـوون. یەکێکیـان لەنێـو لیگـی جوومـە کـە چەنـد بەردنووسـی لێبـوو، ئـەوەی دیکـە نزیـک عەفرینـە کـە ئاسـەواری کەمـی لێماوەتـەوە. گێڕانـەوەی تـورک و ئێزدییەکانیـش پاڵپشـتی

هەستەکەی من دەکەن. پاشماوەی فەڕەنگییەکان 30 ساڵ پێش ئێستا سووتێنران، ئەو فەڕەنگیانەی کە سەروکاری میرنشینی ئورفایان کردبووو."[38] (Perdrizet، 1903:439)

وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، ئێزدییەکانی باکوور- رۆژئاوای سووریا لە سەرچاوە مێژووییەکانی فەڕەنگیدا باسیان لێوە نەکراوە، نزیکەی 400 ساڵ پاش سەرچاوە رۆژهەڵاتییەکان، لەدوای هەڵمەتی میسیۆنەری ئەورۆپییەکان بۆ ناوچەکە، هەندێ باس لەسەر ئێزدییەکانی باکوور- رۆژئاوای سووریا دیاردەبن کە یەکێک لە کۆنترینیان کتێبێک بە قەڵەمی میسیۆنەری فەرەنسی بێسۆنە لەسەر ئایینەکانی سووریا. بێسۆن جگە لە دورزی و ئیسماعیلی و کریستیانەکانی ناوچە، باسی شەمسییەکان دەکات و دەڵێت: "پاش ئەوەی باسی ئەوانەمان کرد کە بەپێی رێساکانی مانگ دەژین و ئایینەکانیان بەپێی جوڵانی ئەم هەسارەیە دەگۆڕن، نابێت شەمسییەکان لەبیر بکەین کە خۆر دەپەرستن". بێسۆن ئێزدییەکان وەک خۆرپەرست نێو دەبات و لەمەڕ شوێنی نیشتەجێبوونیان دەدوێت کە "ئێستە هەندێکیان لە حەلەب دەژین، بەڵام زۆریان گەڕاونەتەوە بۆ مێزۆپۆتامیا کە زێدیان بووە. تێگەیشتنیان زۆر ئاسانە، چونکە کتێبی (ئایینیان) نییە."[39] (Besson، 1660:56)

پانزدە ساڵ پاش بێسۆن، فێڤرێ، لەساڵی 1685دا بە وردی باسی ئێزدییەکانی ناوچەکە دەکات و لە وردەکارییەکاندا دیاریدەکات کە ئێزدییەکان "ناوی شەیتان ناهێنن و تەنیا ناڕاستەوخۆ باسی دەکەن، بۆ نموونە وەک مەلەکی تاووس ناویدەبەن... رۆژێک داوام لێکردن بمبەنە شاخی سەمعان ستیلیت، چونکە زۆر لەمێژبوو کونجکۆڵی ئەو ناوچەیە

ببــووم کــە کاتــی خــۆی پێنســەد ئایینــی لێبــووە. یەکێکیــان [ئێزدییــەک] درزێکــی لەنێــو بەردەکانــدا نیشــاندام کــە پێشــتر شــاری پڕشــکۆی بلــوا بــووە. پرسـیاری کـرد ئایا ئـاگام لـەو درزە هەیـە کـە لەنێـو بەردەکەدایـە و لەبەرچـی ئـەم درزە لـە بەردەکـەدا دروسـتبووە؟ پاشـان خـۆی وەڵامیدایـەوە و گوتــی:

> "ڕۆژێــک کافــرەکان بــەدوای ئێزدییــەک کەوتبــوون. دەیانویســت لەعنــەت لــە مەلەکــی تــاووس بــکات و تاوانــی کوفـر بـکات. بەردەکـە کرایـەوە کـە لـە دووژمنانی بشـارێتەوە و لــە باوەشــیدا بیحەوێنێتــەوە. موعجیزەکــە وای لێکــرد کــە دووژمنــان لــە هەڵەکەیــان ئــاگادار بــبن و داوای لێبــووردن لـەو کەسـە [ئێزدییەکـە] بکـەن کـە حەزیـان دەکـرد بیکـوژن. ئینجـا بەردەکـە گەڕایـەوە سـەر ڕەوشـی جارانـی و داخرایەوە، هیچــی پێــوە دیــار نەمــا جگــە لــەم درزە بــۆ ئــەوەی وەک نیشــانەیەکی هەتاهەتایــی لــە موعجیزەکــە بمێنێتــەوە. "[40]
> (321-Febvre، 1675 : 320)

قەشـەی یێسـوویتی ئیتالـی کۆرنێلیـۆ ماگنـی کـە سـاڵانی 1671 تـا 1692 لـە حەلـەب کاری مـژدەدەری ئەنجامـداوە، لـە باسـی ئێزدییەکانـدا دەگێڕێتـەوە کــە "لــە دەوروبــەری حەلــەب گەلێــک بەنــاوی یەزیــدی هــەن زۆر بــە ســەرۆکەکەیانەوە بەســتراونەتەوە. ئایینێکــی ســەربەخۆ و ســەیریان هەیــە. هەوڵمانــداوە دزە بکەینــە ناویــان، بــەڵام لێتێگەیشــتنیان ئاســان نییــە و پووچــە."[41] (394 :71-Magni، 1692)

## چەند ئاماژەیەکی مێژوویی لەسەر جوگرافیای عەفرین

عەفریـن لـە سـەردەمی میرنشـینی کلیسـدا ناوچەیەکـی سـەربەو میرنشـینە بـووە و زیاتـر لەبـەر رووبارەکـەی نـاسراوە نـەک لەبـەر شـارەکە کـە ئەوکاتـە گوندێکـی زۆر بچـووک بـووە. لەسـەر نـاوی عەفریـن قەشـەی ئەڵمانـی نـۆک لـە شـیکردنەوەیەکی مێژوویـدا دەڵێـت: "لـە کتێبـی ئەیـوب پێغەمبـەر (ایـوب 22، 24)دا باسـی رووبـاری ئۆفیـر یـان سـۆفیر کـراوە. لـە کلیـس، لـە وڵاتـی پیریکـی یۆنانـی، بـە سـێزدە کاژێـر رێپێـوان بـەرەو باکـووری حەلـەب، رووبـاری عەفریـن لـە کوێسـتانی پڕبەرەکەتـی چیـای کـورد لەنـاو لاڤـا و باسـالتەوە دێتە نێـو ناوچەی هـۆزی کـوردی جومـە لـە نزیـک دەریاچـەی ئەنتاکیـا. نـاوی عەفریـن کـە چڵێکـی رووبـاری ئۆرۆنتێـس (عاسـی)یە لـە باکـووری ئەنتاکیـا، لـە وشـەی ئۆینۆپـاروس[42] (واتـە Oin - Ofer، Uin-ófer، Ôfirquelle) هاتـووە کـە سـترابۆ باسـی کـردووە و ئەگـەر خاچپەرسـتەکان باسـی رووبـاری فەرنوس یـان فەرنایان کردبێ، یـان ناوێکـی دیکەیـان بـۆ ئۆرۆنتێـس بەکارهێنابـێ، دەبێـت ئـەو ناوانـە بـە رووبـاری عەفرین و خـوارووی رووبـاری ئۆرۆنتێسـەوە ببەسـترێنەوە." [43] (Noack،1868:52،53)

جوگرافیناســی ئەڵمانــی بووشــینگ ســاڵی 1780 لەمــەڕ ناوچــەی عەفریــن و دەوروبــەری نووســیویەتی: "دەریاچــەی ئەنتاکیــا یــان دەریاچــەی ســپی بەهــۆی رەنگەکەیــەوە، لــە باشــوور و باشــووری رۆژهەڵاتــەوە بــەرەو باکــوور و باکــووری رۆژئــاوا بەدرێژایــی چــوار لیــگ[44]و پانایــی دوو لیگــە، مارماســی گــەورەی لێدەگیرێــت و هەنــاردەی وڵاتانــی دەوروبــەر دەکرێــت. رووبارەکانــی عەفریــن، ئەسـوەد، بەگـرە و چەنـد رووبارێکـی دیکـە دەڕژێنـە نێـو ئـەو دەریاچەیـەوە و گـەورەی دەکـەن و پاشـان دەریاچەکـە دەڕژێتـەوە نێـو رووبـاری ئۆرۆنتێـس. لەسـەر ئـەم رووبـارە پردێکـی بەردیـن هەیـە کـە

ڕێگەی ئەسکەندەروون دەبەستێتەوە بە حەڵەبەوە، بەڵام تاڵانیی کوردان ڕێگەکەی نالەبار کردووە !" [45] (Büsching، 1780 : 364)

چەند ساڵێک لەدوای بوشینگ، جوگرافیناسی فەرەنسی ڤۆلنیش ئاماژە بە ناسەقامگیری ئەو ڕێگەیە بەدەست کوردەوە دەکات کە دیارە سەرچاوەی زانیارییەکانی ڤۆلنیش هەر بووشینگە، چونکە هەمان زانیاری دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت: " سێیەم ڕێگەی ئەسکەندەروون بۆ حەلەب بە دەشتەوەیە کە کوردە ڕێگرەکان چەپەڵیان کردووە؛ خۆیان لەنێو بەرد و زنارەکانی دەوروبەر دەشارنەوە و بەردەوام هێرش دەکەنە سەر کاروانەکان."[46] (Volney: 1788: 158)

بورکهارد لە ساڵی 1822دا زانیاری فراوانمان لەسەر جوگرافیا و ئابووریی ناوچەکە پێدەدات. سەبارەت شاخەکانی ناوچەی عەفرین بورکهارد دەڵێت: "ئەم شاخانە لە ئاراستەی باکوور- ڕۆژئاوادا بەدرێژایی چل میل بڵاودەبنەوە و شاخی سەمعان لە نێوەڕاستیاندایە. پانابیەکەی لەگەڵ چەندین دۆڵ و گەلیدا بە 15 تا 20 میل مەزەندە دەکرێت. لەلایەک دەگەنە دەشتی ئەنتاکیا، لە بەرامبەریشدا زنجیرە چیایەک هەن کە تاوەکو کەنارەکانی باکووری کەنداوی ئەسکەندەروون درێژەیان هەیە. ڕووباری عەفرین ئەم دەشتە ئاودەدات کە لە نزیک کلیسەوە دەستپێدەکات و دەڕژێتە دەریاچەی ئەنتاکیا. درێژاییەکەی 15 تاوەکو 20 کاژێرە."[47] (Burckhardt، 1822: 633) بورکهارد هەروەها دەڵێت ئەم ناوچانە پێشتر بەتەواوی دارستان بوون، بەڵام "بازرگانیی دار بۆ حەلەب دارستانەکەی لەنێوبردووە. ئێستا لە چیاکانی کورد، لە باکووری عەفرین دار بۆ بازاڕی حەلەب دەبرن، بەڵام ئەگەر ئەویش تەواو ببێت، دەبێ بۆ سووتەمەنی پەنا بۆ کەنارەکانی کارامانیا ببەن."[48] (Burckhardt، 1822: 634)

یەکێکـی دیکـە لـە زانیارییـە سەرنجڕاکێشـەکانی بورکهـارد ئەوەیـە کـە تورکمانەکانـی ناوچەکـە بەهـۆی کـوردەوە فێـری کشـتوکاڵ بـوون. لەوبارەیەوە دەنووسـێ کـە تورکانـی "ڕەیحانلـوو ئـەوە 10 سـاڵە روویـان کردووەتـە چانـدن و کشـتوکاڵ؛ دەنـا وەک هـۆزە تورکەکانـی دیکـە ژیانـی ڕەوەنـدی و بەخێوکردنـی مەڕوماڵاتیـان پـێ باشـترە. کشـتوکاڵ لەڕێگـەی حەیدەرئاغـاوە لەنێویانـدا بڵاوبووەتـەوە، [ئەویـش] بـە ڕێگـەی هاوسـەرگیریی کچەکـەی لەگـەڵ سـەرۆکێکی کـوردی دراوسـێی؛ هاوپەیمانییـەک دروسـتبووە، ئینجـا تورکەکانیـش دەرفەتیـان بـۆ ڕەخسـاوە کشـتوکاڵ لـە کـوردەکان فێربـن."[49] (Burckhardt، 1822: 637)

بورکهـارد کـە لـە شـاخەکانی سـەمعانیش گـەڕاوە، دەڵێـت کـوردی ئـەم ناوچەیـە لەمێـژە وازیـان لـە بەکارهێنانـی تیروکـەوان هێنـاوە، کەچـی هێشـتا هـۆزە تورکمانـەکان بـە تیروکـەوان شـەڕ دەکـەن. سـەبارەت شـوێنی نیشـتەجێبوونیان دەڵێـت: "کـورد لـە دەشـتی عەفریـن و لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی دەوروبەریشـی بڵاوەیانکـردووە. لـە خێـوەت و لـە دێهـات دەژیـن، یەکجێنشـینن و هەموویـان سـەرقاڵی کشـتوکاڵ و بەخێوکردنـی مەڕوماڵاتـن. لـە چـوار هـۆز پێکهاتـوون، لەنێویانـدا [هـۆزی] شـووم، کـە لـە دەشـت دەژیـن لـە هەموویـان بەهێزتـرە. کـورد لەچـاو تورکمانـەکان ڕەفتارێکـی پـڕ جـۆش و زیندوویـان هەیـە." [50] (Burckhardt، 1822: 646)

گەڕیـدەی سـویدی بەرگرێـن لـە سـاڵی 1826دا دەنووسـێ کـە بەشـێک لـە کوردانـی ئـەم ناوچەیـە "زسـتانان لـە کولبـە و کەپـرەکان لـە شـاخەکانی نێـوان بەیـلام و کلیـس، لـە دەشـتاییەکانی نزیـک رووبـاری عەفریـن دەمێننـەوە."[51] (Berggren، 1826:292)

تامسـن لـە سـەدەی هەژدەیەمـدا بـاس لـە ژیانـی جووتیـاری کـوردی عەفرین

دەکات و دەڵێت دۆڵی گودەری و عەفرین کە "زۆر بە بەرەکەتە، زۆربەی بۆ کشتوکاڵ تەرخانکراوە، جووتیاری کوردی لێدەژین."[52] (Thomson، 1838:58) رۆبینسۆن لە ساڵی 1837دا نووسیویەتی کە گوندەکانی جسر الحدید (پردی ئاسنی) لەسەر رووباری عاسی، کوردن و بە موتەسەلیمی ئەنتاکیاوە گرێدراون.[53] (Robinson، 1837: 318)

## کۆبەند

ئەم توێژینەوەیە ئاماژەیەک بوو لە سەردەمی نیشتەجێبوونی کوردی موسڵمان و ئێزدی لە باکوور - رۆژئاوای سووریا و پەرەسەندنی دەسەڵاتیان لەو ناوچانە. توێژینەوەکان دەریدەخەن نیشتەجێبوونی کورد لەم ناوچەیە لە چەند شەپۆلێکدا روویداوە کە کۆنترینیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەزارەی رابردوو.

پاش ئەیووبییەکان، میرەکانی میرنشینی کلیس حاکمی ئەم دەڤەرە بوون و لەسەردەمی عوسمانیشدا لەژێر ناوی لیوای ئەکراد (کانتۆنی کوردان) لە باکووری حەلەب دەسەڵاتێکی نیوە سەربەخۆی کوردی هەبووە. بەڵام عوسمانییەکان لەپێناو بەرژەوەندی ئابووری و سیاسیی خۆیان، بەرە بەرە لە دەسەڵاتی ئەم کانتۆنەیان کەمکردەوە و پاش هەڵمەتی تەنزیماتی عوسمانی لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا هیچ ئاسەوارێک لە حکومەتی کوردان لە کلیس و حەلەب نامێنێتەوە.

ئیرۆنییەکی مێژووییە کە زیاتر لە 500 ساڵ پێش ئێستا، لە باکوور-رۆژئاوای سووریا کانتۆنێک (لیوا) بەناوی لیوای ئەکراد هەبووە و عەفرین بەشێک بووە لەو کانتۆنە. لیوای ئەکراد بەدرێژایی مێژوو، رووبەرێکی

فراوانـی جوگرافییەکـەی لەدەسـتداوە و لـە جوگرافیـای بەرتەسـکی عەفرینـدا زیندووکراوەتـەوە کـە ئەمـڕۆ ئەویـش داگیرکـراوە و هەڕەشـەی سـڕینەوەی لەسـەرە.

**پەراوێزەکان :**

1- C›est au tout début de ce mouvement que l›on trouve les premières attestations historiques d›implantations kurdes dans les hauts-pays: Ie Hisn al-Akrad, Ie " château des Kurdes " à quelques 40 km à l'ouest de Homs, reçut ce nom à partir de 1031 quand Ie prince Mirdaside d›Alep y fixa une colonie militaire pour protéger les routes marchandes de la région. Ailleurs, Ie château de Qusayr sur Ie plateau du même nom (au sud d›Antioche) fut donné en fief à un chef kurde de Hakkari peu aprés I›expulsion des Croisés : or, sa population était déjà en majorité kurde de la secte yézidi.

2- II est probable que depuis la haute Antiquité des émigrations a petite échelle ont acheminé des nomades kurdes vers les montagnes du Taurus et ensuite vers le sud, où ils se sont amalgamés culturellement avec les populations rurales plus anciennes. Plusieurs des émirs de l›Akkar et du Şuf étaient d›origine kurde, tel Fakhreddin ibn Ma›n, qui restait toujours en contact avec un şêx kurde à Diyarbekir au XVIIe siècle. De nombreux noms de lieux dans Ie Qusayr, le Mont Sahyun et la montagne alaouite témoignent égalernent d›une longue présence kurde dans l›arrière-pays syrien.

3- Krak des Chevaliers

4-… la fréquente union politique de la Syrie du nord et de la Djéziré provoque l›établissement en Syrie non seulement de mamloûks kurdes, mais aussi de colonies militaires kurdes, dont l›une est au xie siècle à l›origine de la fondation de Hiçn al-Akrâd, le futur Krak des Chevaliers ; d›autres kurdes habitent le Taurus, par exemple à Hadathâ ; et, en dehors du Kurdistan proprement dit, ils sont très nombreux en Diyâr Bakr. Aux clans militaires il faut ajouter aux XII-XIIe sièces les mamlouks kurdes et turcs fieffés.

5 - شمس الدین و بهاءالدین و منتشا سه برادر بودند، حکام حکاری از نسل شمس الدین و باصطلاح اکراد ایشانرا شمو و حکام عمادیه که از نسل بهاءالدین اند ایشانرا بهدین و حکام کلیس که از نسل منتشا اند ایشان را مند میخوانند.

6 - مند در مبادی حال گروهی از طایفه اکراد بر سر رایت خود مجتمع نموده بجانب مصر و شام رفت و در آنجا ملازمت سلاطین آل ایوب اختیار کرده آن سلاطین معدلت آیین ناحیهء قصیر را که قریب بولایت انطاکیه واقع شده جهت سنجاغ مند معین کرد که با تابعان خود در آنجا قشلاق نمایند و از جماعت اکراد یزیدی جماعتی که در آن دیار متوطن بودند بر سر رایت مند جمع گشته روز بروز آثار قابلیت و سداد و علامت شهامت و رشادت او متزاید شده اکرادی دەر جوم و کلیس

نیـز بودنـد عمومـا توجـه بجانـب او کردنـد و از سـلاطین ایوبیـه عنایـت و مرحمـت شـامل حـال و کافـل آمـال منـد گشـته اورا بـه امـارت اکـرادی کـه در محروسـه شـام و حلـب بـود مفتخـر و سرافـراز گردانیـده ... در اوایـل بعضـی از شـیخان یزیـدی کـه در مابیـن حـما و مرعـش سـاکن بودنـد بـر سریـر حکومـت اکـراد بـا منـد در مقـام منازعـه و مناقشـه در آمـده بعضـی اوقـات (آغـاز) جنـگ و جـدال و بنیـاد حـرب و قتـال کردنـد. آخـر منـد ایشـانرا بقهـر و لطـف و احسـان و عنـف مطیـع و منقـاد خـود سـاخت.

7 - حسـن آغـا حسـب الفرمـان قضـا جریـان حسـین پاشـا را در قلعـهء حلـب مقیـد گردانیـده در امـر خـون قمیـزه حسـب الـشرع چیـزی بـدو لازم نیامـد و حالیـا کـه تاریـخ هجـری در سـنه خمـس و الفسـت در قیـد حیاتسـت و همچنـان معـزول در مامـلـک محروسـهء سـلطانی اوقـات میگذرانـد.

8- Les grandes villes comme Alep avaient toutes leur quartier kurde dans la périphérie, lieu de contact et d›échange entre les sociétés rurales et citadines.

9- I Syrien skola de uppgå till 20.000 tält. De irra omkring öfverallt i Aleps w Damas' Paschalik, och komma ända ned till Palaeſtinas betesmarker.

10- On les redoute à ce titre dans le pays d›Alep & d›Antioche, où ils occupent , ſous le nom de Bagdachlié, les montagnes à l›eſt de Beilam, juſques vers Klés. Dans ce pachalik & dans celui de Damas , leur nombre paſſe 2o mille tentes & cabanes, car ils ont auſſi des habitations ſédentaires; ils ſont cenſés Muſulmans, mais ils ne s›occupent ni de dogmes ni de rites.

11 - کرد حکومتی

12 - اکراد بکلیگی

13- Osmanlı Devleti›nin bölgeyi fethettiği andan itibaren Halep livası içerisinde olan A'zaz ve Cum nahiyeleri 1536 tarihinden itibaren ayrı bir liva olarak taşra teşkilâtındaki yerlerini almıştır. A'zaz nam-ı diğer Ekrad/Ekrad ve Kilis livalarına ait bölgeler TD 93 numaralı Hicrî 924 tarihli mufassal defterde şu sayfalardadır: A'zaz nahiyesi (201281-), Cum nahiyesi (323343-) ve Killiz nefs (205210-). TD 146 numaralı
ve 933 tarihli mufassal defterde ise A'zaz nahiyesi (490648-), Cum nahiyesi (748799-) ve Killiz nefs (594-
600) bulunmaktadır.

14- " Kilis, nom me aussi Ie Canton des Kurdes " (diğer nam liva-ı Ekrad), comme I›appellent très souvent les documents ottomans, eſt devenu de par sa situation géographlque l›un des pays kurdes les plus importants et les mieux integrés de l›Empire.

15 - Les habitans ſont turcs , ou arabes, ou juifs, ou chrétiens grecs; arméniens , ſyricns, maronites & francs: on y trouve auſſi des Kurdes, des

Turkomans, des Rufchowans & des Tfchingans ou Zigaunes.
16- Les Kurdes habitent le pays au nord de la ville, & dans une partie du mont Taurus, ils ont leur langue particuliere, & comme les Turcs, font dela fecte des fumuis, ou yefides.
17 -In the mountains which terminate the Pachalic of Aleppo to the north, we find Kles and Aentah, two considerable villages. They are inhabited by Armenian Christians, Curds, and Mahometans, who, notwithstanding the difference of their religions, live in friendship, and, by their union, are enabled to resist the Pacha, whom they often brave, and enjoy in tranquillity the produce of their flocks, bees, and a few cultivated spots on which they grow corn and tobacco.
18- Les Turkmas, les Kourdes & les Bedouins n›ont pas de demeures fixes , mais ils errent fans ceffe
avec leurs tentes & leurs troupeaux dans des diftricts limités dont ils fe regardent comme les propriétaires : les hordes Turkmanes campent de préférence dans la plaine d›Antioche ; les Kourdes, dans les montagnes, entre Alexandrette & l›Euphrate.
19- Comme les Turkmans, ces Kourdes font pafteurs & vagabonds; mais ils en different par quelques points de mœurs. Les Turkmans dotent leurs filles pour les marier. Les Kourdes ne les livrent qu›à prix d›argent. Les Turkmans ne font aucun cas de cette ancienneté d›extraction qu›on appelle nobleffe ; les Kourdes la prifent par-deffus tout. Les Turkmans ne volent point ; les Kourdes paffent prefque par-tout pour des brigands. On les redoute à ce titre dans le pays d›Alep & d›Antioche, où ils occupent , fous le nom de Bagdachlié, les montagnes à l›eft de Beilam, jufques vers Klés. Dans ce pachalik & dans celui de Damas , leur nombre paffe 2o mille tentes & cabanes, car ils ont auffi des habitations fédentaires ; ils font cenfés Mufulmans, mais ils ne s›occupent ni de dogmes ni de rites. Plufieurs parmi eux , diftingués par le nom de Yazdié , honorent le chaitán ou Satan , c›eft-à-dire , le génie ennemi ( de Dieu ) : cette idée, confervée fur-tout dans le Diarbekr & fur les frontieres de la Perfe , eft une trace de l›ancien fyftême des deux principes du bien & du mal, qui , fous, des formes tour-à-tour perfanes , juives , chrériennes & mufulmanes.
20- Les hauts plateaux à l’ouest des villes de Hama et de Homs au centre de la Syrie comptent parmi les régions de colonisation kurde les plus anciennes sur le territoire syrien ; nous avons déjà mentionné la colonie militaire de Ḥiṣn al-Akrād, fondée en 1031, qui est située sur la route importante entre Homs et les ports méditerranéens de Tartus et de Tripoli. Au début de la période ottomane, cette région était encore peuplée par des tribus nomades kurdes isolées. Ainsi, des cadastres ottomans (Tapu Tahrir) du début du XVIe et du XVIIe siècle enregistrent la confédération tribale

(cemaat) kurdes des Hesekîye en tant qu'unité fiscale séparée du district (nahiye) de Ḥiṣn al-Akrād. À l'instar de la plupart des tribus nomades et semi-nomades en Syrie, les impôts des Hesekîye n'étaient pas destinés au gouvernement de la province, mais directement à la caisse privée de la cour ottomane (Hass-ı Hümayun). Là, ils étaient utilisés, entre autres, pour financer les institutions de bienfaisance religieuses de la famille du sultan.
21- Au XVIe et au XVIIe siècles, les émirs Janbulad, Kurdes de Kilis, s'étaient constitué un territoire conséquent autour d'Alep et jusqu'au centre de l'Anatolie, dont témoignent encore aujourd'hui les vestiges impressionnant du palais Janbulad à Alep. Au XIXe siècle également, Ibrahim Pacha, chef des tribus Milli, organisateur de la cavalerie Hamidiyyé au service du sultan Abdul Hamid, avait rêvé d'avoir Alep dans son territoire, mais s'était contenté de Viranshehir (Yenishehir), sa ville à l'est d'Urfa pas très loin hors de la limite nord orientale du vilaya d'Alep (voir infra, Azad Ahmad 'Ali).
22- Certaines se composaient de tribus turques et kurdes (tels les Bozulus et les Afşar) ou arabes et kurdes (les Milli/Millan). Orhan Turkdogan, doyen de l›anthropologie turque moderne, minimise les spécificités linguistiques et ethniques des peuples anatoliens et indique que seulement une centaine des 12 000 tribus réperees par les registres d›Impôts ottomans du XVIe-XVIIe siècle portaient la désignation " kurdes ".

23 - أوامر سلطانيه
24- Le liva ou sancak (= "drapeau ") était l›unite de base de I›administration provinciale classique, le sancak-begi étant en même temps gouverneur et commandant d›armée … Pour le gouvernement central, Kilis représentait avant tout un réservoir d›auxiliaires tribaux. Aucune campagne impériale ne se déroulait sans la participation de ses fameux cavaliers mercenaires (savari) kurdes. Au printemps 1691, on mobilisa 360 d›eux pour la guerre à Slankamen.
25- De plus, les petites tribus kurdes de Kills, à l›inverse des grandes confédérations autonomes de l›Anatolie ou des déserts arabes, solicitèrent elles-mêrnes les autorités ottomanes pour redresser les abus fiscaux dont elles étaient victimes ainsi que pour arbitrer dans les disputes locales. Finalement, les efforts déployés pour châtier les "brigands" socio-économiques, et surtout la responsabilité extraterritoriale accordée au gouverneur de Raqqa pour les Kurdes d›Alep, soulignent l›importance dont jouissait le liva-i Ekrad dans la vision administrative ottomane.
26- Si Ie Liva-i Ekrad sert à illustrer l'intégration des Kurdes dans la société rurale ottomane au XVIIIe siècle, I›histoire des axa du Qusayr montre plutôt leur assimilation. À Kilis, les autorités ottomanes s›appuyèrent sur

des structures de contrôle propres aux grands rassemblements ethniques et tribaux, faisant gouverner le district par un voyvoda autochtone et le rattachant fiscalement aux hass-i humayun irnperiales plutôt qu›a une intendance provinciale.
27- Lingua franca

28 - بڕوانە ژمارەی ٥.
29- ... il y a Yézidis aux environs de Bagdad, et depuis cette ville jusqu'à la montagne de Sassoun, non loin d'Alep ; quelques-un poussent jusqu'à Alep même et justqu'à Ladikièh, d'autres son dans des cantons plus mérid. De la Syrie, d'autres dans le Kurdistan, le Djéziréh, le Diarbekir, la prov. d'Érivan ; d'autres enfin pénétrent par petites bandes jusqu'en Égypte.
30- Mont St. Siméon.
31- Porro tempore Justiniani hæresis " Barburianorum " qui syriace vocantur " Maliunaie " et sunt surculus Manichæorum ; isti e Perside expulsivenerunt in Armeniam et exinde in Syriam, ubi quæ invenereunt monasteria invaserunt et inhabitarunt. Deferunt autem ipsi et ecorum uxores vestes nigras sicut monachi et quotannis die quadam fixa festum celebrant.
32- C'est donc postérieurement à la domination latine en Syrie, à la suite des guerres incessantes, qui en amenérent la fin et dont un des théâtres fut cette marche—frontière, sans cesse disputée entre les belligérants francs et sarrasins, que nous mettrions la dépopulation du Mont St Siméon. Cette explication, nous le verrons plus loin, cadre assez bien avec l'hypothèse, adoptée par nous pour arriver à fixer le terminus a quo de l'arrivée des Yézidis dans la montagne de St Siméon.
33- Roger Lescot
34- " De son vivant, Şêx Hadi était sultan des Yezidis et Şerfedîn son vizir. Tous les Yezidis résidaient alors au Cheikhan. Des factieux se soulevèrent contre Şerfedîn. Şêx Hadi écrivit à Stamboul. On lui envoya une armée, à l'aide de laquelle il réduisit les rebelles et les força à s›enfuir. Ceux—ci allèrent s›installer à el Hammâm et occupèrent peu à peu toute la région de 'Afrîn, y compris 'Azâz. Plus tard, Şêx Hadi amnistia les révoltés et leur permit de rentrer au Cheikhan. Ceux qui y avaient laissé des biens regagnèrent leur ancienne patrie, les autres restèrent. "
35- Kimmar
36- Les villages encombrés de ruines byzantines sont, aux alentours du Kalât Sem›ân, tellement nombreux que beaucoup n›ont été ni signalés ni visités Parmi ces derniers, je puis nommer Kimniar, que nulle part je n›ai vu cité ; aucune carte ne l›indique. C›est une petite agglomération de Kurdes Jazides ou Yézidis, pratiquant une superstition mal étudiée, qui les fait

encore désigner sous le nom d› "adorateurs du diable". Lorsque des gens de cette secte s›établissent en plaine, ils se construisent des maisons de terre en forme de pains de sucre, comme j›en ai observé notamment à Tell Arfat et à Nebbol, au Nord d›Alep. Mais Kimmar est en pleine montagne et on y arrive par des sentiers rocailleux serpentant le long du massif, d›où l›on voit au loin la ligne blanche de la roule d›Alep à Alexandretle ; près de là cette route trn\erse le Nahir Afrin sur une passerelle en bois, improvisée apiès l›écroulement du pont de pierre. Les Kurdes habitent les ruines elles-mêmes qui couvrent une surface assez considérable.

37- St. Siméon Stilite

38- Je tien aussi pour très probable qu'ils s'etbalirent vers Joumé, à cing lieües d'Alep, sur le fleuve Afrin, proche de l'admirable colonne de Saint Siméon Stilite. Et en effet j'y ay veu les restes de deux villes basties à la facon des Francs, l'une qui n'est qu'à un demie lieüe de Joumé, où il ya d'assez beaux restes de bastimens avec quelques inscriptions que je n'ay pas trouvées, n'ayant pas eu le loisir de m'y arrester ; l'autre qui est encore plus proche de l'Afrin, dont on ne voit que certains grand sépulchres au milieu de ruines. La tradition des Turcs et des Iasidies de cet endroit appuye mon sentiment d'autant que ceux-là, comme je l'ay appris sur le lieu, brûlèrent, il y a environ 30 ans, le cendres qui restoient de nos Francos, amistres des païs voisins de la principauté d'Orpha, et ceux-cy ont convervé un amour merveilleux pour notre nation.

39- Les Schamsies. Apres avoir touché un mot de ceux qui ne viuent que par la regle des Lunes , & ordonnent leur Religion par les mouvemens de cette Planete changeante : il ne faut pas oublier les Schamſiës , c›eſt à dire , les Adorateurs du Soleil. Il s›en trouve peu maintenant dans Halep, la pluſ-part s'eſtans retirez en leur pays , dont ils ſont originaires vers la Meſopotamie. Il eſt tresmal-aiſé de les conuertir , dautant qu›ils n›ont ny Livre ny Loy. … La parole de Dieu fructiſiera en ſon temps , & le Soleil de Juſtice ortera ſes lumieres dans les yeux de ces peuplés aveuglez.

40- Voila le ſentiment des plus capables d'entre-eux ; car quant aux autres , ils ne prononcent pas même le nom du Diable, & ne parlent de luy que par circonlocution, en l›appellant, l›Ange Paon, ou celuy que vous ſçavez , celuy que les ignorans maudiſſent p, &c. Me trouvant un jour avec eux à ſaint Simeon Stilite , oú je les avois priay de me conduire, pour ſtisfaire à la curioſité & à la devotion que j›avois depuis long-temps , de voir ce beau Convent, où demeuroient autrefois cinq cens Religieux ; l'un d'eux m›ayant fait remarquer une fente dans le Rocher de la Montagne , au bas de laquelle eſtoit autrefois une Ville de la grandeur de Blois, dont nous conſiderions les ruïnes, me demanda ſi je ſçavois l'origine de cette fente, & pourquoy elle s›eſtoit raite en cétendroit : Surquoy luy ayant répondu que

non , il me raconta qu'un Iezide eſtant un jour pourſuivy par des infidelles, qui vouloient l›obliger à maudire l›Ange Paon, & à proferer contre luy des blaſphemes, la pierre s›entre-ouvrit pour le mettre à couvert de la perſecution de ſes ennemis , & le Rocher luy fit place dans ſon ſein, prodige, qui eſtonna ſi fort ces incredules , qu'ils ſe convertirent à l'heure même , reconnurent leur faute , & demanderent pardon à celuy qu›ils vouloient mettre à mort; lequel eſtant reſorty de cette Cellule miraculeuſe , lc Rocher ſe rejoignit , & retourna en ſon premier eſtat : en ſorte qu›il ne reſta plus rien que cette fente, pour marque perpetuelle de ce miracle.

41- Scorrono in vicinanza d'Aleppo certi popoli raminghi sotto lor determinati Capi, detti Jesedini. Porfeſſano queſti un Religione à loro modo, veramente ridicola, e ſtrana nelle ſue circoſtane.

42 - Oinoparus

43- Lassen wir uns darum den „Ôfîr- oder Sôfirstrom" nicht entwischen, den der Verfasser des Jôbsbuches kannte! (Jöb 22, 2 4.) Von Killis her, aus der kyrrhestischen Landschaft der alten Griechen, dreizehn Stunden nördlich von Haleb, strömt vom fruchtbaren Alpenweidelande der kurdischen Berge durch das Lava- und Basaltgeröll der Wohnsitze des kurdischen GhumyStammes der Bergstrom Afrin dem Antiochener See zu. In dem Namen Afrin ist der bei Strabön genannte nordantiochenische Oronteszufluss Oinoparus (d. h. Oin - Òfer, Ùin-òfer, Òfîrquelle) nicht zu verkennen ; und wenn Kreuzfahrerschriftsteller von einem dortigen Flusse Fernus oder Ferna als einem andern Namen des Orontes selber reden; so scheint diess auf einen frühern unmittelbaren Zusammenhang des Àfrinstrombettes mit dem untern Oronteslaufe hinzudeuten und eine Bemerkung zu bestätigen, die der Geschichtschreiber der Bauten des Kaisers Justinian gemacht hat.

44- leage

45- Le lac d'Antioche, ou lac Blanc dela couleur de ſes eaux , s'étend du ſud ſud-eſt, au nord nord-oueſt , & a quatre lieues de›long ſur deux de large: les groſſes anguilles qu'on y pèche ſe tranſportent ſalées dans les pays voiſins. Il y reçoit l'lfrin , l'Eſüed, ou Bagra & divers ruiſſeaux: il en ſort une riviere qui ſe groſſit encore de quelques ruiſſeaux & s'unit à l'Oronte : ſur cette riviere eſt un pont de pierre qui joint le chemin le plus court d'Alexandrette à Halep , mais les pillages des Kurdes fait qu'on ne le ſuit pas.

46- Thirdly, The road from Alexandretta to Aleppo, by the plain, is infested by Curd robbers, who conceal themselves in the neighbouring rocks (g), and frequently attack and plunder the strongest caravans.

47- These hills extend in a N. W. direction, above forty miles, the mountain of St. Simon (جبـل صمعـان), is in the midst of them. Their average breadth, including the numerous valleys which intersect them, may be estimated at

fifteen or twenty miles. They lose themselves in the plain of Antiocli, which is bounded on the opposite side by the chain of high mountains, extending along the southern coast of the gulf of Scanderoun. The river Afrin (عفرين) waters this plain ; its course from the neighbourhood of Killis to where it empties itself into the lake of Antioch, is fifteen or twenty hours in length.

48- Thirty years ago the hills which they now inhabit were partly covered with wood ; the trade of firewood with Aleppo, however, has entirely consumed these forests. At present they cut the wood for the Aleppo market, in the mountains of the Kurds on the northern side of the Afrin, and when that shall fail, Aleppo must depend for its fuel upon the coast of Caramania.

49- It is only about ten years, that the Ryhaulu have cultivated the land ; like the other Turkman hordes they had always preferred the wandering life of feeders of cattle. Agriculture was introduced among them by the persuasion of Hayder Aga, whose daughter having married a chief of the neighbouring Kurds, an alliance took place, which enabled the Turkmans to perceive the advantages, derived by the Kurds from the cultivation of the soiI.

50- The Kurds have spread themselves over some parts of the plain which the Afrin waters, as well as some of the neighbouring mountains. They live in tents and in villages, are stationary, and are all occupied in agriculture and the rearing of cattle. They form four tribes, of which the Shum, who live in the plain, are the most considerable. The Kurds seem to be of a more lively disposition than the Turkmans.

51- Under vintertiden tillhålla de uti hyttor, i bergen mellan Bejlam och Kles, på slätten omkring Afrin-elfven.

52- The second region comprises the country of ostracite limestone and feldspath pyroxenic rocks, in the valley of Ghuidaries and the Aphrean, having a mean elevation of 450 feet. This district is extremely fertile, for the most part cultivated, and inhabited by agricultural Kurds.

53- March 25.—Descending into the plain, and continuing our route westward, after fording with difficulty many small but deep torrents that fall from the mountains to the south, at the end of four hours, we reached the Nahr-el-Aaszy, the Orontes, which we crossed by a stone bridge, called Djissr-el-Hadeed, " the Iron Bridge," so named from its gates (one at either end), which are coated with iron. It was lately rebuilt by a Frank engineer, an inhabitant of Aleppo. On the west side of the bridge is a village of Kurds, tributary to the Mutzellimof Antioch.

## سەرچاوەکان:


Berggren، J. (1826). Resor i Europa och Österländerne. Stockholm: Sam Rumstedt

Besson ; Joseph. (1660). La Syrie Sainte ou la Mission de Jesus et des Peres de la Compagnie de Jesus en Syrie. Paris : Jean Henault.

Balanche، Fabrice. (2014). Alep et ses territoires : une métropole syrienne dans la mondialisation. de Alep et ees Territoires. (ed. Jean-Claude David et Thierry Boissière). Beyrouth-Damas : Presses de l'Ifpo، Institut français du Proche-Orient.

Burckhardt، John Lewis. (1822). Travels in Syria and the Holy Land. London : John Murray.

Büsching، Anton Freidrich. (1780). Geographie l'Empire Ottoman، l'Arabie et la Perse. Vol VIII. Traduit par Berenger. Lausanne : La Société Typographique.

Cahen، Claude. (1940). La Syrie du Nord، a l'époque des Croisades et la Principauté d'Antioche. Paris : Geuthner.

Chapot، Victor. (1902). Antiquités de la Syrie du Nord. In Bulletin de Correspondence Hellénique. Vol. 26. /www.persee.fr/doc/bch_0007-1902_4217_num_26_1_3362، accessed 172016/05/

Febvre، Michel. (1675). L'Estat Présent de la Turquie. Paris : Edme Courterot.

Guest، John. (1987). The Yezidis : A Stuy in Survival. New York: Kegan-Paul.

Kilian، A.، J. (1833). Dictionnaire géographique universel contenant la description de tous les lieux du globe. Tom. X. Paris : Société de Géographes.

Lammens، Henri. (1907). Le Massif du Gabal Sim'an et les Yézidis de Syrie. In Mélanges de la Faculté Orientale. Université saint-Joseph (Beyrouth). Paris : Paul Geutner، London : Luzac and Co.، Leipzig : Otto Harrassowtz.

Lescot، Roger. (1975). Enquête sur les Yezidis de Syrie et du Djebel Sinjâr. Beyrouth : Librarie du Liban.

Magni، Cornelio. (1692). Quanto di più curioso، e vago hà potuto raccorre Cornelio Magni nel secondo biennio da esso consumato in viaggj، e dimore per la Turchia. In Parma: Alberto Pazzoni & Paolo Monti.

Masters، Bruce. (1987). "Patterns of Migration to Ottoman Aleppo in the 17th and 18th Centuries". International Journal of Turkish Studies. Madison: University of Wisconsin.

Murphey، Rhoads. (1988). "Reflections on Ottoman Tribal Policy as

Recorded in the Eighteenth Century Law Court Records of Aleppo”. In IX Türk Tarih Kongresi / 21- 25 Eylül 1981: Kongreye Sunualn Bildiriler. Vol 2. Ankara: Türk Tarih Kurumu.
Noack، Ludwig. (1868). Von Eden nach Golgatha، Biblisch-geschichtliche Forschungen. Leizig: Otto Wigand.
Perdrizet، Paul. (1903). Documents du XVIIe Siècle Relatifs Aux Yézidis. Bulletin de la Société de Géographie de l’est. Vol 25. Nancy : Université de Lorraine.
Perrier، Ferdinand. (1842). La Syrie sour le gouvernement de Méhémet-Ali. Paris : Arthus Bertrand.
Robinson، George. (1837). Travels in Palestine and Syria. Vol II: Syria. London: Henry Colburn.
Sarınay. Yusuf. (2010). 397 Numaralı Haleb Livâsı Mufassal Tahrîr defteri (9431536/). Dizin ve Transkripsiyon. vol I. Ankara: Osmanlı Arşivi Daire Başkanlığı.
___________. (2010). 397 Numaralı Haleb Livâsı Mufassal Tahrîr defteri (9431536/). Tıpkıbasım. vol II. Ankara: Osmanlı Arşivi Daire Başkanlığı.
Thomson، William Taylor. (18371843-). An Account of a Line of Levels، Carried across Northern Syria، from the Mediterranean Sea to the River Euphrates. Abstracts of the Papers Printed in the Philosophical Transactions of the Royal Society of London. London: Royal Society Publishing.
van Bruinessen، Martin. (1992). Agha، Shaikh and State : The social and Political Structures of Kurdistan. London & New Jersey: Zed Books.
Veliaminof-Zernof، V. (1860). Scheref-Nameh ou Histoire des Kurdes par Scheref، par Prince de Bidlis. Vol I، text Persan. St. Petersbourg: Académie Impériale des Sciences.
Volney، Constantin-François. (1788). Through Syria and Egypt in the years 1783، 1784 & 1785. Vol II، London : Robinson.
______________________. (1788). Voyage en Syrie et en Egypte pendant les années 1783، 1784 & 1785. Vol I، Paris : Volland & Desenne.
Winter، Stefan. (2005). “Les Kurdes du Nord-Ouest Syrien et l’Etat Ottoman، 16901750-.” In Sociétés rurale ottomanes. Ed. Mohammad Afifi et al. Cairo : IFAO.
___________. (2009). " Les Kurdes de Syrie dans les archives ottomanes ". Études Kurdes. No 10. Fondation-Institut Kurde de Paris، Paris: L’Harmattan.

# عەفرین.. کۆمەڵگە و جوگرافیا

## لەنێوان مێژووی دێرین و ململانێی سیاسیدا

ئەحمەد م. مستەفا (پیر رۆستەم)

### پێشەکی

ئێمـە دەمانـەوێ لەسـەر کەتوار(واقـع)ی ناوچـەی عەفریـن لـەڕووی مێژوویـی و دیمۆگرافییـەوە بوەسـتین. پێـش ئـەوەش باسـی پرسـەکانی ململانێـی هەرێمایەتـی و جیۆسـتراتیژی پەیوەندیـدار بـە تەماعـی چەنـد وڵاتێکـی ناوچەکـە و ئەورووپـای رۆژئـاوا سـەبارەت بـە داگیرکردنـی ئـەم ناوچەیـە دەکەیـن کـە دیـارە بووەتـە سـتراتیژی بـۆ ژمارەیـەک لـەو وڵاتانـە و بەرژەوەندییـە گرنگەکانیـان. ئەمـڕۆ دەبینیـن ناوچەکـە – مەبەسـتمان عەفرینە – سـیناریۆی هاوشـێوەی رووداوی سـووریا لـە حـەوت سـاڵی رابـردوو دووبـارە دەکاتـەوە کـەوا سـوپای تورکیـا بەزەبـری هێـزی سـەربازی و بـە پشـتیوانیی هەندێـک وڵات، ناوچـەی عەفرینـی داگیرکـردووە.

عەفریـن ئێسـتا داگیرکـراوە و بێدەنگیـی جیهانیـش پڕکێشـیی تورکەکانـی زیاتـر

کـردووە. رەنگـە ئەمریکییەکانیـش چاوەڕوانـی ئـەو سـاتە بـن بۆ ئـەوەی تورک ناچـار بکـەن، بوونـی کـورد لەسـەر سـنووری باشـووری رۆژهەڵاتیـان قبـووڵ بکـەن، یـان سـەربازەکانیان هاوشـێوەی رۆژهەڵاتـی فـرات بنێـرن بـۆ ئـەوەی ببنـە هێـزی چاودێـر لەسـەر ئـەو سـنوورە و رەنگـە بـۆ ئەمـە دەرچەیەکـی نێودەوڵەتیـش هەبێـت بۆئـەوەی عەفریـن لەژێـر پاراسـتنی نێودەوڵەتیـدا بێت و نەتەوەیەکگرتـووەکان هێـزی نێودەوڵەتـی بـۆ جیاکردنـەوە و چاودێریکردنـی سـنوور و ناوچەکانـی تەنگـژە و ململانێـی نێـوان کـورد و تورکـەکان بنێرێـت، رەنگیشـە دۆخـی عەفریـن هـەروا بـە داگیرکـراوی لەژێـر دەسـتی تورکانـدا بمێنێتـەوە، بـەڵام پێـش باسـکردنی ئـەو پرسـانە، بـا شـارەزای عەفریـن، جوگرافیـا، دانیشـتووان و دیمۆگرافیاکـەی بیـن.

## جوگرافیای عەفرین و خاکە بەپیتەکەی

عەفریـن، شـار و ناوچەیەکـی جوگرافییـە کـە بەشـی رۆژئـاوای کوردسـتان یـان هەرێمـی کوردسـتانی لکێنـدراو بـە سـووریا پێکدەهێنـێ و "یەکێکـە لـە شـارەکانی پارێـزگای حەلـەب و ناوەنـدی ناوچـەی عەفرینـە. دوورتریـن گۆشـەی باکـووری رۆژئاوایـە لـە سـنووری سـووریا و تورکیـا. لـە رۆژئـاواوە دەشـتی عومـق سـنووریەتی – لیـوای ئەسـکەندەروون و رووبـاری رەش کە لەو ناوچەیـەدا هێڵـی سـنوور دیاریدەکـەن، لـە باکـوورەوە هێڵـی شـەمەندەفەر کـە لـە مەیـدان ئەکبسـەوە تاوەکـو کلیـس تێدەپەڕێـت، لـە رۆژهەڵاتیشـەوە دەشـتی ئەعـزازە و لـە باشـوورەوە ناوچـەی چیـای سـەمعانە.
ناوچـەی عەفریـن شـاخاوییە و بڵندییەکـەی 700 – 1269 مەتـرە، بڵندتریـن لووتکـە تێیـدا چیـای گەورەیـە (گـرێ مـەزن) کـە بەشـێکە لـە زنجیـرە چیـای

تـۆرۆس لــە ســووریا. پانتایــی ناوچەکــە لــە رۆژهەڵاتــەوە بــۆ رۆژئــاوا 55 کـم و درێژیــی لــە باکــوورەوە بــۆ باشــوور 75 کیلۆمەتـرە، رووبەریشــی بــە نزیکـەی 3850 کـم دووجـا مەزەنـدە دەکرێـت، واتـە نزیکـەی 2%ی رووبـەری ســووریایە. بـەم شـێوەیە ناوچـەی عەفریـن لـەڕووی کارگێڕییـەوە سـەر بـە پارێــزگای حەلەبــە. شــاری عەفریــن 63 کــم لــە حەلەبــەوە دوورە. ژمــارەی دانیشــتووانی ناوەنــد نزیکــەی 80 هــەزار کەســە ( پێــش راپەڕینــی خەڵکــی ســووریا وابــووە و ئێســتا ئامــارەکان دەڵێــن ژمــارەی دانیشــتووانی شــارەکە رەنگـە بووبێتـە زیاتـر لـە دوو هێنـدە).

لەپـاڵ ناوەنـدی شـاری عەفریـن، ئـەم دەڤـەرە حـەوت ناحیـەی لەخۆگرتـووە کـە بریتیـن لـە: شـەڕان، شـیێ، جندرێـس، راجـۆ، بلبـل، ناوەنـد و ماباتـان و لەگـەڵ 366 گونـد. تێکـڕای ژمـارەی دانیشـتووانی ناوچـەی عەفریـن 523،258 کەسـە (تاوەکـو 31ی دیسـەمبەری 2010)، ئـەو نەتەوانـەی لێیدەژیـن بریتیـن لــە کــورد و بەشــێکی کەمــی عــەرەب کــە لــە ناوەنــدی شــار و ناحیــەی جندرێــس دەژیــن. بێگومــان ئــەو ژمارەیــەی دانیشــتووان بەپێــی ئامــارە فەرمییەکانــە، بــەڵام لەڕاســتیدا رەنگــە ژمارەکــە دوو هێنــدە بێــت و ئەمــڕۆ بەهــۆی ئاوارەکانــی ناوچەکانــی ناکۆکــی و ململانــێ لــە ســووریا دەگاتــە ملیۆنێـك و 500 هــەزار کـەس.

ســەبارەت بــە نــاوی عەفریــن، وەک ســەرچاوەکان دەڵێــن "بۆچوونــی زۆر لەبــارەی ســەرچاوەکەیەوە هــەن، بەشــێکیان دەڵێــن تــەواو کوردییــە و لــە Ava riwên واتــە (ئــاوی ســووری لێــڵ)ەوە ســەرچاوەی گرتــووە. یەکــەم ناوهێنانـی عەفریـن بەوشـێوەیەی ئێسـتای لـەڕووی گوتـن و واتـاوە لـە دەقـە ئاشـوورییەکاندا هاتـووە و دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی نۆیـەم بەشـێوەی Apre و نزیکــە لــە هەمــان دەقــی مێژوویــی مێژوونــووس ســترابۆن لــە ســەدەی

پێنجەمـی پێـش زاییـن دا. مێژوونووسـان کۆکـن لەسـەر ئـەوەی Ap لـە زمانـە ئارییـە دێرینەکانـدا واتـە ئـاو، ئەمـەش کوردییـە و ڕەنگـە بەواتـای ڕێڕەوبێـت یـان بەواتـای ئـەوەی ئـاو دەڵێـن، کەسـانێک دەڵێـن نـاوی عەفریـن لـە وشـەی عەفـرۆ- وە سـەرچاوەی گرتـووە و بـە ئارامـی واتـە زەوی بەپیـت وەک چـۆن لـە فەرهەنگـی جوگرافیـای سـووری/ بەرگـی چـوارەم لاپـەڕە 314دا هاتـووە.
مێــژووی سیاســی ناوچەکــەش دەڵــێ: "لــە ســەدەی نۆزدەیــەم دەســەڵاتی ناوەندیـی لـە دەوڵەتـی عوسـمانی لـە سـووریا لەسـەر حیسـابی دەسـەڵاتی ئۆتۆنۆمــی خۆجێیــی بەهێزبــووە و بــووە هــۆی نەمانــی ســەرکردایەتییە تەقلیدییــە خۆجێیــەکان و ســەرهەڵدانی چینێکــی ئەریســتۆکراتی نــوێ لــە خـاوەن زەوییـە گـەورەکان واتـە دەرەبەگـەکان، بۆیـە سـەرکردایەتییە کۆنـەکان دەسـەڵات و دەسـتڕۆییان لەدەسـتدا و ڕێگەیـان بـۆ سـەرکردایەتییە نوێیـەکان والا کـرد. بەوشـێوەیە هـۆزەکان و پەیوەندیـی هۆزگـەری گـۆڕا بـۆ بناخەیەکـی دەرەبەگـی وەک لـە ناوچەکانـی دیکـەدا هەبـووە. پێشـتر سـەرکردە دەسـەڵاتی خـۆی لـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان (هـۆز، خێـزان) دەسـتەبەر دەکـرد، کەچـی دواتـر بـە هێـزی ئابووریـی خـۆی لەگـەڵ فراوانبوونـی ڕووبـەری ئـەو زەویـەی کـە هەیبـوو، ئەمـەی دەسـتەبەر دەکـرد.
پێشــتر وەفـاداری بـۆ هـۆز و سـەرۆک بـووە، دواتـر بـۆ زەوی و دەرەبەگـی خاوەنـی گـۆڕاوە، بۆیـە جووتیـار چیتر بەنـد نەبـوو بـە هـۆز و سـەرکردەیەکی دیاریکـراوەوە، بەڵکـوو بەندبـوو بـەو زەویـەی کـە کاری تێـدا دەکـرد و بـەو دەرەبەگـەی (ئاغـای خاوەندار) خـاوەن زەوی بوو. پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکان پێشـکەوتن و لـە هۆزگەرییـەوە گـۆڕان بـۆ دەرەبەگـی. ڕەوشـەکە بـەم شـێوەیە بـەردەوام بـوو تاوەکـو سـەرەتای سـاڵانی شەسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم. دوای ئـەوە سـەرکردە دەرەبەگـەکان بــەرە بــەرە دەســەڵاتیان لەدەســتدا و دوای

هەڵوەشـان و پەرتەوازەبوونـی ناوچەکانیـان، سـەردەمی دەرەبەگـی لـە عەفرین و هەمـوو ناوچەکانـی سـووریا کۆتاییهـات.

## مێژوو و شارستانیی دێرینی ناوچەکە

لـەو باسـەی پێشـوودا دڵنیـا دەبیـن کـە ناوچەکـە رەگـی شارسـتانیی هەیـە و دەگاتـە قووڵایـی مێـژوو، چونکـە ناوچەکـە کەشـێکی سرووشـتیی بەپیتـی هەیـە کـە یارمەتیـدەرە بـۆ ژیـان و دروسـتکردنی گونـدی کشـتوکاڵی و ئاژەڵـداری بەهـۆی گژوگیـای هەمەجـۆر و کانیـاوە سرووشـتییەکان و، بوونـی رێـڕەوی رووبـاری عەفریـن لـە نێوەڕاسـتی ناوچەکـەدا. بـەم شـێوەیە ناوچـەی عەفریـن لـەڕووی کەشـی سرووشـتی و جوگرافیـاوە هەمەجـۆرە و پێکهاتـووە لـە دەشـتایی و چیـا و رووبـاری عەفریـن پێیانـدا تێدەپەڕێـت کـە لـە سـووریا نزیکـەی 85 کـم درێژدەبێتـەوە و ئـەم رووبـارە بـە یەکێـک لـە سـەرچاوە گرنگەکانـی ئـاو بـۆ ئـەم ناوچـە کشـتوکاڵییە هەژمـار دەکرێـت". بەهـۆی نزیکیـی ناوچـەی عەفریـن لـە دەریـا – مەبەسـتمان دەریـای سـپی نێوەڕاسـتە – کەشـی بـە ناوەنـدی دەناسرێـت، کـە بـە هاویـن ناوەندییـە و بـە زسـتان سـاردە و بارانـی تاڕادەیـەک زۆرە و بەفـری لێدەبارێـت؛ بۆیـە بـە ناوچەیەکـی بەپیـت و گونجـاو بـۆ کشـتوکاڵی نێوەڕاسـتی هەژمـار دەکرێت، چونکە کەشـی ناوەنـدی و بوونـی دۆڵ و دەشـتایی و چیـا و خاکـی بەپیـت و زۆریـی ئـاو لـە ناوچـەی عەفریـن گونجـاوی کـردووە بـۆ هەمـوو کشـتوکاڵە نێوەڕاسـتییەکان کـە دانەوێڵـەی تێـدا دەچێنرێـت: گەنـم، نیسـک، جـۆ، جۆرەکانـی سـەوزە، لۆکـە، چەوەنـدەری شـەکر، پرتەقـاڵ، سـێو، تـرێ و میوەکانـی دیکـە.

کشـتوکاڵی سـەرەکیش کـە ناوچـەی عەفریـن پێـی نـاسراوە و بـە سـیمبوولی

ناوچەکـە دادەنرێـت، زەیتوونـە کـە لـە هەمـوو دەڤـەر و گوندەکانـی ناوچەکـەدا هەیـە. ژمـارەی دارەکانیشـی دەگاتـە سـەرووی سـێزدە ملیـۆن دار. لـەڕووی دارستانیشـەوە ناوچەکـە بـە بەرگێکـی هەمەجـۆری سرووشـتی و دارسـتانی دەسـتکرد نـاسراوە کە لەلایـەن دەوڵـەت و دانیشـتووانەوە چێندراوە و گەورەترینـە لـە پارێـزگای حەلـەب و درەختـە هەمەجۆرەکانیـش زۆربەیـان سـنەوبەرن لەگـەڵ جـۆری سـەروو. ئـەم بەرگـە هەمەجـۆر و دارسـتانانە بـۆ دابینکردنـی دار و بەرهەمهێنانـی درەختـە بەرهەمدارەکانی سـنەوبەر سـوودی لێوەردەگیرێـت. هەروەهـا دەکـرێ سـوود لـەم هەمەجۆرییـە بـۆ گەشـەکردنی گەشـتیاری وەربگیرێـت".

بۆیـە بـە بوونی ئـەم بەرگـە دەرەختییـە هەمەجـۆرە، ناوچەکە بـۆ بەخێوکردنی ئـاژەڵ بەتایبـەت مەڕومـاڵات گونجـاوە، بـەڵام سـامانی ئـاژەڵ لـە سـاڵانی رابـردوودا پاشەکشـەی کـرد بەهـۆی لەدەسـتدانی لەوەڕگـە و جێگیربوونـی دانیشـتووان و بڵاوبوونـەوەی کێڵگەکانـی زەیتـوون. ئەمـڕۆ "رانەمـەڕ و مـاڵات نییـە، بـەڵام بەشـێک لـە خێزانـەکان ژمارەیەکـی کـەم بـزن یـان بـەرخ بەخێودەکـەن کـە بەرهەمیـان بەئاسـتەم بەشـی خـودی خێزانـەکان دەکات".

بـەڵام لـەڕووی پیشەسـازی و بازرگانییـەوە "گرنگترین پیشەسـازی، پیشەسـازیی فەرشـی دەسـتی و پیشەسـازییە نێـودار و پەیوەندیـدارەکان بـە زەیتوونـەوە وەک بەرهەمهێنانـی رۆنـی زەیتـوون، پیشەسـازیی سـابوون و بیریـن و ئەمانـە پشـت بـە زەیتـوون دەبەسـتن.

عەفریـن لـە سـووریا بـە ناوەندێکـی گرنگـی بـواری رۆنـی زەیتـوون هەژمـار دەکرێـت. دامـەزراوە و کارگـە و شـوێنی چاککـردن و دووکانـە بازرگانییـە گرنگـەکان لـە عەفریـن و ناوچەکانـی دەوروبـەری بڵاوبوونەتـەوە. لـە پـاڵ پیشەسـازییە هەمەجـۆرەکان وەک بەرهەمـی فۆلکلـۆری و پیشەسـازیی نـوێ،

ژمـارەی کارگەکانـی ئاشـی بەرهەمهێنانـی ڕۆنـی زەیتـوون بـە 250 ئـاش مەزەنـدە دەکرێـن کـە 92 یـان نـوێ و پێشـکەوتوون و 158 دانەیـان ئاشـی کۆنـن. ژمـارەی کارگەکانـی بیرینیـش لـە ناوچەکـە 18 کارگەیـە و ژمـارەی کارگەکانـی سـابوونیش 10 کارگـەن.

بەهـۆی ئەوەی"عەفریـن پێگەیەکـی بـاش و سرووشـتێکی سەرسـوڕهێنەری لـە دارسـتانی سرووشـتی هەیـە کـە رووبەرێکـی فراوانـی ناوچەکـەی داپۆشـیوە، لەپـاڵ دارسـتانە هەمەجـۆرە نوێیـەکان کـە چێنـدراون و بەهـۆی جوانیـی ناوچەکـە و هـەوای پـاک و زۆری کانیـاوە سرووشـتییەکان و چیـا و ناوچـە سـەوزەکان و زۆریـی ناوچـە شـوێنەوارییە گرنگەکانییـەوە، دەکـرێ گەشـتیاران بـۆ عەفریـن بهێنرێـن. ئەگـەر گرنگـی بدرێتـە ئـەم کەرتـە، بەجۆرێـک دەزگا دروسـتبکرێن و رێگـەی گەشـتیاری بکرێنـەوە، ئەوە ئـەم کەرتە گەشـە دەکات. پێشـتر ناوچـە شـوێنەوارییەکان جوڵـەی گەشـتیارییان بەخۆیانـەوە دەبینیێـت، بەتایبـەت گەشـتیاری ناوخۆیـی و پێشـبینی دەکـرا زیاتربێـت و ناوچەکـە زیاتـر گەشـەبکات بـۆ راکێشـانی گەشـتیاری زیاتـر. ئەگـەر رەوشـەکە بەهـۆی سیاسـەتی رووخێنـەری رژێمـی پۆلیسـی و ئەمنـی لـە سـووریا، کارەسـاتبار نەبووایـە کـە گەلـی سـووریا دووچـاری بـووە، گەشـتیاری حیسـابێکی دیکـەی هەبـوو.

لاوازیـی جوڵـەی گەشـتیاری، پێشـتر بەشـێکبووە لـە سیاسـەتی رژێمـی بەعسـی عەرەبـی بـۆ پەراوێزخسـتنی ناوچەکـە لـەڕووی گەشـتیارییەوە و لەلایـەن میدیـای ناوەندیـی سـووریاوەو هیـچ کاتێک تیشـکی نەخراوەتەسـەر. بۆیـە سـەرەڕای ئـەوەی عەفریـن هەمـوو پێویسـتییەکانی گەشـتیاری تێدایـە لـە کەشـی هاوسـەنگ و جـوان و ئاسـمانی سـاماڵ و هـەوای پاکـی تاوەکـو دارسـتانە جـوان و دڵڕفێنـەکان و کانیاوەکانـی و رووبـاری عەفریـن، هەروەهـا

زۆر ناوچـەی شـوێنەواری تێدایـە وەک (ئەشـکەوتی دوو دەری) و قـەڵای نەبی هـوری و شـوێنی عێنـداره و گوندەکانـی کەفـر ئانـو، کیـمار، بـراده و دواییـنیـان قـەڵای سـەمعانی مێژوویـی و ناوچـەی گەشـتیاریی دیکـەی زۆر، بـەڵام هیـچ کاتێـک وەک ناوچەیەکـی گەشـتیاری تیشـکی نەخراوەتـە سـەر.

## بوونی عەرەب لە ناوچەکە بەپێی یاسای نەژادپەرستی

بێگومـان سرووشـتی بەپیـت و زەویـی کشـتوکاڵی هۆکاربـوون بـۆ جێگیربوونـی گـەلان و شارسـتانییەکان لـە دێرزەمانـەوە. دۆزینـەوەی شـوێنی ئەشـکەوتی دوودەری و ئێسـکی (منداڵـی عەفرینـی) کـە بـە یەکێـک لـە کۆنتریـن ئێسـکەپەیکەری دۆزراوە لـە جیهانـدا هەژمـار دەکرێـت و مێـژووی دەگەڕێتـەوە بـۆ چـل تاوەکـو سـەت هـەزار سـاڵ پێـش زاییـن لـەو ئەشـکەوتە شـوێنەوارییەدا و لەلایـەن تیمێکـی شـوێنەواری ژاپۆنـی و سـووریی هاوبـەش دۆزرایـەوە، لەگـەڵ بوونـی ژمارەیەکـی دیکـەی پەرسـتگە و شـوێنەواری شارسـتانی وەک (پەرسـتگەی عەیـن دارا) و (پەرسـتگەی مارمـارۆن) و (نەبـی هـوری)، هەموویـان ئاماژە بـۆ کەڤناریـی شارسـتانییەکان لـەم ناوچـە بەپیتـە ، بۆیـە بەپیتیـی خاکـە کشـتوکاڵییەکەی زۆر لـە گەلانـی بـەلای خۆیـدا ڕاکێشـاوە – لـە کۆنـەوە تاوەکـو سـەردەمی نـوێ – بـۆ ئـەوەی دەسـتی بەسـەردا بگـرن. بـەڵام بـۆ کەمـتر لـە سـەدەیەک کـورد بوونـە تاکـە دانیشـتووی گونـد و کێڵگەکانـی ئـەو ناوچەیـە لـە دەشـتی عومـق، ناحیەکانی بلبـل و راجـۆ تاوەکو سـەربەخۆیی سـووریا. دوای گەیشـتنە دەسـەڵاتی بەعـس لـە شەسـتەکانی سـەدەی رابـردوو، لەگـەڵ ئـەوەی کـە ئـەوکات نـاوی "بزووتنـەوەی راسـتکردنەوە"ی لێـنرا، ئـەو یاسـا نەژادپەرسـتییانەی کـە لەگەڵیـدا هاتـن،

وەک "پشــتێنەی عەرەبــی" کــە لــە جزیــرە و عەفریــن جێبەجێکــران لەژێــر نــاوی چاکســازیی کشــتوکاڵی و تێیــدا دەســت بەســەر زەوییــە کشــتوکاڵییە فراوانەکانــدا گیــرا کــە زەوی دەرەبەگەکانــی ناوچەکــە بــوون و لەجیاتــی دابەشــکردنیان بەســەر جووتیــاران و هــەژاران دا، کەســانی عــەرەب لــە گوندەوارەکانــی حەلــەب، ئیدلــب و رەققــەوە هێـنران و زەوییەکانیـان بەسـەردا دابەشــکرا.

ئەمــڕۆ دەبینیــن هەمــوو گوندەکانــی کەنــاری رووبــاری عەفریــن لــە ناوچــە دەشــتاییە بەپیتــەکان نشــینگەی عەرەبیــن و بــە یاســای نائاســایی بەعــس لــە ناوچــە کوردەوارییەکــە جێگیرکــراون، بۆیــە دیمۆگرافیــای دانیشــتووان ئەمــڕۆ دابەشــبووە بەســەر زۆرینــەی رەهــای کــورد کــە دەگاتــە ســەرووی 95% و ئــەوەی دیکــە عەرەبــن کــە بــە یاســای نەژادپەرســتی و شــۆڤێنی هێــنراون و بەشــێکی کەمیــان لــەدوای رووخانــی خەلافەتــی عوســمانی و دامەزرانــی کۆمــاری تورکیــای تــازە لــە (لیــوای ئەســکەندەروون)ەوە هاتــوون.

## بزووتنەوەی سیاسی کورد و دەستپێکردنی ململانێ

سیاســەتی نەژادپەرســتی بەرامبــەر ناوچەکــە و ســەرهەڵدانی بزووتنــەوەی نیشــتمانی و شــۆڕش لــە بەشــەکانی دیکــەی کوردســتان، کاریگــەری لەســەر ئــەو بەشــانە دانــاوە کــە بــە دەوڵەتــی ســووریاوە لکێــنراون، لەوانــە ناوچــەی عەفریــن کــە بەشــێک لــە کەسایەتییە نیشــتمانپەروەر و رۆشــنبیرەکانی یەکــەم پارتــی سیاســی کوردســتانی (کوردییــان) لــە ســووریا لەســاڵی 1959 دروســتکرد. ئــەو دەمــە پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لەلایــەن لیژنــەی ئامــادەکار کــە چوار لــە حــەوت ئەندامەکــەی خەڵکــی عەفریــن بــوون و بریتیبــوون لــە؛ محەممــەد

عەلـی خۆجـە، ڕەشـید حەمـۆ، شـەوکەت حەنـان و خەلیـل محەممـەد. ئەوەش ئاماژەیەکـی ڕوونـە بـۆ پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیریی ناوچەکـە کـە لـە ڕەوشــی کۆمەڵایەتـی ناوچەکـەدا ڕەنگیدابـووەوە، چونکـە عەفریـن بـە تاکـە ناوچـە دەناسرێـت کـە هۆزگـەری تێپەڕانـدووە بەپێچەوانـەی ناوچـە کوردییەکانـی دیکـە.

ڕەنگـە بـە دەگمـەن کەسـێکت لـە عەفریـن بەرچـاو بکەوێـت کـە بزانێـت سـەر بـە چ تیـرە و هۆزێکـە، کەچـی لـە ناوچـەکان و بەشـەکانی دیکـە هێشـتا شـانازی بـە ڕەگـی کۆمەڵایەتـی خۆیانـەوە دەکـەن، بەڵکـوو لـە ناسـنامەش، واتـە لـە وڵاتینامـە و ناسـنامەی بـاری کەسـێتی چەنـد ناوچەیەکـی کوردسـتاندا ئـەوە تۆماریـش دەکرێـت. بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن؛ عەفریـن پێـش ناوچەکانـی دیکــەی ســووریا و کوردســتان پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــە شارســتانییەکانی بەهــۆی چەنــد هۆکارێــک ناســیوە کــە پەیوەندیــدارن بــە ســەقامگیری و دروســتبوونی گونــدە کشــتوکاڵییەکان، لەپــاڵ ئــەوەی یەکــەم ناوچــەی بەیەکگەیشــتنی چەنــد شارســتانییەکی دێریــن بــووە و گــردە زۆرەکانــی شـایەتی ئـەوەن.

ئـەم هۆشـیارییە کۆمەڵایەتییـە شارسـتانییە مەدەنییـە ڕەنگدانـەوەی لەسـەر پەیوەندییەکانــی نێوخــۆی هەبــووە، ڕۆڵــی ئافرەتــی عەفرینیــمان بینــی هاوشـانی پیـاو؛ چونکـە نەریتـی کـوردەواری هـەن ڕێـز لـە ئافـرەت و پێگـەی لەنێـو خێـزان دەگرێـت و کاتێـک هۆشـیاری کۆمەڵایەتـی دەسـتەبەردەکرێت، ئافرەتــی عەفرینــی دەبێتــە ســیمبوولی ئازایەتــی و ئازادیــی خــۆی لــە ژینگەیەکــی دەرهاوســێ بەکاردەهێنێــت کــە ئافــرەت دەبەســتێتەوە بــە جیاکردنــەوە، باڵاپۆشــی، عەیبــە و نەریتــی دیکــە کــە بەهــۆی ئاییــن و کۆمەڵگــەوە ماونەتــەوە. کاتێـک ژنـە شـەڕڤانی جـوان دەبینیـن، بەرهەمـی

ئـەم هۆشـیارییە کۆمەڵایەتییـەن سـەبارەت بـە پێگـەی ئافـرەت. هەروەهـا زۆر لـە نەریتەکانـی وەک تۆڵەکردنـەوە و دووژمنکاریـی هـۆزەکان لـە ژینگـەی کۆمەڵایەتـی عەفرینـدا هەڵوەشـاونەتەوە، بۆیـە کۆمەڵگەیـەک دەرکەوتـووە نزیکـترە لـە دۆخـی شارسـتانی، بەبـەراورد بـە پەیوەندییـە گونـدەواری و کۆچەرییـەکان.

بێگومـان ئـەم تایبەتمەندییـە ژینگەیـی، جوگرافـی و شارسـتانییە تەماحـی زۆری لەسـەر دروسـتبووە؛ بـۆ ئـەوەی عەفرینـی شارسـتانی ببێتـە پشـکی ئـەوان و، تورکیـا بەپێـی رێککەوتنـی سـاڵی 1919 دەیویسـت عەفریـن وەک بەشـێک لـە ویلایەتـی حەلـەب بداتـە پـاڵ دەوڵەتـە تازەکـە، بـەڵام تەماحـی فەرەنسـا و یاخیبوونـی دانیشـتووان دژی تـورکان و بەرگرییـان بەرامبـەر بزووتنـەوەی موریدیـن کـە بـۆ پاڵپشـتیکردنی خەلافەتـی عوسـمانی لـە دواڕۆژەکانیـدا پێکهاتبـوو، زۆربـەی هاووڵاتیانـی عەفرینـی دژی بزووتنەوەکـە وەسـتانەوە، بەتایبـەت کـە ئـەوان تاڵیـی زۆریـان لەسـەر دەسـتی تـورکان لـە دواقۆناخـی عوسـمانیدا چەشـتبوو. ئەمـە وایکـرد عەفریـن ببێتـە بەشـێک لـە پشـکی فەرەنسـا وەک وڵاتێکـی داگیـرکار و دواتـر بەشـێک لـە دەوڵەتـی نوێی سـووریا بەپێـی پەیماننامـە نێودەوڵەتییەکانـی وەک سـایکس- پیکـۆ و ئەوانیدیکـە – بەهـۆی جەنگـی یەکەمـی جیهانـەوە.

سیاسـەتی عـەرەب بەرامبـەر ناوچەکـە و دانیشـتووانی کـورد – بەتایبـەت دوای هاتنەسـەر دەسـەڵاتی بەعـس لـە سـاڵی 1963 – کـە لـە خەلیفەکانـی عوسـمانی باشـتر نەبـوون - بەشـێک لـە رۆشـنبیرانی کـوردی هانـدا بـۆ ئـەوەی بـەدوای چـارە و دەرچـەدا بگەڕێـن بـۆ قەیـران و کێشـەکانی ناوچەکـە و هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان کـە بـە دەوڵەتـی سـووریاوە لکێـنراون، بـەڵام دەسـتوەردانی حکومەتـەکان لـە ململانێیەکانـی ناوچەکـەدا، وەک حکومەتـی

سووریا و دەزگا ئەمنییەکانی، بزووتنەوەی کوردی لەنێوان چەند پارت و جەمسەرێکدا دابەشبوو، بەداخەوە ناکۆکییە کوردستانییەکان ئەو ململانێیانەیان توندترکرد کە تەقینەوە و بوونە هۆی رووبەڕووبوونەوە. بەتایبەت لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو لەنێوان رەوتەکانی راست و چەپ کە لەنێو بزووتنەوەکەدا پەیدابوون.

بەم دواییەش لەنێوان بزووتنەوەی بارزانی و بزووتنەوەی ئۆجەلانی کەلێنەکان زیاتر بوون، بەتایبەت دوای سەرنەکەوتنی گفتوگۆی کوردی – کوردی لەژێر چاودێریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی، ئەمڕۆ گەیشتووینەتە قۆناخی تۆمەتبارکردن بە ناپاکی و سیخوڕی بۆ لایەنی بەرامبەر و، ئەوەی جێگەی مەترسییە لێکەوتەکانی ململانێیەکەیە لە قۆناخی داهاتوودا. مەگەر بەرژەوەندی نێودەوڵەتی هەبن هەردوولا ناچار بکەن لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن و سەرلەنوێ دانوستاندن بکەن، بەڵام ئەوەی لە کەش و دۆخی ئێستاوە دیارە، ململانێیەکانی ناوچەکە خزمەتی حکومەتەکانی ناوچەکە و جیهان دەکەن.

## ململانێی ئەجێنداکان لەسەر عەفرین

بێگومان پێش باسکردنی شەڕی عەفرین یان ئەوەی کە تورکیا ناوی "چڵی زەیتوونی" لێناوە لە هەوڵێکی ئاشکرادا بۆ جوانکردنی رووخساری ناشیرینی داگیرکردنی ناوچەکە و پێش ئەوەی هەر شیکردنەوەیەک سەبارەت بە لێکەوتەکانی ئەم قەیرانە بکرێت، دەبێ لە تایبەتمەندیی ئەم ناوچەیە بۆ هەموو وڵاتان تێبگەین، ئەوسا لە ململانێیەکانی ناوچەکە تێدەگەین، چونکە لەپاڵ ئەوەی لەبارەی عەفرینەوە باسمانکرد، لەڕووی دیمۆگرافیا و

جوگرافیا و کەشوهەوا، هۆکاری دیکەش هەن بۆ زیاتر جوڵاندنی هەڵمەتە سەربازییەکان بە ئاراستەی ئەم ناوچەیە لەگەڵ هۆکارە جیۆستراتیژییەکان. ئەگەر بڕوانینە نەخشەی سووریا و نزیکیی ناوچەی عەفرین لە دەریای سپی نێوەڕاست - نزیکەی 33 کم - دەزانین ململانێیەکە لە بنەڕەتدا لە سووریا لەسەر جوگرافیا و کەناراوەکانە وەک ژینگە و ئەمبارێکی گاز لەلایەک و لەلایەکی دیکە وەک هێڵێکی گواستنەوە و گەیاندنی نەوت و گازی ناوچەکە بۆ کیشوەری ئەورووپا.

ئەمەش دەرچەیەکە بۆ نەهێشتنی باڵادەستیی رووسیا کە نەوت بەبێ رکابەری دەگەیێنێتە ئەو کیشوەرە و بڕیاری سیاسی بەهۆی بۆڕیی گازەوە کۆنترۆڵکردووە و گوشارەکانیش لەسەر چەند وڵاتێکی ناوچەکە وەک حکومەتی سووریا، تەنیا هەوڵێک بووە لەلایەن خودی کیشوەرەکەوە لەگەڵ پارێزەرەکەی واتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ دەرکردنی ئەورووپا لەژێر باڵادەستیی رووسیا بەرێگەی گەیاندنی نەوتی قەتەر لە خاکی سووریاوە بۆ بەندەری جەیهان کە لووتکەی چوارقۆڵی ساڵی 2009 لەنێوان سووریا، تورکیا، قەتەر و فەرەنسای بۆ سازکرا، بەڵام رێککەوتنەکە بە گوشاری رووسیا و ئێران شکستی هێنا و بەرێککەوتنی رووسیا و ئێران لەگەڵ حکومەتی سووریا گۆڕا بۆ گەیاندنی نەوتی ئێران بۆ کەناراوەکانی سووریا، ئەمەش "شۆڕشی سووریا"ی هەڵگیرساند و سەرەنجام بنکەی سەربازی تێدا جێگیر دەکرێ بۆ گەرەنتیکردنی بەرژەوەندییە جیۆسیاسییەکانی ئەو وڵاتانە و کۆمپانیا فرە ناسنامەکان.

بەم شێوەیە بینیمان تۆپە ئاگرەکە بە هەموو ناوچەکەدا سووڕایەوە و "شۆڕشەکان"ی هەڵگیرساند بۆ خزمەتکردنی ئەو بەرژەوەندی و ئەجێندایە، بۆیە هەمووان دەیانەوێ دەست بەسەر فراوانترین جوگرافیادا

بگـرن بەپێـی توانـا بـۆ بەهێزکردنـی کارتـە سیاسـییەکانیان لـە ئاینـدەدا لەسـەر مێـزی دانوسـتاندن – یـان راسـتتر؛ لەسـەر مێـزی دابەشـکردنی دەسـەڵات و بەرژەوەندییەکانیـان. جەنگـی تورکیـا لـە عەفریـن بەشـێکە لـەو ململانێیـە کـە ناوچەکـە و دانیشـتووانی کـورد باجەکـەی دەدەن.

لەلایەکـی دیکـەوە دەبـێ بـە وردی لەسـەر ئـەو قەیرانـە راوەسـتین کـە حکومەتـی تورکیـا لـە سـاڵانی دوایـی تێیدایـە؛ واتـە بـە شـارەزابوون لـە قەیرانـی ئـەم "حکومەتـە ئیخوانییـە نوێیـە"، دەتوانیـن هێڵەکانـی پەیوەندیـی نێـوان چەنـد هاوکێشـەیەکی سیاسـی لـە ناوچەکـە لەیەکـتر جیابکەینـەوە، چونکـە دوای گەیشـتنی پارتـی داد و گەشـەپێدان بـە دەسـەڵات لـە تورکیـا و بەدیهێنانـی جۆرێـک لە سـەقامگیری سیاسـی، دوای ئەوەی بەڵێنـی چارەکردنی چەنـد کێشـەیەکی سیاسـی هەڵپەسـێردراوی دا و لـە پێـش هەمووشـیانەوە کێشـەی کـورد و دەسـتپێکردنی گفتوگـۆ لەگـەڵ پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان دوای چەنـد دەیەیـەک لـە جەنگـی وێرانکـەر، زۆر کـەس گەشـبین بـوون بـە بەدیهاتنـی سـوود و سـەقامگیری بـۆ ناوچەکـە و تورکیـا.

بـەم شـێوەیە کەشـی سیاسـی رابـردوو بـووە زەوینەیەکـی گونجـاو بۆئـەوەی تورکیـا لـە دوا دەیـەدا گەشـەیەکی ئابـووری دەسـتەبەربکات و دەنگـدەری تورکیـش دەنگـی پێدایـەوە دوای ئـەوەی لێکەوتـەی سیاسـەتەکانی لەسـەر رەوشـی ئاسـایش و ژیانـی خـۆی بینـی، ئەمـەش وای لـە رۆژئـاوا و بەتایبـەت ئەمریکییـەکان کـرد وا بڕواننـە ئـەم حکومەتـە ئیخوانییـە نوێیـە وەک جێگرەوەیـەک بـۆ ئەزموونـی سـەربازان و حکومەتـە سـتەمکارەکانیان لـە ناوچەکـە. بـەڵام بەهـۆی بناغـەی هـزری ئیخوانـەکان و تێکـڕای هـزری ئایینـی کـە لەسـەر بنەمـای "دەسـەڵاتی رەهـا" دامـەزراوە، رۆڵـی "دەوڵەتـی قـووڵ" و چەنـد سـیفەتێکی سـایکۆلۆژیی سـەرکردایەتی چەنـد سـەرکردەیەکی

دەستڕۆیشتوو لە پارتی داد و گەشەپێدان و هەوڵی زیندووکردنەوەی دەسەڵاتی سوڵتانەکان (لێرە بەتایبەت مەبەستمان کەسایەتی سەرۆک ئەردۆغانە) ئەزموونەکە خزایە نێو دەوڵەتێکی تۆتالیتاری و پەتریارکی ستەمکار، ئەمەش وای لە رۆژئاوا و ئەمریکییەکان کرد چاو بە مامەڵەی خۆیان لەگەڵ ئەم ئەزموونە ئیسلامییە نوێیەدا بخشێننەوە.

بۆیە دوای ئەوەی رۆژئاوا هەوڵی بانگەشەکردنی بۆ ئەو ئەزموونە دا وەک جێگرەوەی حکومەتە سەربازییەکان، دواتر لێی هەڵگەڕایەوە، بەتایبەت لەگەڵ گەیشتنی ئیخوانەکان لە میسر بە دەسەڵات و هەوڵەکانی تورکیا بۆ دانانی ئەو حکومەتانە و هەموو ناوچەی عەرەبی لەژێر رکێفی خۆی لەرێگەی قۆستنەوەی ئەوەی بە شۆڕشە عەرەبییەکان ناسراوە وەک هەوڵێک بۆ گەڕاندنەوەی خەلافەتی عوسمانی بە روخسارێکی ئیخوانی نوێ. ئەوکات چەند هێزێکی ناوچەکە بەهاوکاریی ئەمریکا و رۆژئاوا بۆ وەستاندنی فراوانبوونی ئیخوانەکان کەوتنەکار. بەم شێوەیە لەباربردنی ئەزموونی ئیخوانیمان لە میسر بینی لەکاتێکدا لە قۆناغی پێشتردا ویلایەتە یەکگرتووەکان بە هاتنی سەرۆکی پێشووی؛ "باراک ئۆباما" بۆ پایتەختی میسر ستایشی کردبوو!

بێگومان ئەم پێشەکییە پێویست بوو بۆ ئەوەی بزانین حکومەتی تورکیا لەکوێ بووە؟ گەیشتە کوێ؟ بەرەو کوێ دەچێت؟ دوای ئەم شکستە سیاسی و قەیرانانەی کە زۆری نەمابوو کۆتایی بە حکومەتی داد و گەشەپێدان بێنێت لەکاتی هەوڵی کودەتا سەربازییەکە.

بۆیە پێویستە باش بزانین کەوا حکومەتی ئێستای تورکیا لە چەند قەیرانێکدایە، نەک تەنیا لە ئاستی سیاسی، بەڵکوو لەڕووی ئەمنی و ئابووریشەوە. ئاشکرایە ئەم حکومەتە ستەمکارە لەجیاتی

دەستلەکارکێشانەوە و راگەیاندنی شکست، پەنا بۆ هەڵاتن بەرەو پێشەوە دەبات لەڕێی دروستکردنی کۆمەڵێک قەیرانی نوێ بۆ شاردنەوەی شکستەکانی و باشترین بژارەی بەسوودیش گەڕانە بەدوای دووژمنێکی "دەرەکی یان ناوخۆیی" بۆ ئاراستەکردنی دڵگرانی و تووڕەیی جەماوەر کە هەموو حکومەتەکانی ناوچەکە پەنایان بۆ بردووە.

بەمە دەکرێ لە شەڕەکە، یان راستتر دەستدرێژیی تورکیا تێبگەین لە چوارچێوەی گەڕان بەدوای دەرچەیەک بۆ هەموو قەیران و کێشەکان کە پارتی داد و گەشەپێدان بەدەستیانەوە دەناڵێنێ و هەموو "بیانووەکانی" تورکیا؛ گوایە ئاسایشی نەتەوەیی هەڕەشەی لەسەرە بەهۆی دەسەڵاتداریی پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر بەرێوەبەریی خۆسەری لە رۆژئاوا و باکووری سووریا. ئەمە تەنیا بیانووە و نەیانتوانیوە قەناعەت بە هیچ لایەنێک بکەن، تەنانەت بە داد و گەشەپێدانیشەوە و بەهۆی چەند هۆکارێک کە گرنگترینیان، کۆنترۆڵکردنی سنوورە لەلایەن ئەو بەرێوەبەرییەوە لە هەموو سەردەمەکانی قەیرانی سووریا. ئەمەش بیانووی داد و گەشەپێدان ناهێڵێ، جگە لەوەی پێشتر باسمانکرد سەبارەت بە تەماحی تورکیا بۆ ئەوەی حەلەب بخاتە سەر دەوڵەتەکەی کە هێشتا بە پشکی خۆی دەزانێت لە خاکی خەلافەتی عوسمانی.

بۆیە دەکرێ بڵێین؛ دۆخی حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدان و قەیرانەکانی ناوخۆ، سوپای تورکیایان لە "زۆنگاوی عەفرین" چەقاندووە. هەرچەندە ئێمە دەزانین رووس و ئەمریکییەکان بەرژەوەندییان هەیە لە تێوەگلانی ناوچەکە بە جەنگ و قەیرانی زیاترەوە، چونکە ئەم جەنگانە هەلی مانەوەی ئەم زلهێزانە لە ناوچەکە زیاتر دەکەن و، قازانجی زیاتر بۆ کۆمپانیاکانی نەوت و بەرهەمی سەربازی بەدیدەهێنێت، بۆیە ئەم وڵاتانە

بەدڵنیاییــەوە بەرژەوەندییــان لــە تووشــکردنی هەمــووان هەیــە بەتایبــەت رووســەکان کــە یەکــەم ســوودمەندن؛ چونکــە جەنــگ لەلایــەک تورکیــا لاواز دەکات و کاریگــەری کەمدەکاتــەوە نــەک تەنیــا لــە پرســی ســووریا، بەڵکــوو دەســتوەردانی لــە وڵاتانــی ئاســیای نێوەڕاســت لاواز دەکات و لەلایەکــی دیکــەوە لــە قازانجــی رووســە رووبەڕووبوونەوەیەکــی تورکــی و ئەمریکــی هەبێــت لەڕێــی بەیەکداکێشــانی کــورد و تورکیــا، بەمــە ئەمریکییــەکان ناچــاری هەڵبژاردنــی یەکێــک لــە هاوپەیمانەکانیــان لــە ناوچەکــە دەبــن. لــە کۆتاییــدا؛ لاوازکردنــی کــورد وەک هەوڵێــک بــۆ قایلکردنیــان بــە ئەنجامەکانــی "ســووچی" لــە راســپاردە و بڕیارەکانــی تایبــەت بــە پرســی ســووریا بەگشــتی.

بــەم شــێوەیە رۆژئــاوا و ئەمریکییــەکان بەتایبــەت، بیــر لــە رێگەیەکــی پراگماتیکــی دەکەنــەوە کــە بەرژەوەندییــان بەدیبهێنێــت و پرســی ناپاکــی لەگــەڵ هاوپەیمانەکانیــان یــان هاوڕێیەکانیــان بەلایانــەوە گرنــگ نییــە، بەڵکــو بــەلای ئەوانــەوە شــتێک نییــە بەنــاوی پابەنــدی سیاســی و ئایدیۆلــۆژی، ئــەوەی گرنگــە بەرژەوەنــدی و دەســکەوتی ئابوورییــە. ئــەوان بەگشــتی بەشــێوازی رۆژهەڵاتــی بیرناکەنــەوە ســەبارەت بــە ناپاکــی و دڵســۆزی، بــەڵام ئەگــەر پشــتمان بــەم دەســتەواژانە بەســت، رۆژئــاوا بەگشــتی ئامــادەن ناپاکــی بەرامبــەر هەمــووان بکــەن بــەدەر لــە بەرژەوەندییــە گرنگەکانیــان. بۆیــە دەبــێ تێبگەیــن کــەوا هاوکارییــان بــۆ کــورد - یــان کەســانی دیکــە - بەنــدە بــە توانــای ئــەو لایەنــەی دیکــە بــۆ ئەنجامدانــی ئــەوەی لێــی داوادەکرێــت و توانایــان بــۆ ئەنجامدانــی ئــەو رۆڵــەی پێیانــدراوە بــۆ بەدیهێنانــی هاوبەشــی، یــان راســتتر ئــەرک بــۆ پاراســتنی بەرژەوەنــدی هاوبەشــی گــەورە.

پێموایــە ســەرکردەکانی کــورد لــە رۆژئــاوای کوردســتان و هەمــوو ناوچەکــە ئێســتا ئــەم راســتییە دەزانــن، بەتایبــەت دوای چەنــد ئەزموونێکــی تــاڵ لەگــەڵ

ڕۆژئـاوا و ئەمریکییـەکان لـە پرسـی کەرکـووک و پرسـی گشتپرسـی هەرێمـی کوردسـتان، بۆیـە "ناپاکـی" لـە نەریتـی سیاسـیدا نییـە، بەڵکـو یەکگرتنـی بەرژەوەنـدی هەیـە و توانـای کـورد بـۆ بەدیهێنانـی ئـەوەی پێـوەی پابەنـد بـوون. ڕۆژئـاوا و ئەمریکییـەکان هەندێ سـوودی سیاسـییان پێشـکەش دەکەن، بـەڵام لـە کۆتاییـدا هیـچ چارەیەکـی تاکلایەنانـە لـە سـووریا و ناوچەکـە بەدینایـەت بەوجـۆرەی یەکێـک لـە لایەنـەکان باڵادەسـت بێـت لـە گۆڕەپانـی سیاسـی، بەڵکـو دەبـێ ڕێککەوتنـی سیاسـی و نیشـتمانی لەنێـوان هەمـوو پێکهاتەکانـی کۆمەڵگـە بەدیبێـت بـە چاودێـری نێودەوڵەتـی – ناوچەیـی، ئـەوەش لـە چوارچێـوەی سـووریای فیدراڵـی دیموکراتیـدا.

دوا گوتـە؛ عەفریـن خـاوەن مێـژوو و کەتوارێکـی دیمۆگرافـی دانیشـتووانە و ڕاسـتە لەگـەڵ هاوسـێ و ناوخۆیـدا دەژی بەپێـی هزرێکـی نزیـک لـە دۆخـی شارسـتانی و دوورتـر لـە نەریتـی هـۆز و نەریتی هۆزگـەری، بـەڵام بەدڵنیاییەوە شـانازی بـە ناسـنامە و کەسـایەتی کـوردەواری خۆیـەوە دەکات بۆیـە نیمچـە مەحاڵـە بەشـێک لـە پلانـە نێودەوڵەتییـەکان قبووڵبکرێـن کـە هەوڵـی گۆڕینـی دیمۆگرافیـای ناوچەکـە دەدەن، وەک چـۆن تورکیـا لـە ڕێگـەی نیشـتەجێکردنی پێکهاتەکانـی دیکـەی وەک عـەرەب و تورکـمان دەیەوێـت بیگۆڕێـت. بەڵـێ عەفرینییـەکان بەخێرهاتنـی ئـەو برایانەیـان کـرد لـە پێکهاتەکانـی دیکـە وەک ئـاوارە و هەڵاتـوو لـە جەنـگ لـە ناوچەکانـی شـەڕ و ململانـێ و دەرگای ماڵەکانیـان بـۆ واڵاکـردن، بـەڵام بەدڵنیاییـەوە ئـەوان ڕێگـە نـادەن هیـچ لایەنێکـی ناوچەیـی و نێودەوڵەتـی دەسـت بەسـەر زەوی و شـارەکانیاندا بگرێـت بـە ئامانجـی داگیـرکاری و نیشـتەجێکردن.

سـەبارەت بـە هێرشـی تورکیـا بـۆ سـەر عەفریـن و ئـەوەی نـاوی "چڵـی زەیتوونـی" لێـنراوە، دەتوانیـن بڵێیـن: دەکـرێ سـوپای تورکیـا و میلیشـیا

ئیسـلامییەکان بـۆ ماوەیـەک عەفریـن داگیـر بکـەن، بـەڵام ناتوانـن بـەردەوام دەسـتی بەسـەردابگرن، ئـەوەش لەبـەر چەنـد هۆکارێـک کـە بەشـێکیان پەیوەندیـدارن بـە ململانێـی نێودەوڵەتـی و ناوچەیـی وەک باسـمان کـرد و بەهـۆی نەبوونـی ئامێزێکـی کۆمەڵایەتـی کـە بـە هێـزە داگیرکـەرە تورکـەکان و جاشـەکانیان لـە گرووپـە ئیسـلامییەکان قایـڵ بێـت. بەدڵنیاییـەوە ڕۆڵەکانـی ئـەم ناوچەیـە باوەڕیـان بـەوە هەیـە خـاوەن مـاف و ورەی نیشـتمانی کوردسـتانین و ئـەم دۆزە بـە سـانایی ناکەوێـت.

# عەفرین و گەمەی دزێوی سنوورەکان!

**فاروق حاجی مستەفا**

ئـەوەی ئەمـڕۆ عەفریـن بەدەسـتییەوە دەناڵێنـێ، ناتوانیـن وەک باهۆزێکـی کاتـی تەماشـای بکەیـن، چونکـە لەوانەیـە بەردەوامبێـت. ناشـکرێ بڵێیـن ئـەوەی لـە عەفرینـدا سـەرکەوت دەبێتـە خاوەنـی و بۆخـۆی دەبـات. عەفریـن بـە درێژایـی مێـژوو موڵکـی خەڵکەکـەی بـووە. بـە ڕۆژگار و سـەردەمی سـەختدا تێپەڕیـوە. هەبـوون دەسـتیان بەسـەرداگرت و دواتـر نەمـان. هەشـبوون بەڕێـزەوە پێیـدا تێپەڕیـن. هەروەهـا هەبـوون شـوێنەواریان لـە دوای خۆیانـەوە جێهێشـت و لەکۆتاییشـدا کـوردی عەفرینـی تێیـدا مانـەوە و بەرگرییـان لێکـرد و هەوڵیانـدا بـۆ ئـەوەی بگاتـە ئاسـتی شـارە گرنگەکانـی ئێسـتای سـووریا. ڕەنگـە بەرگریـی خەڵکەکـەی باشـترین بەڵگـەی خۆڕاگـری و مانـەوەی عەفریـن و بەلاوەنانـی نەیارانـی بێـت. ئەمـە شـتێکە لاپەڕەکانـی

مێــژوو بۆمانــی ئاشــکرا دەکــەن. ئەرشــیفی عوســمانی و فەرەنســی ئــەو ڕاســتیانەمان بــۆ دەســەلمێنن کــە عەفریــن لــە ســەردەمی عوســمانییەکاندا پێگەیەکــی گرنگــی هەبــووە. فەرەنســییەکانیش سیســتەمێکی کارگێــڕی و ســتاتوویەکی تایبەتیــان بــۆ دروســتکردبوو. کەواتــە پەرەســەندنی ژیانــی کۆمەڵایەتــی و سیاســی لــە عەفریــن خاڵێکــی زۆر گرنگــمان بــۆ ئاشــکرا دەکات، ئەویــش خۆڕاگریــی ئــەو شــارەیە ســەرەڕای هەمــوو هەوڵەکانــی ســڕینەوەی ناسنامەی و پارێزگارییەتــی لــە ناســنامەی کوردیــی خــۆی.

## مێژوو و تایبەتمەندیی جوگرافی

عەفریــن زیاتــر لــە هــەر شــارێکی دیکــە ڕووبــەڕووی هێــرش و داگیرکاریــی ئیمپراتۆرییەکانــی ناوچەکــە بووەتــەوە. قــەڵا و شــوێنەوارە مێژووییەکانــی دەرخــەری ئــەوەن کــە ئــەم شــارە لــە ســەردەمە جیاوازەکانــی مێــژوودا ڕووبــەڕووی زەحمەتــی و کاولــکاری بووەتــەوە. لــە گۆشــەنیگایەکی دیکــەوە، ئــەم شــارە یادگەیەکــی شارســتانییە. کولتــوور و گەلانــی جیــاواز پێیــدا تێپەڕیــون. لەوانەیــە هەڵکەوتــە جوگرافــی و ســتراتیژییەکەی وای لــەم شــارە کردبێــت کــە ئــەو پێگەیــە لــە شارســتانێتی و مێــژوودا هەبێــت، عەفریــن دەکەوێتــە لای باکــووری ڕۆژئــاوای ســووریا و زنجیــرە چیاکانــی لــە باکوورەوە تاوەکــو باشــوور نزیکــەی 60 کیلۆمەتــر درێــژ دەبنــەوە و تێکــڕای پانییەکەشــیان 30 کیلۆمەتــرە.

ناوچــەی چیــای کــوردان یاخــود (کــورداخ) کــە دانیشــتووانی زۆرینــە کــوردن، دەکەوێتــە گۆشــەی هــەرە باکــووری لای ڕۆژهەڵاتــی دەریــای نێوەڕاســت کــە دەکاتــە باکــووری ڕۆژئــاوای ســووریا و بەرزاییەکانیشــی بەشــێکن لــە کۆتایــی لای باشــووری ڕۆژئــاوای چیاکانــی تــۆرۆس.

بەرزاییەکانی کورداخ لە سەرچاوە باڵاکانی هەردوو رووباری عەفرین و رەشی رۆژئاوای پارێزگای دیلۆك (غازی عەنتاب) لەنێو سنووری ئێستای تورکیا دەستپێدەکات و ئاراستەکەی بەرەو باکووری رۆژهەڵات و لەوێشەوە بەرەو باشووری رۆژئاوا بەدرێژایی 100 کم دەچێت تاوەکو دەگاتە رۆژئاوای شارۆچکەی جندرێس لە عەفرین.

بەرزترین لووتکەی ئەم بەرزاییانە لەلای باکوورە کە بریتییە لە لووتکەی چیای بولبول و بەرزاییەکەی 1200 مەترە. بەرزترین لووتکەش لە بەشی لای باشوور لووتکەی چیای شێخ بەرەکاتە کە بەرزییەکەی 870 مەترە لە ئاستی رووی دەریاوە.

سەیر نابێ کە ببینین عەفرین هاوچەرخی هەموو سەردەمە جیاوازەکانی مێژوو بووە هەر لە حەسییەکانەوە تاوەکو سەردەمی عوسمانی و بە تێپەڕین بەنێو شارستانییەکانی هۆری، میتانی، میدی، گریکی، رۆمانی، ئیسلامی، سەلجووقی، ئەیووبی، مەغۆل و مەمالیك.

مێژوو دەگێڕێتەوە کە زۆربەی گوندەکانی چیای کورمێنج، ئەوانەی بەهۆی جەور و ستەمی سەلجووقییە تورکەکان چۆڵ خاپوور بوون، لە سەردەمی ئەیووبییەکاندا دووبارە ژیانیان بۆ گەڕایەوە. خەڵکی ئەم ناوچەیە هەمیشە رووبەڕووی هێزە داگیرکارەکان بوونەتەوە. دیارترین بەرەنگاربوونەوەش شەڕی حەریتانە لە ساڵی 1918 لە نزیك حەلەب لەکاتی پاشەکشەی سوپای عوسمانی بۆ وێستگەی گوندی قەتمە و لەوێشەوە بۆ گۆڕەپانی ئەکبەس.

رووداوی هەر دیاریش لە سەردەمی ئینتیدابی فەرەنسیدا ئەوەبوو کە گەنجێکی عەفرینی بەناوی (محۆ ئیبۆ شاشۆ)، یەکەمین کەس بوو یەکەمین گوللەی بەڕووی کۆڵۆنیالیزمی فەرەنسیدا تەقاند و هەر لەوێش

یەکەمین تۆوی شۆڕشی باکوور و جەبەل زاویە لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا لە سووریا چەکەرەی کرد.
لەو شەڕانەش کە خەڵکی عەفرین لەگەڵ فەرەنسییەکان کردیان، هەرە دیارترینیان شەڕی وادی نەشاب، شەڕی گوندی حەمام لە رۆژئاوای جندرێس، شەڕی دۆڵی ئاشلە بە سەرکردایەتی سەیدۆ ئاغا دیکۆ و شەڕی چیای بارسە خاتوونن.
زۆری نەبرد ئەم هەڵسوکەوتەی خەڵکی عەفرین زەوینەیەکی گونجاوی رەخساند بۆ هاوکاریی نێوان سەرکردەکانی عەفرین و ئیبراهیم هەنانۆ و هەروەها شۆڕشگێڕانی حەلەب و جەبەل زاویە. هەر لەو ماوەیەدا بوو کە فڕۆکەکانی فەرەنسا شاری عەفرینیان بۆردوومان کرد. مایەی سەرنجە کورد لە خەباتی خۆیاندا لە دژی فەرەنسییەکان هیچ کات داخوازیی تایبەت بە خۆیان بەرز نەکردەوە، بەڵکو لە هەڵوێستەکانیاندا وادەردەکەوت کە جگە لە دەرکردنی فەرەنسییە داگیرکەرەکان لە وڵات و بەدیهێنانی ژیانێکی ئاشتیانە لەگەڵ گەلی سووریا و لەسایەی حوکمڕانییەکی نیشتمانی، شتێکی دیکەیان ناوێت.
کاتێك دوایین سەربازەکانی فەرەنساش لە 15ی نیسانی 1946 لە سووریا کشانەوە، هەریەك لە خەلیل سەیدۆ میمۆ و عارف غوباری لە ساڵی 1947دا بوونە نوێنەری چیای کوردان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی سووریادا کە یەکەم کۆبوونەوەی لە 15-9-1947 ئەنجامدا. هەروەها کاتێك کۆمەڵەی دامەزرێنەرانی سووریا لەساڵی 1949 پێکهێنرا، هەریەك لە فایق مەننان ئیسماعیل زادە و مستەفا ئەحمەد بەتاڵ وەك نوێنەری عەفرین بەشداربوون.

## شوێنەواری مێژوویی

پێشـتر گوتمـان ئـەوەی بـە عەفرینـدا تێپەڕیـوە، شـوێنەواری خـۆی بەجێهێشـتووە. هەنـدێ لـەو شـوێنەوارانە بەڵگـەن لەسـەر قووڵایـی مێژوویـی ئـەو شـارە. بـەو مانایـەی شـارێکی نـوێ نییـە، بەڵکـو زۆر دێرینـە و خاڵـی دووەمیـش ئاوێتەبوونـی شارسـتانییەکان و زاڵبوونـی ڕەنگـی مێژوویيانـەی کوردییـە لـە عەفریـن. بـا باسـی هەندێکیـان بکەیـن:

شـاری قـورش (نەبـی هـوری)، ئـەم شـارە دەکەوێتـە ناوچـەی بەیەکگەیشـتنی ڕووبـاری عەفریـن و ڕووبـاری سـابوون سـی لـە لێژایـی گردۆڵکەیەکـدا کـە لەسـەر لای ڕاسـتی ڕووبـاری سـابوون سـی هەڵکەوتـووە، 70 کـم لـە باکـووری ڕۆژئـاوای شـاری حەلـەب دوورە و لـە شـاری عەفرینیشـەوە 23 کـم لـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـە.

لەبـارەی ئـەوەی بۆچـی بـە (هـوری) نـاسراوە؟ مـەروان بـەرەکات دەڵێـت: بەشـێك لـە سـەرچاوە مێژووییـەکان پێداگیـری لەسـەر ئـەوە دەکـەن کـە شـاری نەبـی هـوری، شـارێکی گەشـەکردوو بـووە لـە سـەردەمی هۆرییـەکان لـە سـەدەی دووەمـی پێـش زاییـن و بـە "خـورو، هوریـا، هـوری" دەنـاسرا. مـەروان بـەرەکات کـە مێـژووی کورداخـی نووسـیوە، دەڵێت: "نازانیـن بۆچی ئـەم نـاوەی لێـنراوە؟ ئاخـۆ بەپشتبەسـتن بـووە بـە نـاوی خواوەندێـك یـان پاشـایەکی یەکێـك لـە سـەردەمە مێژووییـەکان، یـان لـە قۆناخێکـی دیکـەدا بەهـۆی هورییەکانـەوە کـە فەرمانڕەوایـی ناوچەکەیـان دەکـرد!".

دێـر سـەمعان (قـەڵای سـەمعان): دەکەوێتـە باکـووری ڕۆژئـاوای شـاری حەلـەب بەدووریـی 40 کـم، هەروەهـا بەدووریـی 20 کیلۆمەتریـش لـە باشـووری عەفرینـە و دەکەوێتـە بەشـی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی (چیـای

کــوردان) و لەســەر یەکێــك لــە لووتکەکانــی چیــای لێلــوون هەڵکەوتــووە. ئیســپیپرۆ لەبــارەی ســەمعان و بانگەوازەکــەی دەڵێــت: خەڵکــی گوندێــك بــووە بــە نــاوی (سیس)، نــاوی ئێســتای (ئیســلاحیە)یە و دەکەوێتــە باکووری ڕۆژئــاوای قــورش، 25 کــم لــە مەیدانــی ئەکبــەس دوورە. قــورش ئــەوکات ســەنتەری ئوســقۆفەکانی تیۆدۆریتــزوس بــووە کــە 800 شــوێنکەوتووی هەبــووە.

لەدایکبوونــی ســەمعان لەنێــوان ســاڵانی 380-390ی زاینــی بــووە. بــاوك و دایکــی فێــری شــوانییان کــرد بــۆ ئــەوەی لــە داهاتــوودا وەك "پەیامبــەران داوود، یەعقــووب، یوســف و مووســا" ببێتــە کەســایەتییەکی مــەزن. کاتێــك قەشــە ســەمعان لــە ســاڵی 459 زاینــی کۆچــی دوایــی کــرد، لــە ناوچــەی قــەڵای ســەمعان هیــچ بینایــەك نەبــوو، تەنیــا شــوورەیەك هەبــوو. کاتێــك زینــۆن، ئیمپراتــۆری ڕۆمانــی لــە ســاڵی 474ی زایینــی دەســەڵاتی گرتــە دەســت، ویســتی کڵێســایەکی مــەزن دروســتبکات کــە هاوشــێوەی لــە هەمــوو خاکــی ئیمپراتۆرییەکــەدا نەبێــت، ئــەوەش وەک ڕێزگرتنێــک لــە قەشــە ســەمعان. ئیــدی لــە ســاڵی 476ی زایینــی دەســت بەدروســتکردنی کەنیســەی (دێــر ســەمعان) کــرا و لــە ســاڵی 490 تەواوکــرا. (کتێبــی- عفریــن عــبر العصــور، نووســینی: مــەروان بــەرەکات، وەشــانخانەی عەبدوملونعیــم – حەلــەب 2008).

ئــەم دێــرە تاوەکــو ســەدەی 16ی زایینــی، رووگــەی حەجــی کریســتیانەکان بــووە هاوشــێوەی شــوێنەکانی دیکــەی حەجکردنــی کریســتیانەکان لــە فە لە ســتین .

پەرســتگەی عەیــن دارا: دەکەوێتــە باشــووری عەفریــن، ئــەم پەرســتگەیە بــە نەخــش و نیــگاری زۆر جــوان و نــاوازەی دروســتکراو لــە بــەردی بازڵتــی

دەناسرێتـەوەو سـاڵی 1982 لەلایـەن تیمێکـی سـووری دۆزرایـەوە. هەروەهـا تیمێکـی ژاپۆنـی سـەر بـە مۆزەخانـەی ڕۆژهەڵاتـی کـۆن لـە تۆکیـۆ، ئەرکـی نۆژەنکردنــەوەی بەشــێکی نەخــش و نیگارەکانــی گرتەئەســتۆ.
تەپۆڵکـەی عەیـن دارای مێژوویـی یەکێکـە لـە گرنگتریـن شـارەکانی شانشـینی بێـت ئاغووشـیی ئارامـی کـە شـیمانە دەکرێـت پایتەختیشـی بووبێـت. بەشـێك لـە مێژوونووسـان دەڵێـن ئاسـەوارەکە بـۆ چەرخـی ئاسـنی دەگەڕێتـەوە و ئـەو پارچـە نەخشـانە کـە بـە بـەردی بازڵتـی دروسـتکراون، پارچـەی مـەزن و گـەورەن و نەخـش و نیـگاری جیـاواز لەسـەر دیوارەکانـی دەبینرێـت.
بەپێـی وێنەیـەك کـە لەڕێگـەی مانگـی دەسـتکردەوە گیـراوە و چـالاکان لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا بڵاویانکـردەوە، دەردەکەوێـت زیـاد لـە نیـوەی پەرسـتگەی عەیـن دارای دێریـن بەهـۆی بۆردوومانـی فڕۆکـەی تورکییـەوە، بووەتـە داروپـەردوو.

## ئێزدییەکان و ناسـنامەی ناوازەی عەفرین

عەفرینییـەکان هاوشـێوەی ناسـنامەی کوردیـی خۆیـان، ناسـنامەی ئێزدێتـی خۆیشـیان پاراسـتووە، بەپێچەوانـەی بانگەشـەی هەنـدێ عەرەبـی شـۆڤینی کـە دەڵێــن: ئێزدییــەکان بەشــێکی دانەبــڕاون لــە کۆمەڵگــەی ســووری و بنەڕەتیـان بەهیـچ شـێوەیەك ناگەڕێتـەوە بـۆ کـورد و گوایـە ڕەگوڕیشـەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ (یەزیـدی کـوڕی معاویـە)، واتـە بەڕەچەڵـەك عەرەبـن! بـەڵام ئێزدییـەکان جەخـت لـەوە دەکـەن کـە کـوردن و شـانازی بـە ناسـنامەی کوردی خۆیانـەوە دەکـەن. جیـاوازی لـە بـاوەڕی ئایینـی بـەو مانایـە نایـەت

کــە ئێــزدی کــورد نیــن، بەپێچەوانــەوە بوونــی ئێزدییــەکان لــەم ناوچەیــە ناسـنامەیەکی تایبەتـی داوەتـە عەفریـن.

لەنێـو کـورد جگـە لـە ئێـزدی، ئایینـی دیکـەی وەك کریسـتیان و جـووش هەیـە، ئێزدیـش یەکێکـە لـە ئایینـە دێرینەکانـی کـورد بـەر لـە هاتنـی ئیسـلام. کـورد بـەر لـەوەی موسـڵمان بـن، ئێـزدی بـوون و ئـەم ئایینـە بەخێرایـی لەنێـو کـورد لەسـەردەمی بـەر لـە هاتنـی ئیسـلام تەشـەنەی کردبـوو، ئـەوەش لەوانەیـە بـۆ رەهەنـدی کولتـووری و بـاوەڕە ئایینییەکانـی بـەر لـە ئیسـلام بگەڕێتـەوە کـە لـەم ناوچەیـەدا بڵاوبـوون و نزیکترینیـان لـەم ئایینـەوە بیروبـاوەڕی زەردەشـتی بـووە.

ئایینـی ئێـزدی لـە رووبـەری بەرینـی وڵاتـی کوردانـدا بڵاوبـووە، هـەر لـە باکـووری رۆژهەڵاتـی ئێرانـەوە تاوەکـو دەگاتـە دواییـن ناوچـەی رۆژئـاوا لـە باکـووری رۆژئـاوای حەلـەب لـە سـووریا. ئێمـە پێشـتر لـە بابەتێکـی خۆمانـدا گوتوومانــە: "هــۆکاری ســەرەکی تەشــەنەکردنی ئــەم ئایینــە دەگەڕێــتەوە بــۆ جێگۆڕکێــی هۆزەکانــی کــورد لەنێــو ســنووری دەوڵەتــی ئەیووبیــدا". (البیـان الاماراتـی، فـاروق حجـی مصطفـی، الایزدیـە و الایزدیـون فـی شـمال سـوریا ، - 15شـباط 2009).

دکتـۆر محەممـەد عەبـدۆ کـە پزیشـك و هـاوکات مێژوونووسـێکی ئێزدییـە لــە ســووریا، دەڵێــت: "هۆزەکانــی ئێــزدی رووبــاری فوراتیــان تێپەڕانــد لەوکاتـەی چەنـد نەتەوەیەکـی جیـاواز سـەرقاڵی بەشـکردنی پاشـماوەکانی ئیمپراتۆریــی ســەلجووقی بــوون. لەوانەشــە پەڕینەوەیــان بــۆ پێــش ئــەم مێــژووە بگەڕێتــەوە، رەنگــە کۆچــی ئێزدییــەکان و نیشــتەجێبوونیان لــە ناوچــەی چیــای کــوردان و چیــای ســەمعان بــۆ دوای شــەڕی ســەلیبی بگەڕێتـەوە، واتـە بـۆ سـەدەی 13ی زایینـی.

شـاراوە نییـە ئێزدییـەکان داوونەریتـی خۆیـان پاراسـتووە لـەو ناوچانـەی لێیـان نیشـتەجێبوون. لەکاتێکـدا بەشـێکیان بـەرەو حەلـەب چـوون و لەنێـو تیـرە و هۆزەکانـی کـورد بڵاوبوونـەوە و یـەك لـە میرەکانیـان بەنـاوی عیزەددیـن یوسـف کـوردی، بووەتـە فەرمانـڕەوای میرنشـینی کلیـس و پاشـان بـووە فەرمانـڕەوای تـەواوی حەلـەب. دواتـر پەیوەندییەکـی تۆکمەیـان لەگـەڵ دوورزییەکانـی چیـای لوبنـان پێکهێنـا. لەسـەردەمی عوسمانییەکانیشـدا ئیمارەتـی کـوردی لـە ولایەتـی حەلـەب درایـە دەسـتی شـێخ عیزەدیـن ئێـزدی و تاوەکـو کۆچـی دواییکردنـی لـە سـاڵی 1541 درێژەی کێشـا. لەبـارەی دۆخـی ئێستاشـیان لـە ناوچـەی عەفریـن، ئێزدییـەکان ئێسـتا کەسایەتی یـان دەسـتەیەکی ئیعتیبـاری و فەرمییـان نییـە بەپێچەوانـەی ئایین و مەزهەبەکانـی دیکـە. لـە سـاڵانی شەستەکانیشـەوە کـە کۆچـی بەلێشـاوی ئێزدییـەکان بـۆ حەلـەب و هەروەهـا بـۆ دەرەوەی وڵات دەسـتیپێکرد، زۆربـەی ئەوانـەی لـە گوندەکانیانـدا مانـەوە بـە کشـتوکاڵەوە خەریکـن. بۆیـە سـەیر نییـە کـە دەبینیـن ئێزدییەکانیـش وەك هەمـوو پێکهاتەکانـی دیکـە، تێکەڵـی پـارت و گرووپـە سیاسـییەکانی سـووریا بـوون، بـەڵام هیچکامیـان نەگەیشـتنە پلەیەکـی بـاڵای حکومـی و حیزبـی، جگـە لـە سـەبری حەسـۆ لـە گونـدی (قەسـتەڵ جنـدۆ) کـە بـووە ئەندامـی ئەنجوومەنـی پارێـزگای حەلـەب لـە هەشـتاکانی سـەدەی بیسـتەم.

## بەعەرەبکردن و پرسی گۆڕینی دیمۆگرافیی

هیـچ بەڵگەنامەیەکـی نووسراومـان لەبەردەسـت نییـە، فەرمـان و بڕیـار و بەڵگەنامەکانـی تایبـەت بـە دۆسـیەی تایبـەت و هەسـتیاری وەک گۆڕینـی

دیمۆگرافـی و بابەتـی لەوجـۆرە، چونکـە ئـەو نووسراوانـە تەنیا دەدرانـە لقـە ئەمنییـەکان و هۆبەکانـی حیزبـی بەعـس.

بـەڵام سیاسـەتی گشـتی کـە لەلایـەن سـەرکردایەتی پـارت و دەزگا پەیوەندیدارەکانـی کاریـان پێکـراوە، روون و ئاشـکران و هیـچ گومانێـك هەڵناگـرن، بەتایبەتـی جێبەجێکردنـی پلانەکانـی هاوشـێوەی ئەوانـەی محەممـەد تەڵـەب هیـلال دانـی پێدانـان و بەشـێکیان لـە ناوچـەی جەزیـرە جێبەجێکـراون. سـەبارەت ناوچـەی عەفریـن، پرسـی گۆڕینـی دیمۆگرافـی بـە دوو شـێوە کاری بـۆ کـراوە:

## یەکەم: سیاسی و کۆمەڵایەتی

- لەبەرچاوگرتـن و پێدانـی بایـەخ و دەرفەتـی زیاتـر بـە عـەرەب لـە دابەشـکردنی زەویـوزاری چاکسـازیی کشـتوکاڵی کـە لـە شەسـتەکانی سـەدەی رابـردوو دەسـتیپێکرد. هەروەهـا هاندانـی هـۆزە عەرەبـەکان بـۆ نیشـتەجێبوون لـە عەفریـن و سـوودمەندبوونیان لـە پـڕۆژەی چاکسـازیی کشـتوکاڵی. ئەندامانـی لیژنـەی دابەشـکردنی زەویـوزار لـە چەندیـن بۆنـەدا باسـی ئـەم راسـتییەیان کـردووە.

- لـە گرێبەسـتەکانی کڕیـن و فرۆشـتندا، هەڵسـەنگاندنی ئەمنـی بنەمـای هەمـوو کارەکان بـوو. زۆر بەڕاشـکاوانە ئاسـانکاری کڕیـن و فرۆشـتن بـۆ عـەرەب دەکـرا و بەپێچەوانەشـەوە بـۆ کـورد کارەکان سـەخت و دژوار دەکـران. لـە قۆناخەکانـی دواییشـدا، بەتایبەتـی دوای دەرچوونـی یاسـای 49ی پەیوەندیـدار بـە ناوچـە سـنوورییەکان، جیـاکاری و بەرتەسـککردنی مامەڵـەکان لـەدژی کـورد سـتەم و جـەوری ئاشـکرای تێدابـوو.

**دووەم: ئابووری و بژێوی:**

دوای ڕاگەیاندنــی ســەربەخۆیی ســووریا، ناوچــەی عەفریــن ڕووبــەڕووی پشتگوێخســتنی بەئەنقەســت بــووەوە. بەهیــچ شــێوەیەك دامەزراوەیەكــی گرنگــی كەرتــی گشــتیی لــەوێ دانەمــەزرا، جگــە لــە چەنــد كارگەیەكــی پاڵاوتنــی زەیتــوون. ســەرمایەدارانیش وەبەرهێنانیــان تەنیــا لــە شــارە گەورەكانــدا دەكــرد، ئــەوەش بەهــۆی خراپیــی خزمەتگــوزاری لــە گونــدەواری حەلــەب بەگشــتی و عەفریــن بەتایبەتــی. ئەمــەش خەڵكێكــی زۆری ناوچەكــەی ناچاركــرد كــۆچ بكــەن بــەرەو شــارە گەورەكانــی ســووریا، بەتایبەتیــش بــۆ حەلــەب. بەپێــی ســەرژمێریی ســاڵی 2004، ڕێــژەی كــۆچ لــە ناوچــەی عەفریــن بەمشــێوەیە بــووە:

| ساڵ | سەرژمێری تۆماری مەدەنی لە ناوچەی عەفرین | سەرژمێریی گشتیی ناوچەی عەفرین | جیاوازی و ئەوانەی لە دەرەوەی ناوچەکە نیشتەجێن | ڕێژەی سەتیی کۆچکردن و نیشتەجێبووانی دەرەوەی ناوچەکە |
|---|---|---|---|---|
| 1981 | 232004 | 133319 | 98685 | %42.5 |
| 1994 | 355566 | 190828 | 164738 | %46.33 |
| 2004 | 446293 | 172095 | 274198 | %61.43 |

ئــەم خشــتەیە زیادبوونــی ڕێــژەی كۆچكردنــی خەڵكــی ناوچەكــە لــە ســێ ســەردەمی جیــاوازدا دەردەخــات. پێدەچێــت هــەر ئەمــەش ئامانجــی ســەرەكی حیزبــی بەعــس بووبێــت. واتــە ســەختكردنی ژیــان لــە ناوچەكــە تاوەكــو ئاســتی ئــەوەی كــە خەڵكەكــەی ناچــار بكــەن كۆچــی خۆویســتانە بكــەن، ئەمــەش ڕێگەیەكــی بێدەنــگ و بــێ كێشــە و قڕەیــە لــە دروســتكردنی ناهاوســەنگی دیمۆگرافــی و گۆڕینــی پێكهاتــەی دانیشــتووان لــە عەفریــن.

## پێگەی سیاسی عەفرین لە ئەرشیڤی عوسمانی و فەرەنسیدا

عەفریـن یەکێکبـووە لـەو شـارە سـەرەکییانەی کـە پێگەیەکـی تایبەتـی هەبـووە لـە هـەردوو سـەردەمی عوسـمانی و فەرەنسـیدا. ئەرشـیڤی ئـەم دوو دەوڵەتـە ئـەوە دەردەخـەن و بـە روونـی ئامـاژە بـۆ نـاوی کـورداخ کـراوە. لـە هـەردوو سەردەمەکەشـدا کـورداخ خاوەنـی جۆرێـک لـە خۆبەڕێوەبـەری بـووە. بەڵگەنامەکانـی تایبـەت بـە دابەشـبوونی ئیـداری لـە سـەردەمی عوسـمانیدا وای دەردەخـەن کـە کـورداخ لیوایەکـی سـەربەخۆ بـووە و مـاوەی چەندیـن سـەدە سـەنتەرێکی کارگێـڕی بـووە کـە شـاری کلیـس پایتەختـی بـووە و ئەویـش سـەر بـە ویلایەتـی حەلـەب بـووە.

بەڵگەنامەکانــی ســەردەمی عوســمانی نــاوی چەندیــن خێزانــی کــورد دەهێنـن کـە ناوچـەی چیـای کوردانیـان بەڕێوەبـردووە، رەنگـە نێودارترینیـان بنەماڵـەی جـان پـۆڵات بـن کـە بـۆ چەندیـن نـەوە کلیسـیان بەڕێوەبـردووە بـەر لـەوەی عەلـی جـان پـۆڵات بکرێتـە حاکمـی حەلـەب. ناوبـراو سـاڵی 1607ی زاینـی شۆڕشـێکی لـە دژی عوسـمانییەکان بەرپاکـرد و بـە سـەرکوتکردنی شۆڕشـەکەی، بـەرەو لوبنـان هـەڵات.

هــەر لــە بەڵگەنامــە و ئەرشــیڤەکانی عوســمانیدا نــاوی چەندیــن هــۆزی کـورد دێـن کـە لـە ناوچـەی کـورداخ/ کلیـس دەژیـان، لەوانـە ئۆقچـی عیزەددینلـی، شـێخلی، وەجـوم، بەکتاشـلی، قلێچلـی و تـاد.. (کـورد لـە بەڵگەنامەکانـی جەنگـی جیهانیـی دووەمـدا 5-، خالیـد عیسـا، تەممـووزی 2009).

لـە ئەرشـیڤی فەرەنسیشـدا ئـەوە دەخوێنینـەوە، کـورداخ کـە لەنـاو کـورد بـە (چیـای کورمێنـج) نـاسراوە و لـە بەڵگەنامـە فەرمییەکانـی سـووریادا بـە

عەفریــن ناودەبرێــت و لــە خۆشەویســتی ئەمــەش پێیدەگوتــرێ (ئاڤریــن) بەهــۆی رووبــاری ئاڤرینــەوە کــە لــە پارێــزگای کلیــس لەنێــو ســنوورەکانی تورکیــاوە هەڵدەقوڵێــت. کلیــس بــەم دواییــە بــە 114 هــەزار دانیشــتووانەوە کرایــە ویلایــەت. بۆیــە زۆر کــەس داگیرکردنــی عەفرینیــان وا لێکدایــەوە کــە هەوڵێــک بێــت بــۆ دابڕینــی لــە ســووریا و گرێدانــەوەی لەگــەڵ کلیــس.

لــە 14-6-1927 عەفریــن کەوتــە ژێــر دەســتی فەرەنســا. هەرچەنــدە زمانــی هــەردوو دیــوی ســنوور کوردییــە، کەچــی زمانەکانــی تورکــی و عەرەبــی کرانــە زمانــی خەڵکــی ناوچەکــە. ئــەوە ســەرباری دانپێدانانــی روون و ئاشــکرای ئەرشــیڤی فەرەنســی بــەوەی کــە عەفریــن شــارێکی کوردییــە بــە هــەردوو ئایینی موســڵمان و ئێزدییــەوە و چەندیــن ســەدە بەمشــێوەیە ژیــاون.

بەپێــی ئەرشــیڤی فەرەنســی، کــورداخ لــە ســەردەمی عوســمانیدا لــەڕووی باجــەوە ســەر بــە پارێــزگای کلیــس بــووە، بــەڵام لــەڕووی ســەربازییەوە ســەر بــە حەلــەب بــووە. لــە ســەدەی هــەژدەدا، پێگــەی عەفریــن بەرزکراوەتــەوە و کراوەتــە ناوچەیەکــی خۆســەر و حاکمــی خــۆی هەبــووە. بــەر لــە وەرگرتنــی جڵــەوی دەســەڵاتی حەلــەب لەلایــەن عەلــی جــان پــۆڵات، بنەماڵەکــەی چەندیــن نــەوە فەرمانــڕەوای کــورداخ بــوون. دواتــر فەرەنســییەکان لەگــەڵ لیژنــەی نیشــتمانیی ســووری کــە لــە دیلــۆك (عەنتــاب) نیشــتەجێبوون، بــەرەوڕووی یەکــدی بوونــەوە، ئــەوان، واتــە فەرەنســییەکان ئــەم لیژنەیەیــان وەک "چەتــەی چیــا" دەناســاند. بۆیــە گوێیــان بەیاخیبوونــی ئــەم گرووپــە نــەدا کــە لەگــەڵ ئیبراهیــم هەنانــۆ (ی کــورد) لــە پەیوەندیــدا بــوون لەوکاتــەی لــە گونــدەواری ئیدلیــب و بە پشتبەســتن بــە خەڵکی عەفرین لە دژی فەرەنســییەکان وەســتابوو. هــەر لــەو ســەردەمەدا فەرەنســییەکان دەســتیان بــە فراوانکردنــی عەفریــن لــەڕووی کارگێڕییــەوە کــرد، بنکــەی ناوەنــدی عەفرینیــان لەمــاوەی

دوو ساڵدا دروستکرد، واتە لەنێوان ساڵانی 1925-1927. لەکاتێکدا پێشتر تەنیا تەلارێکی حکومی و بارەگایەکی پۆلیس و بازاڕێکی هەبوو. ژمارەی دانیشتووانی ئەوسای عەفرین تەنیا 800 کەس بووە.

### عەفرین دوای ئاداری 2011

هەر کە قەومییەکانی عەرەب جڵەوی دەسەڵاتی سووریایان گرتەدەست، کەوتنە هەوڵدان بۆ بە عەرەبکردنی ناوچەی عەفرین و داماڵینی لە ناسنامە کوردییەکەی. ئەوە سەرباری ئەوەی بەشداریکردنی عەفرینییەکان لە کایەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و بازرگانیی سووریادا بەشدارییەکی چالاک بوو. عەفرینییەکان کاریگەرییان تەنانەت لەسەر شێوازی ژیانی حەلەبییەکانیش هەبووە. لە رێکخستنی حیزبە سیاسییەکانی کورددا رۆڵیان هەبووە. وێڕای هەوڵی بەردەوامی دەسەڵاتدارانی سووریا بۆ کاڵکردنەوەی رەنگی کوردی لە عەفرین، چوار کەسایەتی خەڵکی عەفرین لە دامەزرێنەرانی یەکەمین پارتی سیاسی کوردی بوون. بۆیە عەفرین لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سووریاوە دۆخێکی جیاوازی هەبوو. ئەو شارە هەر لە سەرەتای ساڵی 2012 وە کە سوپای ئازاد دەستی بەسەر ناوچەکانی باکووری سووریادا گرت، کەوتە ژێر ئابلووقەوە.

بەوپێیەش کە هەڵکەوتە جوگرافییەکەی عەفرین لە ناوچەیەکی ئاڵۆزدایە، بارودۆخی خەڵکەکەی تاوەکو دەهات خراپتر دەبوو، بەتایبەتیش پاش کۆنترۆڵکردنی فڕۆکەخانەی مینگ لەلایەن سوپای ئازاد. لەسایەی باڵادەستبوونی تایفەگەریشدا لەنێو لایەنەکانی ململانێ، جموجوڵ و

هاتووچـۆی خەڵـک تووشـی ئاسـتەنگی زۆر هـات و چـوون بـۆ حەلـەب وەک ریسـکێکی لێهـات، بەتایبەتیـش بـۆ خەڵکـی هەنـدێ ناوچـە، مەعبەتلـی بـۆ نموونـە کـە زۆرینـەی دانیشـتووانەکەی عەلەویـن، یـان شـێراوا کـە زۆرینەیـان ئێزدیـن.

لایەنــە ئیســلامییەکان هەوڵێکــی زۆریانــدا بــۆ ئــەوەی دەســت بەســەر عەفرینــدا بگــرن. گونــد و دێهاتەکانــی نــاوەوەی کــە هاوســنووری ئیدلــب و حەلەبــن، یــان ئەوانــەی هاوســنووری تورکیــان، نەهامەتیــی زۆریــان کێشـا. ئیسـلامییەکان شـوێنەواری ئایینـی و مێژوویـی ئێزدییەکانیـان بەئامانـج دەگـرت. دیارتریـن رووداویـش لەنێوبردنـی داری مێژوویـی ئێزدییـەکان بـوو لـە ساڵی 2013 کـە نـەک هـەر بـۆ ئێزدییـەکان وەکـو حـەج وابـوو، بەڵکـو بـۆ هەمـوو خەڵکـی عەفریـن و بـۆ گەشـتیارانیش جێگـەی بایـەخ بـوو. تەمەنـی ئـەو داره دەگەڕایـەوە بـۆ زیاتـر لـە 200 سـاڵ.

## کۆتایی

مـاوە بڵێیـن کـە عەفریـن جارێکـی دیکـە دێتـەوە نـاو مێـژوو بـۆ ئـەوەی دووبـارە ببێتـەوە قوربانییـەک لـە قوربانییەکانـی سـنوور و چاوتێبڕینـی هێـزە هەرێمییـەکان، لەکاتێکـدا ئـەوە مافـی کـورد خۆیەتـی کـە ئاینـدەی خـۆی بەوجـۆرەی خـۆی دەیـەوێ دیـاری بـکات. بیانـووی ئەمجارەیـان تەنیـا لـە سـنووری داگیرکردنـی عەفرینـدا ناوەسـتێ، هێنـدەی ئـەوەی کـە مەبەسـتی پشـتی داگیرکارییەکـە ئەوەیـە کـورد دەسـتی نەگاتـە دەریای سـپی نێوەڕاسـت. تـورک مەسـەلەکە ئـاوا وێنـا دەکـەن و چەندیـن جاریـش لـە میدیاکانـەوە ئەوەیـان بـە ئاشـکرا گوتـووە. کەواتـە، گرنگتریـن هـۆکاری ئـەوەی کـە پاڵـی

بـە تورکەکانـەوە نـاوە هێـرش بکەنـە سـەر ئـەم شـارە، ڕەهەندێکـی سـتراتیژیی هەیـە و ئامانجەکـەی ئەوەیـە ئەمجـارە پشـتی کـورد بـۆ هەتاهەتایە بشـکێنن.

**سەرچاوەکان :**


1 - مروان بركات، عفرين عبر العصور، دار عبد المنعم - ناشرون- حلب 2008.

2 - فـاروق حجـي مصطفـى، الإيزيديـة والإيزيديـون في شـمال سـوريا، البيـان الإماراتيـة، 15 شـباط 2009.

3 - د. محمـد عبـدو عـلي، الإيزيديـة والإيزيديـون في شـمال غـرب سـوريا، دار عبـد المنعـم – نـاشرون، 2008.

4 - خالد عيسى، الأكراد في وثائق الحرب العالمية الثانية، 5 تموز 2009.

5 - محمـد جـمال بـاروت، التكـوّن التاريخـي الحديـث للجزيـرة السـورية، المركـز العـربي للأبحـاث ودراسـة السياسـات، 2012.

# عەفرین؛ دەروازەی جیۆسیاسی

مامەند رۆژە

## بەرایی

تورکیـا پرسـی داگیرکردنـی عەفرینـی کردووەتـە دۆزی نیشـتمانیی خـۆی و هەمـوو تواناکانـی بـۆ تەفروتوناکردنـی هێـزی کـورد خسـتووەتەگەڕ. تەنانـەت دوای داگیرکردنـی ئـەم شـارەش هێشـتا وەبەرهێنـان لەسـەر ئاکامەکانـی دەکرێـت. رۆژبـەڕۆژ گوتـاری نەژادپەرسـتی بڵێسـە دەسـێنێت. لـە یەکـەم رۆژی جەنگـی عەفرینـدا پەیامنێـری atvی تورکـی مایکـی لەبـەردەم سـەربازی سـەر تانکێـک راگـرت و لێـی پرسـی: بـۆ کـوێ دەچـن؟ سـەربازەکە سـەلامێکی سـوپایی کـرد و گوتی:"بـەرەو سـێوی سـوور". لەو رۆژەوە سـێوی سـوور بووەتە وێـردی سـەر زاری میدیاکانـی تورکیـا و نابڕێتـەوە. ئێسـتا تورکـەکان مەسـەلەی عەفرینیـان کردووەتـە مەسـەلەی سـێوی سـوور. سـێوی سـوور چییـە؟

پرسـی سـێوی سـوور پرسـی نـەژادی تورکەکانـە کـە لـە ئەفسـانە تورکییەکانـدا بـە دوائامانجـی ئـەوان بـۆ داگیـرکاری دەناسرێت. لـە کۆندا کاتێک لەشـکرێکی تـورک مەیلـی داگیرکردنـی شـوێنێکی هەبووایـە، یاخـود رووی هێرشـی بـۆ ناوچەیـەک وەربسـووڕاندایە، کاتێـک دەیانپرسـی سـەرباز بـۆ کـوێ؟ لـە وەڵامـدا دەیگـوت: بـەرەو سـێوی سـوور! سـێوی سـووریش بـە دواییـن خـاک دەگوترێـت کـە سـەربازی تـورک خـۆی پێدەگەیێنێـت. سـەیرەکەی ئەوەیـە کـە ئەمـڕۆ لـە داگیرکردنـی عەفرینـدا سـەرلەنوێ سـێوی سـوور بووەتـە ریوایەتـی تورکـەکان و بـە کەڕەنـای نەژادپەرسـتی، بـە رۆژی روونـاك هـاوار دەکـەن: عەفریـن سـێوی سـوورە!

لەمـلاش عەفریـن بووەتـە قیبلـەگای نەتەوەگەرایـی کـوردی و سـەرلەبەری کۆمەڵگـەی کـورد لـە دەوری کۆبوونەتـەوە. لەڕاسـتیدا عەفریـن لەلایـەک سـێوی سـووری نەژادپەرسـتی و لەلایەکیـش قیبلـەگای نیشـتمانپەروەرییەکی رزگاریخـوازە کـە بەیەکـدا هەڵشـاخاون. تورکیـا عەفرینـی بـۆ خـۆی کردووەتـە هێـمای رەواندنـەوەی هەڕەشـەی نەیـاری و جوداخـوازی و بەمـەش دەیـەوێ لـە سیاسـەتی ناوخۆییـدا وەبەرهێنانـی لەسـەر بـکات. کۆمەڵگـەی کوردیـش جارێکـی دیکـە هەسـت بـە سـتەمدیدەیی و بێکەسـی دەکات کـە بـە بەرچاوی جیهانـەوە پەلاماردەدرێـت.

پرسـیاری ئـەم باسـە ئەمەیـە: گەلـۆ بۆچـی تورکـەکان پەلامـاری عەفریـن دەدەن؟ چ لـە عەفرینـدا هەیـە کـە نیگەرانیـان دەکات؟ چ جیاوازییەکـی عەفریـن بووەتـە هـۆی ئـەم هێرشـە؟

گریمانـەی ئـەم باسـەش ئەمەیـە: هەمـوو هۆکارەکانـی سـەرکوتکردنی عەفرین لـە پێگـە جیۆسیاسـییەکەیدا خەوتـووە. پێگـەی جیۆسیاسـی عەفریـن ئەوەنـدە گرنگـە کە بڕسـتی ئـەوەی هەیـە چارەنووسـی هەڵپێـکاوی کوردسـتان بکاتەوە.

لـە چییـەوە ئەمـە دەزانیـن؟ لـە خوێندنـەوەی پێگـەی عەفریـن بەپێـی ڕێبـازی زانسـتی جیۆسیاسـی. لێـرەدا ئـەم پێگەیـە بەپێـی هەمـوو قوتابخانەکانـی زانسـتی جیۆسیاسـەت دەپێویـن و سـەرئەنجام لـە کۆبەندەکـەدا دەگەینـە ئەنجامـە خواسـتراوەکەمان.

## عەفرین؛ سێوی سوور - دەروازەی جیۆسیاسی

عەفریـن لـە قەزایـەک، حـەوت ناحیـە و 365 گونـد پێکـدێ کـە بـە قسـەیەک 500 هـەزار نیشـتەجێی سـەرەکی و بـە ئاوارەکانیشـەوە 800 هـەزار دانیشـتووی هەیـە. بەقسـەیەکیش دەگوتـرێ بـە ئاوارەکانـەوە زیاتـر لـە ملیۆنێـک دانیشـتووی هەیـە. عەفریـن وەک کلکەیەکـی جیۆسیاسـی بەنێـو خاکـی تورکیادا داچـووە و هاوسـنووری ویلایەتـی کلیـس و هاتایـە. عەفریـن قوربانیـی پێگـە جیۆسیاسـییەکەیەتی. ئـەم پێگـە جیۆسیاسـییە لـە توێـی دوو پـڕۆژەی پێچەوانەدا بەنـاو یەکـدا چـووە.

یەکەمیـان پـڕۆژەی کوردییـە کـە لەمێـژە عەفرینـی وەک پێگـەی جیۆفەرهەنگیی خـۆی قۆسـتووەتەوە و بەدرێژایـی دەیـان سـاڵ وەک سـەرچاوەی مرۆیـی، دارایی و ورە بـۆ شۆڕشـەکانی باشـوور و باکـوور ڕۆڵـی لەیسـتووە. هەروەهـا پێگەیەکـی جیۆئابووریـی گرنـگ بـۆ کوردسـتان پێکدەهێنێـت. بـە بەرهەمـی وەک زەیتـوون، ئـارد و دانەوێڵـە، وەک کەندووی شۆڕشـەکانی کوردسـتان ڕۆڵی گێـڕاوە. هەروەها بەمدواییانـەش وەک پردێکـی جیۆسـتراتیژی بـۆ گواسـتنەوەی هێـزی چەکـدار بـۆ چیاکانـی ئامانـۆس و بـۆ باکـووری کوردسـتان بەکارهاتووە.

لـە دوایيـن وێسـتگەدا کارکـردە جیۆسیاسـییەکانی عەفریـن بـە زەقـی خـۆی دەنوێنێـت: عەفریـن لەشـێوەی کارگێڕییەکـی خۆسـەر و ئۆتۆنۆمـدا خـۆی

ڕێکدەخاتـەوە. لـەوە واوەتریـش، دەچێتـە پـاڵ پڕۆژەیەکی قەبەتـرەوە کە ئەویش فیدراڵیـی باکـووری سـووریایە. بەمـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـەڕووی جوگرافـی و مرۆییـەوە کامـڵ دەبێـت. بەمجـۆرە لەنێـو سـێ سـتوونە سـەرەکییەکەی فیدراڵی باکـووری سـووریادا دەبێتـە کۆڵەکـەی سـێیەم. فیدراڵـی باکـووری سـووریا لـە سـێ سـتوونی سـەرەکی پێکـدێ کـە بریتیـن لـە: ناوچـەی جزیـرە، ناوچـەی فرات و ناوچـەی عەفریـن.

هـەردوو ناوچـەی جزیرە و فرات (کۆبانێ) لە پرۆسـەیەکی سـەربازیی بەردەوامدا تێکهەڵکێـشراون. بـەڵام پـڕۆژەی پێکـەوە بەسـتنەوەی ئـەم دوو ناوچەیـە لەگـەڵ عەفریـن درەنـگ کـەوت. کـورد ویسـتیان ئابڵوقـەی سـتراتیژیی سـەر عەفریـن بشـکێنن. بـۆ ئەمـە هێرشـەکانیان بـۆ سـەر تەلڕەفعـەت و جەرابلـوس لـە دوو رووکاری پێچەوانـەوە دەسـپێکرد. دەوڵەتـی تـورک هەسـتی بـە مەترسـی کـرد و دەسـتبەجێ لەڕێـی چەندیـن گرووپـی سـەلەفی – جیهادییـەوە ئۆپەراسـیۆنی پێچەوانـەی بـۆ سـەر سێگۆشـەی جەرابلوس – عـەزاز – باب دەسـپێکرد. بەمجۆرە تورکـەکان ئـەو شریتەیـان بـڕی کـەوا شـەڕڤانان دەیانویسـت لـە ناوچەی شـەهبا لـە تەلڕەفعەتـەوە بـە منبجیـەوە ببەسـتن.

ئێسـتا بابزانیـن پـڕۆژەی تورکیـا سـەبارەت بـەم ناوچەیـە چییـە؟ تورکیـا کاتێـک لەڕێـی ئۆپەراسـیۆنی مەرتاڵـی فراتـەوە پوازێکـی جیۆسیاسـی بـۆ ناوچەکانـی ئەمبـەری فـرات دروسـتکرد، تەگـەرەی خسـتە بـەردەم پـڕۆژەی کـوردی. هاوکات ئامـادەکاری بـۆ ئۆپەراسـیۆنی عەفرینیـش کـرد و رەجـەب تەیـب ئەردۆغـان بـەردەوام ئـەوەی دەگـوت کـە "لـە نیوەشـەوێکدا لەپـڕ پەلامـاری دەدەیـن". سـەرەنجام ئۆپەراسـیۆنێکیان بەنـاوی (چڵـە زەیتـوون)ەوە ئەنجامدا و شـارەکەیان داگیرکـرد. ئامانجـی تورکیـا چییـە؟ تورکیـا لەبـەر ئـەم چەنـد هـۆکارە لـەدژی ڕۆژئـاوای کوردسـتان دەوەسـتێتەوە:

یەکەم – تورك پێیانوایە پیلانێک بۆ پارچەکردنی سووریا هەیە و سیناریۆی عێراق لەوێ دووبارە دەکرێتەوە. ئەوان دەڵێن هاوپەیمانان دەیانەوێ سووریا بگۆڕن و ئەمریکا و رووسیا دەیانەوێ بەشێوەی دووقۆڵی ئەمە بکەن و پرۆژەی سایکس – پیکۆ دووبارەبکەنەوە کە سەدەیەک پێش ئێستا فەرەنسا و بەریتانیا بە دووقۆڵی نەخشەی ناوچەکەیان دارشتەوە. بۆیە دەیانەوێ بە دەسپێشخەرییەکی جڵەوکاری ئەمە لەباربەرن. لەبەر ئەمە دەڵێن عەفرین وەک کلکەیەکی هەڕەشەساز بەنێو سنوورەکانی تورکیادا رۆچووە.

دووەم - نیگەرانن لەوەی سنوورەکانی باشووری وڵاتەکەیان بە نەیاری ستراتیژییان (کەجەکە) گەمارۆدەدرێت و بەرە بەرە دەتەنرێتەوە. تورکەکان پێیانوایە ئەم پرۆژەیە تەنیا بۆ عێراق و سووریا نییە و درەنگ یان زوو تورکیا و ئێرانیش دەگرێتەوە. ئەم پرۆژەیە بە پرۆژەیەکی رۆژئاوایی بۆ بنیاتنانی کوردستانی مەزن دەزانن کە چوار ستوونی هەیە: ستوونێکی لە عێراقە، ستوونێکی لە سووریایە، ستوونێکی لە ئێران و ستوونێکیشی لە تورکیایە. دوو ستوونی تەواو بووە و تەنیا دوو ستوونی ماوە.

سێیەم- ئەمەیان تارادەیەک تیۆری پیلانگێڕییە گوایە: بە پشتیوانیی ئەمریکا بۆ پارستنی ئاسایشی ئیسرائیل، پرۆژەیەک بۆ بنیاتنانی راڕەوێکی کوردی هەیە کە سەرەنجام خۆی لە جاڕدانی دەوڵەتێکی کوردیدا دەبینێتەوە. ئەم راڕەوە بەسەر پارێزگای هاتای تورکیادا دەگاتە دەریای سپی نێوەڕاست، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا هاتای ببێتە مەڵبەندی تەنگژەی گەورە بۆ تورکیا. لەبەر ئەمە بە ئۆپەراسیۆنی "قەڵخانی فرات" لە سێگۆشەی جەرابلوس – ئەعزاز – باب قەڵخانێکی بۆ ئەم پرۆژەیە دروستکرد. بە ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوونیش کە درێژەی ئۆپەراسیۆنی قەڵخانی فراتە، دەیەوێ عەفرین بگرێت و هێزە عەرەبی –

تورکمانییەکانی تێدا جێگیر بکات. تورکیا هێزێکی لە باشووری عەفرین لە پارێزگای ئیدلب بەناوی چاودێرییەوە جێگیرکردووە کە راستییەکەی بۆ ئابلۆقەدانی عەفرینە. لەو رۆژەوەش کە شارەکە داگیرکراوە، پرۆژەی گۆڕینی دیمۆگرافی دەستپێکردووە.

ئێستا هەڕەشەکان لە سێوی سوورەوە بۆ شەقەزللەی عوسمانی هەمووی هەڕەشەن لە کورد. ئەم پرسە بۆ کورد پرسی مانەوەیە. بۆیە هەموو تاکێکی کوردستانی ئەمڕۆ پرسی مانەوە لە عەفریندا دەخوێنێتەوە کە ئایا: قەوارە کوردستانییەکانی باشوور و رۆژئاوای کوردستان لەم هەلمەتە داگیرکارییەدا دەمێننەوە یان لەنێودەچن؟

ئەمە پرسێکی یەکلاکەرەوەیە کە وەڵامەکەی لەتوێی زانستی جیۆسیاسەتدا دەدۆزرێتەوە. بۆ ئەمەش هەوڵدەدەین بەپشتبەستن بە رێساکانی زانستی جیۆسیاسەت، بەدوای وەڵامی پرسیاری کوردستانییان بگەڕێین بۆ ئەم پرسە: ئایا هۆکاری هێرشی داگیرکاری بۆ سەر عەفرین چییە؟ یەکەم کلیل پێماندەڵێ: هۆکارەکە لە پێگەی جیۆسیاسی عەفریندا خۆی مەڵاسداوە. بۆیە بۆ ناسینی ئەم پێگەیە روودەکەینە قوتابخانەکانی جیۆسیاسەت، بزانین لەسەر ئەم پێگەیە چیمان پێدەڵێن؟

## عەفرین: لە دیدی قوتابخانەکانی کلاسیکەوە

فریدریك راتزەل (1844 - 1904) زانایەکی ئەڵمانە کە بە باوکی جیۆپۆلیتیکا دەناسرێت. ئەو یەکەم کەس بووە کە بێئەوەی ناوێکی لێبنێ، زانستی جیۆپۆلیتیکای داهێناوە. لە کتێبی (جوگرافیای سیاسی) دا چەمکەکانی جیۆپۆلیتیکای خستووەتەڕوو. ئەو لە تیۆرییەکەیدا دەڵێ

دەوڵـەت وەك گیانەوەرێکـی زینـدووە و پێویسـتی بـە پێداویسـتی و کەشـی ژیانـە. لەبەرئەمـە زانـاکان تیۆرییەکـەی ئەویـان ناونـاوە "دەوڵەتـی بایۆلۆژی"، لەبەرئـەوەی کـە کاریگـەری داروینـی لەسـەر بـووە و تێزەکـەی ئـەوی لـە بـواری سیاسـەتی جوگرافیاییـدا سـەبارەت بـە دەوڵـەت بەکارهێنـاوە، بۆیـە بـە "بایۆجوگرافیـا"ش نـاوی دەهێنــن (Servet Comert، Jeopolitik،2001،s6). راتـزەل باسـی ئـەوە دەکات کـە دەوڵـەت وەك گیانەوەرێکی زیندوو پێویسـتی بەگەشـەکردنە و گەشـەکردنیش پێویسـتی بـە پێخـۆر و فـەزای حەیاتـی هەیە. لەبـەر ئەمـە ناچـارە بـۆ مانـەوەی خـۆی، ئـەم فەزایـە دەسـتەبەر بـکات. هەروەهـا بـاس لـەوە دەکات کـە دەوڵـەت لـە خـاك و خەڵـك پێکدێـت و نابـێ یەکیـان نوقسـان بێـت. لەمەشـەوە دەبـێ بەچواردەوریـدا پـەل بهـاوێ و لەنێــو چواردەورەکەیــدا جێگــەی خــۆی بکاتــەوە. جـا ئەگــەر جێگــەی دەسـتنەکەوت، ئـەوە پێویسـتە بەزەبـری هێـز جێگەکـەی فـراوان بـکات. واتـە دەوڵەتیــش وەك گیانــەوەرە و دەبــێ بەهێــزەکان بێهێــزەکان هەڵبلووشــن. لەبـەر ئەمـە پێویسـتە دەوڵـەت حوکمدارییـە بچووکـەکان قووتبـدا و خـۆی پــێ بەهێزبــکات (Yilmaz Tezkan، M.Murat Tasar، Dunden Bugune Jeopolitik،2002، 68).

راتــزەل ســێ فاکتــەری بــۆ رووداوە سیاســییەکان دەستنیشــانکردووە کــە بریتیــن لــە: شــوێن (راوم)، پێگــە (لاگ) و هەســتی شــوێن (راومســین). ئــەو پێیوایـە شـوێن، پێگـە و هەسـتی شـوێن بـۆ بەهێزبوونـی دەوڵـەت و میللـەت پێویسـتن و ئـەو دەوڵەتانـەی کـە هەسـتی شـوێن لای خەڵکەکەیـان بەهێـزە، بەخێرایــی پەلیــان بــە چــواردەوری خۆیانــدا کوتــاوە. هەڵبــەت هەمــوو شــوێنێك بــۆ کشــان و پەلکوتانــی دەوڵــەت دەســتنادات، بەڵکــو هەندێــك شــوێن هــەن کــە بــە "ناوچــەی حەیاتــی" دەژمێردرێــن و تەنیــا ناوچــەی

حەیاتــی زەمینــەی گەورەبوونــی دەوڵــەت دەڕەخســێنێت (مامەنــد ڕۆژە، پێغەمــی جیۆپۆلتیــکا، 2012، 349).

پێگــەی کوردســتان بەگوێــرەی تیۆرییەکــەی راتــزەل یەکێــك لــەو شــوێنانەیە کــە بــە ناوچــەی حەیاتــی دادەنرێــن. کوردســتان تەنگــی پــێ هەڵچــنراوە، لەبــەر ئەمــە ناچــارە بــۆ دەســتەبەرکردنی کەشــی ژیانــی، بەچــواردەوری خۆیــدا پەلبهــاوێ و خــۆی بەهێزبــکات. لەلایەکــی دیکەشــەوە بەپێــی ئــەم تیۆرییــە کوردســتان بەهــۆی دۆخــی پارچــە پارچەییەکــەی، ئەســتەمە بتوانــێ خــۆی بەهێزبــکات. ئەمــەش وای لێکــردووە ببێتــە پێخــۆر بــۆ هاوســێ بەهێزەکانــی. لێــرەوە دەردەکــەوێ کــە یەکێــک لــە ناوچــە حەیاتییــەکان بــۆ کوردســتان عەفرینــە. عەفریــن دەروازەی هەڵکشــان و پەلکشــانی کوردســتانە کــە کۆتایــی بــە پێگــەی حەبیــس و کڵۆمکــراوی کوردســتان دەهێنێــت.

***

دەریاســالار ئاڵفریــد تایــەر ماهــان (1840 – 1914) خەڵکــی ئەمریکایــە، ئەفســەری دەریایــی، مێژوونــووس و دووەم ســەرۆکی (کۆلێــژی جەنــگ)ی هێــزە دەریاییەکانــی ئەمریــکا بــووە. لــە کتێبــی (کاریگەریــی هێــزی دەریایــی لــە مێــژوودا)و (کاریگەریــی هێــزی دەریایــی لەســەر شۆڕشــی فەرەنســا و ئیمپراتۆرییەکــەی) بەچــڕی بیروبۆچوونەکانــی خــۆی دەربڕیــوە. لەمــەوە بۆمــان دەردەکەوێــت کــە روانگەکانــی نێوبراویــش ئۆراســیاناوەند بــووە، واتــە ئۆراســیای بــە تــەوەری ململانــێ جیۆسیاســییەکانی جیهــان زانیــوە. پێیوابــووە نیوەگــۆی باکــوور کــە لەڕێگــەی کەناڵــی ســوێس و پەنەمــاوە پێکــەوە دەبەســترێنەوە، شــاکلیلی هێــزی جیهانییــە. لــەم نیوەگۆیەشــدا ئۆراســیا ناوجەرگەیــە. ماهــان بەشــێوەیەکی رەهــا تیۆرییەکــەی بــە هێــزی دەریاییــەوە دەبەســتێتەوە. لەدیــدی

ئـەوەوە هێـزی دەریایـی پەیوەنـدی بـە ئازادیـی بازرگانییـەوە هەیە. کەشـتیوانی جەنگیـش تەنیـا رۆڵـی ئەوەیـە کـە ئاسایشـی ئـەم بازرگانییـە دەسـتەبەربکات (سـائول برنـارد کوهـن، ژئوپلیتیـک نظـام جهانـی، 1387، 5-49).

ئـەو زیاتـر پـێ رادەکێشـێ و لـەو بڕوایەدایـە کـە هێـزی دەریایـی خـۆی بۆخـۆی شارسـتانییە. واتـە "شارسـتانی دەریایـی" نمـودی شارسـتانی هـەرە لەپێشـە و بەوشـێوەیە سـەروەریی جیهانـی بەدیدێـت. ماهـان بـاوەڕی بـەوە هەبـووە کـە دەریاهێـزی بەتوانـا بەسـەر جیهانـدا باڵادەسـت دەبـێ نـەك کیشـوەرهێز. لەگـەڵ ئەمەشـدا پێیوابـووە کـە ئۆراسـیا ناوکـی یەکلاییکردنـەوەی کێشمەکێشـە جیۆسیاسـییەکانی جیهـان پێکدەهێنـێ نـەك شـوێنی دیکـە. بـۆ ئەمـە پێشـنیازی کـردووە کـە دەوڵەتمەدارانـی ئەمریـکا هێزێکـی گـەورەی دەریایـی پێکەوەبنێـن و خاوەنداریێتـی لـە میراتـی دەریایـی بەریتانیـا بکـەن. نووسـیویەتی ئەمریـکا "چارەنووسـێکی ئۆقیانووسـی" هەیـە و ئەمـە چارەنووسـی جاردراویەتـی. ئـەم سـتراتیژییە سـەرەتا لـە کۆمەڵـەی کیشـوەری ئەمریـکادا پیـادە دەکـرێ و پاشـان دەبێتـە بـەردی بناخـەی هەژموونـی جیهانیـی ئـەم وڵاتـە (الکسـندر دوغیـن، اسـس الجیوبولیتیـکا، 2004، 94).

بەبـاوەڕی وی، تەنیـا ئـەو دەوڵەتـە دەتوانـێ هەژموونی بەسـەر جیهاندا هەبێ کـە خـاوەن هێزێکـی دەریایـی تۆکمـە بێـت. ئـەو زۆر جـار جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە تاقـە توخمـی هێـز، هێزێکـی دەریایـی تۆکمەیـە، بـەڵام ئـەم هێـزە دەبـێ بـۆ کێشمەکێشـە جیۆسیاسـییەکانی ئۆراسـیا بگوازرێتـەوە، چونکـە لـەوێ هێـزی کیشـوەری مەترسـیداری وەك رووسـیا هـەن کـە دەشـێ هەڕەشـە لـە بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا بکـەن. لای ئـەو دەوڵـەت هـۆکاری یەکلاکەرەوەیـە و دەوڵەتـی بەهێزیـش ئەوەیـە کـە دەسـتی بەسـەر دەریاکانـدا دەڕوات و تەنانـەت ئـەو دەوڵەتانـەش کـە کەنـاری دەریایـان نییـە،

ناچـارن پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ ئـەو دەوڵەتانـە پێشـبخەن کـە سـنوور و هێـزی دەریاییـان هەیـە. سـەرەنجام ئـەو دروشـمەی بەرزکـردەوە کـە دەڵێـت: "ئـەوەی دەریـاکان دەسـتەمۆ بـکا، جیهـان دەسـتەمۆ دەکات" (Alfred Tayer (Mahan، Influence of Sea Power،1890،150).

ماهـان بەهـۆی ئـەم بۆچوونانەیـەوە بـە باوکـی تیـۆری باڵادەسـتیی دەریایـی نێوبانگـی دەرکـردووە. هەروەهـا گەیشـتووەتە ئـەو بـاوەڕە کـە ڕۆژێـك دادێ رووسـیا هەژموونـی ئەمریـکا لـە ئاسـیا قبـووڵ نـاکات و نایـەوێ هیـچ هێزێکـی دیکـە لـە ئۆراسـیا بخەبتـێ، لەبـەر ئەمـە داوا دەکات ئەمریـکا و ئینگلتـەرە لەبەرانبـەر رووسـیا یەکبگـرن و بەرەنـگاری ببنـەوە. هەروەهـا پێشـبینی ئەوەشـی کـردووە کـە ڕۆژگارێـك دادێ لەنێـوان هێـزە ئاسـیاییەکان و هێــزە ڕۆژئاواییەکانــدا کێشمەکێشــێکی جیهانگیرانــە ڕوودەدات. بۆیــە داوادەکات ڕۆژئـاوا چاودێریـی هێزەکانـی ئۆراسـیا بـکات بەتایبـەت رووسـیا و چیـن بەپلـەی یەکـەم و ئەڵمانیـا بەپلـەی دووەم.

ناوچـەی حەیاتیـی کێشمەکێشـی ئەم هێزانـەش لەنێوان پانییـە جوگرافییەکانی 30 و 40 دایـە و ئەمـەش ئـەو هێڵەیـە کـە هێـزی کیشـوەری رووسـیا و هێـزی دەریایـی بەریتانیـا بەیەکـدا دەتەقێـن. بەپێـی ئەمـە، کوردسـتانیش یەکێـك لـە ناوچـە گرنگەکانـی بەلاداخسـتنی کێشمەکێشـەکانی نێـوان کیشـوەرهێز و دەریاهێزەکانـە، واتـە ناوچـەی ململانێیـە (Geoffery Salon، Sir Halford J.Mackinder،17-29).

بەگوێـرەی ئــەم تیۆرییــە، کوردسـتان لەبەرئــەوەی پێگەیەکـی کیشـوەری داخـراوی بێکەنـاری هەیـە، ئـەوە توخمەکانـی هێـزی لاوازن. بـۆ ئـەوەی ببێتـە هێـز، پێویسـتە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ هاوسـێیەکی خۆیـدا پتەوبـکات و لەڕێگـەی ئـەم هاوسـێیەوە دالانێـك بکاتـەوە و خـۆی بگەیێنێتـە دەریـاکان.

یاخــود بەهێــزی خــۆی دالآنێــک بــەرەو دەریــا بکاتــەوە. ئەگــەر راڕەوێکــی دەریــای باریکیــش کوردســتان بــە دەریاکانــەوە ببەســتێتەوە، دۆزی کــورد قەڵەمبازێـک بـۆ پێشـەوە دەدات. لەبـەر ئەمـە عەفریـن دەروازەی ئـەم دالآنـە دەریاییەیـە.

***

هاڵفـۆرد جـۆن ماکینـدەر (1861 – 1947) کـە بـە باوکـی تیـۆری باڵادەسـتیی کیشــوەری دەناسرێــت، خەڵکــی ئینگلتەرەیــە و لــە ئۆکســفۆرد وانــەی جوگرافیــای گوتووەتــەوە. ئــەو بــۆ یەکەمجــار دەســتەواژەی (ئۆراســیا)ی بەکارهێنــاوە. هەروەهــا خــاوەن وتــاری (میحــوەری جوگرافیایــی مێژوو)ــە کــە بــە تیــۆری (هارتلاند)یــش دەناسرێــت. ئــەو دواتــر کتێبــی (راســتییەکان و ئایدیاڵــە دیموکراتییــەکان)ی نووســیوە کــە بــە ســەرتۆپی تیۆرییەکانــی دەزانــرێ و تێیــدا تیۆرییەکانــی پێشــووی کامڵــتر دەکات ،(H. J.Mackinder Democratic Ideals،1919،39).

ماکینـدەر پێیوایـە زەوی لـە سێ کیشـوەری پێکەوەنووسـاوی ئاسـیا، ئەوروپـا و ئەفریقــا پێکــدێ و کیشــوەرەکانی ئەمریــکا و ئۆقیانووســیش دوورگــەی بچووکـی دەوری دوورگـەی جیهانیـن. هەروەهـا گەیشـتووەتە ئـەو قەناعەتـە کـە بەدرێژایـی مێـژوو، ناوچەکانـی نێوەڕاسـتی ئۆراسـیا مەڵبەنـدی داکشـانی ئـەو هێزانـە بـوون کـە بەشـێوەیەك بەچـوارلای دنیـادا پەلیانکوتـاوە و رەوتـی مێــژووی جیهانیــان گۆڕیــوە. لێــرەوە ئــەم ناوچانــەی بــە میحــوەری مێــژوو نـاوزەد کـردووە و تیـۆری (میحـوەری جوگرافیایـی مێـژوو)ی بـۆ بەکارهێنـاوە. ماکینــدەر ناوجەرگــەی ئۆراســیای بــە دڵــی جیهــان وەســفکردووە کــە کاریگــەری لەســەر یەکلابوونــەوەی ململانــێ ســتراتیژییەکانی دنیــا هەیــە. ئـەم دڵـی جیهانـەی ناونـاوە (هارتلانـد)، یاخـود دڵسـتان کـە واباشـترە بـە

کوردییەکـەی پێـی بێژیـن "جەرگەسـتان". ئـەو پێیوایـە هێڵێـك هەیـە دەوری ئـەم جەرگەسـتانەی گرتـووە کـە نـاوی (هیلالـی ناوەکـی) لێنـاوە. هیلالـی ناوەکـی ئـەو پشـتێنە کەناریيـەی کیشـوەرەکانی ئاسـیا و ئەوروپـا دەگرێتـەوە کـە چـواردەوری ئۆراسـیای پێچاوەتـەوە. دوای ئەمـە (هیلالـی دەرەکـی) هەیـە کـە لـە دوورەوە دەوری ئۆراسـیایان داوەتـەوە و کیشـوەرەکانی ئەمریـکای باکـوور، باشـوور، ئەفریقـا و ئوقیانـووس دەگرێتـەوە.

بەقسـەی ماکینـدەر، تەنیـا جەرگەسـتانە کـە مەڵبەنـدی شارسـتانیی جیهـان پێکدێنێـت. ئـەو دەڵـێ بەپێشـکەوتنی تەکنۆلۆژیـای گواسـتنەوەی خێـرای وەك شـەمەندەفەر، جەرگەسـتان واتـە هێزی کیشـوەری، بەسـەر جیهاندا باڵادەسـت دەبـێ و دەریاهێزەکـە تێکدەشـکێنێ و هێڵەکانـی کەنارسـتان داگیـر دەکات. مەبەسـتی ئەوەیـە کـە هیـچ هێزێـك ناتوانـێ دزەبکاتە نـاوەوەی جەرگەسـتان. دواتـر دەرکـەوت وانییـە و هێـز هەیـە بتوانـێ جەرگەسـتان پەکبخـات. لەمەشـەوە گوتوویەتـی: ئـەوەی ئەوروپـای رۆژهـەڵات زەوت بـکات، ئـەوە حوکمـی جەرگەسـتانی جیهـان دەکات. ئـەوەی حوکمـی جەرگەسـتان بـکات ئـەوە حوکمـی دوورگـەی جیهـان (دنیـای کـۆن) دەکات. ئـەوەی حوکمـی دوورگـەی جیهـان بـکات، توانـای هەیـە حوکمـی جیهانیـش بـکات.

ماکینـدەر لـەوە نیگـەران بـووە کـە بەپێشـکەوتنی تەکنۆلۆژیـای گواسـتنەوەی خێـرا، رووسـیا بتوانـێ بەتوونـدی پەلامـاری بنکـە سـەربازییەکانی ئینگلتـەرە لـە ئۆراسـیا بـدات و دەریپەڕێنـێ. لەبـەر ئەمـە پێشـنیاری ئـەوەی کـردووە دەریاهێـزەکان رێ لـە بەهێزبوونـی رووسـیا و یەکگرتنـی رووسـیا و ئەڵمانیـا بگـرن و نەهێڵـن ئـەم هێزانـە لـەوە زیاتـر پەلبهاوێـن. رێگەچـارەی ئەمـەش تەنیـا لـەوەوە دێ کـە دەریاهێـزەکان هێـزی کیشـوەری پێکەوەبنێـن و دەسـت بەسـەر جەرگەسـتان و ئۆراسـیادا بگرن (Bilal Karabulut، Strateji،2005،48).

ئەگـەر بەپێـی پۆلێنـکاری یەکەمـی ماکینـدەر بـۆ جەرگەسـتان بڕوانیـن، ئـەوە کوردسـتان ناگرێتـەوە و کوردسـتان بەگشـتی لەنـاو هێڵەکانـی هیلالـی ناوەکیدایـە. ئـەم هێڵانـەش ئەوەنـدەی بشـێ شـوێنی پێشـکەوتنی شارسـتانی و مێـژوو نیـن و پێشـکەوتنەکەی وابەسـتەی جەرگەسـتانە. ماکینـدەر لـە 1940دا بـە تێزەکەیـدا چووەتـەوە و پێیوابـووە کـە سـنوورەکانی جەرگەسـتان زیاتـرە و تورکیـا، ئێـران و دەوروپشتیشـی دەگرێتـەوە. بەپێـی ئـەم بۆچوونـەی ماکینـدەر، ئـەوە جەرگەسـتانە کوردسـتانیش دەگرێتـەوە. واتـە کوردسـتانیش یەکێـك لـەو شـوێنانەیە کـە بـە ناوچـەی شارسـتانی و میحـوەری جوگرافیایـی مێـژوو لەقەڵەمدەدرێـن و بـۆ ئـەوە دەشـێ کـە هێـزی ناوکیشـوەری گـەورە بخاتـەوە. جـا لێـرەدا عەفریـن بـۆ کوردسـتان پێگـەی سـاحیلی دەسـتەبەر دەکات.

***

کارڵ ئەڕنسـت هاوسـهۆفەر (1869– 1946) سـەرهەنگ و پرۆفیسـۆری ئەڵمانـی، یەکێـك لـەو کەسـانەیە کـە بـە باوکـی جیۆپۆلیتیکیـا دەژمێردرێـن. هاوسـهۆفەر لـە کتێبـی (بلۆکـی کیشـوەری)دا تیـۆری (پەیمانـی کیشـوەری) داهێنـاوە و بەمـەش کاریگـەری قووڵـی لەسـەر قوتابخانـەی جیۆپۆلیتیـکای ئەڵمانـی هەبـووە. هاوسـهۆفەر کاریگـەری قووڵـی لەسـەر ئەدۆڵـف هیتلـەر و پارتـی نـازی هەبـووە و راوێژیـان پێکـردووە. ئـەو بـاوەڕی بـەوە هەبـووە کـە ئەڵمانیـا پێویسـتی بەوەیـە خـۆی بژێنێتـەوە و بـۆ گەورەبوونـی فـەزای حەیاتـی بۆخـۆی دابیـن بـکات. دیـارە ئەمـەش پووختەیـەك لـە تیـۆری دەوڵەتـی ئۆرگانیـی راتزەلـە. لـەو بڕوایەشـدا بـووە کـە سـەرەنجام دەبـێ هێـزە کیشـوەرییەکان بەسـەر جیهانـدا زاڵبـن، ئەڵمانیـاش یەکێکـە لـەو هێزانـە (Bilal Karabulut، Strateji،2005،48 ).

هاوسـهۆفەر پێیوابـووە کـە ئەڵمانیـا ناچـارە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو هێـزە دەریاییانـەی لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا غەدریـان لێکـردووە، بـەرەو ڕۆژهـەڵات بکشـێ و خـۆی لـە هێـزە کیشـوەرییە گەورەکانـی وەك ڕووسـیا، ژاپـۆن، چیـن و هیندسـتان نزیکبکاتـەوە. هەروەهـا وای پـێ بـاش بـووە کـە ئـەم یەکێتییـە لـە شـێوەی یەکێتـی ئەڵمانیـا – ڕووسـیا، بلۆکـی ڕووسـیا – ئاسـیای باشـوور (هیندسـتان) و بلۆکـی ژاپـۆن – چینـدا بێتەکایـەوە. بـۆ ئەمـەش تیـۆری (زلناوچـەکان)ی خسـتووەتەڕوو. ئـەو زلناوچانـەی کـە چارەنووسـی جیۆسیاسـی جیهـان یەکلادەکەنـەوە ئەمانـەن:
زلناوچـەی ئەمریـکا کـە ئەمریـکا بەسـەریدا زاڵە، زلناوچـەی ئـەورۆ – ئەفریقیا کـە ئەڵمانیـا بەسـەریدا زاڵدەبـێ، زلناوچـەی ئۆراسـیا – ئاسـیای باشـوور کـە زلناوچـەی تایبـەت بـە ڕووسـیایە لەگـەڵ زلناوچـەی ئاسـیا – پاسـیفیك کـە ناوچـەی باڵادەسـتیی ژاپۆنـە. ئـەو داوای لـە ئەڵمانیـا، ڕووسـیا و ژاپـۆن کـرد پەیمانێکـی کیشـوەری مۆربکـەن بـۆ ئـەوەی سەرانسـەری زلناوچـەی ئۆراسـیا بگرێـتەوە و لەڕێگـەی ئەمـەوە بەسـەر دوورگـەی جیهانـدا زاڵبـن. ئـەو دەڵـێ "مەحاڵـە ئۆراسـیا بخنکێـنرێ، چونکـە دوو گەلـی مەزنـی ئەڵـمان و ڕووسـی هـەن و ئـەم دووە هەوڵـدەدەن پێکـەوە بەرەنـگاری دەریاهێـزەکان ببنـەوە" (60-Karl E.Haushofer، Geopolitik،1931،20).
پێگـەی کوردسـتان بەپێـی تیۆرییەکـەی هاوسـهۆفەر پێگەیەکـی ناوکیشـوەرییە و دەکەوێتـە ئـەو بەشـەی ئاسـیاوە کـە بـۆ کامڵبوونـی پـڕۆژەی بلۆکـی کیشـوەری ڕووسـیا تەرخانکـراوە. ئـەو ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە ناوچەکانـی ئاسـیای ناوەنـد، ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، باشـووری ئاسـیا و نیوەکیشـوەری هینـد گۆڕەپانـی داکشـانی ڕووسـیان. لەبـەر ئەمـە دەبـێ بلۆکـی کیشـوەری ڕووسـیا پشـتیوانی لـە خواسـتی ڕزگاریـی گەلانـی ئاسـیایی وەك هینـدۆس،

عـەرەب، کـورد و ئەرمـەن بـکات. بلۆکـی کیشـوەری ئۆراسـیا دەبـێ چەترێکـی کۆنفیدراڵیـی گـەلان پێکەوەبنێـت. لەپێنـاو ئـەم ئامانجـەدا پێویسـتە رووسـیا پشـتی ئـەو گەلانـە بگرێـت کـە داوای سـەربەخۆیی دەکـەن. بەتایبـەت دەبـێ پشـتیوانی لـە کـورد و ئەرمـەن بـکا و سـەرچاوەکانی وزەی مووسـڵ بـۆ بلۆکـە کیشــوەرییەکەی بقۆزێتــەوە (Dr. Bulent Ulas، Jeopolitik،2011،52).

کاتێـك سـەیری ئـەم بۆچوونانـەی هاوسـەهۆفەر دەکەیـن، لـەوە تێدەگەیـن گەلانـی وەك تـورك، عـەرەب، هینـدۆس، کـورد و ئەرمـەن تەنیـا ئـەو مافەیـان هەیـە کـە بـۆ مانەوەیـان پـاڵ بـە بلۆکـی کیشـوەری ئۆراسـیاوە بـدەن. لەمـە بـەدەر هیـچ توانایەکـی دیکەیـان نییـە. ئەمـە ئـەو واتایـە دەبەخشـێ کـە کوردسـتانیش یەکێکـە لـەو فـەزا حەیاتیانـەی بـۆ کامڵبوونـی بلۆکـی کیشـوەری ئۆراسـیا پێویسـتە. کەوابـوو کوردسـتان پێویسـتە لەپێنـاو دەسـتەبەرکردنی مانـەوەی خۆیـدا هەرچـی زووتـرە لەگـەڵ رووسـیا رێکبکەوێـت. ئەگەرنـا ئەوە هێـزە ئەنگلۆساکسـۆنییەکان داگیـری دەکـەن و سـەرچاوەکانی دەقۆزنـەوە. واتـە سـەرزەمینێکی وەك کوردسـتان تاقـە رۆڵێکـی هەیـە، ئەویـش ئەوەیـە ببێتـە "گۆڕەپانـی ژیـان" بـۆ بلۆکـە کیشـوەرییەکان. بۆیـە لێـرەدا سـەرلەنوێ گەمـە گەورەکـەی جیهـان لـە سـووریاوە دەسـتیپێکردووەتەوە. عەفریـن بـە حیسـاب ناوچـەی هەژموونـی رووسـیای نـوێ بـوو، بـەڵام رووسـەکان بـۆ رازیکردنـی تورکـەکان و بـۆ سـزادانی کـورد کـە گوایـە بوونەتـە هەڕەشـە بـۆ رژێمـی ئەسـەد، ئـەم ناوچەیەیـان بەشـێوەی کاتـی فرۆشـتووەتە تورکـەکان. بۆیـە عەفریـن لـە لێکدانـەوە سـتراتیژییەکانی رووسیاشـدا جێگـەی مەترسـییە، چونکـە کـوردی لایەنگـری ئەمریـکا دەگەیێنێتـە دەریـا.

***

نیکـۆلاس جـۆن سـپایکمان (1893 – 1943) زانایەکـی بـە رەچەڵـەك هۆڵەنـدی

ئەمریکاییـە و خاوەنـی تیـۆری ریملانـد یاخـود کەنارسـتانە. سـپایکمان بـە کاری ڕۆژنامەڤانـی دەسـتیپێکردووە، پاشـان لـە زانکـۆی کالیفۆرنیـا بووەتـە مامۆسـتای پەیوەندییــە نێونەتەوەییــەکان. هەروەهــا یەکــەم ســەرۆکی ئینســتتیوتی توێژینــەوە نێونەتەوەییەکانــی زانکــۆی یایــڵ بــووە. ســپایکمان لــە کتێبــی (ســتراتیژی ئەمریــکا لــە سیاســەتی دنیــادا) بــاس لــە بەکارهێنانــی هێــز لــە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان و تـەرازووی هێـزەکان دەکات. کتێبـی (جوگرافیای ئاشـتی)یش یاداشـتەکانی خۆیەتـی کـە لـە کۆنفرانسـەکەی خـۆی لـە زانکـۆی یایـڵ کەڵکـی لێوەرگرتـووە.

جـۆن سـپایکمان بۆچوونـە جیۆسیاسـییەکانی لـە پەراوێـزی تیـۆری (هارتلانـد) ی ماکنیـدەردا بەنـاوی تێـزی (ریملانـد) یاخـود بـە کوردییەکـەی کەنارسـتان ڕاگەیانــدووە. تیــۆری کەنارســتان بەواتایــەك پەرچەبۆچوونــی تیــۆری "جەرگەسـتان"ی ماکینـدەرە. ماکینـدەر پێیوابـوو کـە جەرگەسـتان مەڵبەنـدی شارسـتانیی گەورەیـە، کەچـی سـپایکمان لـە دژی ئـەم بۆچوونـە دەوەسـتێتەوە و دەڵـێ نەخێـر جەرگەسـتان نییـە، بەڵکـو ئـەوە کەنارسـتانە کـە بـۆ گەشـەکردنی شارســتانیی گــەورە لەبــارە. بــەڕای ســپایکمان زۆربــەی هێــزە گەورەکانــی مێـژوو لەسـەر ئـەو شریتـە بنیاتـنراون کـە بـە شریتـی کەنارسـتان ناودەبرێـت. ئـەم شریتـە لەنێـوان ئۆقیانووسـەکان و هێڵـە کیشـوەرییەکاندا هەڵکەوتـووە و لـەڕووی سـامان و دانیشتووانیشـەوە دەوڵەمەنـدە (Nicholas J.Spykman، Geography1938، 29).

سـپایکمان دەڵـێ سـێ جـۆر دەوڵـەت هـەن: دەوڵەتـە دەریاییـەکان، دەوڵەتـە کیشـوەرییەکان و دەوڵەتـە کەنارییـەکان. کەنارییـەکان تایبەتمەندیـی هـەردوو جـۆری پێشـوویان هەیـە. سـەبارەت بـە دەوڵەتەکانیـش پێیوایـە دەبێ سیاسـەتی ئەمنیـی هاوبـەش بگرنەبـەر و بەمـە هاوسـەنگییەکانی هێـز بپارێـزن. ئەمـە بـۆ

پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەپێویست دەزانێت. واتە "هێز" فاکتەری یەکلاکەرەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە نەك بەها ئاکارییەکان. نیزامی نێونەتەوەییش بۆ پاراستنی دەوڵەتان بەس نییە و پێویستە هەر دەوڵەتە و بەهێزی سەربازیی تایبەت خۆی بپارێزێت، چونکە خاك پارچەیەکی جیانەکراوەیە لە دەوڵەت، لەبەر ئەمە سیاسەتی دەوڵەت لەپێناو سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکدا دەبێت.

ئەگەر هاوسەنگیی هێزەکان گشتگیر ببێ، ئەوە هیچ دەوڵەتێك جەنگ ناباتەوە. ئەگەر هیچ دەوڵەتێك جەنگ نەباتەوە، ئەوە هیچیان جەنگ بەرپا ناکەن. هاوسەنگی بەهێزی هاوتەرازکراو بەدیدێت. هێزی هاوتەرازکراو هێزی مایەپووچکراوە. سیاسەتی هاوتەرازی راستەقینە لەڕێگەی دەستکاریکردنەوەی سنوورەکان، بژاردنی قەرەبوو، هاوپەیمانیی نوێ، بێلایەنی یاخود بەشداربوون لە جەنگدا دێتەکایەوە (Nicholas J.Spykman، Americas Strategy،1942، 34).

ناوبراو لەڕووی نەخشە پانەکانەوە سەیری جیهانی نەکردووە، بەڵکوو لە جەمسەری باکوورەوە سەیری جیهانی کردووە و تێگەیشتووە لەوەی کە نیوەگۆی باکوور واتە ئەمریکای باکوور و سەرانسەری ئۆراسیا، بەسەر جیهاندا زاڵن. هەروەها نیوەگۆی باکوور لەڕووی سامانی مرۆیی، ژێرزەوی و سەرزەوییەوە لە شوێنەکانی دیکەی جیهان دەوڵەمەندترە.

سەبارەت بە ئەمریکاش، لەو بڕوایەدا بووە کە ئەم دوورگە - کیشوەرە لەبەرئەوەی هاوسێی لاوازی وەك مەکسیك و کەنەدای هەیە، ئەوە ئاسایشی پارێزراوە، بەڵام لەبەرئەوەی لە دوولاوە هەم لە رۆژهەڵاتەوە و هەم لە رۆژئاواوە بە ئۆراسیا گەمارۆدراوە، ئەوە هەمیشە نیگەرانی پاراستنی خۆیەتی. ئەگەر رۆژگارێك هێزێکی کیشوەری سەرانسەری ئۆراسیا جڵەو

بکات، ئەوسا هەڕەشەی شێلگیر لە مانەوەی ئەمریکا دەکات. بۆیە پێشنیازی بۆ بڕیارسازانی ئەمریکا کردووە قەت نەهێڵن هێزە کیشوەرییەکانی ئۆراسیا بەتایبەت رووسیا و ئەڵمانیا یەکبگرن.

لەسەر تێزەکەی ماکیندەریش دەڵێ، ئەوە تێزێکی هەڵەیە و هێز لە کەنارستانەوە بەرەو جەرگەستان دەکشێ نەك بەپێچەوانەوە. ئەو دەڵێ ئەگەر دروشمێکی راست بۆ سیاسەتی هێزی دنیا پێویست بکات، دەبێ ئاوا بنووسرێتەوە: "ئەوەی کەنارستان بەدەستەوە بگرێ ئەوە بەسەر ئۆراسیادا زاڵدەبێت. ئەوەی بەسەر ئۆراسیادا زاڵبوو، ئەوە چارەنووسی جیهان یەکلادەکاتەوە". لەبەرئەمە پێشنیاز دەکات ئەمریکا لەڕێی باڵادەستبوون بەسەر کەنارستاندا بەرە بەرە جەرگەستان جڵەو بکات. رێك دوای جەنگی دووەمی جیهانی، ئەمریکا کەڵکی لەم ستراتیژییە وەرگرت و لە چەند لاوە یەکێتی سۆڤێتی بە پەیمانە سەربازی و سیاسییەکانی وەك ناتۆ، سەنتۆ و سیاتۆ گەمارۆدا. بۆیە سپایکمانیان بە مامۆستای ناتۆ و ئەتڵەسی ناوزەد کردووە.

ئەو ئۆقیانووسی ئەتڵەسی بە ئۆقیانووسی نێوەڕاست شوبهاندووە کە لە هەردوو لایەوە هێزەکانی شارستانیی رۆژئاوا هەن و ئەمەش وا لەم ئۆقیانووسە دەکات وەك دەریای نێوەڕاستی سەدەکانی پێشووی لیبێ کە بە دەریای نێوەڕاستی ئەورووپا زانراوە و لەنێوان ئەورووپا، باکووری ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵکەوتووە. لەبەرئەمە بیرۆکەی "ئۆقیانووسی نێوەڕاست" بووەتە ئیلهامبەخشی دامەزراندنی پەیمانی باکووری ئەتڵەسیش.

کوردستان بەپێی تیۆرییەکەی سپایکمان لەنێو جەرگەی کەنارستاندا هەڵکەوتووە. کەنارستانیش بەڕای ئەو سەرچاوەی هێزی مرۆیی و

شارستانییە و گۆڕانکارییە مێژووییەکان لێرەوە سەرهەڵدەدەن نەك لە جەرگەستانەوە. کوردستان سێبەندەی باکووری رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، لەبەرئەمە یەك لە ناوچە گرنگەکانی ململانێی ستراتیژی دەریایی و ستراتیژی کیشوەری بووە. بەپێی ئەم تیۆرییە، کوردستان بەهۆی سامانی مرۆیی و سامانی سرووشتییەوە دەبێتە یەکێك لە ناوەندەکانی هێزی ئایندە.

جا عەفرین لەبەرئەوەی پێگەکەی پێگەیەکی سەر بە کەنارستانە، ئەوە لە دوو لاوە لەژێر پاڵەپەستۆی چەواشەی ستراتیژی کیشوەری و ستراتیژی دەریاییدایە. لە سەدەی پێشوودا نموونەی ئەم گوشارە پێچەوانەیە بەئاشکرا دەرکەوتووە. ئەمڕۆ لە عەفرین دیسانەوە ئەم دۆخە دەبینین. بەهێزیی پێگەی عەفرین، دەیکاتەوە بە شریتی گوشار لەنێوان ستراتیژی کیشوەری و ستراتیژی دەریایی. واتە ناوچەی گوشار لەنێوان ئۆراسیا و ئۆقیانووسدایە.

## عەفرین: لەدیدی قوتابخانە هاوچەرخەکانەوە

ژبیگنیو برژینسکی (1928-2017) خەڵکی ئەمریکایە و کوڕی دیپلۆماتێکی پۆلۆنیاییە و لە 1977 بۆ 1981 راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆکی ئەمریکا بوو. لە 1997 کتێبی (تەختەی گەورەی شەترەنج)ی نووسیوە و تێیدا ئەولەویەتەکانی ئەمریکا و پێویستییە ستراتیژییەکانی خستووەتەڕوو. لە کتێبەکانی دیکەشیدا ئاماژەی بۆ گرفتە ئایندەییەکانی بەردەم ویلایەتە یەکگرتووەکان کردووە. بۆ ئەوەی ئەمریکا نەیارەکانی ببەزێنێ و هەژموونی جیهانیی خۆی بپارێزێت، کۆمەڵێك پێشنیازی پێشکێشکردوون.

ئـەو پێیوایـە کـە ئەمریـکا تاکـە هێـزە بتوانـێ ئۆقیانووسـەکانی جیهـان کۆنـترۆڵ بـکات، بۆیـە ئێسـتاش سـەرباری ئـەوەی بەرهەڵسـتی بـۆ پەیدابـوون، بـەڵام هێشـتا یەکـەم هێـزە. هۆیەکەشـی ئەوەیـە: ئەمریـکا هێشـتا لـەڕووی سـەربازییەوە هاوتـای نییـە، لـەڕووی ئابوورییـەوە لەگـەڵ ئـەوەی چیـن، ئەڵمانیـا و ژاپـۆن تۆزێـك سـەرەتاتکێی لەگـەڵ دەکـەن، بـەڵام هێشـتا یەکـەم ئابـووری جیهانییـە، لـەڕووی تەکنۆلـۆژی و داهێنانـی زانستیشـەوە سـەرقافڵەی جیهانــە. لــەڕووی فەرهەنگیشــەوە تائێســتاش سەرمەشــقی دنیایــە. ئەمانــە ئەمریکایـان کردووەتـە سـوپەرهێز(Zbigniew Brezezinski، Buyuk Satranc Tahtasi،1998، 26).

برژینسـکی دەڵـێ ئـەوەی بیـەوێ جیهـان دەسـتەمۆ بـکات، پێویسـتە ئۆراسـیا دەسـتەمۆ بـکات. ئۆراسـیاکەی ئـەو وەك پێناسـەی ئەوانیـتر نییـە، بەڵکـو ئۆراسـیایەکە کـە سەرانسـەری ئەوروپـا و ئاسـیا دەگرێتـەوە و لـە لیشـبۆنەوە لــە پورتــوگال تاوەکــو ڤلادیڤۆســتۆك لەوســەری رووســیا دەگرێتــەوە. ئــەم ئۆراسـیایەش چـوار بەشـە: رۆژئـاوای ئۆراسـیا یەکێتـی ئەوروپایـە، رۆژهەڵاتـی چینـە، باشـووری رۆژئـاوای رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتە و ناوەندیـش رووسـیایە. بۆیــە دەڵــێ ئۆراســیا مەکــۆی یەکلاکردنــەوەی ململانــێ جیۆسیاســییەکانە، چونکـە دوو لـە سـێی سـامانە سرووشـتییەکانی جیهانـی لێیـە، دوو هێـزی رکابـەری ئاینـدەی ئەمریکاشـی لێیـە.

هەروەهــا ئۆراســیا 75%ی نفوســی جیهانــی لێیــە، گەورەتریــن کوتلــەی وشـکانیی جیهانـە، شـەش لـە هێـزە ئابوورییەکانـی جیهانـی لەخۆگرتـووە و لـەڕووی سیاسیشـەوە لـە هەمـوو شـوێنێکی دیکـەی جیهـان زیندووتـرە. بەقسـەی برژینسـکی، لـە جیهانـدا چەنـد گەمەکەرێکـی جیۆسـتراتیژی و چەند میحوەرێکـی جیۆسیاسـی هـەن. گەمەکـەرە جیۆسـتراتیژییەکان: ئەمریـکا،

فەرەنسـا، ئەڵمانیـا، رووسـیا، چین و هیندسـتانن. میحوەرە جیۆسیاسـییەکانیش: ئۆکراینـا، ئازەربایجـان، کۆریـای باشـوور، ئێـران و تورکیـان. ئەڵمانیـا و فەرەنسـا ناوەنـدی رۆژئـاوای ئۆراسـیان، چیـن ناوەنـدی رۆژهەڵاتـە، رووسـیا ناوکـی نێوەڕاسـتە و هیندسـتانیش ناوەنـدی باشـوورە.

کوردسـتان بەگوێـرەی تیـۆری تەختـەی گـەورەی شـەترەنجی برژینسـکی یەکەیەکـی سیاسـییە کـە لـە ناوچـەی باشـووری رۆژئـاوای ئۆراسـیا هەڵکەوتـووە و بۆخـۆی بـە ناوچـەی دەوڵەمەنـدی خـوارووی ناودەبـات. ئـەو دەڵـێ پێگـەی تورکیـا و ئێـران بـۆ ئەمریـکا گرنگـن و بـۆ هاوتەرازکردنـی هێزەکانـی ئۆراسـیا رۆڵـی سـەرەپردی سـتراتیژییان هەیـە. دیاریشـە کـە رووبەرێکـی فراوانـی خاکـی کوردسـتان لەنێـو سـنوورەکانی ئـەم دوو وڵاتەدایـە و هـەردوو وڵاتیش هاوسـێ و هاوسـنووری کوردسـتانن. واتـە بەشـێوەیەك کوردسـتان شـەهێنی تـەرازووی ئەم دوو میحـوەرە جیۆسیاسـیەیە.

ئـەو دەڵـێ پرسـی کـورد ئەوەنـدە گرنگـە کـە رۆڵـی میحوەرێکـی جیۆسیاسـی وەك تورکیـا لاواز دەکات. پێیوایـە ئـەم پرسـە ئەوەنـدە کاریگـەرە کـە زوو یـان درەنـگ ئەنجامـە جیۆسیاسـییەکانی دەردەکەوێـت. هەروەهـا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە کـورد هێزێکـی گرنگـی ئاینـدەی باشـووری رۆژئـاوای ئۆراسـیان و یـەك لـەو پرسـە گرنگانـەی کـە رۆڵـی تورکیـا ئاسـتەنگ دەکات پرسـی کـوردە. ژمـارەی کـورد وەك ناسـنامەکەیان جێگـەی مشـتومڕە. تورکیـا دەڵـێ لـە 10 ملیـۆن زیاتـر نیـن، کەچـی نەتەوەپەروەرەکانـی کـورد دەڵێـن 20 ملیۆنـن و بەگشـتی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت 35 ملیۆنـن. ئەمانـە ئاواتـی ئـەوە دەخـوازن یەکبگـرن و لـە کوردسـتانێکی سـەربەخۆدا بژیـن. پرسـی کـورد تورکیـا دەخاتـە نـاو دووبەندییەکانـی ناوچەکـەوە (Zbigniew Brezezinski، Trecih، 2005، 86).

تورکیـا و ئێـران هەردووکیـان میحـوەری جیۆسیاسـین، بـەڵام ئـەم دوو وڵاتـە رکابـەری یەکیشـن. کاتێـك تورکیـا بایـەخ بـە ئازەربایجـان دەدات، ئەمـە ئێـران دەتۆقێنـێ و ئەمـە بـە هاندانـی ئازەربایجانییەکانـی نێـو ئێـران دەزانێـت. لەبەرئـەوە ئێرانیـش بایـەخ بـە ئەرمەنسـتان دەدا و لەم رێگەیەوە هاوسـەنگیی هێـزی ناوچەیـی دەپارێزێـت. تورکیـا مەیلـی لای ئەمریـکا و ناتۆیـە و ئەمـەش وا لـە ئێـران دەکات بـەلای ئۆراسـیادا بچێـت. کاتێکیـش ئەمریـکا بایـەخ بـە پرسـی کـورد دەدات و تۆزقالێـک تورکیـا پشـتگوێ دەخـات، تورکیـا بـەلای رووسـیادا دەچێـت. ئێـران و تورکیـا هەردووکیـان کێشـەی کوردیـان هەیـە، ئـەم کێشـەیە لـە ئێـران خەوتـووە، کەچـی لـە تورکیـا زینـدووە و ئەگـەر ئەنقـەرە چـارەی نـەکات، ئـەوە کێشـەی شـێلگیری جیۆسیاسـی بـۆ دەنێتـەوە. لەگـەڵ ئەمـە هێـزی تورکیـا و ئێرانیـش بـۆ هاوسـەنگیی قەفقـاز گرنگـن. لـەم دۆخـەی دواییـدا تورکیـا بـۆ هاوتەرازکردنـی هێـزی ئەمریـکا کـە پشـتیوانی لـە کـوردی سـووریا دەکات، بـەلای رووسـیادا بایداوەتـەوە. بۆیـە رووسـیا وەک زلهێـزی کێشـوەری ئۆراسـیایی بـۆ رازیکردنـی تورکیـا، عەفرینـی فرۆشـتووەتە تورکـەکان. ئـەم گەمەیـە جـارێ دیـار نییـە تاکـەی دەخایەنێـت.

***

سـامۆیل پ.هانتینگتـۆن (1927 – 2008) زانایەکـی ئەمریکاییـە کـە راوێـژکاری وەزیـری بەرگریـی ئەمریـکا و بەڕێوەبـەری ئینسـتتیوتی توێژینەوەکانـی جـۆن م.ئۆلینـی سـەربە زانکـۆی هارڤـارد بـووە. کتێبـی (پێکدادانـی شارسـتانییەکان) تیـۆری سـەرەکی ناوبـراوە کـە لەسـەر ئاسـتی جیهانـی دەنگدانـەوەی زۆری هەبـوو. پـاش هەڵوەشـانەوەی یەکێتـی سـۆڤیەت و کۆتایـی جەنگـی سـارد، لای خۆیـەوە هەوڵیـداوە سـەر لـە رێسـا تازەکانی سیسـتەمی نوێی جیهـان دەربکات.

ئـەو لـە سـاڵی 1993 لـە گۆڤـاری (فۆریـەن ئەفێـرس) وتـاری (پێکدادانـی شارسـتانییەکان)ی بڵاوکـردەوە کـە ئاڵۆزییەکـی زۆری لـە نێوەنـدە سیاسـی و ئەکادیمییەکانـدا نایـەوە. دواتـر لەبەرئـەو پێشـوازییە زۆرەی کـە لێیکـرا، لـە 1996 وتارەکـەی لەتوێـی کتێبێکـدا بەهەمـان نـاو چاپکـرد. ئـەو دەڵـێ لەمـەودوا کێشمەکێشـە جیۆسیاسـییەکانی جیهـان لەسـەر جیاوازیـی ئایدیۆلۆژیـا یاخـود ئابـووری نیـن، بەڵکـو لەمـەودوا هـۆکاری فەرهەنگییـان هەیـە ( Sammuel P.Huntington، " The Clash of Civilizations ، 1993، 49).

ئـەو لـە تێزەکەیـدا جیهـان بەسـەر هەشـت شارسـتانیدا دابـەش دەکات: شارسـتانیی ڕۆژئـاوا کـە ئەمریـکا ناوەندیەتـی، شارسـتانیی سـلاڤ – ئۆرتۆدۆکـس کـە رووسـیا ناوەندیەتـی، شارسـتانیی سـینیك (کۆنفۆشـیۆس) کـە چیـن ناوەندیەتـی، شارسـتانیی هینـدۆس کـە هیندسـتان ناوەندیەتـی، شارسـتانیی ژاپۆنـی کـە ژاپـۆن ناوەندیەتـی و تـاك وڵات و تـاك شارستانیشـە، شارسـتانیی ئیسـلامی کـە هێشـتا وڵاتـی ناوەنـدی نییـە، شارسـتانیی ئەمریـکای لاتیـن کـە بەرازیـل ڕۆڵـی ناوەنـدی تێـدا دەگێڕێـت، لەگـەڵ شارسـتانیی ئەفریقیایـی کـە ئەفریقیـای باشـوور ناوەندیەتـی. دواتریـش شارسـتانیی بودایـی بـۆ ئەمانـە زیادکـرد کـە دەڵـێ میانمـار ناوەندەکەیەتـی. ئـەو دەڵـێ لەمـەولا چیـتر پێکدادانـەکان لەسـەر سـنوورە نەتەوەیـی و ئایدیۆلۆژییـەکان نابـن، بەڵکـو لەسـەر سـنوورەکانی جیاکردنـەوەی شارسـتانییەکان ڕوودەدات. بـۆ نموونـە دەڵـێ شـەڕی کەشـمیر شـەڕی نێـوان ئیسـلام و هیندۆسـە، شـەڕی بۆسـنیا، کرواتسـتان و سربسـتان شـەڕی نێـوان ئیسـلام، کاتۆلیـك و ئۆرتۆدۆکسـە. نائاراميیەکانـی قەفقـاز لـە چیچانیـش شـەڕی نێـوان ئیسـلام و ئۆرتۆدۆکسـە. ئـەو دەوڵەتـەکان

بەپێـی بنیاتـە فەرهەنگییـەکان پۆلێـن دەکات: دەوڵەتـی نـاوك – ناوەنـد، دەوڵەتـی ئۆرگانیـك، دەوڵەتـی تەریـك و دەوڵەتـی لێکـترازاو (Sammuel 17-P.Huntington، Medeniyetler Catismasi،1997،15).

بـۆ نموونـە ئەمریـکا، فەرەنسـا و ئەڵمانیـا دەوڵەتـی نـاوك – ناوەنـدن، دەوڵەتـی ئۆرگانیـك ئەوانـەن کـە شارسـتانییەکەیان تەنیـا یـەك دەوڵەتـی هەیـە و ژاپـۆن نموونـەی ئەمەیـە، دەوڵەتـی تەریـك ئەوانـەن کـە لەنێـو کۆمەڵگـەی مرۆییـدا هیـچ خزمێکیـان نییـە وەك ئەسـیۆپیا، دەوڵەتـی لێکترازاویـش ئەوانـەن کـە سـەربە یـەك شارسـتانی نیـن و لەنێـوان دوو یاخـود چەنـد شارسـتانییەکدا کایـە دەکـەن و نـە ئەمیانـن و نـە ئەویـان. وەك تورکیا کە لەنێوان شارسـتانیی ئیسـلام و ڕۆژئـاوادا یـاری دەکا و بەتەواوەتـی ڕەنگـی هیچیانـی نییـە. بەمدواییـە تورکیا لـەم پێگەیـە تێگەیشـتووە و خەریکـی خۆبنیاتنانەوەیـە بـە ڕووکاری ئیسـلام.

کوردسـتان لـە توێـی تیۆرییەکـەی هانتینگتۆنـدا لـە چوارچێـوەی شارسـتانیی ئیسـلامیدا پۆلێـن دەکرێـت. ئـەم شارسـتانیەش سـێ ناوچـەی هـەن کـە یەکیـان ڕۆژهەڵاتـە، یەکیـان ڕۆژئاوایـە و یەکیشـیان ناوەنـدە. کوردسـتان لـە ناوچـەی ناوەنـدی شارسـتانیی ئیسـلامیدایە. ئـەو دەڵـێ دەشـێ یەکـەکان ناسـنامەی خۆیـان بگـۆڕن، بـەڵام بەدەگمـەن دەتوانـن شارسـتانییەکەیان بگـۆڕن. لەبـەر ئەمـە ناسـنامەی شارسـتانی نەگۆڕ و سـتاتیکە و ئەمـە کوردسـتانیش دەگرێتەوە کـە ناتوانـێ لـە ناسـنامەی شارسـتانی ئیسـلامیی خـۆی رابـکات.

ئـەو دەڵـێ تورکیـا لـەڕووی ناسـنامەی شارسـتانییەوە وڵاتێکـی لێکـترازاوە و ناتوانـێ لەنێـوان ئیسـلام و ڕۆژئاوادا خـۆی یەکلایی بکاتەوە، لەکاتێکـدا لەوەتای ئیسـلامگەراکان لـەو وڵاتـە دەسـەڵاتیان بەدەسـتەوە گرتـووە، ئـەم پرسـە بـەرەو یەکلابوونـەوە دەچێـت. واتـە تورکیـا ڕووی لـە قیبلـەگای شارسـتانییەکەی خـۆی کـردووە کـە ئیسـلامە. بۆیـە ئـەو پێشـنیازی کـردووە کـە تورکیـا بگەڕێتـەوە بـۆ

سـەر ناسـنامە شارسـتانییەکەی خـۆی و واز لـە خەونەکانـی مسـتەفا کەمـال بێنێـت. دەشـڵێ ئەگـەر تورکیـا ئەمـە بـکات، دەتوانـێ ببێتـە قیبلـەگا و ناوەندی شارسـتانیی ئیسـلامی، چونکـە لای ئـەو گرفتـی سـەرەکی شارسـتانیی ئیسـلامی ئەوەیـە کـە وڵاتێکـی ناوەندیـی نییـە.

جـا ئەگـەر تورکیـا ببێتـە وڵاتـی ناوەندیـی شارسـتانیی ئیسـلامی، راسـتەوخۆ کاریگـەری لەسـەر کـورد و کوردسـتان دەبێـت، چونکـە کوردسـتان هاوسـێی تورکیایـە، واتـە هـەم تورکیـا کاریگـەری لەسـەری هەیـە و هـەم کوردسـتانیش کاریگـەری لەسـەر تورکیـا هەیـە. تەنانـەت شـارەزاکان دەڵێـن ئەگـەر تورکیـا پرسـی کـورد چارەسـەر بـکا و لەگـەڵ کوردسـتانیش رێکبکـەوێ، ئـەوە دوور نییـە مێـژووی وەرچەرخانـە گەورەکانـی تورکـە موسـڵمانەکان بـۆ سـێیەمجار دووبـارە ببێتـەوە کـە لەسـەردەمی سـەلجوقی و عوسـمانیدا بـە هاوکاریـی کـورد توانییـان ببنـە هێـزی گـەورەی شارسـتانی.

بـەڵام بەمدواییـە تورکیـا کـوردی کـردووە بـە ئەویـتری خـۆی و نایـەوێ لـە رۆژئـاوای فراتـدا جێگیربـن. بۆچـی؟ چونکـە ئـەم پێگەیـە کـورد لـە بازنـەی تورکـەکان دەردەهێنـێ و بـەرەو سـەربەخۆییان دەبـات. بۆیـە پێگـەی عەفرین بـۆ خـۆی بـە سـەرچاوەی هەڕەشـە وەسـف دەکات و کردوویەتـی بـە دۆزی نیشـتمانیی خـۆی. تەنانـەت عەفرینیـان کـردووە بە مەسـەلەی "سـێوی سـوور" کـە حیکایەتـی داگیرکارییەکانـی تورکـە ئۆغـوزەکان دەگێڕێتەوە. نەژادپەرسـتی سـەری خـۆی هەڵگرتـووە و عەفرینـی دووچـاری جەنگێکـی ترسـناک کـردووە.

***

سـائول بێرنـارد کۆهـەن یەکێـك لـە شـاگردەکانی سـپایکمانە کـە لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەم سـەریهەڵداوە. ئـەو لـە کتێبـی (سیسـتەمی جیۆپۆلیتیکـی جیهانـی)دا بیروبۆچوونـە جیۆسیاسـییەکانی خـۆی دەربڕیـوە.

کۆهەنیـش پێیوایـە کـە جیۆپۆلیتیـکا لـەڕووی پێکهاتــەوە دووبەندییـە کـە یەکیـان حـەوزی کیشـوەرییە و ئەویتریشـیان حـەوزی دەریاییـە. گرنگتریـن فاکتــەری یەکلاکردنــەوەی هەمــوو حەوزێکــی جیۆســتراتیژی و جیۆسیاســی پەیوەنـدی بـە ڕەهەنـدی کیشـوەری و دەریاییــەوە هەیـە.

لەدیـدی ئـەوەوە پێکهاتــی جیۆپۆلیتیــکا بەســەر چەنــد بەشــێکدا دابەشــدەبێت: گەورەکەیـان حـەوزی جیۆسـتراتیژییە، ئـەم حەوزانـە چەنـد ناوچـەی جیۆسیاسـییان لێدەبێتـەوە، دوای ئەمـە ناوچـەی دەروازە، ناوچـەی گوشـارو شریتـی شـکێنۆك دێـن و لەمـە بچووکتریـش دەوڵەتـە نەتەوەییەکانـن.

ناوچـەی دەروازە ئـەو شـوێنانەن کـە لەنێـوان دوو شارسـتانی، دوو حـەوز، دوو ناوچـە و تەنانـەت دوو دەوڵەتـدا ڕۆڵـی پـرد و دەروازەیـان هەیـە و لەمبـەر بـۆ ئەوبـەر و لەوبـەر بـۆ ئەمبـەر شـت دەگوازنـەوە. ناوچەکانـی گوشـاریش ئەوانـەن کـە لەنێـوان دوو کیشـوەر، دوو حـەوز، دوو ناوچـە و دوو دەوڵەتـدا بـەر پاڵەپەسـتۆی هێـزی پێچەوانـە دەکـەون و دەپلیشـێنەوە.

شریتـی شـکێنۆکیش ئـەو ناوچانـەن کـە لەنێـوان دوو حـەوزدا هەڵکەوتـوون و لەبەرئـەوەی دەوڵەتـە پێکهێنەرەکانـی لەنێـوان خۆیانـدا کێشـەی نەتەوەیـی، مەزهەبـی، چینایەتـی و سیاسـییان هەیـە، ناتوانـن لەگـەڵ یەکـتر بسـازێن و بـەردەوام بەدەسـت کێشـەوە دەناڵـن. زلهێزەکانـی دەوروبەریـش بـەردەوام ئـەم کەلەبـەرە دەقۆزنـەوە و دەسـتی تێدەژەنـن. لەبەرئەمـە ناوچـە شـکێنۆکەکان قـەت ئارامـی بەخۆیانـەوە نابینـن و هـەر لـە گێرەوکێشـەدان (Saul Bernard Cohen، Geopolics of the World Sistem،2002،79).

ناوبـراو دەڵـێ پـاش ناوچـەی شـکێنۆك بـە ریـز دەوڵەتـە نەتەوەییـەکان، دەوڵەتـە ژێرنەتەوەییـەکان و دەوڵەتـە بەرشکسـتەکان دێـن. ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە یەکێـك لـە رووخسـارەکانی ئـەم سـەردەمە بەهێزبوونـی

جیهانگەرایـی و ناوچەگەراییـە، بـەڵام لـە پەنـای ئەمەشـدا هەوڵـەکان بـۆ بەهێزکـردن و هێشـتنەوەی دەوڵەتـی نەتەوەیـی بەردەوامـە. هەروەهـا پێیوایە تاوەکـو 25 سـاڵی ئاینـدە ژمـارەی دەوڵەتـە نەتەوەییـە تازەپەیدابـووەکان چەنـد قـات زیـاد دەکات. بۆیـە لـەو بڕوایەدایـە کـە لـە ئایندەیەکـی نزیکـدا کوردسـتانیش یەکێـك لـەو وڵاتانـە دەبـێ و زەوینـەی بەدەوڵەتبوونـی تێـدا هەیـە. بەبۆچوونـی ئـەو ئێسـتا کـورد لـە کوردسـتان خەریکـن دواقۆناخـەکان بـۆ جاڕدانـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی خۆیـان دەبـڕن.

کۆهـەن کوردسـتان لـە ریـزی بزاڤـە جوداخوازەکانـدا پۆلێـن دەکات و دەڵـێ ئـەم ناوچەیـە وزە و ویسـتێکی زۆری بـۆ سـەربەخۆیی و پێکەوەنانـی دەوڵەتی نەتەوەیـی هەیـە. پێیوایـە جاڕدانـی دەوڵـەت بـە دوو شـێوە دەکرێـت: یـان لـە ڕێگـەی مەدەنییـەوە دەکـرێ یاخـود لـە ڕێگـەی پێشـمەرگانەوە کـە ئـەو بـە تیـرۆر نـاوی دەهێنێـت. دەربـارەی تورکیـاش دەڵـێ، لـەو وڵاتـە کوردسـتانێك دروسـتدەبێ کـە لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان لـە عێـراق بـەرەو یەکگرتنـەوە دەڕوات. ئەگـەر ئەمـە بێتەکایـەوە هیـچ زیانێـك بـە بەرژەوەندییـە حەیاتییەکانـی تورکیـا لـە ئەناتۆلیـا و کەنارەکانـی ئـەو وڵاتـە ناگەیێنێـت.

ناوچـە جیۆسـتراتیژییەکانی حـەوزی دەریایـی ئەمانـەن: باکـووری ئەمریـکا، رۆژئـاوای ئەوروپـا، خـوارووی بیابانـی ئەفریقیـا و ئۆقیانـووس. هارتلانـد و ئۆراسـیاش سـەر بـە حـەوزی کیشـوەرین. ناوچـەی رۆژهەڵاتـی ئاسـیاش پـاش هەڵوەشـانەوەی یەکێتـی سـۆڤیەت ئەوەتـا خەریکـە دەبێتـە حەوزێکـی جیۆسیاسـی سـەربەخۆی کیشـوەری – دەریایـی ئامێتـە. لـەلای ئـەو رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت ناوچەیەکـی جیۆسیاسـی سـەر بـە هیلالـی ناسـەقامگیری جیۆسـتراتیژییە (مامەنـد رۆژە، پێغەمـی جیۆپۆلیتیـکا، 2012، 308) کـە لـە دوو ناوچـە پێکدێـت: باشـووری ئاسـیا (هیندسـتان، پاکسـتان، بەنـگلادش و

سریلانـکا) لەگـەڵ ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت (وڵاتانـی ئاسـیای نزیـك و بەشـێك لـە باكـووری ئەفریقیـا).

بەمجـۆرە كوردسـتان سـەر بـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتە كـە بۆخـۆی ناوچەیەكـی سـەر بـە هیلالـی ناسـەقامیگری جیۆسـتراتیژیی جیهانـە. واتـە جـارێ زۆری مـاوە هیلالـی ناسـەقامگیری جیۆسـتراتیژی جیهـان جێگیـری بەخۆیـەوە ببینـێ و چەندیـن شریتـی شـكێنۆكی هەیـە كـە بەسـەر ناوچـەی هەژموونـی حـەوزە جیۆسـتراتیژییەكان و ناوچـە جیۆسیاسـییەكاندا دابەشـبووە. كوردسـتانیش بەشـێكی پچووكـی شریتـی شـكێنۆكی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتە كـە ئەمـەش یەكێـك لـە تەونەكانـی هیلالـی ناسـەقامگیری جیۆسـتراتیژی جیهانـە.

ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بەدەسـت كێشـەی فەڵـە، جـوو، موسـڵمان، شـیعە – سـوننە - عەلـەوی، دوورزی، ماڕۆنـی، تـورك، فـارس، عـەرەب، كـورد، ئازەربایجانـی، بەلـووچ، سـوودانی و ڕەشـەوە ئـازار دەكێشـێت. هێشـتا زووە بۆخـۆی و بەهێـزی خـۆی بتوانـێ ئەمانـە چارەسـەر بـكات و ببێتـە ناوچەیەكی جیۆسیاسـی سـەربەخۆ وەك یەكێتـی ئەورووپـا.

عەفریـن كـە ئەوپـەڕی جەمسـەری ڕۆژئـاوای كوردسـتانە، لـە ناوجەرگـەی ئـەم شریتـە شـكێنۆك و هیلالـە ناسـەقامگیرە جیۆسیاسـیەدا هەڵكەوتـووە و بتـەوێ و نەتـەوێ كاریگـەری توونـدی ئـەم ناوچەیـەی لەسـەر دەبێـت و بەئەسـتەم دەتوانـێ خـۆی بكاتـە ناوچەیەكـی پەرژینـی، یاخـود ناوچەیەكـی دەروازە.

***

ئەلێكسـاندەر دووگیـن یەكێـك لـە جیۆسیاسـییە رووسـە نوێیەكانـە كـە بـە مامۆسـتای ئۆراسـیایی نوێـش نێوبانگـی دەركـردووە. ئـەو ماوەیـەك لـە 1998 – 2003 ڕاوێـژكاری دۆمـای رووسـیا بـووە و ئێسـتاش سـەرۆكی شـارەزاكانی

جیۆپۆلیتیـکای سـەر بـە دەسـتەی راوێـژکاری ئاسایشـی نەتەوەیـی دۆمایـە. هەروەهـا سـەرۆکی بزاڤـی ئۆراسـیایی جیهانیشـە. دووگیـن تیۆرییـە سـەرەکییەکەی لـە کتێبـی (بناخەکانـی جیۆپۆلیتیـکا، ئاینـدەی جیۆسیاسـی رووسـیا) بـە وردی باسـکردووە.

لـەو تیۆرییەیـدا دەڵـێ جیۆپۆلیتیـکا زانسـتێکە کـە دووفاقـی سـەرەکی تایلۆرۆکراتیـا و تالاسـۆکراتیای تێدایـە و ئـەم دووبەندییـەش تاوەکـو مـرۆڤ مابێـت هـەر درێـژەی دەبێـت. لـە دیـدی ئـەوەوە شارسـتانییەکانیش لـەم دووفاقییـە بـەدەر نیـن، یـان شارسـتانیی کیشـوەرین یاخـود دەریایـی. شارسـتانیی سـاحیلی کـە لەنێوانـدان و تایبەتمەندیـی هـەردوو شارسـتانی کیشـوەری و دەرياییـان بەتێکەڵـی هەیە،شارسـتانیی رەسـەن نیـن و سـاختەن. ئەمانـە شارسـتانی نیـن بەڵکـو دووڕەگـی ناڕەسـەنی هـەردوو شارسـتانییەکەن و ناشـێ بـە شارسـتانیی سـەربەخۆ پۆلێـن بکرێـن (الکسـندر دوغیـن، اسـس الجیوبولیتیـکا، 2004، 196).

دووگیـن دەڵـێ ئەمـڕۆ شارسـتانیی دەریایـی بەسـەر شارسـتانیی کیشـوەری ئۆراسـیاییدا سـەرکەوتووە و دەیـەوێ هەمـوو شـتێك بـە بەهاکانـی خـۆی بپێوێـت. سـتراتیژی شارسـتانی ئەتڵەسـیی رۆژئاوایـی ئەوەیـە کـە بەپێـی سـتراتیژی ئاناکۆنـدا ئۆراسـیا گەمـارۆ بـدا و لـە رەگوڕیشـەوە هەڵیبکەنـێ و دووچـاری خۆبەدەسـتەوەدانی بـکات. بۆ ئەمەش پێویسـتە ئۆراسـیا سـەرلەنوێ ئەرکـە جیۆسیاسـییەکەی و پەیامـە شارسـتانییەکەی بەجێبگەیەنێـت. ئۆراسـیا پێویسـتە هەڵسـێتەوە و لەبەرانبـەر شارسـتانیی سوودپەرسـتی بازرگانـی - دەریایـی رۆژئـاوادا بوەسـتێتەوە.

بەبۆچوونـی دووگیـن، ئۆراسـیا نـە ئاسـیایە و نـە ئەوروپـا، بەڵکـو تێکەڵێـك لـە هەردووکیانـە. ئـەم تێکەڵبوونـەش کەسـێتی و شارسـتانیی تایبەتـی خـۆی

خستووەتەوە کە کەس ناتوانێ بڵێ سەر بە رۆژئاوا یان رۆژهەڵاتە. پێگەی میللەتی رووس وەك پێگە جوگرافییەکەی لەنێوان ئەوروپا و ئاسیادایە و دەمی لە خوانی شارستانیی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتیشدایە. بەمجۆرە کۆمەڵێك سیفەتی جوانی هەردوو شارستانییەکەی هەڵگرتووە و لە پرۆسەی گەشەکردنیشیدا کۆمەڵێك شتی دیکەیشی بۆ زیادکردوون کە بە لووتکەی داهێنان، خوڵقاندن و نەشونماکردنی رۆحی ئۆراسیایی دەزانرێن. ئەمە لەکاتێکدایە کە نەتەوە، بازاڕ و لیبراڵ – دیموکراسی بەرهەمی ئەتڵەسیەکانن و نابێ رووسیا دوای ئەمانە بکەوێت. دەوڵەتی نەتەوەیی لە رووسیا سەرناکەوێ، چونکە رۆحی رووسی رۆحێکی کیشوەرییە و ئەمجۆرە رۆحە کیشوەرییەش ئیمپراتۆریەتە (Aleksander Dugin، Rus Jeopolitigi، 2007، 47).

ئەو بۆ سیستەمی ئایندەی رووسیا ئیمپراتۆریا پێشنیاز دەکات. ئەم ئیمپراتۆریایە لەسەر سێ پایە بەندە کە هەریەکەیان میحوەرێك دەگرنەوە: میحوەری رۆژئاوا میحوەری مۆسکۆ – بەرلینە کە بەرەی رۆژئاوای ئیمپراتۆرییەکە پتەودەکات. میحوەری رۆژهەڵات میحوەری مۆسکۆ – تۆکیۆیە کە بەرەی رۆژهەڵات قایم دەکات و میحوەری نێوەڕاستیش میحوەری مۆسکۆ – تارانە کە ئۆراسیا بە قووڵایی جیهانی ئیسلامییەوە دەبەستێتەوە و بەرەی باشووری رۆژئاوای ئۆراسیا لەبەرانبەر هێزە ئەتڵەسییەکان یەکلایی دەکاتەوە. ئەو دەڵێ ئەمریکا دەیەوێ سیستەمێکی تاکجەمسەر بسەپێنێ و پێویستە ئۆراسیا بەرهەڵستی بکا و جیهانێکی فرەجەمسەر و فرەناوەند پێکەوەبنێت (Aleksander Dugin، Moskova – Ankara Ekseni، 2007، 51).

کوردستان لە تیۆرییەکەی دووگیندا سەر بە شارستانیی کەنارییە کە بۆخۆی

شارســتانییەکی ناڕەســەنە و ناچــارە خــۆی لەبــەرەی شارســتانیی دەریایــی یاخـود کیشـوەریدا یەکلابکاتـەوە. ئـەو ناوچەیـەی کـە کوردسـتانی لێیـە سـەر بـە شارسـتانیی ئیسـلامییە کـە بـەرەی باشـووری ئۆراسـیا پێکدەهێنێـت. ئـەم ناوچەیـە ئێـران و تورکیـای تێدایـە کـە بـۆ پاراسـتنی ناوەنـدی ئۆراسـیا گەلێـك گرنگـن. ئـەو سـەبارەت بـە کـورد دەڵـێ، دەبـێ ئـەم بزووتنەوەیـە لـە دژی ئەتڵەسـییەکان بقۆزرێتــەوە و تاوەکــو دەکــرێ لــە ئێــران دووربخرێتــەوە، چونکـە ئێـران سـەنگەری باشـووری ئۆراسـیایە.

ئـەو پێیوایـە تورکیـا ئێسـتا لـە ئـۆردووگای ئەتڵەسـی وەڕس بـووە و پێویسـتە هەرچۆنێــک بــووە لــە ناتــۆ دەربهێــنرێ و لــە ئۆراســیا نزیکبکرێتــەوە. بــۆ ئەمــەش دەبــێ پرســی کــورد زەق بکرێــتەوە و وای لێبکــرێ کــە ئــەم پرســە برِســتی لێببــڕێ و ناچــاری ئۆراســیا ببێــت. لــە پرســی عەفرینــدا بەڕاســتی سیاسـەتڤانانی رووس بەپێـی ئـەم بۆچوونـەی دووگیـن کاریـان کـرد. سـەرەتا بەگەرمــی لــە پرســی کــوردی ســووریا نزیکبوونــەوە و تەنانــەت هێــزی چاودێرییـان لـە عەفریـن جێگیرکـرد. دواتـر ئـەم کارتەیـان فرۆشـتە تورکـەکان و لـە عەفریـن کشـانەوە، چونکـە پێیانوایـە کـورد داردەسـتی ئەتڵەسـییەکانن. ئـەو دەڵـێ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد بـۆ تورکیـا دژوارە، چونکـە ئەمـە دەبێتـە هـۆی لەگرێژەنەچوونـی ئـەو پرەنسـیپە جیۆسیاسـیانەی کـە کەمالیزمی لەسـەر بەنـدن و ئەمـەش شـیرازەی تورکیـا دەپسـێنێت. ئەمڕۆ تورکیـا لەبـەر کێشــەی کوردســتان لــە عێــراق و لــە ســووریا، دەســتێوەردانی ئەمریــکا و بەجیهانیبــوون، لەبــەردەم دووڕیانێکــی ترســناکدایە. بۆیــە پێشــنیازدەکات تورکیـا بـۆ دەربازکردنـی ئـەم پرسـانە خـۆی لـە ئۆراسـیا نزیکبکاتـەوە.

***

ئەحمــەد داودئۆغڵــوو وەزیــری دەرەوەی تورکیــا کــە ســەردەمانێك مامۆســتای زانکـۆش بـووە، نێوبانگـە ئەکادیمییەکـەی زیاتـر پەیوەنـدی بـە کتێبـی (قووڵایی سـتراتیژی)یەوە هەیـە کـە بەجۆرێـك تیۆرییەکـی نیوعوسـمانییە. ئـەم تیۆرییـە رەنگبـێ یەکێـك لـە تیۆرییـە سـەرەتاییەکانی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بێـت کـە بیرۆکەیـەک بـۆ پێکەوەنانـی گرۆبەنـدی یاخـود یەکێتییەکی ناوچەیی پێشـکەش دەکات. تیۆرییەکـەش پـتر لـەو چەمکـەوە دەسـتپێدەکات کـە پەیوەنـدی بـە پاشـماوەکانی کۆمەڵگـەی عوسـمانییەوە هەیـە.
بەپێـی ئـەم تیۆرییـە، تورکیـا وەك ناوەندێـك دەخوێنرێتـەوە کـە لـە نووکـی ئـەم پەڕگاڵـەوە بەچواردەوریـدا دەڕوانرێـت. ئـەم پەڕگاڵـە سـەرەتا پێـدراوە نەگـۆڕ و گۆڕاوەکانـی هێـز دەخاتـەڕوو، پاشـان فۆرموولـی هێـز ئـاوا دەخاتـە بەردەسـت: پێـدراوی نەگـۆڕی هێـز: مێـژوو، جوگرافیـا، کولتـوورو دانیشـتووان + پێـدراوی گـۆڕاوی هێـز: توانـای ئابـووری، توانـای تەکنۆلـۆژی و توانـای سـەربازی لەگـەڵ زیهنیەتـی سـتراتیژی + پلانـی سـتراتیژی + ئیـرادەی سیاسـی کۆدەکرێنـەوە و فۆرموولــی هێزیــش لەمــەوە دەردەکەوێــت (Ahmet Davutoglu، Stratejik Derinlik، 2009، 17).
جــا ئەگــەر لــە نووکــی ئــەم پەڕگاڵــەوە بــۆی بڕوانیــن، ئــەوە تەوەرەکانــی پاشـماوەی عوسـمانی بەسـەر سـێ حـەوزدا دابەشـدەکات: حـەوزی وشـکانیی نزیـك (بەڵـکان، قەفقـاز، رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت)، حـەوزی دەریایـی نزیـك (دەریـای رەش، بوغازەکانـی مەڕمـەرە، رۆژهەڵاتـی دەریـای سـپی، کەنـداو) و حــەوزی کیشــوەری نزیــك (ئەوروپــا، قووڵایــی ئاســیا، باکــووری ئەفریقیــا). بەمجـۆرە حەوزەکانـی پەلکشـانی تورکیـا پۆلێـن دەکات.
بــۆ گەیشــتن بــەم حەوزانــە چەنــد ئامرازێکــی ســتراتیژیش وەك میکانیــزی پیادەکـردن دەخاتـەڕوو کـە بریتیـن لەمانـە: ناتـۆ و کارە سـتراتیژییە نوێیەکـەی،

ڕێکخـراوی ئاسـایش و هاوکاریـی ئەوروپـا، ڕێکخـراوی کۆنفرانسـی ئیسـلامی – هێڵـی کاریگـەری جیۆسیاسـی و جیۆفەرهەنگـی ئەفرۆئۆراسـیا، ڕێکخـراوی هاوکارییــە ئابوورییــەکان (ئیکــۆ) و قووڵایــی ئاسـیا، کۆمــکاری ئابووریــی دەریـای ڕەش، سـتێپەکان و دەریـای ڕەش، گرووپـی 20 و سیاسـەت و ئابووریـی نێودەوڵەتـی. بـۆ ئەمـە خوازیـاری ئەوەیـە کـە تورکیـا پلە بـە پلە ئەم سـتراتیژییە پیادەبـکات.

دیـارە تورکیـا بـۆ پیادەکردنـی ئـەم پڕۆژانـەی کۆمەڵێـك گرفتـی جیۆسیاسـی گرنگیشـی لەبەردەمدایـە کـە بەبـێ چارەسـەرکردنی ئەمانـە ئەسـتەمە بتوانـێ هەنگاوێـك بـەرەو پێشـەوە بنێـت. ئـەم کۆسـپە جیۆسیاسـییانە بریتین لـە: ئێران کۆسـپێکی مەزهەبـی - جیۆسیاسـی گرنـگ کـە ڕێگـە لـە پەلکوتانـی ناوچەیـی تورکیـا لـە زەوینەی ئیسـلامیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـتدا دەگـرێ و وزەکانی دەکاتە دووکـەرت، ئیسرائیـل کـە وەك سـوپەرهێزێکی ناوچەیـی بێدەنـگ کۆسـپ بـۆ فراوانخوازییەکانـی ئەنقـەرە دەنێتـەوە، رووسـیا کـە لـە قەفقـاز و ئاسـیای ناوەند ئاسـتەنگ بـۆ خەونـە جیۆسیاسـییەکانی تورکیـا دروسـتدەکات. هەروەها لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیـی و لەسـەر ئاسـتی ژێرناوچەییـش لەگـەڵ کۆسـپی جیۆسیاسـی کـورد بـەرەوڕووە کـە ڕۆژبـەڕۆژ پانتاییەکـەی زیاتـر دەکشـێت.

داودئۆغڵـوو سـەبارەت بـە کوردسـتانیش دەڵـێ پاشـخانی جیۆسیاسـی کێشـەی کـورد ئەوەیـە کـە لەنێوەڕاسـتی ناوچەکانـی ئەنـادۆڵ، قەفقـاز، بانـی ئێـران و بیابانـی عەرەبدایـە، لـە نێوەڕاسـتی چـوار حـەوزی دەریـای ڕەش، دەریـای قەزویـن، دەریـای سـپی و کەنداودایـە. پاشـخانە جیۆئابوورییەکەشـی ئەوەیە کە بەپێـی فۆرموولـی نـەوت – ئـاو – نـەوت ڕێککەوتـووە، واتـە نەوتـی قەزویـن، ئـاوی کوردسـتان و نەوتـی کەنـداو. پاشـخانە جیۆفەرهەنگییەکەشـی ئەوەیـە کە کوردسـتان سـێبەندەی سـێ شـەپۆلی جیۆفەرهەنگیـی تـورك، فـارس و عەرەبـە

و هەرسـێکیان لەناوخۆیـدا قوفـڵ دەکات و پێکەوەیـان دەبەسـتێتەوە (Ahmet Davutoglu، Stratejik Derinlik، 2009، 437).

بەمجـۆرە کوردسـتان لـە تیۆرییەکـەی داودئۆغڵـوودا لەنێـو حـەوزی وشـکانی نزیکـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدایە کـە بـە هینتەرلاندێکـی ناچـاری وەسـفی دەکات. هەروەهـا کوردسـتان جگـە لـەوەی هاوسـێی تورکیایـە، لەنێـو سـنوورەکانی تورکیـاش درێژبوونەوەیەکـی جیۆسیاسـی هەیـە کـە ئەمـڕۆ بەدەسـت ئاکامەکانییـەوە دەناڵـێ. تورکیـا دوای 10 سـاڵ بەڵێنـی چارەسـەری سـەرئەنجام رووی لـە داپڵۆسـین کـردەوە. لـە پرسـی گشتپرسـی باشـووری کوردسـتاندا لـە کـورد هەڵگەڕایـەوە. دوای ئـەوەش بـۆ پرسـی عەفریـن دەسـتی بـە هێـرش و داگیـرکاری کـرد و سیاسـەتی کوردکـوژی و کوردسـڕینەوە پیـادە دەکات. ئەمـەش تاڕادەیـەک تێـز و بەڵێنەکانـی سـەرکردەکانی تورکـی بەدرۆخسـتەوە کـە بەشـێوەی جۆربەجـۆر دەیانگـوت لارییـان لـە چارەسـەری کێشـەی کـورد نییـە!

لـەوە واوەتـر ئەمـڕۆ کێشـەی کـورد لـە سـووریاش تەقیوەتـەوە. پێشـتر داوودئۆغڵـوو پێیوابـوو کـە کێشـەی کـورد لـە سـاڵانی حەفتاکانـدا بووە پرسـێکی عێراقـی، لـە هەشـتاکاندا بـووە پرسـێکی ئێرانـی و لـە نەوەتەکانیشـدا بـووە پرسـێکی تورکیایـی. ئەوەتـا ئەمـڕۆ لـە دەیـەی دووەمـی ئـەم سەدەیەشـەوە خەریکـە دەبێتـە پرسـێکی سـووریایی پـڕ مەترسـی. واتـە بووەتـە پرسـێکی ناوچەیـی و بگـرە سـەرووناوچەییش. لەبـەر ئەمـە پێگـەی کوردسـتان لەدیـدی داوودئۆغڵـووەوە پێگەیەکـی ناچارییـە نـەك تەنیـا هینتەرلاندێکـی ناچـاری لەتوێـی حـەوزی وشـکانیی نزیکـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دا. واتـە پێگەیەکـە کاریگەریـی جیۆسیاسـی پەیتـا پەیتـای لەسـەر تورکیـا هەیـە.

## کۆبەند: عەفرین و پێگەی جیۆسیاسیی کوردستان

کوردستان لە ناوچەیەکی جیۆسیاسیی گرنگدا هەڵکەوتووە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پێدەگوترێت. یەکێک لە ناوچە حەیاتییەکانە کە ڕەگەزەکانی هێزی تێدا هەیە و ئەگەر بتوانێ مەودای ژیانی خۆی بەرفراوان بکات، ئەوە کاریگەری لەسەر دەوروبەرەکەی دەبێت. ئەمەش تەنیا بەوە دەکرێ کە بتوانێ پەل بۆ دەوروبەری بهاوێژێ، دەروویەکی دەریایی بدۆزێتەوە، جێی خۆی بکاتەوە و توخمە خەوتووەکانی هێزی کارا بکات. عەفرینیش ئەو دەرووەیە.

لەگەڵ ئەوەی کوردستان یەکێک لە ناوچە حەیاتییەکانە، بەڵام دەشێ یەکێک لە خاڵە لاوازە جیۆستراتیژییەکانی ئەوەبێ کە وڵاتێکی ناوکیشوەری وشکانییە و هیچ سنوورێکی دەریایی نییە. لەبەر ئەمە بۆ خۆگەیاندنە کەنارەکان هەمیشە ناچارە لەکاتی بێهێزیدا مل بۆ هاوسێکانی کەچ بکات کە لەسەر دەریان. تاقە دەرووی دەریایی کوردستان دوو شوێنن: یەکیان عەفرین و ڕۆژئاوای کوردستانە کە تاوەکو ڕۆخەکانی دەریای سپی بەسەر هاتایدا تەنیا یەک کاژێر مەودای هەیە. دووەمیشیان ناوچەکانی لوڕستانی باشوورە، بەڵام لەبەر پێنەگەیشتنی پرۆسەی بەنەتەوەبوون لای لوڕەکان، کوردستان ناتوانێ ئەم دەرووە جیۆستراتیژییەی خۆی لە کەنداو بقۆزێتەوە (مامەند ڕۆژە، پێغەمی جیۆپۆلیتیکا، 2012، 594).

هەستیاری و مەترسی تورکەکان لەم پێگە جیۆسیاسییەی عەفرینە. بۆیە پەیتا - پەیتا هاواردەکەن "نابێ بۆ ڕۆژئاوای فرات بپەڕنەوە". تورک دەیانەوێ کوردستان بۆ هەمیشە لە گەمارۆی وشکانیدا هەڵبپێکن. بۆیە ئەوان باشتر لە خودی کورد لە گرنگی ستراتیژیی عەفرین تێگەیشتوون.

ئـەوان دەزانـن ئەگـەر منبـج بـە عەفرینـەوە ببەسـترێتەوە، ئـەوە کۆتایـی بـە خەونـی چوارپەلبەسـتنی کوردسـتان دەهێنرێـت. بۆیـە دەیانـەوێ بـە هـەر نرخێـک بـووە پـڕۆژەی ڕاڕەوی کـوردی پەکبخـەن کـە دواتـر ناوەکەیـان بـۆ ڕاڕەوی تیـرۆر گۆڕیـوە.

بەپێـی هەندێـك لـە پێناسـەکارییە جیۆسیاسـییەکان، کوردسـتان لەسـەر شریتـی هیلالـی ناوەکییـە کـە ڕاسـتەوخۆ لەبـەر کاریگەریـی شـەپۆلەکانی نێوجەرگـەی مێـژوودا هەڵکەوتـووە. بۆیـە شـەپۆلی نێوجەرگـەی مێـژوو کـە لەنێـو دڵـی زەوییـەوە بـە چـوارلادا پەلدەکوتـێ، بەتوونـدی کوردسـتانیش دەگرێتـەوە. بەپێی پێناسـەکارییەکی جیۆسیاسـی دیکـە، ئـەم سـەرزەمینە، بـەر بازنـەی هارتلانـد یاخـود جەرگەسـتانی کلاسیك دەکەوێـت. بـۆ ئەمـەش کوردسـتان یەکێـك لـەو ناوچانەیـە کـە لـە ناوچـەی میحـوەری جوگرافیایـی مێـژوو نزیکـە .

ئەمـە لـە ڕەهەندێکـی دیکـەوەش دەخوێندرێتـەوە: کوردسـتان یەکێـك لـەو سـەرزەمینانەیە کـە بـە تەواوکـەری جیۆسیاسـی ئۆراسـیا دادەنرێـت. واتـە کیشـوەرهێزەکەی جیهـان کـە هێـزە ئۆراسـیاییەکەیە، بـۆ کامڵکردنـی هێـزی کیشـوەری خـۆی، پێویسـتە کوردسـتانیش سـەر قەڵەمڕەوی جیۆسـتراتیژی خـۆی بخـات. لـەم دۆخـەدا کوردسـتان بۆخـۆی شایسـتەی ئـەوە نییە ببێتـە مەکۆیەکی جیۆسیاسـی و تەنیـا دەتوانـێ یەکێـك لـەو سـووچانە بێـت کـە ڕۆڵـی تـەواوکاری بلۆکـی ئۆراسـیا دەگێڕێـت. ئەگـەر پێویسـتیش بـکات ئـەوە ئۆراسـیا (ڕووسـیا) بـۆ کامڵکردنـی پڕۆژەکانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتی دەتوانـێ بیکاتـە قوربانـی. ئێسـتا لـە عەفریـن ئەمـە دەکات.

پرسـەکە تەنیـا بەمـەوە ناوەسـتێ، بەڵکـو هەندێکیـش دەڵێـن نەخێـر کوردسـتان لەنێـو جەرگەسـتاندا نییـە و جەرگەسـتانیش مەکـۆی هەڵکشـانی شارسـتانی نییـە، بەڵکـو کەنارسـتان یاخـود ریملانـدە کـە بـە لانکـی شارسـتانییە گرنگەکانی

جیهـان دەژمێردرێـت. کوردسـتانیش لەنێوەڕاسـتی شریتـی کەنارسـتانی جیهانـدا هەڵکەوتـووە و لـە سـەرزەوینە سـاحیلییەکان نزیکـە. ئەمـەش بایەخـی جیۆسیاسـی پێگـەی کوردسـتان چەنـد ئەوەنـدە دەکات. جـا بەپێـی ئـەم تێـزەش عەفریـن ڕێـک قۆرتـی هەڵسـووڕانەوە بـەرەو لای سـاحیلە (مامەنـد ڕۆژە، پێغەمـی جیۆپۆلیتیـکا، 2012، 366).

بەقسـەی ئەوانـەش کـە پێیانوایـە ئۆراسـیا هەمـوو ئەورووپـا و ئاسـیا دەگرێتـەوە، ئۆراسـیا تەختەی شـەترەنجی ململانێ جیۆسیاسـییەکانی جیهانـە (Brezezinski، Buyuk Satranc Tahtasi،2005، 59). بەپێـی ئەمـەش کورسـتان لەنێـو نەخشـەی ئۆراسـیادایە. نـەك تەنیـا ئەمـە بەڵکـو کوردسـتان لـە سـنوورەکانی باشـووری ڕۆژئـاوای ئۆراسـیادا هەڵکەوتـووە کـە بـە کەنـدووی وزەی جیهـان دەناسرێـت. لـەم ڕەهەنـدەوە کوردسـتان یەکێـك لـە مەکۆکانـی پێکهەڵپژانـی هێـزە جیهانـی، سـەرووناوچەیی، ناوچەیـی و لۆکاڵییـەکان دەبێـت. بەتایبـەت لەبەرئـەوەی سـەرچاوەی وزەشـە، ئـەوە زیاتـر دەبێتـە مایـەی مرخـی ئـەم هێزانـە. ئەوەتـا لـە عەفریـن ئەمـە بەدیدەکەیـن کـە خەریکـە دەبێتـە هـۆی ململانێیەکـی جیهانـی. ئەگـەر لەدیـدی پێکدادانـی شارستانییەکانیشـەوە لێـی بڕوانیـن، کوردسـتان سـەر بـە قەڵەمـڕەوی شارسـتانیی ئیسـلامییە و لـە هەرێمـی نێوەڕاسـتی ئـەم شارستانییەشـدا هەڵکەوتـووە. بۆیـە کوردسـتانیش وەك بەشـی هــەرە زۆری قەڵەمڕەوەکانــی شارســتانی ئیســلامی، بــەرە بــەرە هۆشــیاریی شارسـتانی دەیگرێتـەوە. ئـەم هۆشـیارییە شارسـتانییە وای لێـدەکا کـە زیاتـر لـەوەی بـە پێناسـی نەتەوەیـی خۆیـەوە بنازێـت، بەپێناسـی شارسـتانیی خـۆی، واتـە پێناسـی شارسـتانیی ئیسلامیشـەوە بنـازێ.

لـەڕووی حـەوزە جیۆسـتراتیژی و ناوچـە جیۆسیاسییەکانیشـەوە کوردسـتان سـەر بـە حـەوزی شریتـی ناسـەقامگیری جیۆسـتراتیژی جیهانـە کـە لـە دوو ناوچـەی

جیۆسیاسی باشووری ئاسیا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێکدێت. لەنێو ئەم ناوچەیەشدا دیارە کوردستان لەناوجەرگەی باکووری رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵکەوتووە. پێدەچێ ئەم ناوچەیە تاوەکو قۆناخێکی درێژخایەن هەر لە دۆخی شریتی شکێنۆکی پێکداهەڵپژاندا بمێنێتەوە و هەروا بەئاسانی نەتوانێ ببێتە ناوچەیەکی یەکپارچەی جیۆسیاسی. ئەم پێگە شکێنۆکە کاریگەری لەسەر پێگەی کوردستانیش دەبێت.

لە پێناسەی ئۆراسیای تازەدا کوردستان بەشێك لە قەڵەمڕەوی کشانی کیشوەرهێزی ئۆراسیاییە. بەتایبەت ئەم سەرزەوینە لە سنوورەکانی باشووری ئۆراسیادا هەڵکەوتووە کە پێویستە شەپۆلی ئێرانی بیگرێتەوە نەك ئەو هێزانەی لە ئەتڵەسییەکان نزیکن. بەگوێرەی ئەمە دەبێ پێگەی کوردستان لە چوارچێوەی میحوەری مۆسکۆ – تاراندا تاوتوێ بکرێت (Aleksander Dugin، Rus Jeopolitigi، 2007، 73). کوردستان یەك لەو سەرزەوینانەیە کە تەواوکەری کشانی کیشوەری ئۆراسیایە. واتە تاقە رۆڵی ئەم سەرزەوینە ئەوەیە کە ببێتە تەواوکەری پەیامی جیۆسیاسی ئۆراسیا.

هۆیەکەشی ئەوەیە کە کوردستان لەسەر شریتی کەنارستان هەڵکەوتووە. کەنارستانیش نە شارستانیی دەریاییە و نە کیشوەری. شارستانییەکی نارەسەنە، شارستانییەکی دووڕەگە، نە کیشوەرییە و نە دەریایی و لەنێوان هەردووکیاندا گیرۆدە بووە. بۆیە دەبێ ببێتە تەواوکەری داکشانی کیشوەرهێزی ئۆراسیایی. ئێستا رووسەکان لە عەفرین ئەم تێزە پیادە دەکەن.

کوردستان پێگەکەی لە دیدی نیوعوسمانییەکانەوە لەتوێی حەوزی نزیکی بەژایی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پۆلێندەکرێ کە تاقە دەرووی وشکانیە ئاسیای پچووك بە بانی قەفقاز، بانی ئێران، میزۆپۆتامیا و

بیابانــی عەرەبســتان دەگەیێنێــت. هەروەهــا پەڵەیەکــی وشــکانی کاریگــەرە کــە لــە نێوەڕاســتی چــوار حــەوزی دەریایــی ڕەش، ســپی، ســوور و کەنــداودا هەڵکەوتــووە. لەمــڕووەوە کوردســتان شــاڕێگەیەکی وشــکانی جیهانییــە لەلایــەك هێڵەکانــی ســتێپەکانی ئۆراســیا بــە دەریاکانــی باشــووری ڕۆژئــاوای ئاســیا دەگەیێنــێ، لەلایەکیــش شــاپردێکە کــە گوزەرگەکانــی ڕۆژهــەڵات بــە ڕۆژئــاوا و ڕۆژئــاوا بــە ڕۆژهــەڵات و باکــوور بــە باشــوور دەبەســتێتەوە.

ئــا لەبــەر ئەمــە لــە دیــدی ستراتیژیســتەکانی تورکــدا پــڕۆژەی کــوردی لــە ســووریا و عێــراق بــۆ پــڕۆژەی نیوعوســمانی نــەک هــەل نییــە، بەڵکــو هەڕەشــەیە. بۆچــی؟ چونکــە ئــەم پڕۆژەیــە پێگــەی جیۆســتراتیژیی تورکیــا دەشــکێنێ و ڕۆڵــی پــردی نێــوان باکــوور - باشــوور، ڕۆژهــەڵات - ڕۆژئــاوای کــزدەکا و ڕاڕەوی کــوردی بەشــێک لــە کارکــردی ئــەم پێگەیــە بــۆ خــۆی دەبات. ئــەم پڕۆژەیــە تورکــەکان گرمۆڵــە دەکا و هەمــوو گوزەرگەکانــی پەیوەنــدی لەگــەڵ ئاســیا و ئەفریقیــا قــۆرخ دەکات. واتــە: ئەگــەر پــڕۆژەی کــوردی ســەربگرێ، ئــەوە تەنیــا لەڕێگــەی کوردســتانەوە دەتوانــن بگەنــە قەفقــاز. تەنیــا لەڕێگــەی کوردســتانەوە دەتوانــن بگەنــە بانــی ئێــران. تەنیــا لەڕێگــەی کوردســتانەوە دەتوانــن بگەنــە بیابانــی عەرەبــی و ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت. بۆیــە: دەیانــەوێ کوردســتان لــە پەلوپۆبخــەن، بڕستی لــێ ببــڕن و وای لێبکــەن پاشەکشــێ بــکات. وای بگوشــن لــە ناوچەکانــی شــنگال، باکــووری مووســڵ، مەخمــوور، کەرکــووک، خورماتــوو و خانەقیــن بکشــێتەوە. ئەوەنــدەی تێکبهاڕن تاوەکــو قەڵەمڕەوەکانــی کەمبــکات و لــە ناوچــەی عەفریــن و منبــج بکشــێتەوە و بگەڕێندرێتــەوە قاوخــی چکۆڵــە و جڵەوکــراوی پێشــووی.

لێــرەوە دەتوانیــن لــە ئۆپەراســیۆنی تەفروتوناکردنــی ژێرخانەکانــی عەفریــن و پــڕۆژەی ســێوی ســووری تورکــی و دەروازەی ســووری کــوردی تێبگەیــن.

**سەرچاوەکان:**

1 . Dr. Shira to Shadas، Geostrategies، Kitalo Mahal، Allahabad، India، 1986..

2 . Ahmet Davutoglu، Stratejik Derinlik، Kure Yayinlari، 38.Baski، Istanbul، 2009..

3. دکتـۆر عیززەتوڵـڵا عیززەتـی، جیۆپۆلەتیـك، وەرگێڕانـی کەمـال رەشـید شـەریف، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کوردسـتان، سـلێمانی، 2004.

4 . Servet Comert، Jeopolitik ve Turkiyenin Yer Aldigi Yeni Jeopolitik Ortam، Istanbul، Harp Akademileri Komutanligi Yayinlari، 2001.

5 . Yilmaz Tezkan، M.Murat Tasar، Dunden Bugune Jeopolitik، Istanbul، Ulke Yayinlari، 2002.

6. مامەنـد رۆژە، پێغەمـی جیۆپۆلیتیـکا، چاپـی یەکـەم، دەزگای چـاپو پەخشـی جەمـال عیرفـان، سـلێمانی، 2012.

7. سـائول برنـارد کوهـن، ژئوپلیتیـك نظـام جهانـی، ترجمـەی عبـاس کاردان، موسسـەی فرهنگـی مطالعـات و تحقیقـات بیـن المللـی ابـرار معـاصر تهـران، تهـران، 1387.

8. الکسـندر دوغیـن، اسـس الجیوبولیتیـکا، ترجمـە الدکـتر عـماد حاتـم، دارالکتـاب الجدیـد المتحـدە، بیـروت 2004.

9 . Alfred Tayer Mahan، Influence of Sea Power upon History، 16601783-. Boston، Little Brown، 1890.

10 . Geoffery Salon، “Sir Halford J.Mackinder: Gecmisten Gunumuze Kalpgah Kurami”، Jeopolitik، Strateji ve Cografiya.

11 . Halford J.Mackinder، Democratic Ideals and Reality: A Study in the Politics of Resconstruction (1919)، New York، w.w.Norton، 1962.

12 . Bilal Karabulut، Strateji – Jeostrateji – Jeopolitik، platin Yayinlari، Ankara، 2005.

13 . Karl E.Haushofer، Geopolitik، Der Pan – Ideen، Berlin، Zentral، 1931.

14 . Dr. Bulent Ulas، Jeopolitik، Baslik Yayin grubu، Istanbul، Subat 2011.

15 . Nicholas J.Spykman، “Geography and Foreign Policy، 1: The American Political Science Review، cilt 32، sayi 1، Subat 1938.

16 . Nicholas J.Spykman، Americas Strategy in World Politics; The United Staes and the Balance of Power، New York، Harcort Brace and Company، 1942.

17 . Zbigniew Brezezinski، Buyuk Satranc Tahtasi: Amerikanin Onceligi ve Bunun Jeostratejik Gerekleri، cev. Ertugrul Dikbas، Ergun Kocabiyik، Sabah Kitaplari، Istanbul، 1998.

18 . Zbigniew Brezezinski، Trecih: Kuresel Hakimiyet mi ? Kuresel Liderlik mi ? cev. Cem Kucuk، Istanbul، Inkilap Kitapevi، 2005.

19 . Sammuel P.Huntington، " The Clash of Civilizations ?" Foreign Affairs، 72، No 3، Summer 1993.

20 . Sammuel P.Huntington، Medeniyetler Catismasi، Der. Murat Yilmaz، Vadi Yayinlari، Ankara، 1997. 22. Saul Bernard Cohen، Geopolics of the World Sistem، Lenham، MD: Rowman & Little Field، 2002.

23 . Aleksander Dugin، Rus Jeopolitigi، Avrasiyaci Yaklasim، Kure Yayinlari، 7.Baski، Istanbul، 2007، s.4748-.

24 . Aleksander Dugin، Moskova – Ankara Ekseni، cev. Leonid Bahrevski، Kaynak Yayinlari، Istanbul، 2007.

25 . Brezezinski، Buyuk Satranc Tahtasi، cev. Yelda Turedi، Inkilap Kitapevi، Istanbul، 2005.

## عەفرین؛

# لە شەڕی سووریاوە بۆ شەڕی رۆژئاڤا

**پرۆفیسۆر د.بیلال سامبوور**

ئەوکاتەی هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە سووریا دەرکەوتن، تورکیا هێرشێکی زۆر گەورەی کردە سەر عەفرین و شارەکەی داگیرکرد. پلانی لەشکرکێشی بۆ سەر عەفرین لەبەرئەوەی کراوەتە بەشێك لە دۆخی جەنگی ستراتیژی، ماوەیەکی زۆر بوو ئامادەکاریی بۆ دەکرا. لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی عەفرینەوە، سەرۆککۆماری تورکیا و بڕیاربەدەستانی ئەو وڵاتە لە چەندین بۆنەدا بەڕاشکاوی جەختیان لەسەر ئەوە کرد کە لەشکرکێشیی سوپای تورکیا تەنیا لە ئۆپەراسیۆنی عەفریندا سنووردار نابێت، بەڵکو دواتر بەرەو مونبیج و رۆژهەڵاتی فرات درێژەی پێدەدرێت. تورکیا بۆ دەرکردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات

لــە ناوچەکانــی وەك مونبیــج و رەققــە و بــۆ لەنێوبردنــی کانتۆنەکانــی عەفریــن، جزیــرێ، کۆبانــێ و رێگەگرتــن لــە فیدراڵیــی باکــووری ســووریا، ئۆپەراســیۆنی عەفرینــی ئەنجامــدا.

تورکیــا لــە رێگــەی ســەربازییەوە و لــە رێگــەی گوشــاری دیپلۆماســییەوە دەیــەوێ رۆژئاڤــا کۆنــترۆڵ بــکات و لەســەر ئاســتی پلاتفۆرمــی نێودەوڵەتــی رێگــری بــکات لــەوەی رۆژئاڤــا نەبێتــە رۆژهــڤــی کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی. عەفریــن بووەتــە ئامانجــی ســەربازی و دیپلۆماســیی تورکیــا. ســوپای تورکیــا و ســوپای ســووریای ئــازاد یەکدەســت بــوون و بەهێرشــی زەوینــی و ئاســمانی ئۆپەراســیۆن بەڕێوەدەبــەن. تورکیــا بــۆ مانــەوەی خــۆی، ئۆپەراســیۆنی فراوانــی هاوشــێوەی قەڵخانــی فــرات و چڵــە زەیتوونــی ئەنجامــدا و ئــەوەش بابەتێکــی روون و ئاشــکرایە کــە هــەر دەبــوو ئەنجامبدرێــت. زۆرینــەی رای گشــتیی تورکیــا لەگــەڵ ئۆپەراســیۆنی ســەر عەفریــن بــوون و خوازیــاری ئەوەبــوون بــۆ تــەواوی رۆژئاڤــا درێــژەی پێبدرێــت.

کەواتــە حکومەتــی تورکیــا پشــتیوانیی رای گشــتیی بەدەســتهێنا بــۆ ئــەم ئۆپەراســیۆنە. هەدەپــە، تاکــە لایــەن و پێکهاتــەی سیاســی بــوو ســەرکۆنەی ئۆپەراســیۆنەکەی کــرد. بەهــۆی هەوڵەکانــی بــۆ رێگــری و ســەرکۆنەکردنی ئۆپەراســیۆنی عەفریــن، هەدەپــە کەوتــە ژێــر گوشــارێکی زۆر و ئێســتاش وەک گرووپێکــی تیرۆریســتی مامەڵــەی لەگــەڵ دەکرێــت. دەتوانیــن بڵێیــن ناکاریگــەر دەکرێــت و هەوڵــی دوورخســتنەوەی لــە سیاســەت بووەتــە مژارێکــی گەرمــی ناوخــۆی ئــەم وڵاتــە.

تورکیــا لەســاڵی 1984ــەوە لــە دژی پارتــی کرێکارانــی کوردســتان دەجەنگێــت. بەهــۆی جەنگــی ســووریا، سیاســەتی تورکیــا لــەدژی پەکەکــە و کــوردی دەرەوەی ســنوورەکانی خــۆی رادیکاڵــتر و توندئاژۆتــر بــووە. هــەر لــە

سـەرەتای جەنگـی سـووریا، تورکیـا هەوڵـە سـەربازی و دیپلۆماسـییەکانی چڕکردووەتـەوە بـۆ ئـەوەی کـورد لـە باکووری سـووریا هیـچ دەسـتکەوتێکی کارگێـڕی و سیاسـی دەسـتنەکەوێت. بـۆ ئەمـەش، ڕێوشـوێنی توونـدی جۆراوجـۆری گرتووەتەبـەر. دوای ئـەوەی پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی هەژموونـی خـۆی بەسـەر باکـووری سـووریادا سـەپاند و کانتۆنەکانـی جزیـرێ، کۆبانـێ و عەفرینـی دامەزرانـد و بـە پشـتیوانیی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، هێزەکانـی سـووریای دیموکراتـی بـە زۆرینـەی پێکهاتـەی یەپەگـە ڕێکخسـت و سـوپایەکی بەهێـزی بـۆ دامەزرانـد، تـرس تورکیـای داگـرت لـەوەی نـەکا پەکەکـە لـە باشـووری سـنوورەکانیدا دەوڵەتێـک دابمەزرێنێـت.

لـە پـاش ڕووداوەکانـی کۆبانـێ و ئۆپەراسـیۆنی خەندەقـەکان، نێوبانـگ و ڕۆڵـی ڕۆژئاڤـا بەشـێوەیەکی خێـرا بڵاوبـووەوە، هـەر لەوکاتـەدا تورکیـا بیرۆکـەی هێرشـکردن و نەخشـەڕێگەی دەسـتوەردانی لـە کاروبـاری ڕۆژاڤـا داڕشـت. تورکیـا دۆزەکـەی بەڕاددەیـەك قـووڵ کـردەوە، ئـەم پرسـەی کـردە پرسـی ئاسایشـی نیشـتمانی و هەڕەشـەی سـەر سـنوور و سـەروەریی وڵات. بەمـەش هەمـوو توانایەکـی خسـتەگەڕ بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی پەکەکـە لـە ناوخـۆی تورکیـاو ئاماژەیەکـی ڕاستەوخۆشـی بـۆ دەسـتپێکردنی ئۆپەراسـیۆن لـە سـووریا نیشـاندا. ئۆپەراسـیۆن بـۆ سـەر عەفریـن وەک جیهـاد و "سـێوی سـوور" ناسـێنرا و بـە خوێندنـی سـوورەتی فەتـح دەسـتپێکرد. دەهۆڵـی نەتەوەپەرسـتی و نەژادپەرسـتی لێـدرا و دەسـتکرا بـە بەرزکردنـەوەی دروشـمی سـێوی سـوور کـە ئاماژەیەکـە بـۆ خەونـی گـەورەی نەتـەوەی تـورك، واتـە یەکگرتنـی تورکەکانـی جیهـان لـە یـەک قـەوارەدا. لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا، کۆنترۆڵکردنـی ڕۆمـا یـان ڤیەننـا سـێوی سـوور بـوو. ئەوسـاش ڕای گشـتی،

لەشکرکێشیی سوپای عوسمانییان بە جیهاد دەزانی و پشتیوانییان لێدەکرد. تورکیای ئەمڕۆش بە بەکارهێنانی هەمان چەمك و میتافۆری جیهاد و سێوی سوور، هەستی ئایینی و نیشتمانپەروەری بۆ لووتکە بەرزکردەوە. ئۆپەراسیۆنی عەفرین گەیێندراوەتە ئاستێک کە لەڕووی ئایینی و نیشتمانپەروەرییەوە هەرگیز قابیلی تاوتوێکردن و باسکردن نابێت و پێویستە بۆ سەرخستنی هەموو شتێك بکرێت. هەر لە سۆنگە و بنەمای جیهاد و باوەڕی سێوی سوور و هەستی نیشتمانپەروەرییەوە، هەوڵەکان چڕکراونەتەوە بۆ لەنێوبردنی کانتۆنەکانی باکووری سووریا و فیدراڵیزمی رۆژئاڤا و بەلاوەنانی کورد لە پرۆسەی دانوستاندنەکانی سۆچی و جنێڤ.

سیاسەتی ئەمریکاش ئەوەی دەرخستووە، مانەوەی هێزەکانیان لە سووریا کاتی نییە و هەمیشەییە. تورکیا، ئێران و رووسیا لەمە نیگەران و ناڕەحەتن و بۆ وەدەرخستنی هێزەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی فرات، هاوپەیمانییان پێکهێنا.

ئامانجی ئۆپەراسیۆنی عەفرین، پەیوەندی بە ئەنجامی رێککەوتنی ئاستانەوە نەبوو کە ناوچەی ئارام پێکبهێنرێت. بەڵکو ئامانجی ئۆپەراسیۆنی عەفرین لەنێوبردنی کانتۆنی عەفرین و رێگری بوو لەوەی بە ناوچەکانی دیکەی رۆژاڤاوە ببەسترێتەوە و داخستنی ئەو رێڕەوەبوو کە بۆ دەریای سپی نێوەڕاست دەکرایەوە. بە سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە عەفرین، درێژە بە ئۆپەراسیۆنەکە دەدرێت و هەنگاوی داهاتوو خۆشتر دەکات بۆ چوون بەرەو مونبیج و تەواوکردنی ئەو ستراتیژەی کە تورکیا لە ناوچەکەدا دایڕشتووە.

تورکیا دەیەوێت بە کۆنترۆڵکردنی عەفرین، تەواوی ئەو ناوچە

سنوورییانه بخاته ژێر رکێفی خۆیەوە. عەفرین گەنجینەیەکی بەهێزی رێکخراوەیی و ئایدیۆلۆژیکی پەکەکە و پەیەدەیە. تورکیا پێیوایە بەم ئۆپەراسیۆنە رێگری لە تەشەنەکردنی ئایدیۆلۆژیای پەکەکە دەکات. بە ئۆپەراسیۆنی قەڵخانی فرات، تورکیا جوگرافیایەکی زۆری کۆنترۆڵکرد و توانی عەفرین گەمارۆ بدات کە نزیکترین خاڵە بۆ گەیشتن بە کەناری دەریا. بە دیویکی دیکەدا، خەونی جیۆستراتیژی گەیشتنی کورد بۆ سەر دەریا لەگۆڕدەنێت. وەك چۆن کەرکووك بۆ باشوورییەکان بایەخێکی تایبەتی هەیە، عەفرینیش بۆ رۆژئاڤا بایەخێکی بێسنووری هەیە. جیاکردنەوەی کەرکووك لە باشوور وەك چۆن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەسیستەماتیکی بەرنامەی بۆ داڕێژرا و هاوئاهەنگی بۆ کرا، بۆ عەفرینیش لەسەر هەمان ئاست بەشێوەیەکی سیستەماتیك و بە بەرنامە هاوئاهەنگیی بۆ کرا و خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە سەرەتای ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتووندا تورکیا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و سنوورەکانی، پێویستە گورز بوەشێنێ، بەڵام پاساو و گوتارەکە گۆڕا. ئێستا تورکیا دەڵێت تاهەتایە میوانداری لە ئاوارە سوورییەکان ناکەین، پێویستە بیانگەڕێنینەوە و لە سووریا دووبارە نیشتەجێیان بکەینەوە. بەهۆی ئەم ئۆپەراسیۆنەوە، خەڵکی ناوچەکە زێدی خۆیان چۆڵکرد و عەرەب و تورکمان لە شوێنیان نیشتەجێکران. لەڕاستیدا مەبەست و ئامانجی سەرەکیی ئۆپەراسیۆنی عەفرین، گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە بوو.

ئۆپەراسیۆنی عەفرین دەریخست کە کێشەی سەرەکی بۆ تورکیا لە ناوخۆ و لە دەرەوە کورد و کوردستانە. تورکیا 35 ساڵە لە دژی پەکەکە دەجەنگێت و ئەم جەنگەی بۆ باکووری عێراق و سووریاش

فراوانکـردووە. بـۆ ئـەوەی کـورد لـە عێـراق و سـووریا نەبنـە خـاوەن پێگـە و قەوارەیەکــی تایبــەت بەخۆیــان، تورکیــا هەمــوو توانــا، دەســەڵات و هێـزی خـۆی بەکارهێنـاوە. هـەر لـە سەرەتاشـەوە راشـکاوانە رایگەیانـدووە کـە رێگـری لـە پێکهاتنـی هـەر جـۆرە قەوارەیەکـی کـوردی دەکات. بـە ئەنجامدانــی ئۆپەراســیۆنی قەڵغانــی فــرات و پاشــان ئۆپەراســیۆنی عەفریــن، نیازەکــەی بــە کــردار جێبەجێکــرد.

ئۆپەراسـیۆنی عەفریـن بـۆ رووسـیا هەلێکـی گـەورە بـوو. ئەمـە رووسـیای دڵخـۆش کـرد چونکـە تورکیـا و هێزەکانـی ئۆپۆزیسـیۆن لـە دژی هەسـەدە دەجەنگــن، ئــەو هێــزەی کــە ئەمریــکا ســاڵانێکە مەشــق و راهێنانیــان پێــدەکات و کردوویەتییــە گەورەتریــن هاوپەیمانــی خــۆی لــە ناوچەکــەدا. ئەمــە دۆخێکــی ناهەمــواری لەنێــوان دوو ئەندامــی ناتــۆ: تورکیــا و ئەمریــکا دروســتکرد. بــۆ ئــەوەی هیــچ قەوارەیەکــی نــوێ لــە باکــووری ســووریا دروســتنەبێت، تورکیــا ئامادەیــە خــۆی بخاتــە گەورەتریــن مەترســییەوە، بەڕاددەیــەك لاری نییــە لــەوەی بەرامبــەر ئەمریــکاش بوەسـتێتەوە. رووسـیا پشـتیوانی لـە تورکیایـەك دەکات کـە لـە ئەمریـکا و ناتــۆ دووربکەوێتــەوە و قەیــران لەنێوانیــان ســەرهەڵبدات و ســەرئەنجام تورکیـا بەهـۆی ئـەم قەیرانانـەوە لـە رووسـیا نزیکـتر ببێتـەوە.

کاتێـك تورکیـا دەسـتی بـە ئۆپەراسـیۆنی عەفریـن کـرد، ئەمریـکا ماوەیـەك بێدەنــگ بــوو، دواتــر رایگەیانــد کــە ناوچەکــە لەژێــر هەژموونــی ئــەودا نییــە، بــە واتایەکــی دیکــە تیشــکی ســەوزی بــۆ ئۆپەراســیۆنەکە هەڵکــرد، بــەڵام ئەمریــکا دەیویســت ئۆپەراســیۆنەکە ســنووردار بێــت و لــە ماوەیەکــی کەمــدا کۆتایــی بێــت و بــە عەفریــن تــەواو ببێــت. ئەمریـکا نایـەوێ تورکیـا بڕەنجێنـێ و لەهەمانکاتیشـدا نایـەوێ هەسـەدە

لەدەستبدات، بۆیە هەوڵدەدات هاوسەنگی بپارێزێت. ئەمریکا سیاسەتی مانەوەی درێژخایەن لە خاکی سووریا پەیڕەو دەکات. بۆیە دەبێ روونی بکاتەوە کە سیاسەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە سووریا و عێراق پەیڕەو ناکات. ئەمریکا دەیەوێ کوردی رۆژئاڤا لە چوارچێوەی سووریادا مافی زیاتر وەربگرن، بەڵام تائێستاش وەك چۆن سیاسەتێکی روونی لەبارەی داهاتووی سووریا نییە کە چ جۆرە سیستەمێکی بەڕێوەبردن دەخوازێ، ئاواش روون نییە کە دەیەوێ کورد چ پێگە و دەسەڵاتێکی پێبدرێت. ئەمریکا وەك چۆن خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی کانتۆنەکانی کورد نییە، بەهەمان شێوەش پشتیوانیان نەبووە. ئەو لە بەرامبەر بلۆکی دیمەشق، ئێران، مۆسکۆ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش بووەتە هاوپەیمانی هێزەکانی سووریای دیموکرات - هەسەدە، بەڵام ئەو پشتیوانییە سنووردارە. ئۆپەراسیۆنی عەفرین باشترین بەڵگە بوو بۆ سنوورداربوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و هەسەدە. ئەمریکا لەسەر حیسابی عەفرین، مامەڵە لەگەڵ تورکیا دەکات. دەتوانین بەم شێوەیە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین کە لەبەرامبەر هەڵکردنی چرای سەوز بۆ تورکیا، دەخوازێ تورکیا لە بەرەی ئێران- رووسیا دووربکەوێتەوە.

ئەمریکا و رووسیا لەبارەی عەفرینەوە خاوەن هەڵوێستی هاوبەشن. رۆژئاڤاییەکان پێیانوابوو لە بەرامبەر هەر دەستتێوەردانێکی دەرەکی، ئەمریکا پشتیوانییان لێدەکات و لەگەڵیان دەوەستێ، بەڵام ئۆپەراسیۆنی عەفرین ئەوەی سەلماند کە نابێ متمانە بە ئەمریکا بکرێت. رووسیا لە سەرەتاوە رایگەیاند کە بەهیچ شێوەیەك قەرزداری کورد نییە، بۆ ئۆپەراسیۆنی عەفرینیش کایەی ئاسمانی خۆی بۆ فڕۆکەکانی

تورکیـا کـردەوە. رووسـیا ویسـتی جۆرێـك لـە بێمتمانەیـی لەنێـوان تورکیـا و ئەمریـکا، هەروەهـا لەنێـوان ئەمریـکا و کوردیـش دروسـتبکات. رووسـیا و ئێـران بـەردەوام ئەوەیـان بەگوێـی کـورددا دەدا کـە هەرگیـز متمانـە بـە سیاسـەتی ئەمریـکا نەکـەن و بـە خەیاڵـی ئۆتۆنۆمـی و فیدراڵـی کـە ئەمریـکا بەڵێنـی پێـداون هەڵنەخەڵەتێـن و باشـترین شـت بـۆ کـورد ئەوەیـە مافەکانیـان لـە چوارچێـوەی سـووریادا دەسـتەبەر بکـەن. ئـەوەی تورکیـای هانـدا و رێگـەی بـۆ خۆشـکرد بـۆ هێرشـکردنە سـەر عەفریـن، رووسـیا بـوو. رووسـیا وەك چـۆن نایـەوێ شـەڕ لـە سـووریا کۆتایـی بێـت، ناشـیەوێ پرۆسـەی ئاشـتەوایی سـەربگرێت. رووسـیا لەڕێـی خولقاندنـی ئاژاوەگێـڕی لـە سـووریا، بەرەکانـی جەنـگ و ناکۆکییەکانـی فراوانـتر و قووڵـتر کردووەتـەوە.

ئۆپەراسـیۆنی عەفریـن هەسـتی متمانەنەکـردن بەئەمریـکا و رووسـیای زیندووکـردەوە. لەنێـو کـوردی رۆژاڤـا بێمتمانەیـی بـەم دوو وڵاتـە زلهێـزە تەشـەنەی کـردووە. چونکـە سیاسـەتی ئـەم دوو زلهێـزە لەجیاتـی خۆشـگوزەرانی، بـووە مایـەی تراژیدیـا و شـۆکی قـورس بـۆ خەیاڵـی تاکـی کـورد و ئەزموونـی زۆر تاڵیـان بەڕێکـرد. بەشـێکی زۆری کـوردی رۆژاڤـا وای بـۆ دەچـن، ئۆپەراسـیۆنی عەفریـن دیوێکـی دیکـەی پشـتلێکردنی ئەمریـکا و رووسـیا و رۆژئاواییەکانـە بەهـۆی گشتپرسـیی 25ی ئەیلوولـی 2017 کـە لـە باشـووری کوردسـتان بەڕێوەچـوو. ئەمـەش هێنـدەی دیکـە کـوردی بەرامبـەر ئـەم دوو وڵاتـە زلهێـزە بێهیـوا کـرد.

ئەمریـکا پێیوایـە هاوئاهەنگـی لەگـەڵ هەسـەدە و پەیـەدە ناچارییـە. ئـەو ئەمریکایـەی کـە پشـتیوانی لـە هەسـەدە دەکات، دەیـان سـاڵە پشـتیوانی لـە تورکیـا دەکات و بەهـۆی تورکیـاوە پەکەکـەی خسـتووەتە

نێــو لیســتی تیــرۆرەوە. ئەمریــکا جیــاوازی لەنێــوان پەکەکــە و هەســەدە دەکات. هەرچــی تورکیایــە دەڵێــت هەســەدە، پەیــەدە و یەپەگــە ســەرجەمیان باڵــی ســووریای پەکەکــەن. بەهــۆی بایەخــی جیۆســتراتیژی و جیۆپۆلیتیکــەوە، هەروەهــا لــە ســۆنگەی بەرژەوەندییــە تایبەتییەکانییــەوە، ئەمریــکا بەهیــچ شــێوەیەك دەســتبەرداری تورکیــای هاوپەیمانــی نابێــت. بــۆ هێشــتنەوەی عەبــادی لــە جڵــەوی دەســەڵات، ئەمریــکا رۆڵــی کوردســتانی بێبایــەخ کــرد و ناچالاکــی کــرد. هەمــان شــت بــۆ تورکیــاش دەکرێــت، رۆژێــك دەســتبەرداری هەســەدە دەبێــت لەبــەر خاتــری تورکیــا. پەیوەنــدی ئەمریــکا بــە هەســەدەوە لــە بەرەنگاربوونــەوەی داعشــدا ســنووردارە. واتــە شــەڕکردنی کــورد لــە بــەرەی ئەمریــکا دژ بــە داعــش واتــای ئــەوە ناگەیێنێــت لــە داهاتــووی ســووریادا پێگەیەکــی بەهێــز بــە کــورد بدرێــت و لــە کایــەی سیاســیدا رۆڵــی باڵایــان پێبــدات و ئەمریــکا بیانپارێزێــت.

هیــچ هۆکارێــك نییــە، پەیوەندیــی کــوردی ســووریا و ئەمریــکا درێژخایــەن بــکات. پەیوەندییەکانــی ئەمریــکا و هەســەدە تایبەتــە بــە بەرەنگاربوونــەوەی داعــش و لەنێوبردنــی لــە ناوچەکــەدا. جگــە لــەم تاکتیکــە، هیــچ پەیوەســتییەکی ئەمریــکا بــە کــورد و هەســەدەوە نییــە تاوەکــو گرێــدراوی دۆزەکەیــان ببێــت، یــان زێدەڕۆیــی بــکات لــە پارێــزگاری و پشــتیوانییان. پێویســتە ئەمریــکا راشــکاوانە جەخــت بکاتــەوە لــەوەی بەهیــچ شــێوەیەك سیاســەتێکی نییــە کــە خۆســەری بــە کــورد ببەخشــێت لــە باکــووری ســووریا. تورکیــا بــە پشــتیوانی زیاتــر لــە 20 هــەزار چەکــداری ســوپای ســووریای ئــازاد، هێرشــیکردە ســەر عەفریــن. پێشــتر ئــەم ســوپایە بــۆ شــەڕکردن دژی رژێمــی ئەســەد دامەزرابــوو، کەچــی بەشــداریکردنیان لــە ئۆپەراســیۆنی قەڵخانــی فــرات و ئۆپەراســیۆنی عەفریــن، ئامانجــی

سـەرەکی دامەزراندنـی ئـەم سـوپایەی بەلاڕێـدا بـرد. وەك چـۆن ئێـران، حیزبوڵـڵای لوبنانـی بەکاردەهێنێـت، تورکیـاش بەهەمـان شـێوە سـوپای سـووریای ئـازاد بەکاردەهێنێـت. ئامانجـی ئێسـتای سـوپای سـووریای ئـازاد دژایەتیکردنـی رۆژئاڤـا و لەنێوبردنـی کانتۆنـەکان و فیدراڵیـی باکـووری سووریا و بەشـداریکردنە لـەو ئۆپەراسـیۆنانەی سـوپای تورکیـا دەیانـکات. لـە ئۆپەراسـیۆنی عەفریـن، چەکدارانـی سـوپای سـووریای ئـازاد پێشـڕەوییان کـرد و سـەربازانی سـوپای تورکیـا وەك هێـزی پشـتیوانی بەدوایانـدا دەڕۆیشـتن. بەمـەش، دەردەکەوێـت سـوپای سـووریای ئـازاد بـۆ دژایەتیکردنـی کانتۆنـەکان و فیدراڵیـی باکـووری سـووریا ئامادەکراوە. سـوپای سـووریای ئازاد لـە چەنـد گرووپێکـی چەکـدار پێکهاتـووە. بـۆ ئـەوەی ئەمریـکا و ئیسرائیـل ئـەم گرووپانـە نەخەنـە ژێـر هەژموونـی خۆیانـەوە، تورکیـا سـەرجەمیانی لەژێـر چەتـری سـوپای سـووریای ئـازاد کۆکردووەتـەوە و خسـتوونیەتە ژێـر فەرمانـی فەرماندەیـی سـوپای تورکیـا.

ئێسـتا، سـوپای سـووریای ئـازاد بەتـەواوی لەژێـر فەرمانـی تورکیـادان. تورکیـا دەزانێـت، بـە کۆنترۆڵکردنـی عەفرینیـش ناتوانـێ کۆتایـی بـە یەپەگـە و هەسـەدە بێنێـت، بـەڵام بـە کۆنترۆڵکردنـی عەفریـن، ئامانجێکـی سـتراتیژیی گرنـگ دەسـتەبەر دەکات. هـەر کاتێکیـش بیـەوێ، سـوپای ئـازاد لـە دژی یەپەگـە و هەسـەدە لـە ناوچەکانـی دیکـەی باکـووری سـووریاش بەکاردەهێنێـت. ئـەم سـوپایە دەبێتـە کارتێکـی بەهێـز لـە دەسـتی ئەنقـەرە بـۆ دژایەتیکردنـی رژێمـی سـووریاش. تورکیـا، سـوپای سـووریای ئـازاد بـە "قـوای میللییـە" ناودەبـات. ئـەم دەسـتەواژەیە بـۆ سـوپاکەی کەمـال ئەتاتـورك بەکاردەهـات بـەر لـە دامەزراندنـی سـوپای تورکیـا کـە لـە شـەڕی رزگاریخوازیـی تورکیـا بەشـدارییان کردبـوو. ئەمـەش بـە واتـای ئـەوە دێـت

کـە ئـەم هێـزە بـە هەمیشـەیی لـەم ناوچانـە جێگیردەکرێـن و دەسـەڵاتی تەواویـان پێدەدرێـت.

رووسـیا، سـوپای ئـازاد و هەیئـەی تەحریـری شـام وەک گرووپـی تیرۆریسـتی دەناسـێت، بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەش لەبـەر بەرژەوەندییەکانـی لەگـەڵ تورکیـا، چاوپۆشـی لـە هێـرش و جموجۆڵـە سـەربازییەکانیان دەکات. رووسـیا مۆڵەتـی بـە تورکیـا دا، هێرشـبکاتە سـەر عەفریـن بـۆ ئـەوەی لـە رۆژئاڤـا قەیرانێکـی قـووڵ و شـەڕێکی ئاڵـۆز سـەرهەڵبدات. رووسـیا بەمشـێوەیە دەیـەوێ کـورد ناچـار بـکات لەگـەڵ سیاسـەتی مۆسـکۆ بگونجێـن و هـاوکات رێگـە خۆشـبکات بـۆ ئـەوەی هەژموونـی زیاتـری بەسـەر رژێمـی سـووریادا بمێنێتـەوە. رووسـیا دەزانێـت بـە قووڵکردنـەوەی شـەڕ و ئاڵۆزییـەکان و سـەرهەڵدانی قەیـران لـە رۆژئاڤـا، پەیوەندییەکانـی تورکیـا، ئەمریـکا و کـورد درزی تێدەکەوێـت. بـۆ ئـەوەی فەرمانڕەوایـی خـۆی لـە سـووریا فراوانـتر بـکات، پێویسـتی بەدۆخێکـی ئاڵـۆز لـەم ناوچەیـە هەیـە.

رووسـیا بـە رێگەدانـی بـە ئەنجامدانـی ئۆپەراسـیۆن بـۆ سـەر عەفریـن، دەیـەوێ رێگـری لـە کـورد بـکات بـۆ ئـەوەی بەشـداری لـە کۆنفرانسـی سـۆچی و سـینۆڤا نـەکات و نایـەوێ کـورد نوێنـەری لـەم کۆبوونەوانـەدا هەبێـت. ئەمریـکاش بەهەمـان شـێوە ناخـوازێ کـورد نوێنـەری لـەم دانوسـتانانەدا هەبێـت. ئـەم دوو وڵاتـە زلهێـزە نایانـەوێ کـورد لـە ڕێگـەی بەشـداریکردنیان لـە دانوسـتاندنە نێودەوڵەتییـەکان کێشـەکانیان چارەسـەرببێت. هـەردوو وڵات لـەم رووەوە هاوهەڵوێسـتن.

ئێـران تاکـە وڵاتـە دەتوانێـت لـە شـادەمارەکانی سـووریا و عێراقـدا بەویسـتی خـۆی هاوشـێوەی خوێـن بسـووڕێتەوە و هەژموونـی خۆی بەئاسـانی بسـەپێنێ. بـۆ ئێـران گرنگـە رژێمـی ئەسـەد بمێنێتـەوە. ئێـران پێیوایـە دەبـێ رێککەوتنێکـی

سیاسی لەنێوان رژێمی ئەسەد و کوردی رۆژئاڤا لەدژی زۆرینەی سوننە بکرێت. ئێران هێندەی هەولێر نیگەران نییە لەو دەسەڵاتەی پەیەدە لە رۆژاڤا پێکیهێناوە. ئێران و رژێمی ئەسەد، لەدژی هەژموونی سوننەگەریی تورکیا، دەیانەوێ کانتۆنەکانی کورد لەنێونەچن و بمێننەوە. ئێران نایەوێ لە سووریا رووبەڕووی هێزێکی هاوشێوەی تورکیا ببێتەوە، بۆیە لە ئاستی ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ سەر عەفرین بێدەنگیی نواند. وێڕای رەخنەگرتن و سەرکۆنەکردنی، بەڵام بەرەنگاریشی نەبووەوە و پشتیوانی لە هەسەدە نەکرد. ئێران هەوڵدەدات ململانێی تورکیا - رۆژئاڤا بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی کورد لە رژێمی ئەسەد نزیکبکاتەوە و لەدژی سوننەگەرێتیی تورکیا لە ناوچەکە بەکاریانبێنێت.

یەکێك لە ئاماژە سەرەتاییەکانی هەوڵی نزیککردنەوەی ئەسەد و پەیەدە، بانگهێشتی یەپەگە بوو بۆ سوپای رژێمی سووریا بۆ ئەوەی بچنە عەفرین بە پاساوی پاراستنی سەروەری و ئاسایشی سنوورەکانی وڵات.

یەکێك لە گرنگترین دەرەنجامەکانی ئۆپەراسیۆنی عەفرین، قوڵبوونەوەی زیاتری دووژمنایەتی نێوان تورکیا و سووریایە. لە ئەگەری قوڵبوونەوەی زیاتری قەیرانی تورکیا و سووریا و ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی سەربازیی نێوانیان، رووسیاش ئەستەمە بتوانێ دۆخەکە کۆنترۆڵ بکات. خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی ئیسرائیلی، ویستێکی دەسەڵاتی دیمەشق دەردەخات بۆ ئەوەی بەتەنیا رەفتار بکات بەبێ ئەوەی فەرمانی پێبکرێت. دەسەڵاتدارانی دیمەشق پێیانوایە، ئۆپەراسیۆنی عەفرین هەلێکی گرنگە بۆ ئەوەی ناوچەکانی رۆژئاڤا دووبارە بکەونەوە ژێر هەژموونی خۆی.

تورکیا بەهیچ شێوەیەك ناخوازێ رووبەڕووی زلهێزەکان ببێتەوە. باشترین

نموونـه، کاتێـك فڕۆکـه جەنگییەکـەی رووسـیای لـە سـنووری سـووریا خسـتەخوارەوە، پێـی باشـبوو خـۆی ببێتـە خـاوەن رۆڵـی بەهێـز لـە سـووریا و کارتـی بەکارهێنانـی هەبـێ، بۆیـە دەسـتی بـە دانوسـتاندن و ئاشـتبوونەوە لەگـەڵ مۆسـکۆ کـرد نـەوەك رووبەڕووبوونـەوەی. تورکیـا سیاسـەتی هاوسـەنگ بەڕێوەبردنـی پەیوەندییـەکان جێبەجێـدەکات لەگـەڵ رووسـیا، ئەمریـکا، چیـن و ئێـران. بـە خۆنزیککردنـەوەی لـە رووسـیا دەیـەوێ ئەمریـکا لـە خـۆی نزیکبکاتـەوە. تورکیـا دەزانـێ ئەمریـکا بەنیـازی ئەوەیـە ئێـران بەهیـچ شـێوەیەك رۆڵـی لـە سـووریا نەمێنێـت، لـەم سـۆنگەیەوە هەوڵـدەدات مەرجەکانـی خـۆی بەسـەر ئەمریـکادا بسـەپێنێ بـۆ ئـەوەی هـاوکاری بێـت لـە بەدیهێنانـی ئامانجەکـەی و لـەم نێوەندەشـدا دەیـەوێ لـە باکـووری سـووریا پشـکی خـۆی وەربگرێـت.

بەبۆچوونـی رووسـیا، وەك چـۆن ئۆپەراسـیۆنی عەفریـن دەبێتـە هـۆکاری دوورخسـتنەوەی تورکیـا لـە ئەمریـکا و کـورد، بەبۆچوونـی تورکیـاش ئـەم ئۆپەراسـیۆنە ئەمریـکا ملکەچـی سیاسـەتی تورکیـا دەکات لـە ناوچەکـەدا. وەك چـۆن ئێسـتا تورکیـا لـە رووسـیا نزیکـە، بـەڵام بەنزیکبوونـەوەی ئەمریـکا لـە تورکیـا لـە گۆڕەپانـی سـووریادا، رووسـیا لـە تورکیـا دووردەکەوێتـەوە. هـۆکاری مۆڵەتدانـی رووسـیا بـۆ هێرشـکردنە سـەر عەفریـن، ئەوەیـە کـە نێوانـی تورکیـا و ئەمریـکا گـرژی زیاتـری تێبکەوێـت و قەیرانەکانـی نێوانیـان فراوانـتر ببێـت. بـەڵام تورکیـا کارتـی رووسـیا لـەدژی ئەمریـکا و ناتـۆ، هەروەهـا کارتـی ئەمریـکاش لـە دژی رووسـیا و کارتـی سـوپای سـووریای ئـازاد لـەدژی رۆژئاڤـا بەکاردەهێنێـت.

لەوەتـەی قەیرانـی سـووریا هەیـە، رووسـیا هەمـوو هـەوڵ و توانـای سـەربازی و دیپلۆماسـیی خـۆی خسـتووەتەگەڕ بـۆ ئـەوەی رژێمـی

سووریا لەسەر پێ بهێنێتەوە، بەڵام لە ئاست ئۆپەراسیۆنی عەفرین هەم بێدەنگی نواند هەم ڕۆڵی نێوەندگیری گێڕا. رووسیا سزای کوردی ڕۆژئاڤای دا چونکە عەفرینیان رادەستی دیمەشق نەکرد و لەگەڵ ئەمریکییەکان هاوپەیمانی و دۆستایەتییان پێکهێنا. رووسیا گەمەیەکی فرەڕەهەند دەکات. گەمەیەکی سیاسی بۆ ئەوەی هەموولایەك دیلی دەستی خۆی بن و خۆیشی پابەند و پەیوەست بەهیچ هێز، لایەن و وڵاتێکەوە نەبێت.

مۆسکۆ، ئەنقەرە و دیمەشق بەهۆی ئەوەی ئەمریکا تاکە یاریکەری گۆڕەپانی سووریایە کە رۆڵی نێوەندگیری بۆ کورد دەگێڕێت، دڵگرانن. دەیانەوێ بەپێی ئەم پێشهاتە سیاسەتێکی گونجاو بگرنەبەر و لە یەکدی نزیك ببنەوە. لە قۆناخی داهاتوودا ڕەنگە دیمەشق و مۆسکۆ هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆ ئەوەی ڕێگری لە درێژەدان بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا بکەن و هەوڵبدەن پەیەدە بخەنە نێو بەرەی خۆیانەوە. بەمەش ئەمریکا دەستبەتاڵ دەمێنێتەوە لە گۆڕەپانی رۆژئاڤادا.

تورکیاش دەیەوێ ئەو ناوچانە بەرتەسکتر بکاتەوە کە پەیەدە دەسەڵاتی بەسەریاندا دەشکێت. هەرچی ئەمریکایە، وەك دینامیکێکی سەرەکی، دوای ئۆپەراسیۆنی عەفرین سیاسەتی نوێی خۆی دادەڕێژێتەوە و ئاراستەی دەکات بۆ مانەوە یان نەمانەوەی لە گۆڕەپانەکەدا. رووسیاش دوای ئەوەی سەرکەوتوو بوو لە بەهێزکردنەوەی سووریا و گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە سوپای رژێمی سووریا دەتوانێ دۆخەکە یەکلایی بکاتەوە، ئەوسا سەرکەوتنی بەرەکەی خۆی و کۆتایی قەیرانی ناوخۆی سووریا رادەگەیێنێت.

ئیسرائیـل، هێشـتا پێیوایـە قەیرانـی سـووریا کۆتایـی نەهاتـووە، چونکـە نەیتوانیـوە هەژموونـی ئێـران لـە ناوچەکـەدا بشـکێنێ. تورکیـاش پێیوایـە هێشـتا زۆر شـت مـاون لـە گۆڕەپانـی سـووریا بـە ئەنجامیـان بـدات، بۆیـە سـوپاکەی لـە ئامادەباشـیدایە بـۆ ئـەوەی تـەواوی سـنوورەکانی خـۆی تاوەکـو دەگاتـە عێـراق بپارێـزێ و درێـژە بـە ئۆپەراسـیۆنەکانی بـدات. قەیـران و شـەڕی سـووریا بووەتـە شـەڕی رۆژئاڤـا. هەمـوو یاریکـەرە سـەرەکییەکان دەزانـن ئەگـەر لـە شـەڕی رۆژئاڤـا سـەرکەوتوو نەبـن لـە شـەڕی سـووریا سـەرناکەون.

هێـزە نێودەوڵەتییـەکان بەپشـتیوانیی هێـزە هەرێمییـەکان و گرووپـە چەکـدارە نێوخۆییەکانـی سـووریا راسـتەوخۆ لـە شـەڕ و قەیرانـی سـووریادا بەشـدارن. خسـتنەخوارەوەی فڕۆکـەی ئیسرائیلـی لەلایـەن ئێرانـەوە، خسـتنە خـوارەوەی فڕۆکـەی بێفڕۆکەوانـی ئێرانـی و بۆردوومانکردنـی بنکـەی سـەربازیی رژێمـی سـووریا لەلایـەن ئیسرائیـل، بۆردوومانکردنـی بنکەکانـی رژێمـی سـووریا لەلایـەن ئەمریـکا بەهـۆی بۆردوومانکردنـی هێزەکانـی هەسـەدە و ئەنجامدانـی ئۆپەراسـیۆنی عەفریـن لەلایـەن تورکیـاوە و دەرکەوتنـی جەنـگ لەنێـوان هێزەکانـی سـووریا و هێزەکانـی هەسـەدە، ئاماژەیەکـی روون و ئاشـکرایە بـۆ ئـەوەی قەیـران و شـەڕی ناوخۆیـی سـووریا درێـژە دەکێشـێ، بـەڵام بەدیوێکـی دیکـەدا کـە ئەویـش دیـوی رۆژئاڤایـە.

هەڵەیـە بیـر لـەوە بکەیتـەوە ئەمریـکا و رووسـیا کێبڕکێـی یەکـدی دەکـەن بـۆ ئـەوەی پشـتیوانیی کـورد بەدەسـتبێنن. ئـەم دوو وڵاتـە زلهێـزە تاراددەیـەك پشـتیوانیی کـورد دەکـەن بـۆ ئـەوەی بەرژەوەندییەکانیـان بەدیبێنـن. کێبڕکێـی راسـتەقینە و سـەرەکی ئـەم دوو زلهێـزە، بـۆ ئەوەیـە

کامەیـان هەژموونـی خۆیـان بەسـەر دەریـای سـپیدا دەسـەپێنن. رۆژئاڤـا هیـچ هاوپەیـمان و دۆسـتێکی نییـە. بەڕاشـکاوی دەیڵێـم، زلهێـزەکان و هێـزە هەرێمییـەکان پاسـاو و بیانـوو دەدۆزنـەوە کـە چـۆن دژایەتیـی کـورد بکـەن. ئـەوان دەخـوازن لەڕێگـەی شـەڕ و کوشـتارەوە بـۆ چەندیـن سـاڵی داهاتـوو درێـژە بـە بەرژەوەندییەکانیـان بـدەن. داگیرکردنـی عەفریـن ئاماژەیەکـی راسـتەوخۆیە کـە لـە رۆژئاڤـا شـەڕ درێـژەی دەبـێ و ماوەیەکـی زۆرتـر دەخایێنێـت.

وەرگێڕانی: هێمن عەساف

داگیرکردنی عەفرین لە روانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە:

# تورکیا و پێشێلکردنی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی لە ئۆپەراسیۆنی عەفریندا

ئەردەشێر پەشەنگ *

## پێشەکی

رۆژی 20ی جانیـوەری 2018، سـوپای تورکیـا بـە پشـتیوانیی هەشـت گرووپـی میلیشـیایی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا، نـاسراو بـە (سـوپای ئـازادی سـووریا)، ئۆپەراسـیۆنێکی بەربـڵاوی ئاسـمانی و زەوینــی بــە مەبەســتی داگیرکردنــی شــاری عەفرینــی ســەر بــە پارێــزگای حەلەبــی ســووریا لەژێــر نــاوی ئۆپەراسـیۆنی (چڵـە زەیتـوون) دەسـتپێکرد. رۆژی 18ی مارسـی 2018 شــاری عەفریــن لەلایــەن ئــەم هێزانــەوە داگیرکــرا.

بەرپرسـانی تورکیـا بەمەبەسـتی شـەرعییەتدان بـە هێرشـەکەیان، هەنـدێ لـە بڕگـە و مادەکانـی یاسـای نێودەوڵەتـی و جاڕنامـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانیـان وەک پاسـاو هێناوەتـەوە. لەوانـە راگەیێنـدراوی سـوپای تورکیـا لـە رۆژی یەکەمـی ئۆپەراسـیۆنەکەدا کـە تێیـدا هاتـووە: "هێـزە چەکدارەکانمـان بـە مەبەسـتی دابینکـردن و پاراسـتنی ئاسایشـی سـنوورەکان و تەناهـی و سـەقامگیریی ناوچەکـە و هەروەهـا بـۆ رزگارکردنـی خەڵکـی دۆسـت و برامـان لـە سـتەم و باڵادەسـتیی تیرۆریسـتان، دژ بـە هەڵوێسـتەکانی پەکەکـە و کۆمـا جڤاکێـن کوردسـتان و یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل و داعـش لـە ناوچـەی عەفریـن لـە باکـووری رۆژئـاوای سـووریا، ئۆپەراسـیۆنی بەرەنگاربوونـەوەی لەژێـر نـاوی ئۆپەراسـیۆنی چڵـە زەیتـوون دەسـتپێکردووە. ئۆپەراسـیۆنی چڵـە زەیتـوون، بەپێـی دەسـتووری تورکیـا و یاسـا نێونەتەوەییـەکان، بڕیارنامەکانـی دژە تیـرۆری ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان وەک: بڕیارنامەکانـی 1624 (سـاڵی 2005)، 2170 (سـاڵی 2014) و 2178 (سـاڵی 2014) و مـاددەی 51ی راگەیێنـدراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان، بەپێـی مافـی بەرگریـی رەوا و پاراسـتنی یەکێتـی خاکـی سـووریا جێبەجێدەکرێـت".

ئـەم دەقـە دەیەوێـت وێـڕای تاوتوێکردنـی پەیوەندییەکانـی تورکیـا و سـووریا و سـتراتیژیی تورکیـا بەرامبـەر سـووریا، لـە ئاکامـدا وەڵامـی ئـەو پرسـیارە بداتـەوە کـە: ئایـا بەوشـێوازەی گـەورە بەرپرسـانی تورکیـا بەتایبـەت سـەرۆککۆماری ئـەو وڵاتـە رایگەیانـدووە، هێرشـی تورکیـا بـۆ سـەر عەفریـن لـە روانگـەی یاسـای نێودەوڵەتییـەوە رێگەپێـدراوە یـان دژی بنەمـا و بڕگەکانـی ئـەو یاسـایەیە؟

## شرۆڤەکردنی ڕووداوەکە

بـۆ وەڵامدانـەوەی گونجـاوی ئـەم پرسـیارە پێویسـتە پەیوەندییەکانـی تورکیـا لەگـەڵ سـووریا و کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتان و هەروەهـا ئامانجـە سیاسـی و سـتراتیژییەکانی ئـەو وڵاتـە لـە هێرشـی بـۆ سـەر باکـووری سـووریا و داگیرکردنـی عەفریـن و پاسـاوەکانی لـە ڕوانگـەی یاسـای نێودەوڵەتییـەوە لێکبدرێتـەوە و هەڵبسـەنگێندرێت.

### 1. پەیوەندییەکانی تورکیا و سووریا

دوای گەیشـتنی شـەپۆلەکانی "بەهـاری عەرەبـی" بـە سـووریا و سـەرهەڵدانی بارودۆخـی نائـارام لـەو وڵاتـەدا، دەوڵەتـی تورکیـا وەک وڵاتـی دراوسـێی باکـووری سـووریا، بەرامبـەر بـە بارودۆخـی ناسـەقامگیری ناوخۆیـی سـووریا لـە درێـژەی سـاڵەکانی قەیرانـی ناوخۆیـی ئـەو وڵاتـەدا چەندیـن سـتراتیژی جیـاوازی گرتووەتەبـەر:

#### 1-1. ستراتیژیی بێدەنگی و چاوەڕوانی

سـتراتیژیی بێدەنگـی و چاوەڕوانـی لـە هەشـت مانگـی سـەرەتای قەیرانـی ناوخـۆی سـووریادا لەلایـەن ئەنقـەرەوە پەیڕەوکـرا. بەرپرسـانی تورکیـا لـەم قۆناخـەدا بـەدوای هەڵسـەنگاندنی قووڵایـی و ئاسـتی هێـزی گـرووپ و لایەنـە ئۆپۆزیسـیۆنەکانی سـووریاوە بـوون.

#### 1-2. ستراتیژیی یاریکردنی کارا

دوای تێپەڕبوونـی هەشـت مانگـی سـەرەتا و پەرەسـەندنی قەیرانـی سـووریا و بەهێزتربوونـی لایـەن و هێـزە ئۆپۆزیسـیۆنەکانی سـووریا، دەوڵەتـی تورکیـا بەرامبـەر بارودۆخـی ناوخـۆی سـووریا سـتراتیژییەکی نوێـی گرتەبـەر. لـەم

قۆناخـەدا بەرپرسـانی ئەنقـەرە چاوەڕێیـان دەکـرد دوای ئـەوەی بڵێسـەکانی قەیـران و شـەڕی ناوخۆیـی شـاری دیمەشـقی گرتـەوە، بەشـار ئەسـەد سـەرۆککۆماری سـووریا، تووشـی چارەنووسـی حوسـنی موبـارەک و موعەممەر قەزافـی ببێـت. بەگوێـرەی ئـەم بەراوردکردنـە، بەشـێوەیەکی روون و ئاشـکرا هەنگاویـان نـا بـۆ گۆڕەپانـی قەیرانـی سـووریا و تورکیـا بـووە بنکەی سـەرەکی ئۆپۆزیسـیۆنی سـەربازی و سیاسـیی سـووریا.

**1-3. ستراتیژی راکێشانی هاوپەیمانێتی وڵاتانی رۆژئاوایی بۆ سووریا**

بـە پێچەوانـەی چاوەڕوانیـی بەرپرسـانی ئەمریـکا، دەوڵەتـی سـووریا بـە هەمـان ئاکامـی دەوڵەتـی لیبیـا و میـسر نەگەیشـت. هـۆکاری سـەرەکی ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ داکۆکـی و پشـتیوانییەکانی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران لـە دەوڵەتـی سـووریا وەک هاوپەیمانێکـی سـتراتیژیی خـۆی لـە ناوچەکـەدا. بەشـداریی هێزەکانـی حیزبوڵـڵای لوبنـان، پێکهێنانـی هێـزە میلیشـیاکانی "بەرگریـی نیشـتمانی" و پێدانـی جۆرێـک لـە ئازادیـی هەڵوێسـت بـە هێـزە کوردییـەکان لـە شـارەکانی باکـووری وڵات و هاوسـنوور لەگـەڵ تورکیـا، هەڵوێسـتی هاوشـێوەی تـاران و دیمەشـق بەرانبـەر بـە پشـتیوانیی ئەنقـەرە لـە ئۆپۆزیسـیۆنی حکومـةتي ئەسـەد، کۆمەڵـە هۆکارێـک بـوون بـۆ قووڵترکردنـەوەی قەیرانـی ناوخۆیـی سـووریا و سـەرنەکەوتنی خێـرای پلانـی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووری و داکۆکیکارەکانیـان بەتایبـەت تورکیـا.

لـەم کاتـەدا چەندیـن گرووپـی نوێـی وەک (داعـش) و (بـەرەی نـوسرە) لـە گۆڕەپانـی شـەڕ و نائارامیـی سـووریادا بـە خێراییەکـی چاوەڕواننەکـراو سـەریانهەڵدا و گەشـەیانکرد. ئـەم هێزانـە لـە خاکـی تورکیـا وەک رێـڕەوی گواسـتنەوەی ئەندامـان و لایەنگرانیـان هـەر لـە وڵاتانـی قەفقـازەوە تاوةکـو ئەوروپـا و ئەمریـکا و باکـووری ئەفریقیـا کەڵکیـان وەرگـرت، بـەم بۆنەیـەوە

چەندیـن گومـان و تاوانـی قـورس سـەبارەت بـە هـاوکاری و پشـتیوانیکردن لـەم گرووپانـە خرایـە سـەر ئەنقـەرە، یـان لانیکـەم رەخنـەی توونـدی بەهـۆی رووبەڕوونەبوونـەوەی ئـەم مەترسـییە لەلایـەن چەندیـن وڵات و کەسـایەتی وەک (جـۆ بایـدن) جێگـری سـەرۆککۆماری ئەمریـکا ئاراسـتە کـراوە.

بێهیوایـی تورکیـا لـە گۆڕانکاریـی خێـرا و سـەرکەوتوو لـە سـووریا و رووبەڕووبوونـەوەی لەگـەڵ لەمپەرێکـی بەهێـز بەنـاوی ئێـران، بـووە هۆکارێـک بۆئـەوەی تورکیـا هەوڵبـدات ئەمریـکا و وڵاتانـی ئەوروپـی بـۆ بەشـداریی راسـتەوخۆ لـە شـەڕی سـووریادا رازی بـکات، کـە ئـەم هەوڵـە بەهـۆی وەڵامـی نەرێنـی بـاراک ئۆبامـای سـەرۆککۆماری ئـەو سـەردەمەی ئەمریـکا سـەرکەوتوو نەبـووە.

**٤-١. ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی بەهێزبوونی کورد**

دوای بێهیوایـی تورکیـا لـە بەشـداریکردنی ئەمریـکا و ئەوروپـا لـە قەیرانـی سـووریا و هـاوکات بەرزبوونـەوەی ئاسـتی ناکۆکییەکانـی نێـوان تورکیـا و رووسـیا کـە هـۆکاری سـەرەکییەکەی خسـتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکـی رووسـیا بـوو لەلایـەن هێـزی ئاسـمانی تورکیـاوە، گۆڕانکارییەکـی بنەڕەتـی لـە سیاسـەتی دەرەوەی تورکیـا بەرانبـەر بـە سـووریا هاتەئـاراوە.

وا دەردەکەوێـت کـە لـەم کاتـەدا لانیکـەم بـۆ مەودایەکـی کـورت، ئامانجـی لەنێوبردنـی دەوڵەتـی بەشـار ئەسـەد لەلایـەن ئەنقـەرەوە وەلانـرا و هەمـوو ئاماژەکانـی خرایـە سـەر دۆزی کـورد لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بەتایبـەت لـە دوو وڵاتـی سـووریا و عێـراق. لـەم کاتـەدا (2016) تورکیـا سـەرەتا پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ رووسـیا، دوای 11 مانـگ ناکۆکـی، گەڕانـدەوە بـۆ ئاسـتێکی ئاسـایی و دواتریـش بـە زیادکردنـی ئێـران بـۆ بازنـەی پەیوەندییەکانیـان، بناخـەی زنجیرەیـەک هـاوکاری سـێلایەنەیان سـەبارەت بـە

قەیرانی سووریا دانا. پێدەچێت لەم قۆناخەدا ئامانجی سەرەکیی تورکیا ڕێگریکردن لە بەهێزبوونی کورد لە باکووری سووریا بووبێت. هاوکات تورکیا پەرچەکردارێکی زۆر روون و توونـدی بەرامبەر بە گشتپرسی لە هەرێمی کوردستان گرتەبەر.

## 2. ئامانجەکانی تورکیا لە هێرشکردنە سەر عەفرین

هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین چ ئامانجێکی سیاسی و ئەمنی لە پشتەوەیە؟ پێدەچێت دەوڵەتی تورکیا بە چەندین مەبەستی جیاواز هێرشی کردبێتە سەر عەفرین. لە روانگەی ستراتیژییەوە، دەوڵەتی تورکیا دەیەوێت لەم قۆناخەدا شکستە ستراتیژییەکانی رابردووی قەرەبوو بکاتەوە. وەک ئاماژەی بۆکرا، لە شەش ساڵی رابردوودا تورکیا لانیکەم چوار جار ناچاري گۆڕانی ستراتیژییەکانی بەرانبەر بە قەیرانی سووریا بووە، بەڵام سەبارەت بە هێرشی سەربازی بۆ خاکی سووریا، ئەم ئامانجانەی خوارەوە وەک هۆکاری سەرەکی دەبینرێن:

### 2-1. قەرەبووکردنەوەی لەدەستدانی ئیدلب

بەر لە هێرشی تورکیا، ناوچەی ئیدلب لەژێر دەستی ئۆپۆزیسیۆنی هاوپەیمانی تورکیادا بوو، کە دوای هێرشی سوپای سووریا هەندێک ناوچەی کەوتنەوە دەست دەوڵەتی ناوەندی و بەم بۆنەیەوە تورکیا دەیەوێت ناوچەیەکی دیکە بۆ جێگیرکردنی هێزە هاوپەیمانەکانی بدۆزێتەوە تاوەکو لە دانوستاندنەکانی داهاتووی سەبارەت بە چارەنووسی سووریا قورساییەکی زیاتری هەبێت.

### 2-2. پێشگیری لە بەهێزبوونی کورد

بەشێوەیەکی گشتی، ڕێگریکردن لە بەهێزبوونی کورد بەدرێژایی

مێـژووی تورکیـا یەکێکبـووە لـە ئامانجەکانـی ئـەو وڵاتـە و، ئـەم سیاسـەتە بەرامبـەر هەرێمـی کوردسـتانیش پەیڕەوکـراوە. تورکیـا، پارتـە کوردییەکانـی ڕۆژئـاوا (سـووریا) بەتایبـەت پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی – پەیـەدە وەک پارتێکـی سـەربە پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان - پەکەکـە ئەژمـار دەکات و لـەو بابەتـەدا نیگەرانـە کـە بەهێزبوونـی کـوردی ڕۆژئـاوا ببێتـە هۆکارێـک بـۆ بەهێزتربوونـی پەکەکـە و دروسـتبوونی پێگەیەکـی نەیـار لەسـەر سـنوورەکانی.

**2-3. نیشـتەجێکردنی ئاوارەکانی سووریا لە ناوچەکە**

یەکێکـی دیکـە لـە ئامانجـە گرنگەکانـی تورکیـا بـۆ هێرشـکردنە سـەر عەفریـن، دەگەڕێتـەوە بـۆ کێشـەی سـێ ملیـۆن ئـاوارەی سـووری نیشـتەجێی تورکیـا. سـەبارەت بـەم بابەتـە ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان، سـەرۆککۆماری تورکیـا، لـە گوتـاری تایبـەت بـە هێرشـی سـەربازیی تورکیا بـۆ سـەر عەفریـن ڕایگەیانـد: "بڕیـار نییـە ئێمـە سـێ ملیـۆن پەنابـەری سـووری بـۆ هەمیشـە لـە خاکـی تورکیـادا ڕابگریـن، ئەوانیـش دەیانەوێـت بـە زووتریـن کات بگەڕێنـەوە بـۆ زێـدی خۆیـان". گوتیشـی ئـەم پەنابەرانـە لـە ناوچەیەکـی نێـوان خاکـی سـووریا و تورکیـا کـە عەفرینیـش دەگرێتـەوە، نیشـتەجێ دەکات. ئـەم وتانـەی ئەردوغـان ئاماژەیەکـی ئاشـکران بـۆ هەوڵـدان لەپێنـاو گۆڕینـی بـاری دیمۆگرافـی لـە باکـووری سـووریا و ناوچـەی عەفریـن تاوەکـو شـێوازی ئـەم ناوچەیـە لـە جوگرافیایەکـی کوردییـەوە بگۆڕێـت بـۆ ناوچەیەکـی زۆرتـر عەرەبـی و بـەم ڕێـکارە لەمپەرێـک دروسـت بـکات بـۆ مەترسیی پەرەسـەندنی هێـز و کاریگەریـی کـورد لـە باشـووری سـنوورەکانی تورکیـادا.

## 3. پاساوە یاساییەکانی تورکیا

### 3-1. بڕیارنامەکانی دژە تیرۆری ئەنجوومەنی ئاسایش

وەک لـە پێشـەکی نووسراوەکـەدا ئامـاژەی بۆکـرا، تورکیـا بـۆ بـرەودان بـە ئۆپەراسـیۆنی چڵـە زەیتـوون دژی کـورد، هەنـدێ لـە بڕگـە و بەندەکانی یاسـای نێودەوڵەتـی و بڕیارنامەکانـی دژەتیـرۆری ئەنجوومەنـی ئاسـایش، کـە بریتیـن لە بڕیارنامەی 1624 (سـاڵی 2005)، 2170 (سـاڵی 2014) و 2178 (ساڵی 2014) وەک پاسـاو و بەڵگـەی شـەرعییەتدان بـە کـردەوە سـەربازییەکانی هێناوەتەوە. پاسـاوی تورکیـا بـۆ کەڵکوەرگرتـن لـەم بڕگـە یاسـاییانە بـۆ هەڵوێسـتی فەرمـی وەزارەتـــی دەرەوەی تورکیـــا بەرامبـــەر بـــە گرووپـــە کوردییەکانـــی ســـووریا، بەتاییـەت پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی دەگەڕێتـەوە؛ تورکیـا پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی و هێـزە هاوپەیمانەکانـی وەک لقـی سـووریای پەکەکـە پێناسـە دەکات. لـەم روانگەیـەوە بەپێـی بڕیارنامەکانـی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان مافـی دەسـتتێوەردان و بەرەنـگاری و هێرشـکردن بـۆ خـۆی بـەڕەوا دەزانێـت.

### 3-2. مافی بەرگریی رەوا

سـوپای تورکیـا و سـەرۆکایەتی کۆمـاری ئەو وڵاتـە رایانگەیاندووە، هێرشـیان بۆ سـەر عەفریـن لەسـەر بنەمـای یاسـای "بەرگریـی رەوا" یـە کـە لـە بڕگـەی 51ی راگەیێنـدراوی رێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا هاتـووە. هـەر لـەم بـوارەدا ئەردۆغـان لـە گوتارێکیـدا لـە شـاری ئیسـتەنبووڵ رایگەیانـد: "دەنگـی ئـەو کەسـانەی کـە دەڵێـن دەبێـت خێـرا لـە خاکـی سـووریا دەربچیـن، دەبیسـتین. بەپێـی رێسـا و لۆژیکـی ئـەم کەسـانە پەکەکـە، داعـش، ئەمریـکا، رووسـیا، ئێـران، فەرەنسـا، بەریتانیـا و وڵاتانـی دیکـە بەبیانـووی جۆراوجـۆر دەتوانـن

لـە سـووریا ڕۆڵیـان هەبێـت، ئیسرائیـل هـەرکات کـە ویسـتی دەتوانێـت لـە سـووریادا ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی ئەنجامبـدات، بـەڵام تورکیـا ناتوانـێ لـە سـووریا کـە 911 کیلومەتـر سـنووری هاوبەشـی هەیـە ئامـادە بێـت. شـتی وا دەبێـت؟ زیاتـر لـە 700 جـار هێرشـمان کراوەتەسـەر و نزیکـەی 100 کـەس لـە هاووڵاتیانمـان شـەهیدکراون. ئایـا دەبێـت هێشـتا هـەر چـاوەڕوان بیـن؟".

**3-3. ئیدیعای بوونی داعش لە عەفرین**

یەکێکـی دیکـە لـەو هۆکارانـەی کـە تورکیـا دەیکاتـە پاسـاو بـۆ هێرشـکردنە سـەر عەفریـن، ئیدیعـای هەبوونـی هێزەکانـی داعـش و پێویسـتیی بەرەنگاربوونەوەیانـە لـەو ناوچەیـەدا. سـەبارەت بـەم ئیدیعایـە بەکـر بـۆزداخ، جێگـری سـەرۆکوەزیران و گوتەبێـژی حکومەتـی تورکیـا ڕایگەیانـدووە کـە "ئۆپەراسـیۆنی چڵـە زەیتـوون لەسـەر بنەمـای ڕێزلێنـان و پاراسـتنی یەکێتـی خـاک و سـەروەریی نەتەوەیـی و هاوکاریـی سیاسـی سـووریا دەسـتیپێکردووە و ئـەم ئۆپەراسـیۆنە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی تیرۆریسـتەکانی داعـش، پەکەکـە، پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی و یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل داڕێـژراوە. بەپێـی داڕشـتەی ئـەم ئۆپەراسـیۆنە، ئامانـج تیرۆریسـتان و ڕێکخـراوە تیرۆریسـتیەکان و بنکـە و بـارەگا و جبەخانەکانیانـن کـە کراونەتـە ئامانـج و هیـچ ناوەندێکـی مەدەنـی هێرشـی نەکراوەتەسـەر و بـۆ پاراسـتنی خەڵکـی سـیڤیل هەمـوو ڕێکارێـک گیراوەتەبـەر".

**4-3. ئەنجامدانـی ئۆپەراسـیۆن بـە ئـاگاداری وڵاتانـی بەشـدار لـە شـەڕی سـووریادا**

بابەتیکـی یاسـایی دیکـە، بـۆ قسـەکانی مەولـوود چاوشـئۆغڵوو وەزیـری دەرەوەی تورکیـا دەگەڕێتـەوە کـە لـە یەکەمیـن ڕۆژەکانـی ئۆپەراسـیۆنەکەدا ڕایگەیانـد: تورکیـا بـەر لـە دەسـتپێکردنی هـەر کردەوەیەکـی سـەربازی،

زانیـاری ئۆپەراسـیۆنەکەی رادەسـتی وڵاتانـی سـووریا، ئێـران، رووسـیا، ئەمریکا و چەنـد وڵاتێکـی دیکـەی بەشـدار لـە شـەڕی سـووریادا کـردووە. هەروەهـا ئیدیعـای کـرد کـە ئۆپەراسـیۆنی چڵـە زەیتـوون لـە پشـتیوانی دیپلۆماتیـی نێونەتەوەیـی و ناوچەیـی دژەتیـرۆر بەهرەمەنـدە. هـەر لـەم بـوارەدا هەواڵنێـری ئاژانسـی ئانادۆڵـی تورکیـا لـە زمانـی مەولـوود چاوشـئوغڵوو وەزیـری دەرەوەی تورکیـاوە نووسـی: ئەنقـەرە زانیـاری نـووسراوی سـەبارەت بـە ئۆپەراسـیۆنی عەفریـن داوەتـە دیمەشـق.

## 4. تاوتوێکردنی پاساوە یاساییەکانی تورکیا لە روانگەی یاسای نێونەتەوەییەوە

لـە وەڵامـی چـوار پاسـاوی یاسـایی تورکیـا بـۆ هێرشـکردنە سـەر عەفریـن، ئـەم شرۆڤانـەی خـوارەوە ئاراسـتە دەکرێن:

### 4-1. بڕیارنامەکانی دژەتیرۆری نێودەوڵەتی، هێزە کوردییەکانی سووریا ناگرنەوە!

تورکیـا بـە گریمانـەی تیرۆریسـتبوونی هێـزە کوردییەکانـی سـووریا بەتایبـەت پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی، سـێ بڕیارنامـەی جیـاوازی کـردە پاسـاوی یاسـایی هێرشـەکەی بـۆ سـەر عەفریـن، لەکاتێکـدا بێجگـە لـە تورکیـا هیـچ وڵاتێکـی دیکـە و هەروەهـا ئەنجوومەنـی ئاسـایش و سـەرجەم ئەندامـە کاراکانـی، هێـز و گرووپـە کوردییەکانـی باکـووری سـووریایان وەک تیرۆریسـت نەناسـاندووە. بەپێچەوانـەوە ئـەم هێزانـە لە سـاڵانی رابردوودا لـە سـەرەکیترین هاوپەیمانانی ئەمریـکا و رووسـیا - ئەندامانـی کاریگـەری ئەنجوومەنـی ئاسـایش لـە شـەڕی دژ بـە داعـش لـە سـووریا - بـوون و پەیوەندییەکانیشـیان تاوەکـو ئێسـتا وەک خـۆی ماونەتـەوە.

بەرپرسـانی تورکیـا بـۆ پیشـاندانی پەیوەندیـی نێـوان پارتـی یەکێتـی دیموکراتی و پەکەکـە، بڵاوکـراوە و هەڵواسـینی وێنەکانـی عەبدوڵـڵا ئوجـەلان لـە شـارە کوردنشـینەکانی سـووریا وەک بەڵگـە دەهێننـەوە. هەنووکـە ئـەم پرسـیارە دێتەئـاراوە کـە ئایـا هەڵواسـین و بڵاوکردنـەوەی وێنـە و ئـاڵای سـەر بـە پـارت و سـەرکردەی سیاسـی لـە کۆبوونـەوە گشـتییەکانی خەڵکـی ڕۆژئـاوادا، دەتوانێـت لـە گۆشـەنیگای یاسـای نێودەوڵەتییـەوە بەڵگەیەکـی قـورس و حاشـاهەڵنەگری پەیوەنـدی ڕێکخـراوی نێـوان دوو حیـزب بێـت؟

لـە وەڵامـی ئـەم پرسـیارەدا دکتـور سـتار عەزیـزی لـە مامۆسـتایانی بەنێوبانگـی یاسـای نێودەوڵەتـی، لـە نووسـینێکدا لـە ماڵپـەڕی فراتـاب دەڵـێ: " وەڵامـی ئـەم پرسـیارە نەخێـرە. لەبەرئـەوەی بێجگـە لـە نـاو و نازنـاو، جیـاوازی لەنێـوان پێکهاتـەی سیاسـی و سـەرکردایەتی و شـوێنی چالاکیـی ئـەو دوو گرووپـەدا هەیـە و ڕێسـای دادوەریـی نێودەوڵەتـی بەڕوونـی ئـەم ڕاستییە دەردەخـات کە ناکـرێ گرووپـە چالاکەکانـی سـەر بـە دوو یەکـەی سیاسـی جیـاواز و هەڵگـری ناسـنامەی جیـاواز، وەک یەکەیەکـی بێجیـاوازی و هاوشـان تەماشـا بکرێـن. هـەر لەوبارەیـەوە دەتوانرێـت ئامـاژە بـە ڕێـڕەوی دادوەریـی دادگای سـزای نێودەوڵەتـی یوگۆسـلاڤیای پێشـوو و هەروەهـا دیوانـی نێودەوڵەتـی دادوەری لە بڕیارەکانـی سـەبارەت بەدواداچوونـی سـزاکانی یوگۆسـلاڤیای پێشـوو بکرێـت".

جێـی ئاماژەپێدانـە کـە "وێـڕای داکۆکیکردنـی لۆجیسـتیکی و تەنانـەت پێدانـی مووچـەی مانگانـەی سـەربازە سربیاییەکانـی کۆماری سربیسـکا لەلایـەن کۆماری یوگۆسـلاڤیای پێشـوو (کۆمـاری سربسـتان)، بـەڵام یەکـە میلیشـیاییەکانی کۆماری سربیـا وەک ڕێکخراوێکـی جیـاواز لـە دەوڵەتی سربسـتان پێناسـەکران و تەنیا لەو نموونانـەدا کـە دەسـەلمێندرا کردەوەیـەک بـە فەرمانـی ڕاسـتەوخۆی بەرپرسـانی سربسـتان جێبەجێکـراوە، کـردەوە سـەربازییەکانی کۆمـاری سربیسـکا دەخرایـە

سەر کۆماری سربستان". ئەمە لە حاڵێکدایە بەرپرسانی تورکیا تائێستا سەرکەوتوو نەبوون لە هێنانەوەی بەڵگەیەک کە بیسەلمێنێت هێرشێک لە سنوورەکانی سووریاوە و لەلایەن هیزەکانی یەپەگە دژی تورکیا ئەنجامدراوە. تەنیا پەیوەندی ئایدیۆلۆژی و هاوسۆزی هێزەکانی پەکەکە و یەپەگە ناتوانێ ببێتە بەڵگەی یەکبوون و یەکسانیی ئەو دوو هێزە.

**4-2. مافی بەرگریی رەوا تورکیا ناگرێتەوە!**

بەرپرسانی تورکیا بڕگەی 51ی وەرزی هەفتەمی راگەیێندراوی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، واتە مافی بەرگریی رەوا وەک پاساوێکی یاسایی دیکە بۆ هێرشکردنە سەر عەفرین دەهێننەوە و ئەردۆغان ئیدیعا دەکات کە زیاتر لە 700 هێرشی تیرۆریستی لەلایەن کوردەکانی سووریاوە کراوەتەسەر ناوچە سنوورییەکانی تورکیا و بووەتە هۆی کوژرانی زیاتر لە 100 کەسی سڤیل لە تورکیا.

هێنانەوەی ئەم هۆکارە لەکاتێکدایە کە دەوڵەتی تورکیا تاوەکو ئێستا هیچ بەڵگەیەکی جێی متمانەی لەسەر بەشداریی کوردی سووریا لە هێرشەکانی دژ بە خاکی تورکیا ئاراستەی هیچ دادگا و ناوەندێکی دادوەری و سزادانی نێودەوڵەتی یان رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان نەکردووە و هەروەها ئەم ئیدیعایە لەلایەن وڵاتانی دیکە، بەتایبەت ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چاودێرانی یاسای نێونەتەوەیی پشتڕاست نەکراوەتەوە.

بەرگریی رەوا بابەتێکی کاتییە کە لەنێوان دوو ئەکتەری سیاسیدا روودەدات و دەبێت دوای روودانی دیاردەیەکی وەها بەزووترین کات ئەنجوومەنی ئاسایش دابنیشێت و هەڵوێستی هەبێت. ئەگەر ئەنجوومەنی ئاسایش حوکمی رەوابوونی کردارێکی وەها نەدات، هیچ وڵاتێک ناتوانێ تەنیا بە

پاسـاوی مەترسـی، هێرشـی هەمەلایەنـەی ئاسـمانی و زەوینـی ئەنجامبـدات.

**4-3. نەسەلماندنی بوونی داعش لە عەفرین**

لـە دوای ئۆپەراسـیۆنی چڵـە زەیتوونـەوە، هیـچ بەڵگـە و راپۆرتێـک سـەبارەت بـە بوونـی هیزەکانـی داعـش لـە عەفریـن بڵاونەبووەتـەوە و ئـەم بابەتـە خـۆی بەڕوونـی هەڵوێسـت و ئیدیعاکانـی دەوڵەتـی تورکیـا ئاشـکرا دەکات.

**4-4. بێئاگایی و ناڕازیبوونی دەوڵەتی سووریا لە هێرشی تورکیا**

وێـڕای ئاماژەدانـی وەزیـری دەرەوەی تورکیـا بـە ئاگادارکردنەوەی هـەردوو وڵاتی سـووریا و ئێـران لـە هێرشـکردنە سـەر عەفریـن و بەدەسـتهێنانی پاڵپشـتیی نێونەتەوەیـی و ناوچەیـی، دەوڵەتـی سـووریا نـەک تەنیـا بەشـێوەیەکی فەرمـی ئـەم ئیدیعایـەی رەتکـردەوە، بەڵکـوو بـە نووسراوێـک ناڕەزایـی خۆی پێشکێشـی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی کـرد و تێیـدا بەفەرمـی تورکیـای بـە "دەسـتدرێژیکار" ناوبـرد و داوای  لـە ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی کـرد هەمـوو رێکارێـک بـۆ رێگرتـن لـە دەسـتدرێژییەکانی تورکیـا بگرێیەبـەر.

لەنێـو دەقـی داواکارییەکـەی دەوڵەتـی سـووریادا هاتـووە " کۆمـاری عەرەبـی سـووریا هێرشـی دڕندانـەی تورکیـا بـۆ سـەر عەفریـن کـە بەشـێکی دانەبـڕاوی خاکـی سـووریایە، بەتوونـدی مەحکـوم دەکات. سـووریا ئیدیعاکانـی تورکیـا سـەبارەت بـە ئاگادارکردنـەوەی لـە هێرشـی سـەر عەفریـن بەتـەواوی رەتدەکاتـەوە و داوا لـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دەکات ئـەم هێرشـە بەتـەواوی سـەرکۆنە بکـەن و هەمـوو رێکارێـک بـۆ راگرتنـی بگرنەبـەر".

**4-5. پێشێلکردنی یاسایەکی بنەڕەتی لەلایەن تورکیاوە**

واپێدەچێـت نـەک تەنیـا پاسـاوە یاسـاییەکانی تورکیـا بەتـەواوی رەتدەکرێنـەوە، بەڵکـو بەپێـی یەکێـک لە رێسـا سـەرەکی و بنەڕەتییەکانـی یاسـای نێونەتەوەیی، تورکیـا بەهـۆی هێرشـی رێگەپێنـەدراو بـۆ سـەر خاکـی وڵاتێکـی دراوسـێ،

تاوانــی "دەســتدرێژی" بخرێتــە ئەســتۆ. بەپێــی وەرزی هەفتەمــی ڕاگەیێنــدراوی ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتــووەکان، هەرجــۆرە دەســتبردنێک بــۆ هێــز بێجگــە لــە بەرگریــی ڕێگەپێــدراو یــان بــە مۆڵەتــی ئەنجوومەنــی ئاســایش، بەکردەوەیەکــی دەســتدرێژیکارانە ئەژمــار دەکرێــت. هەروەها لــە پەیڕەوی دیوانــی نێونەتەوەیی سـزادان دا هــەر دەوڵەتێــک دەســتدرێژی بــکات، دەبێــت بخرێتــە ژێــر چاودێــری و لێپێچینــەوە.

بانگهێشــتنەکردنی تورکیــا لەلایــەن دەوڵەتــی ســووریا و هیــچ یــەک لــە لایەنــە ســەرەکییەکانی ناوخــۆی ســووریا کــە جێــی متمانــەی ناوچەیــی و نێونەتەوەییــن، هۆکارێکــی ڕوون و بەهێــزی دیکەیە لەســەر ســەلماندنی تاوانی دەســتدرێژیکردن و پێشــێلکردنی ڕێســای بنەڕەتــی یاســای نێونەتەوەیــی لەلایــەن ئەنقــەرەوە.

هــەر لــەم بــوارەدا مادەکانــی 41 و 48ی ڕاگەیێنــدراوی نەتــەوە یەکگرتــووەکان دووپاتــی دەکاتــەوە کــە کاتێــک یەکێــک لــە ئەندامــان تووشــی دەســتدرێژی دەبێــت، ئەنجوومەنــی ئاســایش و ئەندامانــی دیکــەی نەتــەوە یەکگرتــووەکان دەبێــت ڕووبــەڕووی لایەنــی تاوانبــار ببنــەوە، ڕێکارێــک کــە ســاڵی 1991 دژی عێــراق بەهــۆی هێرشــکردنە ســەر کوێــت گیرایەبــەر.

## ئاکام و ئاسۆی بابەت

لــە کۆتاییــدا بەپێــی هەڵســەنگاندن و تاوتوێکردنــی بابەتەکــە بــۆ وەڵامــی ئــەو پرســیارەی کــە وەک کرۆکــی وتارەکــە ئاراســتەکراوە، دەبێــت پێداگربیــن لــەوەی کــە نــەک تەنیــا پاســاوە یاســاییەکانی تورکیــا بــۆ داگیرکردنــی عەفریــن بەتــەواوی ڕەتکــراوەن، بەڵکــو تورکیــا بەشــێوەیەکی بەرچــاو یەکێــک لــە بنەمــا ســەرەکییەکانی یاســای نێودەوڵەتــی پێشــێلکردووە و وەک داگیرکردنــی

خاکـی وڵاتـی قوبرسـی باکـوور، لـە هێرشـی بـۆ سـەر عەفریـن تووشـی تاوانـی "دەسـتدرێژی" بـووە کـە لـەڕووی مافناسـییەوە دەبێـت بەپێـی بەنـد و بڕگەکانـی راگەیێنـدراوی رێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان رووبـەڕووی سـزای یاسـایی ببێتـەوە. بابەتێـک کـە تاوەکـو ئێسـتا تەنیـا بـە دەربڕینـی نیگەرانیـی چەنـد وڵاتێکـی وەک فەرەنسـا، ئەمریـکا و ئێـران کۆتایـی هاتـووە.

پڕۆفیسـور دەیڤیـد رۆڵـف گریـبر، مامۆسـتای ئەنترۆپۆلۆژیـای سـکووڵی ئابووریـی لەنـدەن وێـڕای دەربڕینی سەرسـوڕمانی لە نەگرتنەبەری هەڵوێسـتی گونجـاو بەرانبـەر تورکیـا دەڵێـت: " ئەمـە خاڵێکـی سەرسـوڕهێنەرە. مەگـەر ئەمـە نموونەیەکـی ئاشـکرا لـە دەسـتدرێژییەکی بێمانـا نییـە - دەوڵەتـی تورکیـا تەنانـەت زۆر کـەم هەوڵـدەدات نیشـانیبدات کـە عەفریـن هیـچ جـۆرە هێـرش یـان مەترسـییەکی دژی ئـەوان هەبووبێـت. ئەردۆغـان بەڕوونـی گوتوویەتـی کـە مەبەسـتی ئـەو گۆڕینـی پێکهاتـەی دیمۆگرافـی و نەتەوەیـی عەفرینـە- ئەمـەش دەسـتدرێژییەکی زێدەڕۆییانـە و بێمانایـە".

ئـەم کۆمەڵـە بەڵگـە یاسـاییە روون و ئاشـکرایە، بوونەتـە هۆکارێـک بـۆ ئەوەی هەندێـک لـە رێکخـراوە یاسـایی و مافپـەروەرە سـەربەخۆ و نادەوڵەتییەکانـی وەک (ئەنجوومەنـی نێونەتەوەیـی مافناسـانی دیموکـرات) کـە پێگـەی راوێـژکاری لـە نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا هەیـە، لـە دووتوێـی راگەیێندراوێکـدا بڵێـت هێرشـی تورکیـا بـۆ سـەر عەفریـن بـە دەسـتدرێژی ئەژمـار دەکرێـت و پێشـێلکردنی رێسـا بنەڕەتییەکانـی یاسـای نێودەوڵەتییـە.

بـەڵام ئاشـکرایە کـە پێگـەی تورکیـا لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، ئەندامێتـی لـە ناتـۆدا، پێگـەی لاوازی دەوڵەتـی سـووریا لـە پاراسـتنی دانیشـتووانی خاکەکەی، لاوازی و کەمهێزیـی دیپلۆماسـی کـوردی و نەبوونـی هاوپەیمانێکـی سـتراتیژی، بوونەتـە کۆمەڵـە هۆکارێـک بـۆ ئـەوەی بـە جـۆرە روانینێکـی سیاسـی تێکـەڵ

بــە چاوپۆشــیکردن و بەرژەوەندخوازییــەوە لەگــەڵ دەســتدرێژیی تورکیــا بــۆ ســەر عەفریــن مامەڵــە بکــەن و لــە گۆڕەپانــی کەتواری سیاســی و سەربازیشــدا گرنگتریــن هــۆکاری راگرتنــی ئــەم دەســتدرێژییە نــە رێســاکانی یاســای نێودەوڵەتــی و کــردەوەی دیپلۆماتــی وڵاتانــی دەرەوە، بەڵکــو خۆڕاگریــی کــوردە بەرامبــەر هەڕەشــەکانی تورکیــا. دوای داگیرکردنــی عەفریــن ئەمــەش بــەرەو لاوازی چــوو.

* لێکۆڵینڤانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە تاران

# گۆڕینی دیمۆگرافی لە ناوچەی عەفرین لە تەعریبەوە تاوەکو تەتریک

شوکری دەدۆ

### سەرەتا

ئـەم نووسـینە بەڵگەنامەییـە، تەعریـب و تەتریـک لـە ناوچـەی عەفرینـی کـوردی و هەرچـی ئـەوەی لـەو چوارچێوەیـەدا روویـداوە، بەسـەردەکاتەوە. هەروەهـا ئـەو شـێواز و ئامرازانـەی کـە وایانکـرد لـە مـاوەی دوو سـاڵ و نیـوی داگیرکاریـی تورکیـادا، گۆڕینێکـی نیمچـە سـەرتاپایی دیمۆگرافـی لـەو ناوچەیـە رووبـدات و رێـژەی دانیشـتووانی رەسـەنی کـورد لـە 95%ـەوە پێش داگیـرکاری، بـۆ نزیکـەی 25% لەکاتـی ئێسـتادا دابەزێـت.

ئـەم نووسـینە بەڵگەییـە ئـەوە روونـدەکاتـەوە کـە ئـەم گۆڕینـە دیمۆگرافییـە بەرفراوانـە تەنیـا ئەنجامێکـی لابـەلای داگیرکردنـی عەفریـن نەبـووە، بەڵکـو

لـە خۆیـدا ئامانجێکـی سـەرەکی دەوڵەتـی تورکیـا بـووە و داگیرکارییەکـە هـەر بـۆ ئـەوە بـووە.

لەبـەر گرنگیـی ئـەم لایەنـە مەترسـیدارە و لێکەوتەکانـی لەسـەر خەڵکـی عەفریـن لـە ئاینـدەدا، شـوێنپێی کۆمەڵێـك ئامـراز و ڕێکارمـان هەڵگـرت کـە سـوپای تورکیـا و ئـەو میلیشـیا سـوورییانەی لەژێـر فەرمانـی ئەوانـدان، بـۆ بەدیهێنانـی ئامانـج و مەرامەکانـی ئـەم داگیرکارییـە گرتوویانەتەبـەر. ئـەم ڕێکارانـە هـەر لـە پێشـێلکاریی ڕۆژانـەوە تاوەکو تاوانـی جەنـگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتـی کـە دەگاتـە ئاسـتی پاکتـاوی نـەژادی، تاوەکـو ڕەفتـار و مامەڵـەی ئەنقەسـت کـە ئامانجەکـەی گۆڕینـی بنیـادی کۆمەڵایەتیـی ناوچەکەیـە، تاوەکـو سـەپاندنی عـادەت و نەریتـی نامـۆ کـە تایبەتمەندییـە کوردییەکـەی دەخاتـە ژێرپـێ، دەگرێتـەوە. هەمـوو ئەمانـەش لەڕێـی کۆمەڵێـك ئامـراز و دەزگا و دامـەزراوە جێبەجێدەکرێـن کـە هەندێکیـان نـاوی ئایینـی و کولتووری و هاوکاریـی مرۆییـان هەڵگرتـووە. چوارچێـوەی لێکۆڵینەوەکـەش وادەخـوازێ کـە ناوچەکـە لـەڕووی مێـژوو، جوگرافیـا و پێکهاتـەی دانیشـتووانی بەسـەربکەینەوە، سـەرباری نیشـاندانی ڕووەکانـی ئـەو تەعریبـەی کـە حکومەتەکانـی سـووریا کاریـان لەسـەر کـردووە.

دەسـەڵاتدارانی تـورک و میلیشـیا پاشـکۆکانیان ناوچـەی عەفرینیـان گەمـارۆداوە و بـەڕووی میدیـادا تاریکاندوویانـە. جووڵـەی دانیشـتووانی ڕەسـەن قەیدوبەنـدی لەسـەرە و هاتووچۆیـان بـۆ ناوچەکانـی دیکـەی سـووریا تاوەکـو ئاسـتێکی بـەرز بـڕاوە. ناوچەکـە بـەڕووی میدیـا و سـەردانی شـاندی ڕێکخـراوە مافپارێـز و مەدەنییـەکان و شـاندی پەرلەمانیـدا داخـراوە، ئەمـە تەنانـەت بـۆ لیژنـەی نێودەوڵەتیـی سـەربەخۆی لێکۆڵینـەوەی تایبـەت بـە سـووریا و ڕێکخـراوی خاچـی سـوور و ڕێکخـراوی ئەمنسـتی ئینتەرناشـناڵ و

ڕێکخــراوی مافــی مرۆڤــی ســەر بــە نەتەوەیەکگرتووەکانیــش هەروایــە. لەبەرئـەوەش بەدەسـتهێنانی زانیاریـی ورد و بەڵگەدار کارێکـی زەحمەتە، بەڵام بـە حوکمـی ئـەوەی کـە لەکاتـی هێرشـەکەدا لـەوێ بوویـن و ڕووداوەکانمـان لـە نزیکـەوە بینیـون و لـە پەیوەندیـی بەردەوامـدا بوویـن لەگـەڵ سـەرچاوەی باوەڕپێکـراو لەنێـو عەفریـن و ئـەو ناوچانـەش کـە ڕاگوازراوەکانـی لەپـاش داگیــرکاری تێــدا نیشــتەجێکران و هەروەهــا بــە پشتبەســتن بــە چاڤکانیــی گرنــگ کــە لەوبــارەوە نــووسراون، توانیــمان وێنەیەکــی زەلاڵ دەســتبخەین لەبـارەی ڕووداوەکان و ئـەو ئەنجامگیرییـەی کـە پێیگەیشـتووین.

## نیگایەکی مێژوویی

شـوێنەوارە مێژوویيـەکان و ئـەو لێکۆڵینەوانـەی لەوبـارەوە کـراون، جەخـت لـەوە دەکەنـەوە کـە مـرۆڤ لـە سـەرەتای سـەرەتاکانەوە لـەم ناوچەیـە ژیـاون و بـە سـەردەمی مێژوویـی دوورودرێـژدا تێپەڕیـون و حوکمـی مەملەکـەت، میرنشـین و دەوڵەتـی زۆریـان ئەزمـوون کـردووە هـەر لـە هـووری، میتانـی، میـدی، ڕۆم و ئیسـلامەوە تاوەکـو خاچپەرسـتی، سـەلجوقی، ئەیوبی، عوسـمانی و دواجاریـش فەرەنسـییەکان و ئینجـا بوونیـان بـە بەشـێک لـە دەوڵەتـی ئێسـتای سـووریا.

عەفریـن بەشـێکە لـە خاکـی مێژوویـی کوردسـتان. لـە سـەردەمی عوسـمانیدا نـاوی (کـورداخ) واتـە چیـای کـوردان بـووە. پـاش ڕێککەوتننامـەی سـایکس پیکـۆ و ڕێککەوتننامەکانـی دواتـری نێـوان ئەنقـەرە و ئەوروپییـەکان لەبـارەی دیاریکردنـی سـنوور، بـە سـووریاوە لـکا.

بەشـێکی ناوچـەی کـورداخ کەوتـە نێـو سـنووری کۆمـاری تورکیـاوە. ئـەم

بەشە لەماوەی 100 ساڵی رابردوودا بەرەوڕووی پرۆسەیەکی بەرفراوانی تەتریک بووەتەوە، بەوجۆرەش رێژەی کورد تێیدا زۆر دابەزیوە، بەڵام عەفرین لەمدیوی سنوورەوە رەنگە کوردییەکەی خۆی پاراست و هەمیشە وەک کانگایەکی کەلەپووری و فۆلکلۆریی دەوڵەمەند بووە بە زمان و کولتووری کوردی.

## عەفرین لەڕووی دانیشتووانەوە

ناوچەی عەفرین لە سەنتەری شارەکە و شەش ناحیە پێکدێ: (جندرێس، شیێ/ شێخ حەدید، مابەتا/ مەعبەتلی، راجۆ، بولبول، شەڕا/ شەڕان) و زیاتر لە 360 گوند. بەگوێرەی سەرژمێریی ساڵی 2004ی نووسینگەی ئاماری ناوەندیی سووریا، ژمارەی دانیشتووانی ناوچەی عەفرین 400 و 46 هەزار و 293 کەس بووە ( 446293)، نیوە زیاتری ئەم ژمارەیە دانیشتووی دەرەوەی ناوچەکە بوون، بۆیە وا مەزەندە دەکرێ کە ژمارەی دانیشتووانی 700 هەزار کەس بن، ئەوە سەرباری 300 هەزار ئاوارە کە لە نێوان ساڵانی -2012 2017 لە ناوچەکانی دیکەی سووریاوە هاتوون و لەوێ نیشتەجێبوون. وەهاش مەزەندە دەکرێ کە لەنێوان ساڵانی -2011 2017 دا نزیکەی 50%ی دانیشتووانی عەفرین بەرەو دەرەوەی وڵات کۆچیان کردبێت. بەمجۆرە ئەوانەی لە ناوچەکە ماونەتەوە، لە سەرەتای ساڵی 2018دا نزیکەی 325 هەزار کەس بووە. لە نێوەڕاستی مانگی ئاداری 2018 ەوە و لە ئەنجامی داگیرکاری، نزیکەی 250 هەزاریان ئاوارەی گوندەواری باکووری حەلەب بوون کە لەژێر کۆنترۆڵی سوپای سووریادایە. دواتر نزیکەی 100 هەزار کەسیان گەڕانەوە، بەڵام ئەوانیدیکە هێشتا لە چەند

ناوچەیـەک پەرتـەوازەن. ئـەم کۆچـە بەهـۆی خراپیـی بـارودۆخ تائێسـتاش بەردەوامـە، هەرچەنـدە بـە ژمـارەی کەمتریـش بێـت، بەمجـۆرە ئـەو خەڵکـەی عەفریـن کـە تائێسـتا لـە ناوچەکـە مـاون، لەنێـوان -150 175 هـەزار کـەس مەزەنـدە دەکـرێ.

دەبـێ ئامـاژە بـۆ ئـەوەش بکەیـن کـە کۆمەڵگـەی عەفریـن پەیوەندییـە عەشـیرەتیەکانی بـەرەو ژیانـی مەدەنـی و ئازادبـوون لـە نەریتـی کـۆن و بەسـەرچوو تێپەڕانـدووە. زۆرتـر گرنگـی بـە زانسـت و فێرکردنـی منداڵەکانیـان دەدەن. ئافـرەت لـەو کۆمەڵگەیـەدا پێگەیەکـی تایبەتـی هەیـە. خەڵکـی عەفریـن پەیوەندییەکـی گەرمیـان لەگـەڵ حەلـەب و شـارە گەورەکانـی دیکەی سـووریا هەیـە لـە هەمـوو بوارێکـدا و گرنگییەکـی زۆریـش بـە چالاکیـی سیاسـی دەدەن. بـەڵام جەنـگ و داگیـرکاری زیانـی گەورەیـان بـە ژێرخانـی کۆمەڵگەکـەی گەیانـد و لەبەریەکـی هەڵوەشـاند.

هەرچەنـدە زۆرینـەی دانیشـتووانی عەفرین موسـڵمانی سـوننەن و ناوچەکەش مۆرکێکـی گوندییانـەی هەیـە، بـەڵام رادیکاڵیـزم و توندئاژۆیـی ئایینـی و فیکـری و نەتەوەیـی لەنێـو خەڵکەکەیـدا هیـچ جێگەیەکـی نییـە. کۆمەڵگەکـە لـەڕووی ئاییـن، ئایینـزا و سیاسـییەوە هەمەڕەنگـە، بـەڵام تاوەکـو ئاسـتێکی بـەرز تەبـا و کۆکـن لەگـەڵ یەکـدی.

## تەعریب لەسایەی دەوڵەتی سووریا دا

لـە دیـدی شـۆفێنی و کینەلەدڵانـەوە کوردبـوون نیشـانەی "فیتنـە و جیاخوازی"یـە. ناوچـە کوردییـەکان کـە خـودان مۆرکێکـی گوندەواریـن و بـە سـنووری سـایکس- پیکـۆ لـە قووڵاییـە کوردسـتانییەکە دابـڕاون و

لەنێـو جوگرافیـای سـووریادا لێکـترازاون، بووەتـە هـۆکاری لاوازبوونیـان. لەسـایەی سـەپاندنی بـاری نائاسـایی لەسـاڵی 1963 بـەدواوە و یاسـا و رێسـا و رێـکارە سیاسـی و ئەمنییەکانـی دیکـە کـە گوشـارێکی زۆری خسـتە سـەریان، هەروەهـا دانپێدانەنانـی رەوتـە ناسیۆنالیسـتی و چـەپ و دینییـە عەرەبییـەکان و دەسـتووری سـووریاش بـە بوونـی کـورد لەسـەر خاکـی خۆیـان و وەک پێکهاتەیەکـی نەتەوەیـی لەنێـو سـووریا کـە خـاوەن تایبەتمەندیـی خۆیەتـی و خـودان مافـە، هەنـدێ کـەس جاروبـار داوایانکـردووە کـە کێشـەی مەکتوومـەکان (ئەوانـەی وڵاتینامـەی سـوورییایان لێوەرگیراوەتـەوە) لـە ناوچـەی جەزیـرە چارەسـەر بکرێـت. بـە لەبەرچاوگرتنـی گۆڕانکارییـە ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکانی سـووریاش بەگشـتی هـەر لـە شەسـتەکانی سـەدەی رابـردووەوە تاوەکـو کۆتایـی دەیـەی یەکەمـی ئـەم سـەدەیە، کۆچێکـی بەرفـراوان لـە گونـدەواری کوردییـەوە بـەرەو سـەنتەری شـارە گـەورەکان (دیمەشـق، حەلـەب، رەققـە و لازقیـە) روویـداوە. دۆزی کورد لـە سـووریا کـە هیچـکات وەکـو چەمـک و وەکـو دۆز لـەڕووی سیاسـییەوە جێـی بـاس نەبـووە، لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی سـووریاوە هەمیشـە لـە روانگەیەکـی سیاسـی، ئەمنیـی شـۆڤێنییەوە سـەیرکراوە. بەرئەنجامـی ئەمـەش چەوسـاندنەوەی نەتەوەیـی و جێبەجێکردنـی پرۆژەگەلێکـی رەگەزپەرسـتانە بـووە لـە دژی کـورد کـە هەرەدیارتریـن شـێوەی ئـەم رێـکارە تەعریبـی ناوچەکانیـان بـووە.

نووسـەر هەمبەرڤـان کوسـا دەڵێـت: "سەروسـیمای ئـارەزووی حکومەتـی سـووریا بـۆ تەعریبـی نـاوە کوردییـەکان و تۆمارکردنـی نـاوی تازەلەدایکبـووان بـە نـاو و نازنـاوی عەرەبـی لـە کۆتایـی سـاڵی 1939 دا دەرکـەوت، ئەوکاتـەی بەڕێوەبەرایەتـی گشـتیی ناسـنامە لـە دیمەشـق هەنـدێ بڕیـار و رێـکاری

یاسایی توونـدی دەرکـرد سـەبارەت بـەو سـوورییانەی هیـچ بەڵگەنامەیەکیـان نەبـوو لـە فەرمانگەکانـی نفووس دا ناسـنامەیان بسـەلمێنێ، زۆرینـەی ئەوانەش کـورد بـوون. حکومەتـی ئەوکاتـی سـووریا بڕیاریـدا سـەرپێچیکاران لـەم بڕیارە بداتـە دادگای تایبـەت[1]. پـاش سـەربەخۆییش لـە سـاڵی 1946، دەسـتەبژێری دەسـەڵاتداری عـەرەب دەسـتیان بـە دوورخسـتنەوەی کەسـایەتییەکانی کـورد کـرد لـە جومگەکانـی حوکمڕانـی و پێگـە هەسـتیارەکانی دەوڵـەت. دوای ئـەوەش کـە حیزبـی بەعـس لـە 1963دا دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت، سیاسـەتی دوورخسـتنەوەی کـوردی لـە بـواری دیپلۆماسـی و پێگـە هەسـتیارەکانی دەوڵـەت و سـوپا گرتەبـەر".

دەتوانیـن بڵێیـن جێبەجێکردنـی تەعریـب لـە سـووریا و بەشـێوەی بەرفـراوان لـە نێوەڕاسـتی پەنجاکانـی سـەدەی رابـردوودا دەسـتیپێکرد، بـۆ ئەمەش پشـت بـە فکـری ناسیۆنالیسـتیی عروبـی بەسـترا کـە لەگـەڵ گەیشـتنە دەسـەڵاتی ئەو حیزبانـەی نوێنەرایەتییـان دەکـرد، پێینایـە قۆناخـی دەمارگیـری و شـۆڤێنییەوە. بەوجـۆرە کەوتنـە گۆڕینـی نـاوە مێژووییـە کـوردی و سریانـی ئارامییـەکان، بـەڵام ئـەم تەعریبـە بەشـێوەیەکی بەرفراوانـتر و میتۆدیانەتـر کـوردی گرتـەوە. سـەرەتا دەسـتیاندایە سـەرکوتی کولتـوور و زمانـی کـوردی تاوەکـو گەیشـتە نیشـتەجێکردنی عـەرەب لـە ناوچەکانیـان لەڕێـی پڕۆژەکانـی چاکسـازیی کشـتوکاڵ و بەخشـینەوەی ئیمتیازگەلـی زۆر بەسـەر هاوردەکانـدا، ئەمـەش بەتایبەتـی پـاش گەیشـتنە دەسـەڵاتی بەعسـییەکان لـە ئـاداری 1963 و بـە پشتبەسـتن بـە پێشـنیازەکانی محەممـەد تەڵـەب هیـلال، سـەرۆکی هۆبـەی سیاسـی لـە حەسـەکە کـە تایبـەت بـوو بـە "کێشـەی کـورد" بەپێـی وەسـفی خـۆی و لـە لێکۆڵینەوەیەکـدا کـە لـە 1963/11/12 بڵاوکرایـەوە.

سیاسـەتڤانی کۆچکـردووی کـورد نورەدیـن زازا، لـەو یاداشـتەدا کـە دابوویـە

دادگای باڵای ئاسایشی سەربازی لە دیمەشق، پێداگیری دەکات لە هەبوونی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی لە دژی کورد و لەڕێی تەعریبی ناوە کوردییەکانەوە. لەوێدا دەڵێت: "لەسەر داوای خۆتان کە لە دانیشتنی پێشووی دادگایی ئێمە لە دادگا بەڕێزەکەتان لە 1960/12/31 داواتانکردبوو ئەم یاداشتەتان بە بەڵگەوە پێشکەش دەکەم کە جێبەجێکردنی سیاسەتی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی بەرامبەر گەلی کورد لە هەرێمی باکووری کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو دەسەلمێنێ..."

هەروەها دەڵێت: "

- لە ناوچەکانی کورد، ناوی کوردی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ ناوی عەرەبی دەگۆڕدرێن، لەکاتێکدا لێرە، لە هەرێمی باکوور، شار و گوند هەن کە ناوەکانیان عەرەبی نین، لەوانە: دوما، زەبەدانی، بلودان و حەرستا.
- لە فەرمانگەی ناسنامە و مەخفەرەکانی پۆلیس، هەرکەسێك مامەڵە پێشکەش بکات و بیەوێ ناوی کوردی لە منداڵەکەی بنێ، ڕێی پێنادرێ و سووکایەتی پێدەکرێ".

ساڵی 1958 و بەناوی سۆشیالیزمەوە یاسای چاکسازیی کشتوکاڵ ژمارە 161 جێبەجێکرا. لە ناوچەی عەفرین لە نێوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە دەست بە دابەشکردنی ئەو زەوییانە کرا کە لە خاوەنە کوردەکانیان زەوتکرابوون و درانە ئەو عەرەبانەی لە ناوچەکانی دیکەوە هێنرابوون، یان ئەو جووتیارە عەرەبانەی کە بە ژمارە کەمبوون و پێشتر لە ناوچەکە بوون. ئەوکات جووتیاری کورد بێبەشکران لەو زەوییانەی خۆیان کاریان تێدا دەکرد، کەچی عەشایرەکانی ئەلبوبەنا و عمێرات و هەندێ هۆزی عەرەبی دیکە بە بەخشینەوەی ئیمتیاز و ئاسانکاری

لـە کڕینـی موڵـک و دامەزراندنیـان لـە دەزگاکانـی دەوڵـەت هانـدەدران بۆئـەوەی بێنـە عەفریـن نیشـتەجێ بـبن. هەنـدێ خێزانـی دیکـەی عەرەبیـش کـە لـە لیـوای ئەسـکەندەروونەوە کۆچیانکردبـوو لەپـاش ئـەوەی بـووە بەشـێک لـە خاکـی تورکیـا لـە سـاڵی 1939، هـەر لـە عەفریـن نیشـتەجێبوون. لەبـارەی نـاوە ڕەسـەنەکانەوە، د.ڕۆزاد عەلـی کـە لەبـارەی مێـژووی ناوچەکـە لێکۆڵینــەوەی کــردووە و لــە چەنــد پەرتووکێکــدا دۆکیومێنتــی کــردوون، دەڵێـت: "زیاتـر لـە 80%ی نـاوی شـوێن و گونـدی ناوچـەی چیـای کورمێنـج یـان نـاوی کوردیـن لـەڕووی زمـان و مانـاوە، یـان ڕەگوڕیشـەیان لۆکاڵییـە. لـە نـاوی 360 کۆمەڵگـەی نیشـتەجێبوون 80%یـان کوردیـن، ئـەوەی کـە دەمێنێتـەوە بەمجـۆرە دابـەش دەبـێ: 33 نـاوی سریانـی، 18 نـاوی تورکـی و نزیکـەی 12 نـاوی عەرەبـی [2]. هەنـدێ لـەم ناوانـە لـە سـەردەمی عوسـمانیدا گـۆڕاون و تەتریـک کـراون، بـۆ نموونـە: چیـای کورمێنـج: بـووە بـە کـورداخ، سـیویا بـووە بـە ئوکسـوزلی و گونـدی مـەزن بـووە بـە بیـوک ئۆبـە...".

هەروەهــا دەنووســێ: ســاڵی 1976 دووبــارە دەســتکرایەوە بــە تەعریبــی نــاوە ناعەرەبییەکانــی باکــووری ســووریا. ســەرەتا بــۆ جێبەجێکردنــی ئەمــە لیژنەیەکــی فەرمــی پێکهــات (کــورد و سریــان) و نوێنەرێکیــش لــە بەڕێوەبەرایەتـی شـوێنەواری حەلەبـەوە. لیژنەکـە بەپێـی ئـەم ڕێنماییانـەی خـوارەوە دەسـتی بـە تەعریبـی نـاوەکان کـرد:

1 - ئـەو نـاوە دێرینانـەی ڕەگوڕیشـەیەکی عەرەبـی، سریانـی، ڕۆمانیـی گریکییـان هەیـە، وەکـو خۆیـان دەمێننـەوە.

2 - هەمـوو ناوە کوردی و تورکییەکان دەکرێنە عەرەبی.

3 - ئەگـەر نەتوانـرا نـاوە کۆنەکـە بـۆ عەرەبـی وەربگێڕدرێـت، ناوێکـی عەرەبیـی دیکـەی بـۆ دەبینرێتـەوە کـە لـە نووسـین و گۆکردنـدا ئاسـان

بێـت و لـە چوارچێـوەی ئاراسـتە فکرییەکانـی دەوڵەتیـش دەرنەچێـت. پـاش تەواوبوونـی کاری لیژنەکـە، نـاوە نوێیـەکان بـە لیسـتێک بڵاوکرانـەوە و بـە بڕیـاری ژمـارە 580 ی سـاڵی 1977 کـە لەلایـەن وەزیـری ناوخـۆی کۆمـاری عەرەبیـی سـووریاوە دەرچـوو، سـیفەتی فەرمـی وەرگـرت. ئـەم لیسـتە نوێیـە نـاوی 190 ناوچـەی عەفرینـی تێدابـوو. ئینجـا نـاوە نوێیـەکان خرانـە سـەر تابلـۆ و نـووسراوە فەرمییـەکان و ڕێنوێنییەکانـی سـەر ڕێگـەکان [3].

لەپـاش ئـەوە ئیـدی نـاوە کوردییـەکان قەدەخەکـران، بۆنموونـە کاتێـک هونەرمەنـد یوسـف حسـێن لـە 16ی ئـاداری 1986دا دووکانێکـی فۆتۆگرافیـی کـردەوە و نـاوی لێنـا (سـتۆدیۆ 21) وەک ئاماژەیـەک بـۆ 21ی ئـادار کـە ڕۆژی نـەورۆزە، دەزگای ئەمنـی ناوەکـەی ڕەتکـردەوە و ناچـاری کـرد بیگـۆڕێ بـۆ (سـتۆدیۆ 23).

بـەڵام رووە هـەرە ناشـیرین و دزێوەکـەی تەعریبـی بـە بەرنامـەی دەوڵەتـی بەعسـی سـووریا، ڕێگەگرتـن بـوو لـە فێربـوون و خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی و تەنانـەت قسـەکردن بـە کـوردی لـە فەرمانگەکانـی دەوڵەتـدا. هـەر لـەو چوارچێوەیـەدا هەمـوو جـۆرە بڵاوکـراوەو ڕۆژنامـە و کتێبێـک بـە زمانـی کـوردی و لەبـارەی کولتـوور و فۆلکلـۆر و مێـژووی کـورد قەدەخەکـران. ناوهێنانـی هاوولاتیـان لـە تۆمـار و بەڵگەنامـە فەرمییەکانـدا بـووە "عەرەبـی سـووریا"، ئەمـەش نکۆڵییەکـی روون و ئاشـکرایە لـە هەبوونـی کـورد و پێکهاتـەی دیکـەی ناعەرەبـی لەسـەر خاکـی سـووریا.

ڕێکخـراوی ئەمنسـتی ئینتەرناشـناڵ لەوبـارەوە دەڵـێ: "زمانـی کـوردی وەکـو زمانێکـی فەرمـی لـە سـووریا دانـی پێدانەنـراوە و لـە قوتابخانـە ناخوێنـدرێ. بڵاوکردنـەوە و چاپەمەنـی بـە کـوردی لـە سـاڵی 1958ـەوە قەدەخەیـە.

ساڵی 1987، وەزیری رۆشنبیری سنووری ئەم قەدەخەیەی بەرفراوانتر کرد و کاسێتی دەنگی و ڤیدیۆیی و میوزیکی کوردیشی هاتەسەر، رێ بە گوێلێگرتن و بڵاوکردنەوەی نادرێ. بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە، قەدەخەی خوێندن بە زمانی کوردی لە دامەزراوە فەرمییەکاندا دووبارە جەختی لەسەرکراوەتەوە" [(4)].

لە مەرسوومی ژمارە 49ی ساڵی 2008دا کە هەندێ ماددەی یاسای ژمارە 41ی ساڵی 2004ی هەموار کردووە، قەیدوبەندی زۆرتر لەژێر دەسەڵاتی دەزگا ئەمنییەکاندا خراوەتە سەر کڕین و فرۆشتن و موڵکداری و بەکرێدان و وەبەرهێنان لەسەر زەوی و خانووبەرە لە پارێزگا سنوورییەکانی سووریادا. ئەم مەرسوومە کە ناتەباشە لەگەڵ دەستوور، سەرجەم ناوچە کوردییەکانی باکووری سووریا دەگرێتەوە. بەگوێرەی ئەمە، لایەنی ئەمنی رەزامەندی لەسەر مۆڵەتی یاسایی ناداتە زۆرینەی هەرەزۆری کورد، "ئەمەش لە پراکتیکدا شتێکی جێگیرە و بە درێژایی زیاتر لە نیو سەدە لە پاش دەرچوونی مەرسوومی ژمارە 193ی ساڵی 1952ـەوە هەموارەکانی ئەو مەرسوومە لە پارێزگای حەسەکە، کاری پێکراوە"[(5)].

مەرسوومی 49 کە تائێستاش کارایە، ناوچە کوردییەکان و بەتایبەتیش عەفرینی لەڕووی ئابوورییەوە ئیفلیج کردووە. بووەتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی بێکاری و کۆچی بەردەوام بەرەو شارە گەورەکان و بەرەو دەرەوەی وڵات. ئەوە لەکاتێکدا مۆڵەتی کڕینی موڵک و بەکرێدان و وەبەرهێنان بە ئاسانی دەدرێتە عەرەب. ئەمە تەعریبی ناوچە کوردییەکانە بە رێگەیەکی دیکە.

## سەردەمی خۆسەریی دیموکراسی

پـاش راپەڕینـی خەڵکـی سـووریا لـە ئـاداری 2011 و کشـانەوەی سـوپای سـووریا و دەزگا ئەمنییـەکان لـە عەفریـن لـە کۆتایـی هاوینـی 2012، یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل (یەپەگـە) دەسـتی بەسـەر ناوچەکـەدا گـرت و لـە 21ی کانوونـی دووەمـی 2014 خۆسـەریی دیموکراتـی بـە سـەرکردایەتی پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی (پەیـەدە) دامەزرانـد.

لـە مـاوەی سـاڵانی 2014 تاوەکـو سـەرەتای 2018 ئاسـایش و ئارامییەکـی رێژەیـی باڵـی بەسـەر ناوچەکـەدا کێشـا، هەربۆیـە بەشـێوەیەکی بەرچـاو گەشـەی کـرد و پرۆسـەی تەعریـب لـەو ماوەیـەدا وەسـتا. خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی بـووە تەوزیمـی. کولتـوور و کەلەپـووری کـوردی دووبـارە ژیانـەوە و نـاوە مێژوویـی و رەسـەنەکان بـۆ شـوێن و ناوچـەکان گەڕانـەوە. ناوچەکـە هێـواش هێـواش لـە ئاسـەوارەکانی تەعریـب پاکدەبـووەوە و ئـەوەش بـە دڵـی شۆفێنیسـتانی عـەرەب و تـورک نەبـوو.

پرۆگرامەکانـی خوێنـدن لـە زیاتـر لـە 300 قوتابخانـەی سـەرەتایی و دواناوەنـدی و ئامادەیـی بـە زمانـی کـوردی دەگوترانـەوە و دەیـان هـەزار کتێبـی قوتابخانـەکان و کتێـب و بڵاوکـراوە و رۆژنامـە و گۆڤـار بـە کـوردی چـاپ دەبـوون.

لـە سـایەی داگیرکاریـی تورکیـدا ئـەم داینامیکـی خۆبەڕێوەبەرییـە هەڵوەشـایەوە کـە تایبەتمەندیـی رەسـەنی بـۆ ناوچەکـە گەڕانـدەوە و لەجیاتـی ئـەوە ئەنجوومەنـی لۆکاڵـی پێکهاتـن کـە ئامرازێکـی ملکەچـە بـۆ دەسـەڵاتدارێتی تورکیـا. وەک چـۆن دەیـان خوێندنگـە لەکاتـی هێرشـەکەدا نیمچـە خاپـوور بـوون، هەندێکیـش کرانـە بـارەگای سـەربازی. ئامادەیـی

پیشەسازی و زانکۆ و پەیمانگەکان و زۆر قوتابخانەی دیکە کەوتنە بەر تاڵانی و کەلوپەلەکانیان بە تەواوی بردن. سیاسەتی تەتریک و تەعریب جارێکی دیکە و بەشێوەیەکی پلان بۆ دانراوی مەترسیدار رووی لە ناوچەکە کردەوە.

## پێشینە و هۆکار و پاڵنەرەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیا

### لە سەردەمی داگیرکاریی تورکیدا

هەمیشە هاوشانی سیاسەتی نکۆڵی لە بوونی کورد و سەرکوتکردن و پێشێلکردنی مافەکانیان لە سووریا، هەوڵی نەپساویش هەبوون بۆ تواندنەوەیان لە بۆتەقەی عروبەدا، سەرەڕای ئەوەش، ئەوەی تایبەت بێت بە ناوچەی عەفرین، ئەم سیاسەتە بە درێژایی سەردەمی دەسەڵاتی حیزبی بەعس نەبووە هۆی گۆڕانی زۆر گەورە لە پێکهاتەی دانیشتووان و ناسنامە و کولتووری عەفریندا. کەچی لە ماوەیەکی کورتی داگیرکاریی تورکیدا و پاش بووژانەوەیەکی بەرچاو لە سایەی دەسەڵاتی خۆسەری، ناوچەکە لە هەموو روویەکەوە گورزی کوشندەی بەرکەوت، ئەوەش بە رێگەی پێشێلکاری و تاوان و شێوازی هەمەجۆری گوشار و تۆقاندن کە ببنە رێگر لەبەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان.

### هێرشی تورکیا

سوپای تورکیا هاوشان لەگەڵ زیاتر لە 20 هەزار چەکداری میلیشیاکانی سووریا کە موالیی ئەنقەرەن و دەچنە خانەی چەکداری بەکرێگیراوەوە [6]، لە 20ی کانوونی دووەمی 2018 لە زەوی و ئاسمانەوە هێرشیان کردە سەر

عەفریـن. ئـەم هێرشـە لـە 24ی ئـاداری هەمـان سـاڵ، بـە ڕاگەیێندراوێکـی هێـزە چەکدارەکانـی تورکیـا کـە دەسـتگرتنی تەواوەتـی بەسـەر ناوچەکـەدا ڕاگەیانـد، کۆتایـی هـات. ئەمـەش بەگوێـرەی ڕێککەوتننامـەی لاهـای 1907 و یاسـا نێودەوڵەتـی و ئینسـانییەکان و پەیماننامەکانـی ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان داگیرکارییەکـی روون و ئاشـکرا بـوو، بـەڵام بەبێ ئەوەی ئەنقـەرە دانـی پێدابنـێ. هێرشـەکە پـاش لەشکرکێشـی و ئامادەسـازییەکی زۆری میدیایـی و سـەربازی هـات، بیانووەکـەش "پاراسـتنی ئاسایشـی نەتەوەیـی تورکیـا، لەنێوبردنـی ڕێکخـراوە تیرۆریسـتیەکان، لەنێوبردنـی جوداخـوازان و دووبـارە نیشـتەجێکردنەوەی ئاوارەکانـی سـووریا" بـوو، بـەڵام بـە رتووشـکردنی ئـەم پاسـاوانە بـە ئەدەبیاتـی ئایینـی: "موحارەبـەی کوفـر. بڵاوکردنـەوەی دینـی ئیسـلام. جیهـادو. هتـد". بەرپرسـە شـەرعییەکانی ئـەم میلیشـیایانە و پیاوانـی ئایینـی سـەر بـە پارتـی داد و گەشـەپێدان و ئەوانـەی ئیخـوان موسـلیمین هیـچ بێشـەرمییەکیان لـەوەدا نەدیت کـە فەتـوا بـدەن و رووبـەری حەڵاڵکـراو لـە دژی کـورد و موڵـک و ماڵیـان بەرینـتر بکـەن.

لـە ئەنجامـدا بەجۆرێـك رەفتـار لەگـەڵ کـورد کـرا وەک ئـەوەی سـەرجەمیان "تیرۆریسـت و جوداخـواز و کافـر" بـن، ناوچەکەیـان و موڵـک و ماڵیـان و خوێنیـان حەڵاڵکـرا بێئـەوەی ڕێگرێکـی ئەخلاقـی و سیاسـی و یاسـایی رایانگرێـت، ئەمـەش تاوەکـو ئاسـتی پاکتـاوی نـەژادی چـوو [7].

شـەڕ لـە دژی عەفریـن بـۆ ئەوەبـوو کـە خەڵکەکـەی لـە ڕەگوڕیشـە مێژووییەکـەی هەڵکێشـی و لـە کولتـوور و زمانیـان دایانبماڵـێ و کەلەپـووری شارسـتانییان تەفروتونـا بـکات. ئامانجەکـە دابڕینـی کۆمەڵگـەی کـوردی بـوو لـە ناسـنامەی مێژوویـی و نەتەوەیـی خـۆی.

## پێشێلکاری و تاوانەکان

لـە عەفریـن تـاوان و پێشـێلکاریی زۆر و هەمەچەشـن دەرحـەق بـە کـورد و ناوچەکەیـان، دەرحـەق بـە مـرۆڤ و دار و بـەردی کـرا. هەنـدێ لەوانـە دەگەنـە ئاسـتی تاوانـی جەنـگ و تاوانـی دژی مرۆڤایەتـی.
لەمـاوەی دوو سـاڵ و نیـودا، عەفریـن لـە ناوچەیەکـی ئارامـەوە کـە لـە هەمـوو رووەکانـی ژیانـەوە گەشـەکردنێکی سرووشـتیی بەخۆوەدەبینـی لەسـایەی ئیـدارەی خۆسـەری و ئـەو هێـزە چەکـدارە لۆکاڵـەی بەرگریـی لێدەکـرد، گـۆڕا بـۆ ناوچەیەکـی نائـارام کـە فـەوزا و بێسـەروبەری و گـرژی باڵـی بەسەرداکێشاوە. ئـەم رەوشـە بـە درێژایـی ئـەم ماوەیـە لـە خراپـەوە بـۆ خراپـتر چـووە.
پێشـێلکاری و تاوانـەکان دەتوانیـن لـەم ناونیشـانانەدا کـورت بکەینـەوە: کوشـتنی بـە ئەنقەسـت و کۆمەڵکـوژی، هێـرش بـۆ سـەر خەڵکـی سـڤیل، هەژارکردنـی خەڵـک و بەکۆیلەکردنیـان، دوورخسـتنەوەی زۆرەملێـی خەڵـک، ئەشـکەنجەدان و رەفتـاری نامرۆڤانـە، سـەرکوتی کولتـووری و نەتەوەیـی، سـەرکوتی ئایینـی لـە دژی ئێزدییـەکان، تەتریـک و بڵاوکردنـەوەی توونددئاژۆیی ئایینـی و فکـری نیوعوسـمانی، وێرانکردنـی موڵـک و ماڵـی خەڵـک و زەوتکردنیـان، دەسـتگیرکردنی نایاسـایی و بێسەروشـوێنکردن، رفانـدن و بەندکردنـی هەڕەمەکـی، رەتکردنـەوە و گوێنەگرتـن لـە سـکاڵای خەڵـک، زیانگەیاندنـی گـەورە بـە ژینگـە، بەئامانجگرتنـی دامـەزراوەکان و ماڵـی هاووڵاتیـان، دەستبەسـەرداگرتنی هەنـدێ گونـد بـە تـەواوی، دەسـتدرێژی و هاوسـەرگیری لەگـەڵ ژنـان بـە زۆرەملـێ و ناچارکـردن، تێکدانـی گۆڕسـتان

و شـوێنەوارەکان و، زۆر تاوانـی دیکـە [8]. هەمـوو ئەمانـەش لەسـایەی تاریکاندنـی میدیایـی و قەدەخەکردنـی ئازادییـە گشـتی و تایبەتـەکان و هـەر چالاکییەکـی مەدەنـی و کولتـووری و میدیایـی. هێرشـی سـەربازی بـۆ سـەر عەفریـن زیاتـر لـە 300 کـوژراو و 1000 برینـداری مەدەنـی لێکەوتـەوە، ئـەوە جگـە لـە نزیکـەی 130 کەسـی سـیڤیل کـە بـە ئەنقەسـت لـەم ماوەیـەدا کـوژراون و ژن و منـداڵ و پیـاوی بـە تەمەنیـان تێدابـووە و زیاتـر لـە 1100 کەسـیش بێسەروشـوێنن و هیـچ لەبـارەی چارەنووسـیان نازانرێـت.

## چەوساندنەوەی ئێزدییەکان

تاوەکـو سـەرەتای ئـەم دەیەیـەی ئێسـتا، ژمـارەی ئـەو ئێزدیانـەی لـە زیاتـر لـە 20 گونـد و لەنـاو شـاری عەفریـن نیشـتەجێبوون، بـۆ کەمـتر لە 25 هـەزار کەس دابەزیبـوو. لەپـاش داگیرکاریـی تورکیـاش هەنـدێ لـەو گوندانـە بـە تـەواوی لـە دانیشـتووانیان چۆڵبـوون، بـۆ نموونـە گوندەکانـی قەسـتەڵ جنـدۆ و بافلـۆن. ژمـارەی ئێزدییـەکان بەگشـتی رووی لـە کەمبـوون کـردووە، ئەوانـەی کـە ماونەتـەوەش هێشـتا رووبـەڕووی هەراسـانکردنی زۆرتـر دەبنـەوە. بـە ئاشـکرا سـووکایەتی بـە پیرۆزییەکانیـان و بـە بیروباوەڕیـان دەکرێت. هەندێکیـان ناچار دەکرێـن روو بکەنـە مزگـەوت. رێوڕەسـم و سرووتـە ئایینییـەکان و جەژنەکانیان قەدەخەکـراوە و ناوێـرن ئایینـی خۆیـان ئاشـکرا بکـەن. هەندێکیـان کـوژران و هەندێکـی دیکـە رفێـنران و بـەرەوڕووی بەندکـردن و ئەشـکەنجەدان بوونـەوە. چەندیـن مەزارگەیـان وێرانکـران (شـێخ رکاب، باسـوفان...) لەکاتێکـدا لەسـەردەمی ئیـدارەی خۆسـەر هەمـوو مـاف و ئازادییەکیـان هەبـوو.

## تێکدانی گۆڕستان و مەزارەکان

لەکاتــی ئۆپەراســیۆن و پــاش ئــەوەش کــە ســوپای تورکیــا و میلیشــیاکانی دەســتیان بەســەر عەفرینــدا گــرت، کەوتنــە وێرانکردنــی گــۆڕی شــەهیدەکان (شــەهید ڕەفیــق لــە گونــدی مەتینــا، شــەهید ســەیدۆ لــە شــارۆچکەی کەفــەر ســەفرە و شــەهید ئاڤێســتا لە گوندی کەفەرشــیل)، هەروەها مەزاری ســیمبووڵە نیشــتمانییەکان و هەنــدێ مــەزاری ئیســلامیش (شــێخمووس لــە مەیدانــا، شــێخ عەبدولڕەحــمان لــە گونــدی کانــی کورکێ) بــەر وێرانــکاری کەوتــن و گۆڕەکانیان هەڵدرایــەوە. هەنــدێ گۆڕیــش تەنیــا لەبەرئــەوە تێکــدران چونکــە بــە کــوردی لەســەریان نووســرابــوو.

## وێرانکردن و دزینی شوێنەوار

لەکاتــی هێرشــدا بــۆ ســەر عەفریــن زۆر شــوێنەواری مێژوویــی بــەر بۆردوومــان کەوتــن (عەینــدارا، هــووری، ســەمعان، بــەراد، تــەل جندرێــس). میلیشــیاکانیش بەبەرچــاوی دەســەڵاتی داگیرکــەری تورکیــاوە کەوتنە هەڵکۆڵیــن و هەڵدانەوەی دەیــان گــرد و تەپۆڵکــە و ناوچــەی شــوێنەواری بــۆ دزینــی کەلوپەلەکانیــان. هەندێــک لەوانــە لــە لیســتی کەلەپــووری جیهانیــدا لــە ڕێکخــراوی یۆنســکۆ تۆمارکــراون، بۆیــە ئەمــە دەچێتــە چوارچێــوەی پێشــێلکردنی ڕێککەوتننامــەی ئایــاری 1954ی لاهــای تایبــەت بــە پاراســتنی شــوێنەوارە مێژووییــەکان لەکاتــی شــەڕ و ئۆپەراســیۆنی ســەربازی و هەروەهــا مــاددەی 16ی پاشــکۆی پرۆتۆکۆلی دووەمــی ڕێککەوتنەکانــی جنێڤــی ســاڵی 1977.

تورکیــا وەک چــۆن بــووە ڕێڕەوێــک بــۆ گواســتنەوە و فرۆشــتنی نایاســاییانەی

شــوێنەوارە مێژووییــە دزراوەکانــی ســووریا، بەشــێوەیەکی نەخشــەداریش دەســتی هەیــە لــە تێکــدان و وێرانکــردن و دزینــی شــوێنەوارە مێژووییەکانــی ناوچەکــە کــە ئامانــج لێــی ســڕینەوەی کەلەپــوور و بوونــی مێژوویــی کــوردە لەســەر خاکــی خۆیــان [9].

## برسیکردن و تێکدانی ژینگەی کار و ئابووری

لــە ڕۆژی یەکەمــی داگیرکردنــی عەفرینــەوە میلیشــیاکانی ســەر بــە تورکیــا کەوتنــە دزینــی ماڵــی خەڵــک و موڵــک و ماڵــی گشــتی. هەربۆیــە ڕۆژی داگیرکردنــی عەفریــن (18ی ئاداری 2018) وەک "ڕۆژی ڕەوە کولــلە" نــاسراوە. لــەو ڕۆژەدا زیاتــر لــە 70%ی موڵــک و ماڵــی شــارەکە کەوتنــە بــەر تــاڵان. دوای داگیرکردنــی شــارەکە، ســوپای تورکیــا دەســتی میلیشــیا چەکدارەکانــی ئــاوەڵا کــرد بــۆ دزی و تاڵانــی و ســەپاندنی بــاج و فدیــە و بڕینــی ســەرچاوەی بژێویــی خەڵکــی ناوچەکــە. تەنیــا زیانەکانــی وەرزی زەیتــوون لــەو ســاڵەدا بــە 105 ملیــۆن دۆلار مەزەنــدە دەکرێــت [10]. ئەمــە ســەرباری دانانــی قەیدوبەنــد لەســـەر هەمـــوو بوارەکانـــی کار و ئابـــووری، بەتایبەتیـــش کـــە نزیکـــەی 100 کارگــەی گوشــینی زەیتــوون لــە کــۆی 300 کارگــە بەهــۆی تێکدانیــان، یــان لــە ئەنجامــی دزینــی پێداویســتییەکانیان لــە کار ڕاوەســتاون، هەندێکی دیکەشــیان دەســـتیان بەســـەرداگیراوە. هەروەهـــا دوو کارخانـــەی بیریـــن (پاشـــماوەی زەیتوونــی گــوشراو کــە بــۆ دروســتکردنی خەڵــووز بەکاردێــت) و کارگەیەکــی دروســتکردنی تەنەکــە بــە تــەواوی ئامێرەکانیانــەوە دزراون، ئــەوە جگــە لــە هەنــدێ پێداویســتیی 15 کارگــەی دیکــەی بیریــن و کۆگاکانیــان کــە پڕبــوون لە خەڵــووز. بەوجــۆرە ئێســتا تەنیــا هەشــت کارگــە لــەکاردان، بــەڵام کارگەکانــی

دروستکردنی سابوون کە 20 کارگەن و هەریەکەیان پێشتر 400 - 500 تۆن سابوونیان کۆگا دەکرد، زۆربەیان کەوتنە بەر تاڵان و هەندێکیان سەرانەی زۆریان لێوەرگیرا بۆئەوەی هەندێ لە پێداویستییەکانیان بۆ بگەڕێننەوە، بەوجۆرەش ئێستا 11 کارگەیان لە کاردان بە وزەیەکی بەرهەمهێنانی سالانە کە لە 100 بۆ 150 تۆن سابوون تێناپەڕێت [11].
لە عەفرین نزیکەی 850 کارخانەی دروستکردنی جلوبەرگ و پێلاو هەبوون کە هەفتانە هەزاران پارچەیان بەرهەم دەهێنا و نزیکەی حەوت هەزار کەس کاریان تێدا دەکرد، زۆربەی ئەمانە دزران و سەرانەی زۆریان لێوەرگیرا بۆ گەڕاندنەوەی هەندێ لە پێداویستییەکانیان، یان گواستنەوەیان بۆ حەلەب. ئێستا جگە لە نزیکەی 50 کارخانە کە بەرهەمێکی کەمیان هەیە، ئەوانی دیکە کارناکەن.
لەلایەکی دیکەوە بەشێکی زۆری جووتیاران زەوییەکانیان بەبێ چاندنی کشتوکاڵ بەجێهێشتووە، ئەوەش بەهۆی زیانی بەردەوامی بەرهەمەکانیان. هەندێکیش ناچارکراون زەوییەکانیان بە کرێی زۆر کەم بدەنە ئەوانەی تازە لەوێ نیشتەجێکراون. لە چوارچێوەی هەوڵەکانی دەستبەسەرداگرتنیشدا، میلیشیاکان زۆرجار داوای بەڵگەنامەی خاوەندارێتی لە دانیشتووانە رەسەنەکە دەکەن، لەکاتێکدا پەیداکردنی ئەو بەڵگەنامانە زەحمەتە لەسایەی نەبوونی داوودەزگای دەوڵەت لە ناوچەکە و زەحمەتیی بەدەستهێنانی لە حەلەب.
سەبارەت بە سامانی ئاژەڵیش، ژمارەی ئاژەڵیماڵی لە نزیکەی 72500 سەرەوە بۆ نزیکەی 6000 دابەزیوە. نزیکەی 25 دەواجن لەکارکەوتوون پاش ئەوەی ژمارەیەکی زۆری مریشکەکانیان لەنێوچوون، یان دزران و هەرزانفرۆشکران. زیانی سامانی ئاژەڵ لە عەفرین بە نزیکەی 20 ملیۆن

دۆلار مەزەنـدە دەکرێـت [12]. لەولاشـەوە ئـەو عەرەبانـەی هێنراونەتـە ناوچەکە دەیـان هـەزار ئاژەڵیـان لەگـەڵ خۆیـان هێنـاوە کـە بـێ هیـچ ڕێگرییـەک بـەرەڵای کێڵگەکانـی دانیشـتووانی ڕەسـەن کـراون.
بەشـێوەیەکی گشـتی لـە بـواری کشـتوکاڵدا تێچـوو زۆر بـەرزە و دزی و ئـەو باجەشـی کـە میلیشـیاکان دەیسـەپێننە سـەر جووتیـاران بـاری شـانی قـورس کـردووە. فرۆشـتنی بەرهـەم و دیاریکردنـی نرخـی نزمیـش بەتایبەتـی لـە هـەردوو وەرزی زەیتـوون و دانەوێڵـە، لـە بەرژەوەندیـی کڕیـارە تورکەکانـە. هەمـان بارودۆخـی خـراپ بـۆ کەرتەکانـی بازرگانـی و پیشەسـازیش راسـتە، ئەنجامـی هەمـوو ئەمانـەش هەژاربوونـی خەڵکـی عەفریـن بـووە.

## وێرانکردنی ژێرخان و دامەزراوەکان

لـە ڕۆژی یەکەمـی هێرشـەکەوە بـۆ سـەر عەفریـن، ژمارەیەکـی زۆری خانووبـەرەی مەدەنـی و کارگێـڕی و دامـەزراوەی گشـتی و ژێرخانـی بـەر بۆردوومـان کەوتـن. هـەزاران خانووبـەرە و دەواجـن و مزگـەوت و قوتابخانـە و سـەنتەری پزیشـکی و سـەموونخانە و کـۆگای سـووتەمەنی و کارخانـەی گوشـینی زەیتـوون و تـۆڕی دابەشـکردنی کارەبـا و سـەنتەرەکانی پەیوەندیـی تەلەفۆنـی و وێسـتگەکانی دابەشـکردنی ئـاو و تۆڕەکانـی ئاودێـری کـە بـە (بەنـداوی مەیدانکـێ)وە بەسـتراون، خاپـوور بـوون.
بەهـۆی ئەمانـەوە ئاسـتی خزمەتگـوزاری زۆر دابەزیـوە. کەرتـی تەندروسـتی بەدەسـت نەبوونـی و لاوازییـەوە دەناڵێنـێ بەهـۆی کەمبوونـەوەی کارمەنـدی تەندروسـتی و داخرانـی نۆڕینگـەکان و کەمبوونـی دەرمـان و پێداویسـتیی پزیشـکی.

## زیانگەیاندن بە ژینگە و بڕینەوەی دار

زۆر سـەرچاوە لـە ناوخـۆوە و هەروەها زۆر راپۆرتی میدیایـی و راپۆرتی رێکخراوە داکۆکیـکارەکان لـە مـاف، هەروەهـا ئـەو وێنانـەی لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بڵاودەبنـەوە، باسـی ئـەو زیانـە گەورەیـە دەکـەن کـە بـەر ژینگـەی ناوچـەی عەفریـن کەوتـووە. زیانێـک کـە لـە نێوەڕاسـتی سـەدەی رابـردووەوە بەخـۆوەی نەدیبـوو. وا مەزەنـدە دەکـرێ کـە نزیکـەی 15 هەزار هێکتار دارسـتان سـووتاون یـان دارەکانیـان بڕیونەتـەوە. لـەم چوارچێوەیـەدا دەیـان هـەزار داری زەیتـوون و داری دیکـەی بـە تەمـەن بـۆ خەڵـووز و مەبەسـتی دیکـە لەنێوبـراون.

## گۆڕینی کولتووری گشتی

کۆمەڵگـەی عەفریـن بەگشـتی کۆمەڵگەیەکـی مەدەنـی و کـراوە و چـالاک بـووە لـە هەمـوو بوارەکانـدا، بـەڵام ئەوانەی ئێسـتا لـەوێ مـاون، لەسایەی داگیرکاریدا خۆیـان لـە هەمـوو شـتێک دابڕیـوە، هەوڵـدەدەن خۆیـان لـە بەریەککەوتـن لەگـەڵ چەکدارانـی بەکرێگیـراو بپارێـزن و لـە سـووکایەتییان بەدووربـن. ئـەوان ئێسـتا لـە دۆخێکـی خەمبـاردان، نـە خۆشـی مـاوە و نـە ئاهەنـگ و بۆنـە و جـەژن. زۆرینـەی هۆڵەکانـی ئاهەنگگێـڕان و پەیمانگەکانـی میوزیـک و هونەری شـێوەکاری داخـراون، یـان میلیشـیاکان دەسـتیان بەسـەرداگرتوون. ئیـدی کچ یان کوڕێکـی گەنـج لەسـەر شـەقامەکانی نابینی ئامێرێکـی میوزیکی لەشـانکردبێ و ئازادانـە بـە شـەقامەکاندا بـڕوات وەکـو جـاران. ئێسـتا ئـەوەی زۆرتـر دەبینـرێ دووکانـی فرۆشـتنی چـەک و فیشـەکە نـەک ئامێـری میوزیـک و ئەلبوومـی گۆرانـی و هونـەر.

ڕۆژنامـەی سیاسـی نەمـاوە وەکـو جـاران چـاپ ببـێ. نووسـینگەی حیزبـەکان بە ئـاڵای کوردییـەوە نابینـی. کـۆڕ و سـەمیناری سیاسـی و ڕۆشـنبیری و فێسـتیڤاڵی شـیعر و کورتەفیلـم، شـانۆگەری و بۆنـەی کـوردی هیچیـان نەمـاون.

چیـدی ژنـان وەکـو جـاران بـە ئـازادی ناچنـە سـەر کارەکانیـان، بەڵکـو زۆربـەی کات دەبـێ جلوبەرگـی "شـەرعی" بپۆشـن، شـتێک کـە بەشـێوەیەکی بـەردەوام لەسـەر شـەقامەکان و بڵندگـۆی مزگەوتەکانـەوە بانگـەوازی بـۆ دەکـرێ حیجابە. عەفریـن لەمێـژە، لـە دەیـان سـاڵەوە لەگـەڵ قوتابخانەی تێکـەڵ ڕاهاتـووە. ئەمە بـۆ خەڵکـی خـۆی شـتێکی زۆر سرووشـتی بـووە، بـەڵام ئەوانـەی تـازە هێـنراون کێشـەیان لەگـەڵ تێکەڵبوونـی کچـان و کـوڕان هەیـە. تەنانـەت خۆپیشـاندانیان کـرد و داوایـان لـە دەسـەڵاتدارانی لۆکاڵـی کـرد هـەردوو ڕەگەزەکـە لـە قوتابخانەکانـدا لێکـدی جیابکەنـەوە.

خەڵکـی عەفریـن گرنگییەکـی زۆریـان بـە دارودرەخـت و سـەوزایی و دارسـتان دەدا و دەیانپاراسـتن، بـەڵام چەکدارانـی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا هـەر بـە ئەنقەسـت بەشـێکی زۆری دارەکانیـان لەنێوبـرد. ئـەوان لـە دابینکردنی ئاسـایش و سـەقامگیریدا و بـۆ ڕێگرتـن لـە ئـاژاوەی بڵاوبوونـەوەی چـەک هەمیشـە هـاوکاری ئیـدارەی خۆسـەر بـوون- سـەرەڕای هەمـوو کەموکووڕییەکانـی-، بەڵام ئـەو چەکدارانـەی ئێسـتا لـەوێ دەسـەڵاتدارن، هەمـوو جۆرەکانـی بێسـەروبەری و ئـاژاوە و چەکداریـی هەڕەمەکـی و تـرس و تۆقینیـان لەگـەڵ خۆیـان هێنـا. زۆر موکـوڕ بـوون لەسـەر پاراسـتنی موڵکـی گشـتی و ژێرخـان و پاراسـتنی سیسـتمی گشـتی و ژینگـە و پاکوخاوێنـی، بـەڵام داگیرکەرانـی عەفریـن هەمـوو ئەمانەیـان لەنێوبـرد.

زۆر نەریـت و بەهـای کۆمەڵایەتـی و کولتـووری لـە عەفریـن گـۆڕاون و بـەرەو خراپـی چـوون، جەهـل و دواکەوتوویـی گەڕاوەتـەوە. تورکیـا و هاوکارەکانـی

دەیانــەوێ بەمشــێوەیە کەتوار(واقع)ێکــی نــوێ و کولتوورێکــی جیــاواز و نامــۆ لــەوێ بســەپێنن. هەمــوو ئەمانــە لــە چوارچێــوەی سیاســەتێکدایە کــە ئامانجەکــەی لەنێوبردنــی کولتــووری ناوچەکــە و ناســنامەکەی و لەقکردنــی پەیوەندیــی خەڵکەکەیەتــی بــە رەگوڕیشــەی خۆیانــەوە.

## نائارامی و نەمانی ئاسایش

تەقینــەوە و دیــاردەی چەکــداری و پێکدادانــی میلیشــیاکان بەهــۆی ململانــێ لەســەر دەســەڵات و ناوچــەی نفــووز و تاڵانــی، هەر لــە ســەرەتاکانی داگیرکردنی عەفرینــەوە بــەردەوام بــووە. ئــەو چەکــەی کــە نــاوی لێــنراوە "چەکــی شــۆڕش و جیهــاد" بــۆ دەســتدرێژیکردنە ســەر دانیشــتووان بەکارهاتــووە، حکومەتــی تورکیــاش هیــچ رێکارێکــی ئەوتــۆی نەگرتووەتەبــەر کــە ئاســایش و ئارامییەکــی لانیکــەم رێژەیــی بەدواوەبووبــێ و ئەرکــی خــۆی بــە ســیفەتی دەوڵەتــی داگیرکــەر بەجێنەهێنــاوە وەک ئــەوەی یاســا نێودەوڵەتییــەکان لێــی دەخــوازن. ئــەوە ئەرکــی ئــەوە رێوشــوێنی ئەوتــۆ بگرێتەبــەر کــە سیســتەم و ســەلامەتیی گشــتی بگەڕێنێتــەوە لەکاتێکــدا ناوچەکــە لەژێــر کۆنترۆڵــی ئەودایە و بــە کردەوە ســەرکردایەتی میلیشــیاکان دەکات و هەڵیاندەسووڕێنێ. بەڕاســتی ئەو داوودەزگا دادوەری و ئەمنییــەی لــەوێ پێکهاتــووە، زۆرتــر ئامرازێکــن بــۆ ســەرکوتکردنی کــورد نــەک بــۆ پاراســتنیان. ئــەوان ناتوانــن لــە دژی دەســتدرێژیکاران ســکاڵا بەرزبکەنــەوە، لەجیاتــی ئــەوە خۆیــان لــە کێشــە لادەدەن و بۆ ئــەوەی خراپتریان بەســەرنەیەت، ئــەو پێشــێلکاری و ســتەمە پەردەپــۆش دەکــەن کــە رووبەڕوویــان دەبنــەوە.

## ڕاگواستنی زۆرەملێ

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا لە 17ی تشرینی دووەمی 2017 دا گوتی: "بۆ ئێمە زۆر گرنگە ناوچەی عەفرین لە تیرۆریستانی پەیەدە و یەپەگە پاکبکەینەوە"، بەڵام بە کردەوە ئەوەی بەر پاکتاو کەوت کوردی ناوچەکە بوو جا سەر بەو لایەنە بووبن یان نا.
بەهۆی پەلامار و هێرشی هەڕەمەکی بۆ سەر ناوچەکە، زۆرینەی خەڵکەکە لەژێر بۆردوومانی ئاسمانی و تۆپخانە و هێرشی زەوینیدا لەنێوان 20ی کانوونی دووەم و 18ی ئاداری 2018دا بە ناچاری ماڵەکانیان بەجێهێشت. پاش تەواوبوونی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە 18ی ئاداری 2018 زۆرینەی ئاوارەکان ئارەزوویان دەکرد بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەڵام جگە لە ژمارەیەکی کەمیان ڕێگەی گەڕانەوە بەوانیدیکە نەدرا. بازگەکانی سوپای داگیرکەر کە لە هەردوو دەروازەی کیمار و مرێمین دانرابوون، سەرەتا ئاستەنگی زۆریان بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان دروستکرد، تاوەکو سەرئەنجام لە 2018/4/4 بە تەواوی داخران، بۆیە هەندێک ناچاربوون بەپێ بگەڕێنەوە. تەنیا یەک کاروان کە نزیکەی 200 ئۆتۆمبێل دەبوون، لە 2018/5/22 چوونەوە ناوچەکە، بەڵام گوند هەیە بە تەواوی داخراوە و کراوەتە بنکەی سەربازی و ڕێ بە گەڕانەوەی خەڵکەکەی نادرێت: (جلبر، کوبلە، دێرمشمش، زریکات، باسلیە و خاڵتا) لە ڕووباریا. (چیا و دەروێش) لە ڕاجۆ و (قەستەڵ جندۆ، بافلۆن، شێخ وەرزیە و بعرافا) لە شەڕا. هێشتا بەشی هەرەزۆری ئاوارەکان لە خێوەتگەکانی باکووری حەلەبدان، هەشیانە بەهۆی تۆڕەکانی قاچاخچێتییەوە و بە پارەی زۆر بەرەو ناوچەکانی کۆبانێ

و جزیـرێ هەڵاتـوون، لەکاتێکـدا دەسـەڵاتی سـووریا هەمـوو رێڕەوەکانـی دەربازبوونـی لـێ داخسـتن.

تورکیـا بەهیـچ جۆرێـک پابەنـدی نێوەڕۆکـی بڕیـاری ژمـارە 2254ی سـاڵی 2015ی ئەنجوومەنـی ئاسـایش نەبـوو کـە داوا دەکات "هەنـگاوی پێویسـت بگیرێتەبـەر بـۆ پاراسـتنی خەڵکـی مەدەنـی و زەوینـە خۆشـکردن بـۆ گەڕانەوەیەکـی سـەلامەتانە و ئارەزوومەندانـەی ئاوارەکانـی نێوخـۆ بـۆ ناوچەکانـی خۆیـان و نۆژەنکردنـەوەی ناوچـە زەرەرمەنـدەکان بـە گوێـرەی یاسـای نێودەوڵەتـی". بەپێچەوانـەوە سـەرپێچیی گـەورەی کـرد لـە یاسـا نێودەوڵەتییەکانـی تایبـەت بـە پاراسـتنی خەڵکـی سـیڤیل و موڵـک و ماڵـی گشـتی و تایبەتـی.

راگواسـتنی زۆرەملـێ بەپێـی مـاددەی (7) لـە نیزامـی بنچینەیی رۆمـای تایبەت بـە دادگای نێودەوڵەتیـی تاوانـەکان، تاوانـی دژی مرۆڤایەتییـە و سەرپێچیشـە لـە مـاددەی 49ی رێککەوتننامـەی چوارەمـی جنێـڤ/ سـاڵی 1949. هەروەهـا بەگوێـرەی مـاددەی 17 لـە پاشـکۆی دووەمـی زیادکـراو بـۆ رێککەوتنەکانـی جنێـڤ/ سـاڵی 1977، راگواسـتنی زۆرەملێـی خەڵکـی مەدەنـی تاوانـە و رێـی پێنـادرێ.

## سیاسەتی نیشتەجێکردن

ئەنقـەرە لەپـاڵ هەڕەشـەکردن لـە وڵاتانـی ئەوروپـا بـە کارتـی پەناخوازانـی سـووریا کـە دەڵێـت گوایـە ژمارەیـان لەسـەر خاکـی تورکیـا 3.700 هـەزار کەسـە و 97.6%یـان لـە شـارەکاندا دەژیـن نـەک کامپەکانـی پەناخـوازان [13]، بـە نیازێکـی شـاراوەوە خەریکـی پلاندانانیشـە بـۆ گەڕاندنـەوەی نزیکـەی

سێ ملیۆنیان- بەگوێرەی لێدوانی بەرپرسەکانیان تەنانەت ئەگەر بە زۆرەملێش بووە- بۆ سووریا و دووبارە نیشتەجێکردنەوەیان لە ناوچەکانی ژێر دەستی خۆی پاش ئۆپەراسیۆنەکانی "چڵە زەیتوون" و "کانیی ئاشتی". تورکیا ناوی لەم ناوچانە ناوە "ناوچەی ئارام" لەکاتێکدا زۆر دوورن لەوەی ناوچەی ئارام و سەقامگیر بن، بەپێچەوانەوە ناوچەی گرژی و ئاڵۆزین. ئەنقەرە مانۆڕی زۆری کرد بە ئامانجی وەرگرتنی رەزامەندیی وڵاتانی ئەوروپا و رووسیا و ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان و پەیمانی ناتۆ لەسەر جێبەجێکردنی ئەم پلانە کە مەبەستە سەرەکییەکەی لێدانە لە هەبوونی کورد لەڕێی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکەیان و بەرفراوانکردنی رووبەری ئەو ناوچانەی موالیەکانی خۆی تێیدا باڵادەستن. رەجەب تەیب ئەردۆغان پێش داگیرکاری چەندین جار رایگەیاندبوو کە رێژەی کورد لە عەفرین لە 35% تێناپەڕێت و ئەوانیدی عەرەب و تورکمانن! ئەمە پێچەوانەی راستییە کە کورد لەوکاتدا 95%ی دانیشتووان بوون، بەڵام لەدوای پرۆسەیەکی بەردەوامی نیشتەجێکردن ئێستا ژمارەی دانیشتووانی رەسەن بۆ 150 - 175 هەزار کەس دابەزیوە کە دەکاتە رێژەی 25%. ئەمەش بەرئەنجامی راگواستنی زۆرەملێ و نیشتەجێکردنی عەرەب و تورکمانی هاوردەیە کە لە گوندەواری دیمەشق، حەما، حمس، ئیدلیب و رۆژئاوای حەلەبەوە بەپێی رێککەوتن و لێکتێگەیشتنی ئەستانە لەنێوان رووسیا و تورکیا و ئێران هێنراون بۆ عەفرین. ژمارەی ئەم هاوردانە بە 458 هەزار کەس مەزەندە دەکرێ [14]. لەخۆڕا نەبوو کە هێرشی سوپای سووریا- بە پلان و سەرپەرشتیی رووسیا- بۆ سەر گوندەواری دیمەشق و دەوروبەری حەما و حمس لە ئادار و نیسانی 2018، هاوکاتبوو لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی عەفرین لەلایەن سوپای

توركیــاوه لــە ســەفقەیەکدا کــە هەندێــک ناویــان لێنــا: (غۆتــە بەرامبــەر عەفریــن).

لـەو سـەفقەیەدا هـەزاران چەکـداری ئۆپۆزیسـیۆن (سـوپای ئیسـلام، فەیلەقـی رەحــمان، ئەحــراری شــام) بــە خێزانەکانیانــەوە لــە غۆتــەوە هێــنران و لــە ناوچەکانـی کـورد نیشـتەجێکران [15]، هەمـوو پێداویسـتییەکی ژیـان و هەمـوو کارئاسانیەکیشـیان بـۆ دابینکـرا [16].

ئەمـەی خـوارەوە هەنـدێ ئامـاری مەزەندەکـراوی نیشـتەجێکردنە لـە ناوچـەی عەفرین:

- سـەنتەری ناحیـەی جندرێـس کـە ژمـارەی خانووەکانـی نزیکـەی پێنـج هـەزارە و دانیشـتووانی ئێسـتای 30 هـەزار کەسـن، ژمـارەی دانیشـتووانی رەسـەن 40% و ئەوانـەی هێـنراون 60%.

- سـەنتەری ناحیـەی شـیێ، نزیکـەی 1200 خانـوو. ژمـارەی دانیشـتووانی رەسـەن سـێ هـەزار و ئەوانـەی هێـنراون شـەش هـەزار.

- سـەنتەری ناحیـەی مەعبەتلـی، 1200 خانـوو، 650 خێزانیـان لـە دانیشـتووانی رەسـەنن و 1500 خێـزان هـاوردەن.

- سـەنتەری ناحیـەی راجـۆ، 2000 خانـوو، 300 خێـزان لـە دانیشـتووانی رەسـەنن و 1800 خێـزان هـاوردەن، جگـە لـە کۆمەڵێـك خێوەتگـەی دەوروبـەری.

- سـەنتەری ناحیـەی بولبـول، تەنیـا 55 خێزانـی لـە دانیشـتووانی رەسـەنن و 750 خێـزان هـاوردەن، جگـە لـە دانیشـتووانی خێوەتگەیەکـی نزیکـی شـارۆچکەکە.

- سـەنتەری ناحیـەی شـەڕا. 120 خێزانـی لـە دانیشـتووانی رەسـەنن و 235 خێزانیـش هـاوردەن.

- شـارۆچکەی جلمـە، 1200 خانـوو، نزیکـەی 2500 کـەس لـە دانیشـتووانی ڕەسـەنن و 10 هـەزار کـەس لـە عەرەبـی هـاوردەن.
- شـارۆچکەی مەیـدان ئەکبـەس لـە 450 خانـوو پێکدێـت. 150 خێزانیـان لـە دانیشـتووانی ڕەسـەنن و 400 خێزانیـش لـە دەرەوە هاتـوون.

بـۆ زانیـاری گەورەتریـن کۆمەڵگـەی عەرەبـی لـە سـەنتەری شـارۆچکەی عەفریندایـە، بـەڵام ناتوانیـن بزانیـن ژمـارەی دانیشـتووانی ئێسـتای چەنـدە، چەنـد لـە دانیشـتووانی ڕەسـەن لـە شـوێنی خۆیـان مـاون و ئەوانـەی لـە دەرەوە هاتــوون چەنــدن.

- زیاتـر لـە 95%ی ئەوانـەی لـە دەرەوەی عەفرینـەوە هاتوون لەسـەر موڵک و ماڵـی دانیشـتووانی ڕەسـەن نیشـتەجێکراون، لەکاتێکـدا ژمارەیەکـی زۆر خێـزان هـەن کـە بـۆ ناوچەکـە گەڕاونەتـەوە و نەیانهێشـتووە بچنـەوە سـەر مـاڵ و حاڵـی خۆیـان بەهـۆی داخسـتنی گوندەکانیان، یـان هـاوردەکان ڕازی نەبوونـە چۆڵیـان بکـەن. هەنـدێ پیـر و پەککەوتـە ناچارکـراون بچنـە لای خزمەکانیـان بۆئـەوەی دەسـت بەسـەر خانووەکانیانـدا بگـرن. هەندێکیـش ناچارکـراون لەنێـو ماڵـی خۆیانـدا جێـی عەرەبـی هاتـوو بکەنـەوە.
- چەندیــن خێوەتگــەی هەڕەمەکــی لــە ناوچەکــە بــۆ عەرەبــی هاتــوو دامــەزراون، بەتایبەتــی لــە ناحیــەی جندرێــس کــە نزیکــە لــە پارێــزگای ئدلیــب. لــەوێ خێوەتگەیەکــی گــەورە لــە گونــدی محەممەدییــە دانــراوە.
- ژمـارەی ئەندامانـی خێـزان لەنێـو دانیشـتووانی ڕەسـەن نزیکـەی نیـوەی ژمـارەی ئەندامانـی خێزانـە لەنێـو عەرەبـە هاتووەکانـدا، چونکـە هـەر لـە بنەڕەتــەوە خســتنەوەی منــداڵ لــە ناوچــەی عەفریــن کەمــترە، زۆربــەی جاریـش زۆرتـر لـە خێزانێـک لەنێـو یەک خانـوو نیشـتەجێ دەکرێـن بەهۆی ژمـارەی زۆری عەرەبـە هاتـووەکان.

- زۆرینـەی دانیشـتووانی رەسـەن لەوانـەی ماونەتـەوە، بـە تەمەنەکانـن، بـە دەگمـەن لەنێـو ئەوانـەدا گەنجێـک مـاوە، زۆربەیـان لـە ترسـان یـان بەهـۆی بێـکاری و بارودۆخـی سـەخت کۆچیـان کـردووە.

ئۆلینـگ جورافلـۆف، گـەورە ئەفسـەری دەریاوانیـی رووسـی و سـەرۆکی ناوەنـدی رووسـی بـۆ ئاشـتەوایی لـە سـووریا کـە ناوەندێکـی سـەر بـە وەزارەتـی بەرگریـی ئـەو وڵاتەیـە، جەختـی لـەوە کـردەوە کـە حکومەتـی تورکیـا "تورکمانـەکان لـە شـوێنی کـوردە دەربەدەربـووەکان نیشـتەجێ دەکات، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی گۆڕینێکـی ریشـەیی لـە پێکهاتـەی دیمۆگرافیی ناوچەکـەدا" [17].

لەبـارەی دووبـارە تۆمارکردنـەوەی خانووبـەرە و موڵـک و زەویـی کشـتوکاڵیش لـە عەفریـن، پارێزەرێکـی ئـاگادار دەڵێـت: "پرۆسـەی تۆمارکردنـەوەی موڵـک و خانووبـەرە لەلایـەن دەسـەڵاتی داگیرکـەرەوە بـەو ئامانجەیـە کـە موڵکـی ئەوانـەی لـە شـوێنی خۆیان نەمـاون، تۆمـار بکرێن و دەسـتیان بەسـەردابگیرێ و پاشـان بدرێتـەوە بـە عـەرەب و تورکمانـی هاتـوو لـە دەرەوەی عەفرینـەوە. هەروەهـا سـنووردارکردنی سـەرچاوەی بژێویـی ئـەو کوردانـەی لـەوێ مـاون و سـەپاندنی باجـی زیاتـر لەسـەریان. ئـەم پرۆسـەی تۆمارکردنـە پڕیشـە لـە هەڵـە و سـاختەکاری و دەستبەسـەرداگرتنی نایاسـایی، چونکـە نیازەکـە خـۆی بریتییـە لـە زەوتکردنـی موڵـک لەکاتێکـدا خاوەنـە رەسـەنەکانیان لـەوێ نەمـاون و زۆریشـیان توانـای ئەوەیـان نییـە خاوەندارێتـی موڵکەکانیـان لـەم کاتـەدا بسـەلمێنن بەهـۆی لەنێوبردنـی تۆمـارە فەرمییەکانـی موڵکـداری لـە سـەردەمی دەوڵەتـی سـووریا و یـان ئـەوەی کـە ئیـدارەی خۆسـەر ئەرشـیڤی کردبـوون" [18].

## تەتریک لە سەردەمی داگیرکاریی تورکیا

تەتریـک لـەم ناوچەیـەدا مێژوویەکـی درێـژی هەیـە، بـە درێژایـی چەنـد سـەدەیەک لـە دژی عـەرەب و ئەرمـەن و کـورد و یۆنانییـەکان پەیڕەوکـراوە. ئـەم ئۆپەراسـیۆنەی دوایـی بـۆ سـەر عەفریـن خاڵـی نەبـوو لـە فکـری سیاسـی ناسـیۆنالیزمی دەمارگیـری تورکـی کـە ئێسـتا لەگـەڵ ئایدیۆلۆجیـای ئیسـلامی ئاوێتـە بـووە. هەمـوو بینیـمان چـۆن تورکـەکان و تەنانـەت هەنـدێ عەرەبیـش نیشـانەی گورگـە بۆرەکانیـان نیشـاندەدا کـە بزووتنەوەیەکـی راسـتڕەوی تووندئاژۆیـە و ئەڵـپ ئەرسـەلان تورکیـش لـە کۆتایـی سـاڵانی شەسـتەکانی سـەدەی رابـردوو دایمەزرانـد.

دەوڵەتـی تورکیـای نـوێ هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنـی کۆمـاری تورکیـاوە ئـەم تەتریکـەی لـە دژی گونـد و شـارۆچکەکانی چیـای کورمێنـج کـە کەوتنـە نـاو چوارچێـوەی دەوڵەتـی تورکیـاوە، جێبەجێکـردووە. ئـەو ناوچانـە کـە دەکەونـە باکـوور و باکـووری رۆژئـاوای عەفرینـی ئێسـتاوە، هەنـدێ لـە گوندەکانـی بـە تـەواوی لـە کـورد چۆڵکـران، هەندێکیشـیان ژمارەیەکـی زۆر کـەم کوردیـان تێدامـاوە. تورکیـا لـە سـەردەمی ئینتیدابـی فەرەنسـیدا هەوڵێکـی زۆری دا کـە عەفرینیـش وەکـو لیـوای ئەسـکەندەروون بۆخـۆی ببـات. بـۆ ئـەوەش "بزووتنـەوەی موریدیـن"ی پێکهێنـا کـە هەوڵیانـدەدا سـوود لـە پەیوەنـدی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و ئایینیـی کۆنـی خەڵکـی کورداخ/ چیـای کورمێنـج لـە هـەردوو دیـوی سـنوور وەرگـرن. ئـەم هەوڵـە سـەری نەگـرت، بـەڵام تائێسـتاش کاری بـۆ دەکـرێ و تورکیـا هیچـکات تەماعی عوسـمانیی کۆنـی لـە باکـووری سـووریا و شـارەکانی حەلـەب و مووسـڵ و کەرکـووک نەشـاردووەتەوە. ئەمـڕۆش بەوپـەڕی هێـزەوە خەریکـی چالاکیـی

سیاسـی و سـەربازییە لـە ئدلیـب و عەفریـن و ئەعـزاز و بـاب و جەرابلـوس لـە باکـووری سـووریا.

لـە کاتـی هێرشـدا بـۆ سـەر عەفریـن، لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا وێنـەی سـەربازێکی تـورک بڵاوبـووەوە کـە ئاڵایەکی تورکیـای بەدەسـتەوەیە و دەچێتە سـەر بینایـەک لـە شـارۆچکەی راجـۆ. لەسـەر دیـواری بیناکـە بـە تورکـی نـووسراوە: "نازانـم کـێ رۆمـای سـووتاند، بـەڵام راجـۆ ئێمـە سـووتاندمان"، ئەمـە ئاماژەیەکـی روونـی ئارەزوویەکـی شـاراوەیە بـۆ لەژێرپێنانـی ئـەم ناوچەیـە و خەڵکەکـەی.

هـەر لەوکاتـەدا میدیـای تورکـی بەڵگەنامەیەکـی عوسـمانییان بڵاوکـردەوە کـە دەریدەخـات تورکیـا هیچـکات دەسـتبەرداری عەفریـن نەبـووە و هەمیشـە بەشـێک بـووە لـە پلانـی "میسـاقی میللـی سـاڵی 1920" [19].

سـەرەتای تەممـووزی 2018، میدیـای تورکـی لـەزاری یەکێـك لـە مێژوونووسـانەوە بڵاویکـردەوە کـە سـوپای تورکیـا لـە راجـۆ ماڵێکیـان دۆزیوەتـەوە، لـە سـەروەختی جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا لـە سـاڵی 1918، لەلایـەن مسـتەفا کەمـال ئەتاتورکـەوە وەکـو بـارەگا بەکارهاتـووە. ئاژانسـی فەرمیـی ئەنـادۆڵ لەوبـارەوە لـە 2018/7/7 رایگەیانـد کـە والیـی هاتـای بڕیاریـداوە ئـەو خانـووە نۆژەنبکرێتـەوە و بکرێتـە مۆزەخانـە. ئـەو خانـووەش لـە راسـتیدا ماڵـی کۆچکـردوو حەنیـف ئاغـا بـوو لـە شـارۆچکەی حاجـی خەلیلـی سـەر بـە راجـۆ و چەکدارەکانـی ئۆپۆزیسـیۆن بـە ئەنقەسـت ئاگریـان تێبەردابـوو، پاشـان وێنەیەکـی یادگاریـی خۆیـان لەبەردەمـی خانـووە سـووتاوەکە بڵاوکـردەوە.

نووسـەری تـورک ئەنـەس دەمیـر، لەپـاش داگیرکردنـی عەفریـن کتێبێکـی بـە ناونیشـانی (چڵـە زەتـوون)، واتـە هەمـان نـاوی ئۆپەراسـیۆنەکەی

سـوپای تورکیـا بـۆ داگیرکردنـی عەفریـن بڵاوکـردەوە کـە تێیـدا باسـی ئـەوە دەکات عەفریـن تاوەکـو سـاڵی 1921 سـەر بـە تورکیـا بـووە. ئـەو عەفریـن بـە "میراتێکـی تورکـی" ناودەبـات[20] و ئامـاژە بـۆ نیشـتەجێبوونی هـۆزە تورکمانـەکان لـەو شـارۆچکەیە دەکات لـە سـەدەی یازدەیەمـی زاینیـدا. لەخـۆڕا نییـە کـە سـوپای تورکیـا هـەر لـە ساتەکانی یەکەمـی گەیشـتنی بـە خاکـی عەفریـن ئـاڵای تورکیـای لـە هەمـوو شـوێنێک دەچەقانـد، دواتریـش بـە فەرمـی لەسـەر بینـای هەمـوو داوودەزگاکان بەرزکرایـەوە. ئـەوەش هاوشـانی هەڵمەتێکـی میدیایـی بـوو بـۆ جۆشـدانی گیانـی نەتەوەیـی و ئایینـی لـە دژی کـورد و بڵاوکردنـەوەی بانگەشـە کـە گوایـە عەفریـن موڵکـی دێرینـی عوسـمانییەکان بـووە. هەربۆیـە کەوتنـە پشـتگیری لـەو قوتابخانـە دینییانـەی کاریـان بڵاوکردنـەوەی کولتـووری عوسـمانی و بەپیرۆزکردنـی سـیمبووڵەکانیەتی. لـەو چوارچێوەیـەدا نـاوە کوردییـەکان لادران و خوێندنـی زمانـی تورکـی سـەپێنرا و مامۆسـتایان خرانـە بـەر خولـی تایبەتـی فێـرکاری لـە تورکیـا و لـە ناوخـۆ و دەرکردنـی ناسـنامە بـە هـەردوو زمانـی عەرەبـی و تورکـی و بەلاوەنانـی ناسـنامەی سـووری، لەگـەڵ دامەزراندنـی داتابەیسـێکی ئەمنـی بـۆ دانیشـتووان و هەڵوەشـاندنەوەی تـۆڕی پەیوەنـدی تەلەفۆنیـی سـووری و هەرچـی کـە پەیوەنـدی بـە دەوڵەتـی سووریاوە هەیـە. هەروەهـا دامەزراندنـەوەی ژێرخانـی نـوێ: زانکـۆ و قوتابخانـە، ئیمامـی مزگـەوت، کارەبـا، پەیوەنـدی و پۆسـت، گواسـتنەوە، دەروازەی سـنووری، دامەزراوەکانـی پـەروەردە و فێرکـردن و دادوەری لەلایـەن کۆمپانیـا تورکییەکانـەوە و مامەڵەکـردن بـە لیـرەی تورکـی وەک ئامادەسـازییەک بـۆ مانەوەیەکـی درێژخایـەن.

بەنـاوی "خزمەتـی ئایینـی و چالاکیـی فریاگـوزاری" [21]، سـەرۆکایەتی کاروباری

ئایینی لە تورکیا بەرنامەیەکی بە نێوەڕۆک عوسمانیی نوێ جێبەجێدەکات و بانگەشە بۆ گوتاری پارتی داد و گەشەپێدان دەکات. سەدان فەرمانبەری ئایینی و ئیمامی مزگەوت و ئەو کەسانەی دامەزراندووە کە خولی ئیمام خەتیبیان بینیوە، هەر ئەویش سەرپەرشتی خانەی فەتوا و قوتابخانەکانی ئیمام خەتیب لە عەفرین دەکات و خولی پەروەردەی ئایینی بۆ کوڕان و کچان دەکاتەوە و هەزاران کتێب بە خۆڕایی دەبەخشێتەوە. هەر ئەم سەرۆکایەتییە بوو کە لەکاتی پەلاماردانی عەفریندا فەرمانی بۆ 90 هەزار مزگەوتی تورکیا دەرکرد سوورەتی فەتح بخوێنن و دوعا بۆ سەرکەوتنی سوپا بکەن.

پاش پەلامارەکەش، وێنەیەکی گەورەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە درێژایی 30 مەتر و پانیی 20 مەتر کە لە لاپاڵی چیای گر لە ناحیەی بولبول دروستکرابوو، لەلایەن فیرقەی سوڵتان مورادەوە کە میلیشیایەکی تورکمانییە، تێکدرا و لەجێی ئەو وێنەیەکی ئەردۆغان لە حوزەیرانی 2018 دانرا. بەڵام لە 9ی نیسانی 2020، سەرۆکی شارەوانیی سیلیڤری تورکی لە تویتێکدا لەسەر تۆڕی تویتەر، وێنەیەکی ئاڵای تورکیای لەجیاتی وێنەکەی ئەردۆغان لە هەمان شوێن بڵاوکردەوە و ناوی چیاکەشی کردبووە چیای "دارمق" کە ئەمەش بەتورکیکردنی ناوە کوردییەکەیە و هیوای خواست ئەو ئاڵایەی تورکیا تاهەتایە لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە.

لە نێوەڕاستی شاری عەفرینیش لە فولکەی نزیک بینای سەرای، پەیکەری کەسایەتی کوردی خەڵکی عەفرین (ئەحمەد حەبۆ) تێکدرا کە گۆڕەپانەکەش هەر بەناوی ئەو کرابوو، لەجێی ئەوە ناوی گۆڕەپانەکەیان گۆڕی بۆ "گۆڕەپانی سەرۆک رەجەب تەیب ئەردۆغان".

لە 23ی نیسانی 2020 و بەبۆنەی جەژنی منداڵان و "رۆژی سەروەری

نیشـتمانیی تورکیـا" هەنـدێ گرووپـی تورکـی لـە عەفریـن چالاکییەکیـان بـۆ منـداڵان ڕێکخسـت کـە تێیـدا منـداڵان ئـاڵای تورکیایـان بەدەسـتەوەگرت و یـادی مسـتەفا کەمـال ئەتاتـورک و جەنگاوەرانـی تورکیـان کـردەوە [22].

لـە 2020/5/15، ئومیـت گۆکهـان چیچـەک، بەڕێوەبـەری ئەوقافـی ولایەتـی هاتـای لـە باشـووری تورکیـا، نۆژەنکردنـەوەی مـەزاری "نەبـی هـووری" مێژوویـی ڕاگەیانـد کە شـوێنەوارێکی مێژووییـە، بەڵام ئەو وەک شـوێنەوارێکی عوسـمانی ناسـاندی لەکاتێکـدا ئـەوە شـوێنەوارێکی شارسـتانێتی هـوری- میتانـی و ڕۆمانییـە. چیچـەک گوتـی: "بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی ئەوقافـی تورکیـا گرنگییەکـی زۆر دەدات بـە نۆژەنکردنـەوە و زیندووکردنـەوەی ئـەو شـوێنەوارانەی باپیرانـی عوسـمانی لـە سـووریا جێیانهێشـتووە...." [23]. ئـەوە لەکاتێکـدا دەسـەڵاتی داگیرکـەری تورکیـا هیـچ کاتێـک سـنوورێکی دانەنـا بـۆ کاری تێکدەرانـە و دزی لـە شـوێنەواری مێژوویـی نەبـی هـووری- سـیرۆس [24] و دەیـان شـوێنەواری دیکـەی مێژوویـی.

## تەعریب لەسایەی داگیرکاریی تورکیادا

دیارتریـن ڕووخسـاری تەعریـب لـە ناوچـەی عەفریـن گواسـتنەوەی سـەدان هـەزار کەسـە لـە خێزانـی چەکـداران و ئـاوارەی گونـد و شـارۆچکەکانی دەوروبـەری (دیمەشـق، حمـس، حەمـا، ئدلیـب، حەلـەب و دێـرەزوور.. ) و دووبـارە نیشـتەجێکردنەوەیان لـەوێ. بەشـێکی ئەمانـە پێشـتر ئاوارەبـووی پارێزگاکانـی دیکـە بـوون کـە شـەڕ و کوشـتار دەربـەدەری کـردوون و بەگوێـرەی لێکتێگەیشـتنەکانی ئاسـتانە لەنێـوان رووسـیا، تورکیـا و ئێـران، بـە بەرنامـە و پـاش لێکۆڵینـەوە هێنرانـە سـەر ناوچەکانـی کـورد و ڕێگەیـان

پێـدرا دەسـت بەسـەر موڵـک و مـاڵ و زەویـی دانیشـتووانی ڕەسـەنیدا بگـرن، بەتایبەتـی ئەوانـەی هەڵاتـوون و ناوچەکەیـان بەجێهێشـتووە. ئـەم پرۆسـەیە هەڵمەتێکـی نوێـی تەعریبـە کـە کولتـوور و نەریتـی نوێـی دینـی و دەمارگیری و توونددئاژۆیـی بەسـەر ناوچەکـەدا دەسـەپێنێ و هـەر شـتێک دەسـڕێتەوە پەیوەنـدی بـە کولتـوور و زمـان و مێـژووی کـوردەوە هەبێـت.

حکومەتـی ئەنقـەرە ئۆپەراسـیۆنی داگیرکردنـی عەفرینـی ناونـا (غصـن الزیتـون - چڵـە زەیتـوون)، ئۆپەراسـیۆنێکی سـەربازیی توندوتیـژ و دووژمنکارانـە لـە دژی ناوچەیەکـی ئارامـی پـڕ لـە دانیشـتووانی سـیڤیل! کـە ئەمـە پێچەوانـەی سـیمبوولی زەیتوونـە لـە ئایینـە ئاسـمانییەکاندا و لـە کولتـووری ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی دەریـای نێوەڕاسـت بەگشـتی و لـە دڵـی ملیۆنـان کـورددا بەتایبەتـی وەک نیشـانەی خێروبێـر و ئاشـتی. ئـەم ناولێنانـە خـۆی ئیسـتیفزازێک بـوو بـۆ خەڵکـی عەفریـن. تورکیـا و ئیئتلافـی نیشـتمانی هێزەکانـی شـۆڕش و ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا و حکومەتـە کاتییەکـەی و میلیشـیاکانی پاشـکۆی ئەنقـەرە، لەوکاتـەوە ئیـدی ئـەم نـاوە تەعریبیـە نوێیـە بـۆ عەفریـن بەکاردێنـن. ئێسـتا لای ئـەوان نـاوی مێژوویـی عەفریـن بووەتـە (غصـن الزیتـون)، بـۆ نموونـە لەسـەر فەرمانگـە و دامـەزراوەکان دەنووسـن (مدیریـە التربیـە والتعلیـم فـی منطقـە غصـن الزیتـون... غرفـە زراعـە منطقـە غصـن الزیتـون....) بەمجـۆرە دەیانـەوێ نـاوی عەفریـن لـە کاروبـاری ئیداریـدا بسـڕنەوە.

دەسـتدرێژییەکی دیکـەی ئـەم هێـزە داگیرکەرانـە بـۆ سـەر سـیمبوولی نـەورۆز و پاڵەوانـە ئەفسـانەییەکەی (کاوەی ئاسـنگەر) بـوو. کاتێـک لـە 18ی ئـاداری 2018 هاتنـە نێـو شـاری عەفریـن، میلیشـیاکان ئـەو پەیکەرەیـان گوڵـلەباران کـرد کـە بـۆ کاوە لـە فولکـەی دەروازەی ڕۆژهەڵاتـی شـارەکە دروسـتکرابوو.

بـەدەم تەکبیـر و هـاواری سـەرکەوتنەوە بەسـەر کـورد، بـە شـۆفەڵ رووخاندیـان. ئـەم کارە سـووکایەتی بـوو بـە هەمـوو کـورد لەسـەر رووی زەوی، چونکـە سـیمبوولێکی نەتەوەیـی و مێژوویـی ئەوانـە و بگـرە سـیمبوولی هەمـوو ئـەو گەلانەیـە کـە نـەورۆز بـە جەژنـی خۆیـان دەزانـن. هەروەهـا ئـەو نـووسراو و وێنـە نەحتیـە کانزاییانەشـیان لەسـەر پەیکەرەکـەی فولکـەی نـەورۆز هەڵکەنـد و سـڕییەوە کـە یەکێکیـان دەگەڕایـەوە بـۆ کۆچکـردوو سـلێمان محەممـەد ئەمیـن ئـادی، شـەهیدی یەکەمیـن نـەورۆزی سـووریا لـە سـاڵی 1986، لەجێـی ئـەو وێنـەی ئـاڵای تورکیـا و ئـاڵای ئۆپۆزیسـیۆن دانـرا و نـاوی فولکەکەشـیان لـە نـەورۆزەوە گـۆڕی بـۆ سـەلاحەدینی ئەیوبـی.

لـە 2018/2/25 پارچـە ڤیدیۆیـەک بڵاوکرایـەوە کـە هەنـدێ چەکـدار دەردەکـەون ئـاڵای کوردسـتان دەخەنـە ژێـر پێیـان و بـەدەم تەکبیـرەوە نیشـانەی گورگـە بـۆرەکان بەرزدەکەنـەوە. هەنـدێ پارچـە ڤیدیـۆی دیکـەش بڵاوبوونـەوە کـە تێیانـدا ئـاڵای کوردسـتان و ئاڵاکانـی یەپەگـە و یەپـەژە دەسـووتێنرێن. لـە وێنەیەکیشـدا دەردەکـەوێ چەکدارێـک پێـی ناوەتـە سـەر ئـاڵای پەکەکـە و لـە تەنیشـتیدا وێنەیەکـی دڕاوی سـەرۆک مەسـعود بارزانـی دەبینرێـت، چەکدارەکـەش بـە دەسـتی هێـمای گورگـە بـۆرەکان نیشـاندەدا. لەپـاش داگیرکردنـی عەفریـن، ئـاڵای تورکیـا و ئـاڵای ئۆپۆزیسـیۆن لەسـەر منـارەی مزگەوتـەکان و مـەزار و قوتابخانـە و باڵەخانـەی دامـەزراوەکان و لـە گۆڕەپانـە گشـتییەکاندا کـە سـیمبوولی مێژوویـی و کولتووریـن، بەرزکرانـەوە. ئەمـە ئاماژەیەکـی روونـە بـۆ نیـازی تەتریـک و تەعریبـی ناوچەکـە و لەژێرپێنانـی ناسـنامە و تایبەتمەندییەکـەی. هەنـدێ لـەم کردەوانـە لـە پێـش چـاوی کامێـرای ئـەو رۆژنامەڤـان و تەلەڤزیۆنانـە دەکـران کـە هـاوڕێ لەگـەڵ سـوپای تـورک هاتبـوون. هەمـوو ئەمانـەش لـە کەشـوهەوایەکی ئاهەنگئامێزدا

کـە میدیـای لایەنگـری ئۆپەراسـیۆنەکە چ تورکـی و چ عەرەبـی دەیانگواسـتەوە و ئەمـەش دەسـتدرێژییەکی روون و ئاشـکرا بـوو بـۆ سـەر کـورد و کولتـووری کـورد و بەهیـچ نەزانینـی هەرکەسـێک کـە خـۆی بـە بەرگریـکار لـە مافـی مـرۆڤ و کولتـووری گـەلان دەزانێـت.

لـە بـواری پەروەردەشـدا، لـەدوای کۆنترۆڵکردنـی عەفرینـەوە دەسـت بـە جێبەجێکردنـی پرۆگرامێکـی فێـرکاری و پەروەردەیـی بـە زمانـی عەرەبـی کـراوە کـە حکومەتـی کاتیـی ئیئتیـلاف دایناوە. لەپاڵ ئـەوەدا زمانـی تورکـی دەخوێنـدرێ و وانەکانـی پـەروەردەی ئایینـی زیادکـراون بەبـێ ئـەوەی زمانـی کـوردی لەبەرچـاو بگیرێـت. لـە سـەرەتاوە و لـە مـاوەی دوو سـاڵی یەکەمـدا هەنـدێ وانـە بـە زمانـی کـوردی لـە هەنـدێ قوتابخانـەدا هەبـوون، بـەڵام دواتـر بەیەکجـاری وەلانـران. لـە سـەرەتای سـاڵی خوێندنـی 2019 - 2020 لەلایـەن بەڕێوەبەرایەتـی پـەروەردە و فێرکـردن راوەرگیرییـەک کـرا سـەبارەت ئـەوەی ئایـا خەڵکـی عەفریـن دەخـوازن منداڵەکانیـان بـە زمانـی کـوردی بخوێنـن؟ بـەڵام ئەنجامـی ئـەو راوەرگیرییـە هیچ کاتێـک بڵاونەکرایـەوە. بەپێی دزەکردنـی هەنـدێ زانیـاری لـەو بەڕێوەبەرایەتییـە، ئەوانـەی رەزامەندییـان دابـوو لەسـەر ئـەوەی منداڵەکانیـان بـە کـوردی بخوێنـن سـەرووی 80%ی بەشـداربووان بـوون.

دەسـەڵاتی داگیرکـەر دەیـەوێ لـە دەرگای پـەروەردە و فێرکردنـەوە هێـرش بکاتـە سـەر کولتـوور و ناسـنامەی کـورد. یەکەمیـن هەنگاویـش لابردنـی نووسـینی کـوردی بـوو لەسـەر هێماکانـی هاتووچـۆی سـەر رێگـەکان و گۆڕینـی نـاوی گونـد و شـارۆچکە و رووکاری دووکانـەکان کـە پێشـتر بـە عەرەبـی و کـوردی بـوون و ئێسـتا بـە عەرەبـی و تورکیـن، لەوانـەش گۆڕینـی نـاوی نەخۆشـخانەی (ئاڤریـن- Avrin) بـۆ نەخۆشـخانەی شـیفا و گۆڕینـی

ناوی هەندێ گۆڕەپان و گوند، بۆ نموونە کوتانا بووە بە (ڤافر اوباسی)، قورنە بووە بە (اوندر اوباسی) و قەستەڵ میقداد بووە بە (سلجوق اوباسی).

## شاهێدیی لیژنەکان و ڕێکخراوەکانی بەرگری لە ماف

لیژنەی نێودەوڵەتیی سەربەخۆی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە سووریا، لە راپۆرتی خۆیدا لە 31ی کانوونی دووەمی 2019 ئاماژەی بۆ کۆمەڵێك راستی کردووە لە ناوچەی عەفرین: "نەمانی سەروەریی یاسا. دەستگیرکردن و راگرتنی نایاسایی و رفاندن و تاڵانی و دەستگرتن بەسەر موڵکی خەڵک. نائارامی و تێکچوونی باری ئەمنی. رفاندنی خەڵک لەلایەن ئەندامانی گرووپە چەکدارەکان و گرووپی تاوانکاری بۆ وەرگرتنی پارە. تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل و بۆمبی چێنراو بەشێوەیەکی هەڕەمەکی. ئیبتیزازی خەڵک بۆ ئەوەی ناچاربن بەرتیل بدەن. تاڵانکردنی بە کۆمەڵی بەرهەمی زەیتوون. تەنگهەڵچنین بە ژنان و.. ". لە راپۆرتێکی دیکەشدا لە 11ی ئەیلولی 2019 کە هەر لەبارەی عەفرینە، ئەمانە هاتوون: "زیادبوونی توندوتیژیی چەکداری هێرش بۆ سەر خەڵکی سیڤیل. بارودۆخەکە هێشتا ترسناکە.. رەوشێکی ئەمنیی بێسەروبەر هەیە. سەروەریی یاسا بە تەواوی بزر بووە. رووداوە زۆرەکانی رفاندن و ئەشکەنجە و پارەستاندن و تیرۆر.. گرتن و راگرتن و ئەشکەنجە و پارەستاندن لە خەڵک.. رەشبگیری. رێگەگرتن لە خەڵکی مەدەنیی گەڕاوە بۆ عەفرین کە دەیانەوێ بچنەوە سەر موڵکەکانیان. تاوانی جەنگ...".

(رێکخراوی هیومەن رایتس ووچ)یش لە 23ی شوباتی 2018 راپۆرتێکی

درێــژی لەســەر بارودۆخــی عەفریــن بڵاوکــردەوە و ئامــاژەی بــە چەندیــن پێشــێلکاری و تــاوان کــرد لــە دژی خەڵکــی مەدەنــی، ئــەوەش پــاش بەدواداچوونــی چەندیــن رووداو و گوێگرتــن لــە شــاهیدەکان. راپۆرتەکــە دەڵێــت نامەیــان بــۆ وەزارەتــی بەرگریــی تورکیــا نــاردووە، بــەڵام هیــچ وەڵامێکیــان دەســتنەکەوت. رێکخراوەکــە دەڵێــت: "پێدەچــێ خەڵکــی مەدەنیــی بێدەســەڵات بــەرەوڕووی راگواســتن و کوشــتن ببنــەوە لــە ئەنجامــی ئــەو شــێوازەی کــە تورکیــا لــەم دواییــن هێرشــەیدا گرتییەبــەر".

بــەڵام رێکخــراوی ئەمنســتی ئینتەرناشــناڵ لــە راپۆرتــی رۆژی 28ی شــوباتی 2018ی خۆیــدا ئامــاژە بــۆ ســەدان مەدەنــی دەکات کــە ژیانیــان کەوتووەتــە مەترســییەوە و ژمارەیەکــی زۆر رووداوی مــردن لەنێــو مەدەنییــەکان روویــداوە. لــەو رووەوە ژمارەیــەک خەڵــک شــاهێدییان داوە کــە لەنێــو رووداوەکانــدا بوونــە، بۆیــە رێکخراوەکــە دەڵێــت: "پێویســتە ولایەتــە یەکگرتــووەکان و رووســیا و وڵاتانــی دیکــە بــۆ گوشارخســتنە ســەر لایەنــە ناکۆکــەکان دەســەڵات و نفــووزی خۆیــان بەکاربێنــن تاوەکــو هێرشــی نایاســایی راگــرن و رێــز لــە یاســا نێودەوڵەتــی و ئینســانییەکان بگــرن".

فیدراســیۆنی دەســتە و رێکخراوەکانــی مافــی مرۆڤــی ســووریاش لەوبــارەوە رایگەیاندبــوو: "ســوپای داگیرکــەری تورکیــا و گرووپــە چەکدارەکانــی ئۆپۆزیســیۆنی لایەنگــری، رۆژانــە تاوانــی جەنگیــان لــە عەفریــن ئەنجامــداوە، کــە ئەمــەش پێشــێلکردنێکی ئاشــکرای عورفــی نێودەوڵەتــی و یاســاکانی جەنگــە...". هەروەهــا ئامــاژە دەکات بــۆ: "چەوســاندنەوەی نەتەوەیــی. ئەنجامدانــی تاوانــی کۆمەڵکــوژی.. پێشــێلکاری لــە دژی ژنــان. کوشــتنی دیــل و پاشــان شــێواندنی لاشــەکانیان. دادگاییکــردن لــە دەرەوەی چوارچێــوەی یاســا. تاڵانــی و دەستبەســەرداگرتن. ســووتاندنی کتێــب و بەڵگەنامــە و شــوێنەواری

مێژوویـی. وێرانکـردن و تەقاندنـەوەی شـوێنەکانی خوداپەرسـتی. رفانـدن و بێسەروشـوێنکردن و ئەشـکەنجەدانی گیـراوان. رفاندنـی منـداڵان و راگرتنیـان وەکـو بارمتـە. رفاندنـی خەڵـک وەک سـەرچاوەیەک بـۆ پەیداکردنـی پـارە. بۆردوومانــی کوێرانــە و تەقاندنــەوەی هەڕەمەکــی" [25].

## گۆڕینی دیمۆگرافی لەسایەی داگیرکاریی تورکیدا

دیمۆگرافیـا کـە زانسـتی دانیشـتووانە، لێکۆڵینەوەیـە لـە کۆمەڵێـك تایبەتمەندیــی دانیشــتووان، تایبەتمەندیــی چەندێتــی و لەوانــە چڕیــی دانیشـتووان و دابەشـبوونیان و گەشـەکردنیان و قەبـارە و پەیکەربەندییەکـەی، هەروەهــا تایبەتمەندییەکانــی چۆنیەتــی، لەوانــە هــۆکارە کۆمەڵایەتییەکانــی وەک گەشــەپێدان، خوێنــدن، خــۆراک و ســامان [26].

کەواتــە هــەر دەســتکاری و گۆڕینێــک لــە تایبەتمەندییەکانــی گرووپێکــی نەتەوەییــدا بــەرەو تێکــدان و لێکهەڵوەشــاندن و لەنێوبــردن بەگوێــرەی سیاســەتێکی دووژمنکارانــە و پلانــی نیازدارانــە و بــە زۆرداری و زۆرەملــێ، بــە ئامرازەکانــی ترســاندن و تۆقانــدن، ئــەوە بــە گۆڕینــی زۆرەملێیانــە و بــە بەرنامـەی دیمۆگرافیـا دادەنـرێ کە لـە دەرەوەی ئیـرادەی گرووپەکەیە. ئەوەی لـە عەفریـن بەسـەر کۆمەڵگـەی کوردیـدا هێـنراوە دەچێتـە ئـەم چوارچێوەیـە و بەگوێـرەی یاسـا نێودەوڵەتـی و ئینسـانییەکان و پەیماننامەکانـی رێکخـراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان بـە تاوانێکـی گـەورەی دژی مرۆڤایەتـی دادەنـرێ.

وەک ئەنجامێکــی ئــەم پێشــەکی و هــۆکار و پاڵنەرانــەی کــە ئاماژەمــان بــۆ کــردن و هەروەهــا لــە ئەنجامــی پرۆســەکانی تەعریــب و تەتریــک و رێـکارە نایاسـاییەکان، لـە مـاوەی دوو سـاڵ و نیـوی رابـردوودا تایبەتمەندییـە

بنەڕەتییەکانــی چەندێتیــی دیمۆگرافــی لــە عەفریــن گۆڕانــی گــەورەی بەســەرداهاتووە. ژمــارەی دانیشــتووانی رەســەن بــۆ خــوار 175 هــەزار کــەس دابەزیــوە، لەکاتێکــدا نزیکــەی 460 هــەزار کــەس لــە عــەرەب و تورکــمان لــە پارێــزگای دیکــەوە هێــنراون و بــە زۆری چــەک خراونەتــە جێــی ئەوانــەی بــە ناچــاری کۆچیــان کــردووە. بەمجــۆرە رێــژەی کــورد بــۆ نزیکــەی 25%ی کــۆی دانیشــتووانی ئێســتای شــارەکە دابەزیــوە.

تورکیــا لــە ناوچــەی عەفریــن بــە عەقڵیەتــی دەوڵەتــی لەیاســادەرچوو رەفتــار دەکات. بەوپــەڕی بێڕێزییــەوە و وەک ئاڵنگارییــەك بــۆ کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی ســەرپێچی پەیماننامــە و رێککەوتننامــە نێودەوڵەتییــەکان دەکات و لــە بەرپرســیارییە ئەخلاقــی و سیاســی و یاســاییەکانی خــۆی هەڵــدێ و پێداگــرە لەســەر ئــەوەی هەرچــی خراپــە و دژی بەهــا ئینســانییەکانە ئــەوە بــکات. هەمــوو ئەمانــەش بــۆ ئــەوەن کــە بوونــی مێژوویــی کــورد و بوونیــان لــە باکــووری ســووریا بسڕێتەوە و خەونــی تورکیــای ئەردۆغــان و باخچەلــی و حیزبەکانیــان - ئاکەپــە و مەهەپــە- بهێننەدی کــە بریتییە لە بەدەســتهێنانەوەی ئــەوەی ئــەوان پێیانوایــە میراتــی عوســمانییە.

ناوچــەی عەفریــن و خەڵکەکــەی لــە ئەنجامــی ئــەم داگیرکارییــەی تورکیــادا گــورزی کوشــندەیان بەرکــەوت و ئێســتاش بــە ســەردەمێکی ترســناکدا دەڕۆن. ئــەوەی لــەڕووی گۆڕینــی دیمۆگرافییــەوە بەســەر ئــەو ناوچەیــەدا هاتــووە، پێویســتی بــە لێکۆڵینــەوە و لێپرســینەوە و ســزا هەیــە لەلایــەن دادگا و دامــەزراوە نێودەوڵەتییەکانــەوە. هەروەهــا پێویســتی بــە کاری بەپەلــەی کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی هەیــە کــە گوشــار بخەنــە ســەر حکومەتــی تورکیــا و سنوورێکی بــۆ دابنێــن و کۆتایی بــەم داگیرکارییە و بوونی میلیشــیا تیرۆریســتە بەکرێگیــراوەکان بێنــن و ناوچەکــە بــۆ ژێــر ســەروەریی ســووریا و خەڵکەکــەی

بگەڕێتـەوە. بـەڵام بێدەنگیـی جێـی گومانـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بێهیـوای کـردوون، وادیـارە کـە رەزامەندییەکـی نێودەوڵەتـی هەیـە لەسـەر سیاسـەت و رۆڵبینـی تورکیـا کـە بووەتـە هەڕەشـە لەسـەر کـوردی سـووریا و ئاسایشـی ناوچەکـە بەگشـتی.

## کۆتایی

ناکـرێ کەتـواری گۆڕینـی دیمۆگرافـی لـە عەفریـن بەردەوامبـوون و سـیفەتی شـەرعی وەرگرێـت، ئەمـە پێچەوانـەی یاسـا و پەیماننامـە نێودەوڵەتییەکانـە و هیـچ یاسـایەکی سـووریاش رێـی پێنـەداوە. سـەرباری ئەوانـەش ناڕەوایـە چونکـە زۆرەملێیـە و لەسـایەی داگیرکاریـی سـەربازیدا کـراوە. هەرچەنـدە ئاسـانیش نییـە بارودۆخەکـە بـۆ پێـش 2018 بگەڕێنرێتـەوە، ئـەم کێشـەیە بەشـێوەیەکی جەوهـەری بەنـدە بـە دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی سیاسـییەوە بۆ کـۆی قەیرانـی سـووریا. بەپلـەی یەکەمیـش زەوینەخۆشـکردن و گرتنەبـەری رێـکاری پێویسـت بـۆ گەڕانەوەیەکـی سـەلامەتانەی ئـاوارەکان بـۆ سـەر مـاڵ و موڵکـی خۆیـان و سـەرلەنوێ شـیاندنەوە و گەشـەپێدانی کۆمەڵگـە لۆکاڵـەکان، هەروەهـا سەرخسـتنی سـازانی هەرێمایەتـی و نێودەوڵەتـی لەبـارەی چۆنیەتی سـەقامگیرکردنەوەی سـووریا. لەبـەر هەمـوو ئەمانـە ناتوانیـن لەبـارەی کات و سـاتی گەڕانـەوەی عەفریـن بـۆ خەڵکەکـەی هیـچ پێشـبینییەک بکەیـن، لەوانەیـە رووداوێکـی چاوەڕواننەکـراو میلـی کاتژمێرەکـە خێراتـر بسـووڕێنێ.

**پەراوێزەکان :**

(1) وتارێـک بـە ناونیشـانی (عـن بـارزاني الـذي صـار عبدالـرزاق وآخريـن.. قصـه الأكـراد أصحـاب الأسـماء المزدوجـه ". هەمبەرڤـان کوسـە، سـایتی (رصیـف) 9ی ئۆکتۆبـەری 2019.
(2) لێکۆڵینەوەیـەک بـە ناونیشـانی (تغییـر الأسـماء الجغرافیـه والحقائـق التاریخیـه فـی جبـل الکـرد (عفریـن))، د. ڕۆزاد عەلـی، گۆڤـاری (الحـوار)، ژمـارە -72 2018.
(3) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(4) بڕوانـە (سـوریا: الأکـراد فـی الجمهوریـه العربیـه السـوریه، بعـد مـرور عـام علـی أحـداث مارس/ئـازار 2004)، ڕێکخـراوی ئەمنسـتی ئینتەرناشـناڵ. ژمـارەی بەڵگەنامـە: 2005/002/MDE 24، ئـاداری 2005.
(5) بڕوانـە "المرسـوم التشریعـی رقـم (49) لعـام 2008، أصولـه التاریخیـه ونتائجـه والآثـار الکارثیـه المرتقبـه (محافظـه الحسـکه نموذجـاً)"، المنظمـه الکردیـه للدفـاع عـن حقـوق الإنسـان والحریـات العامـه فـی سـوریا (22، 2008/10/DAD)م.
(6) بەکرێگیـراو: دەسـتەواژەیەکی یاسـاییە، کەسـێکە لەلایـەن گروپێکـی ناوخـۆ یـان لایەنێکـی دەرەکـی چەکـدار دەکـرێ بۆئـەوەی لـە ململانێیەکـی چەکداریـدا لـە بەرامبـەر بـڕە پارەیـەک شـەڕبکات. بەتایبەتیـش ئەگـەر لەلایـەن هێزێکـی دەرەکـی لـە دژی خەڵکـی وڵاتـی خـۆی بەکاربێـت. ڕێککەوتننامەکانـی جنێڤـی سـاڵی 1949 بەمجـۆرە پێناسـەی دەکات و ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیـش لـە چـواری دیسـەمبەری 1989 ڕێککەوتننامـەی نێودەوڵەتـی بەرەنگاربوونـەوەی بەسـەربازکردنی خەڵکـی بەکرێگیـراو و بەکارهێنانیـان و هەروەهـا مەشـقپێکردن و پارەپێدانیانـی پەسـەند کـرد. بـەڵام تورکیـا ئێسـتا پـارەی مانگانـە دەداتـە ئەندامانـی ئـەو میلیشـیایانە و لـە شـەڕی دژی کـورد لـە عەفریـن و گرێسـپی و سـەرێ کانیـێ سـوودی لێوەرگرتـن. تەنانـەت هەنـدێ لەمانـەی ڕەوانـەی لیبیـا کـردووە.
(7) مـەرج نییـە پاکتـاوی نـەژادی کوشـتنی بەکۆمـەڵ بێـت، بەڵکـو هـەر نیەتێـک یـان هەوڵێـک بـۆ وەدەرنانـی گروپێکـی ئیتنیکـی یـان ئایینـی لـە ناوچەیەکـی جوگرافـی بـە زەبـری هێـزی سـەربازی، بـە تۆقانـدن یـان ڕاگواسـتنی زۆرەملـێ و یـان بـە هـەر جۆرێکـی سـەرکوتکاری و ژێرپێنانـی تایبەتمەندیـی کولتـووری و زمانـی و ئیتنیکـی، یـان بـە زەبـری گوتـاری چاندنـی کینـە و هانـدان بـۆ توونـدوتیـژی، یـان ڕێگرتـن لـە گەڕانـەوەی ئـاوارە بـۆ شـوێنەکانی خۆیـان و بەکورتـی هـەر ئامرازێـک کـە نیـازی لەناوبردنـی ئـەو گروپـە بێـت. یاسـای نێودەوڵەتـی دانـی بەمـەدا نەنـاوە و پاکتـاوی نـەژادی وەک تاوانێکـی سـەربەخۆ نەناسـاندووە، بـەڵام وەک چەمـک لـە ڕاپۆرتـە نێونەتەوەییەکانـدا هاتـووە. هەروەهـا لـە

ڕاپۆرتــی نەتەوەیەکگرتــووەکان ژمــارە (121/47) کــە لــە 1992/12/18 لەبــارەی بۆســنە دەرچــووە، دەســتەواژەی پاکتــاوی نــەژادی بەکارهاتــووە. ئێســتا پاکتــاوی نــەژادی وەکــو تاوانــی دژی مرۆڤایەتــی هەژمــار دەکــرێ.

(8) یاداشــتێک لەبــارەی ڕاپۆرتــی لیژنــەی ســەربەخۆی نێودەوڵەتیــی لێکۆڵینــەوە لەبــارەی ســووریا- ئەیلولــی -2019 تێبینــی گشــتی لەبــارەی ناوچــەی عەفریــن. پارتــی یەکێتــی دیموکراتیــی کــوردی لــە ســووریا (یەکێتــی).

(9) لێکۆڵینەوەیەکــی نێودەوڵەتــی بــە ناونیشــانی "ســوریا بعــد الدمــار... تهریــب الآثــار والاتجــار بهــا" ڕۆژنامەنــووس دەحــام ئەســعەد، ســایتی (درج) 20ی ئایــاری 2019.

(10) ڕاپۆرتێــک بــە ناونیشــانی: "عفریــن تحــت الاحتــلال (16)"، نووســینگەی ڕۆژنامەوانــی- عەفریــن/ پارتــی یەکێتــی دیموکراتــی کــوردی لە ســووریا (یەکێتــی)، 2019/1/12.

(11) ڕاپۆرتێــک بــە ناونیشــانی: "عفریــن تحــت الاحتــلال (93)"، نووســینگەی ڕۆژنامەوانــی- عەفریــن/ پارتــی یەکێتــی دیموکراتــی کــوردی لە ســووریا (یەکێتــی)، 2020/6/6.

(12) ڕاپۆرتێــک بــە ناونیشــانی: "عفریــن تحــت الاحتــلال (93)"، نووســینگەی ڕۆژنامەوانــی- عەفریــن/ پارتــی یەکێتــی دیموکراتــی کــوردی لە ســووریا (یەکێتــی)، 2019/1/26.

(13) ڕاپۆرتێــک بــە ناونیشــانی "الســوریون فــی ترکیــا: بالأرقــام"، BBC عەرەبــی، 20ی ئابــی 2019.

(14) ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە عەفرین 2020/4/19.

(15) دوو ڕاپۆرتی BBC عەرەبی لە ڕۆژانی -26 27ی ئاداری 2018.

(16) ڕاپۆرتێــک بــە ناونیشــانی "عفریــن علــی طریــق التعریــب واتهامــات بالتغییــر الدیموغرافــی الممنهــج"، ڕۆژنامەنــووس ئەحمــەد عوبێــد، ســایتی "حکایــە مــا انحکــت"، 4ی ئابــی 2018.

(17) ڕاپۆرتێــک بــە ناونیشــانی "الدفــاع الروســیە: بیانــات ترکیــا والغــرب حــول تدفــق اللاجئیــن والأزمــە الإنســانیە فــی إدلــب غیــر صحیحــە"، ســایتی (روســیا الیــوم) 2020/3/3.

(18) ڕاپۆرتێــک بــە ناونیشــانی "عفریــن تحــت الاحتــلال (46)" نووســینگەی ڕۆژنامەوانــی- عەفریــن/ پارتــی یەکێتــی دیموکراتــی کــوردی لــە ســووریا (یەکێتــی) 2019/8/3.

(19) ڕاپۆرتێــک بــە ناونیشــانی (ترکیــا تنــشر "وثیقــە عثمانیــە" لتؤکــد أنهــا لم تخــسر "عفریــن" خــلال الحــرب العالمیــە الأولــی!) ڕۆژنامــەی (زەمــان)ی تورکــی، 2018/1/27.

(20) ڕاپۆرتێــک بــە ناونیشــانی (منــزل أتاتــورك ومدینتــا البــاب وعفریــن... "مســامیر جحــا" الترکیــە فــی ســوریا) ڕۆژنامــەی (عنــب بلــدی)ی بەرهەڵســتکاری ســووری. 2018/7/16.

(21) ڕاپۆرتێــک بــە ناونیشــانی "الشــؤون الدینیــە الترکیــە تنــشر تقریــراً مفصــلاً عن أنشــطتها فی ســوریا" ئاژانســی ئەنــادۆڵ، 2018/9/13.

(22) ئاژانسی هەواڵی تورکیا- 2020/4/23

(23) ئاژانسی هەواڵی تورکیا- 2020/5/15

(24) راپۆرتێک بە ناونیشانی "الأضرار الحالیە فی موقع أثری- النبی هوری (سیروس)"، منطقە عفرین - شمال غرب حلب، سەنتەری شوێنەواری ئدلیب/ئۆپۆزسیۆن، 2018/07/13.

(25) راپۆرتێک بە ناونیشانی "تقریر حقوقی عن الانتهاکات الجسیمە المرتکبە من قبل القوات الترکیە والمجموعات المسلحە..."، الفیدیرالیە السوریە لمنظمات وهیئات حقوق الإنسان، دمشق 2018/4/22.

(26) وتارێک بە ناونیشانی: "پێناسەی دیمۆگرافیا"، مەجد خزر، سایتی (موضوع)، 2018/11/24.

**سەرچاوەکان :**

- كتـاب "جبـال الكُـرد- منطقـه عفريـن، دراسـه جغرافيـه"، تأليـف د. محمـد عبـدو علـى، عفريـن 2014م.
- مقـال بعنـوان "عـن بـارزاني الـذي صـار عبـد الـرزاق وآخريـن.. قصـه الأكـراد أصحـاب الأسـماء المزدوجـه " الكاتـب همبرفـان كوسـه، موقـع رصيـف 22، الأربعـاء 9 اكتوبـر 2019م.
- بحـپ بعنـوان "تغييـر الأسـماء الجغرافيـه والحقائـق التاريخيـه فـى جبـل الكـرد (عفريـن)"، د. روزاد علـى، مجلـه الحـوار، العـدد /72/- 2018م.
- "سـوريا: الأكـراد فـى الجمهوريـه العربيـه السـوريه، بعـد مـرور عـام علـى أحـداث مـارس/ آذار 2004"، منظمـه العفـو الدوليـه، رقـم الوثيقـه: 24 MDE/2005/002، مـارس/آذار 2005م.
- "المرسـوم التشريعـى رقـم (49) لعـام 2008، أصولـه التاريخيـه ونتائجـه والآثـار الكارثيـه المرتقبـه (محافظـه الحسـكه نموذجـاً)"، المنظمـه الكرديـه للدفـاع عـن حقـوق الإنسـان والحريـات العامـه فـى سـوريا (22 ،DAD/10/2008)م.
- "مذكـره حـول تقريـر لجنـه التحقيـق الدوليـه المسـتقله المعنيـه بسـوريا – أيلـول 2019"، ملاحظـات عامـه وبخصـوص منطقـه عفريـن، حـزب الوحـده الديمقراطـى الكـردى فـى سـوريا (يكيتـى).
- تحقيـق صحفـى بعنـوان " سـوريا بعـد الدمـار... تهريـب الآثـار والاتجـار بهـا "أونلايـن""، الصحافـى السـورى دحـام الأسـعد، موقـع درج الإلكترونـى، 20 مايـو 2019م.
- تقاريـر بعنـوان "عفريـن تحـت الاحتـلال ( )"، المكتـب الإعلامـى- عفرين/حـزب الوحـده الديمقراطـى الكـردى فـى سـوريا (يكيتـى).
- حـوار مـع السياسـى سـليمان جعفر/الرئيـس المشـترك للمجلـس التشريعـى لإقليـم عفريـن والمقيـم فـى الشهباء/شـمال حلـب - جريـدة الوحـده، العـدد /312/ – أيلـول 2019 – الجريـده المركزيـه لحـزب الوحـده الديمقراطـى الكـردى فـى سـوريا (يكيتـى).
- تقرير بعنوان "السوريون فى تركيا: بالأرقام"، BBC عربى، 20 أغسطس/آب 2019م.
- تقرير إحصائى لمنظمه حقوق الإنسان فى عفرين، 2020/4/19م.
- تقريرين لـ BBC عربى يومى -26 27 ێۆار 2018م.
- تقريـر بعنـوان "عفريـن علـى طريـق التعريـب واتهامـات بالتغييـر الديموغرافـى الممنهـج"، الكاتـب الصحفـى أحمـد عبيـد، موقـع "حكايـه مـا انحكـت"، 4 آب 2018م.
- تقريـر بعنـوان "الدفـاع الروسـيه: بيانـات تركيـا والغـرب حـول تدفـق اللاجئيـن والأزمـه الإنسـانيه فـى إدلـب غيـر صحيحـه"، موقـع روسـيا اليـوم الالكترونـى، 2020/3/3م.

- تقريـر بعنـوان (تركيـا تنـشر "وثيقـه عثمانيـه" لتؤكـد أنهـا لم تخـسر "عفريـن" خـلال الحـرب العالميـه الأولـى!)، جريـده زمـان التركيـه، 27 يناير/كانـون الثانـى 2018م.
- تقريـر بعنـوان (منـزل أتاتـورك ومدينتـا البـاب وعفريـن... "مسـامير جحـا" التركيـه فـى سـوريا)، جريـده عنـب بلـدى السـوريه المعارچـه، 2018/7/16.
- تقريـر بعنـوان "الشـؤون الدينيـه التركيـه تنـشر تقريـراً مفصـلاً عـن أنشـطتها فـى سـوريا"، وكاله الأنـادول، 2018/9/13م.
- تقريـر بعنـوان "الأضرار الحاليـه فـى موقـع أثـرى- النبـى هـورى (سـيروس)"، منطقـه عفريـن - شـمال غـرب حلـب، إعـداد: مركـز آثـار ادلب/المعارضـه، 2018/07/13.
- تقريـر بعنـوان "تقريـر حقوقـى عـن الانتهـاكات الجسـيمه المرتكبـه مـن قبـل القـوات التركيـه والمجموعـات المسـلحه..."، الفيديراليـه السـوريه لمنظـمات وهيئـات حقـوق الإنسـان، دمشـق 2018/4/22.
- مقـال بعنـوان "تعريـف الديموغرافيـا"، مجـد خـضر، موقـع "موضـوع" الإلكترونـى، 24 نوفمـبر 2018.
- "إمـاره الأكـراد المنديـه – الجنبلاطيـه فـى ولايـه حلـب (إمـاره كلّـس)1200م1607-م"، د. محمـد عبـدو علـى، مجلـه الحـوار- السـنه -25 العـدد -72 2018م.
- مقـال بعنـوان "غـزو عفريـن واحتلالهـا، عمـل دؤوب علـى طمـس هويـه المنطقـه وثقافتهـا"، هـوزان بادينـى، مجلـه الحـوار – السـنه 25 – العـدد 72 – 2018م.
- بحـث بعنـوان "الحـرب علـى عفريـن الكرديـه- السوريه...مشـاهدات، مواقـف ووقائـع (20 كانـون الثانـى18- آذار/2018)"، شـكرى دهـدو، مجلـه الحـوار- السـنه /25/- العـدد /72/- 2018م.
- تقاريـر للجنـه التحقيـق الدوليـه المسـتقله المعنيـه بسـوريا، ومنظمـه "هيومـن رايتـش ووتـش"، وللفيديراليـه السـوريه لمنظـمات وهيئـات حقـوق الإنسـان.
- تقريـر بعنـوان "تعريـب أسـماء الأماكـن فـى سـوريا يأثـر علـى الهويـه والانتـماء"، الباحـث "حسـان يونس"، سـناك سـورى- 2019/09/11 .
- بحـپ "دراسـه تاريخيـه: الاشـتراكيه العربيـه فـى الأراضـى الكرديـه"، خالـد عيسـى، موقـع نـوروز 2004/11/4م.
- تقريـر "وزيـر الثقافـه السـورى: علـى الأكـراد أن يكتبـوا باللغـه العربيـه ولا حـل آخـر أمامهـم"، الرقـه – أخبـار الـشرق (خـاص)، 2005/9/11.
- كتـاب "أكـراد سـوريا.. التاريـخ والسياسـه والمجتمـع"، جـوردى تاجـال، الترجمـه عـن الإنكليزيـه : الدكتـور مسـلم طـالاس- "مـدارات كـرد"، 2014/2/12م.
- "الوجـود الكـردى فـى شـمال سـوريا: منطقـه جبـل الأكـراد (عفريـن)"، دراسـه تاريخيـه،

د. محمـد عبـدو علـى، تشريـن الثانـى 2016، مـن منشـورات لجنـه الثقافـه والاعـلام - حـزب الوحـده الديمقراطـى الكـردى فـى سـوريا (يكيتـى).
- مقـال "عفريـن علـى طريـق التعريـب واتهامـات بالتغييـر الديموغرافـى الممنهـج"، الكاتـب الصحفـى السـورى أحمـد عبيـد، موقـع حكايـه مـا انحكـت 04 آب 2018 م.
- مقـال "سياسـه التتريـك. مـن جـمال باشـا السّـفاح إلـى أردوغـان!"، بسّـام بـلاّن، العيـن الإخباريـه، 30 أبريـل 2020م.
- مقـال "كيـف اسـتخدمت تركيـا المريديـه والإخـوان فـى اخـتراق المجتمعـات الكرديـه؟"، الإعلامـى أحمـد قطمـه، موقـع حفريـات 2020/1/8م.

"بە ئۆپەراسیۆنی قەڵخانی فرات، تورکیا جوگرافیایەکی زۆری کۆنترۆڵکرد و توانی عەفرین گەمارۆ بدات کە نزیکترین خاڵە بۆ گەیشتن بە کەناری دەریا. بە دیویکی دیکەدا، خەونی جیۆستراتیژی گەیشتنی کورد بۆ سەر دەریا لەگۆڕدەنێت. وەك چۆن کەرکووك بۆ باشوورییەکان بایەخێکی تایبەتی هەیە، عەفرینیش بۆ رۆژئاڤا بایەخێکی بێسنووری هەیە. جیاکردنەوەی کەرکووك لە باشوور وەك چۆن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەسیستەماتیکی بەرنامەی بۆ دارێژرا و هاوئاهەنگی بۆ کرا، بۆ عەفرینیش لەسەر هەمان ئاست بەشێوەیەکی سیستەماتیك و بە بەرنامە هاوئاهەنگیی بۆ کرا و خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە سەرەتای ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتووندا تورکیا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و سنوورەکانی، پێویستە گورز بوەشێنێ، بەڵام پاساو و گوتارەکە گۆڕا. ئێستا تورکیا دەڵێت تاهەتایە میوانداری لە ئاوارە سوورییەکان ناکەین، پێویستە بیانگەڕێنینەوە و لە سووریا دووبارە نیشتەجێیان بکەینەوە. بەهۆی ئەم ئۆپەراسیۆنەوە، خەڵکی ناوچەکە زێدی خۆیان چۆڵکرد و عەرەب و تورکمان لە شوێنیان نیشتەجێکران. لەڕاستیدا مەبەست و ئامانجی سەرەکیی ئۆپەراسیۆنی عەفرین، گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە بوو".

پرۆفیسۆر د.بیلال سامبوور

لاپەڕە 210

**ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو**

Rudaw Research Centre

www.rudawrc.net